# شێوازی شیعری جزیری

سپیرێز

خودانێ ئیمتیازێ
حافظ قاضێ

سەرنڤیسەر
مؤید طیب

©
مافێن چاپکرنێ د پاراستی نە

ئەدرێس

کوردستانا عیراقێ ـ دهۆک
ناڤاهیێ ئێکەتیا سەندیکایێن
کرێکارێن کوردستانێ
قاتێ سێیەم
تەلەفۆن: ٧٢٢٥٣٧٦ - ٧٢٢٢١٢٥

www.spirez.org
www.spirezpage.net

دار سبيريز للطباعة والنشر
دهوك

- **ژمارا وەشانێ:** (٢٩٥)
- **ناڤێ پەرتووکێ:** شێوازی شیعری جزیری
- **بەرهەڤکرن:** شەعبان چالی
- **دەرهینانا ناڤەرۆکی:** ئەلند ئازاد
- **بەرگ:** بەیار جەمیل
- **سەرپەرشتێ چاپێ:** شێروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا:** ئێکێ
- **تیراژ:** (٧٥٠) دانە
- **ژمارا سپارتنێ ل پەرتوکخانا بەدرخانییان ل دهوکێ:** (٣٧٩) سالا ٢٠٠٨
- **چاپخانا حەجی هاشم- هەولێر**

SPIREZ PRESS & PUBLISHER
DUHOK

# شێوازی شیعری جزیری

شەعبان چالی

2008

# پێشکەشە بە ...

- دایکم
- خێزانم و منالەکانم (سولین، عرفان، کامەران، کاروان)
- هەموو مامۆستاکانم لە قۆناغی سەرەتاییەوە تاکو دوا قۆناغی خوێندنم.
- مامۆستای بەرێزم، مستەفا قادری لە شاری شنۆ.
- مامۆستای بەرێزم، د. عەزیز گەردی کە بە سەرپرشتی و ڕێنێماییەکانی بەرێزیان ئەم بەرهەمە پێك هات.

# ناوەرۆک


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ١١ | **پێشەکی** ........................................ |
| ٢١ | **دەروازەیەك بۆ زانستی شێوازناسی** ........................ |
| ٢١ | لە بارەی وشەی شێواز ........................................ |
| ٢٢ | واتاو چەمکی شێواز ........................................ |
| ٢٨ | دیاردە شێوازیەکان ........................................ |
| ٢٩ | جۆرەکانی شێواز ........................................ |
| ٣١ | هۆکارەکانی کاریگەر لە سەر شێواز ........................ |
| ٣٢ | رەوتی گۆڕانکاری و پەرەسەندنی شێواز ........................ |
| ٣٤ | مێژووی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە شێواز ........................ |
| ٣٦ | رەوتی مێژووی سەرهەڵدانی شێوازناسی نوێ ........................ |
| ٣٨ | دوو رەوتی گشتی لە شێوازناسی نوێدا ........................ |
| ٣٨ | شێوازناسی ئاماری ........................................ |
| ٤١ | شێوازناسی وزانستە مرۆڤایەتیەکان ........................ |
| ٤٢ | کارو ئامانجی شێوازناسی ........................................ |
| ٤٣ | ئامراز و شێوازی توێژینەوەی شێوازناسی لە ئەدەبدا ............ |
| ٤٧ | **بەشی یەکەم: ژیان و سەردەمی جزیری** ........................ |
| ٥٠ | ژیانی مەلای جزیری ........................................ |
| ٥٥ | هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژووی بنیاتنانی جزیرە ............ |
| ٥٦ | سروشت و کەش و هەوای جزیرە ........................ |

باری رامیاری سەردەمی جزیری ........................ ٥٩
باری ئابووری دەڤەری جزیرە ........................ ٦٣
جزیرە، ناوەندی لێبوردنی نەتەوەیی و ئایینی ........................ ٦٨
سەرهەڵدانی (تصوف) لەجزیرە ........................ ٧٠
زانست و رۆشنبیری لە جزیرە ........................ ٧٢
پرۆسەی فێرکردن لەجزیرە ........................ ٧٣
کتێبخانە لە جزیرە وئامەد ........................ ٧٥
سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی لە کرمانجی سەروو ........................ ٧٧
سەرچاوەی رۆشنبیریی جزیری ........................ ٨١
جزیری و ئەدەبی فارسی ........................ ٨٤
**بەشی دووەم : شێوازی جزیری لە ئاستی زماندا ................** ٨٧
١ـ ئاستی دەنگ ........................ ٩٠
٢ـ ئاستی وشە ........................ ١٢٣
**بەشی سێیەم : شێوازی جزیری لە ئاستی ئەدەبدا .........** ١٥٣
ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە شیعری جزیریدا ........................ ١٥٦
دانوستانێکی شێوازی لەنێوان جزیری و فەقێ ........................ ١٦١
ئاوێتەکردنی هەستەکان ........................ ١٦٥
مراعاة النظیر ........................ ١٦٧
زمانی پیتەکان ........................ ١٧٣
تەنز لای جزیری ........................ ١٨٧
کاریگەری شێوازەکانی شیعری فارسی لە سەر شێوازی جزیری .... ١٩٠
بۆچوونی جزیری لە مەر شیعرەکانی خۆی ........................ ١٩٤
**بەشی چوارەم: ئاستی هزری لە شێوازی جزیریدا ...........** ١٩٧
دەربڕی سروشتی گشتی مرۆڤایەتی ........................ ٢٠٠
جزیری و عەشقی حەقیقی ........................ ٢٠٤
جزیری و ڕوانین بەرەو سەرچاوەی جوانی ........................ ٢٠٧

پلەی عەشقی جزیری ........................................................ ٢١١

عەشق لە سەرووی عەقل .................................................... ٢١٤

جزیری و ئیشراق و حیکمەتی چەشتن ................................ ٢١٦

سرر و حروف لای جزیری .................................................... ٢٢٢

یەکێتی بوون لە هزری جزیری و یەکێتیی ناوەوەی دیوانی جزیری ٢٢٨

جزیری سۆفیەکی (اویسی) بووە ........................................ ٢٣١

ئاسەواری چەند ئەفسانەیەك لە بیری جزیریدا ......................... ٢٣٥

جزیری و هەستی نەتەوەیی ................................................ ٢٤٠

**ئەنجام** ....................................................................... ٢٤٣

**سەرچاوەکان** ......................................................... ٢٤٩

**چەند وێنەیەك ( گلکۆ و مەدرەسەی سوور...)** ............. ٢٦٩

# پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە(شێوازی شیعری جزیری) لێکۆڵینەوەیەکی شێوازناسییە لە بواری پێناسەی شێوازی تاکەکەسی (Individual style)، بۆ ئەوەی بتوانین بەپێی توانا ناسنامەیەکی سەرەتایی بۆ شێوازی شاعیری گەورەی کورد (مەلای جزیری) تۆماربکەین. کایەی لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی لە بواری لیکۆلینەوەی شێوازناسی هەژارە ، بۆیە یەکەم گرفت بۆ هەر لیکۆلەرێکی ئەم بوارە، نەبوونی سەرچاوەی کوردییە، هەربۆیەشە لەم لێکۆلینەوەیەدا زۆربەی سەرچاوەکان فارسی و عەرەبین.

فارس و عەرەبەکان تا رادیەك لە بواری شێوازناسیدا کاریان لە سەر ئەدەبەکەیان کردووە، هەر ئەم کارانەشیان ،یەکێ لەو هۆکارانە بووە کە ئەم بابەتە بۆ لێکۆلینەوەکە هەلبژێرین ، تاکو ئەدەبیاتی کوردیش هاوشان لە گەل ئەدەبی گەلانی دیکە بکەوێتە بەر شەپۆلی رەخنە و لێکۆلینەوەی نوێ.

لەوانەیە زۆر لە ئەدیب و ئەدەبدۆستان بەوە دلگران بن، کە بەپێوەری ماتماتیکی مامەڵە لەگەڵ ئەدەب بکرێ، ناحەقیش نین، چونکە ئەدەب خورپەی دڵە، هەڵچوونی سۆزە، پێوانەکردنی ئەم هەستانەش کارێکی وا نیە کە ئەنجامی سەداسەدی لێبکەوێتەوە، وەك ئەوەی لە ماتماتیکدا دەبینرێ. هەروەها قورخدانی وشەکانیش لە بۆتەی ئامارەکاندا تا رادەیەك دونیای فراوانی واتای وشە دەخاتە پەراوێزەوە. ئەمانە هەمووی ڕاستن، بەڵام سەرباری ئەوەش، دیسان ناکرێ بە تەواوی نکوڵی لە دەسکەوتی گەورەی شێوازناسان لە مەیدانی پێوانەی فریکوانسی نیشانە شێوازیەکان بکرێ . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە وێرای باوەرمان بەلایەنی خەیاڵی و سۆزی ناو ئەدەب، نابێ ڕۆڵی رێژەو ئاماری دیاردە شێوازییەکان لە دەرخستنی هەندێ بنج و بنەوانی هزر و باری دەروونیی شاعیر رەچاو نەکەین.

دونیا، دونیای ڕێژەو ژمارەکانە، تەنانەت لە بواری شیعریشدا. ئەو بۆچوونەی کە ژمارەکان هەوێنی ئەم جیهانەن زۆر کۆنە، لای خودی شاعیرانی سۆفیش ئەم ئاماژانە هەن. سۆفیەکان ژمارەی (یەك) بە بنەمای ژمارەکان دەزانن کە تێکڕای ژمارەکانی دیکەش، تەنیا دووبارە بوونەوەی هەمان (یەك)ە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پەیڕەوی لە (ڕێبازی وەسفی) لە لێکۆڵینەوەدا کراوە چونکە سەردەمێکی دەستنیشان کراو دەگرێتەوە کە برێتییە لە سەردەمی جزیری تا سەردەمی خانی ،لە بواری شێوازناسیشدا دەکەوێتە بۆتەی قوتابخانەی ئەنگلۆئە مریکی کە گرینگی بە هەردوو لایەنی زمان و ئەدەب لە لێکۆلینەوەدا دەدات. ئەو بەشەی لێکۆلینەوەکەش کە باسی کاریگەریی شێوازی شیعری فارسی لە سەر شیعری جزیری دەکات دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری. هەروەها هەوڵ دراوە بۆ دەرخستنی جیاوازی لە شێوازدا، هەندێ جیاوازی شاعیری ناوبراو لەگەڵ هەردوو شاعیری گەورە (فەقێی تەیران) کە سەردەمی خۆیەتی و (ئەحمەدی خانی) کە نیو سەدەیەك لە دوای ئەوە بخەینەڕوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە:-

سەرەتا و پێش چوونە ناو بەشە سەرەکیەکانی لیکۆ لینەوەکە، ئاماژە بە چەند لێکۆلینەوەیەکی شێوازناسیی ئەدەبی کوردی دەدریت کە پێش ئەم لێکۆلینەوەیە ئەنجام دراون.

**یەکەم:** دەروازەیەك بۆ زانستی شێوازناسی..

لەم بەشەدا بە پوختی و کورتی هەندێ لایەنی زانستی شێوازناسی کە پێویستن بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر چۆنیەتی بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، خراونەتەڕوو.

**دووەم:** ژیان و سەردەمی جزیری..

یەکەم بەشی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەیە، کە تیایدا باری هەمە لایەنەی ژیانی جزیری و باری گشتی سەردەمی جزیری لەڕووی (کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕامیاری و رۆشنبیری و سروشت و کەش و هەوا) خراونەتەڕوو. زانیاری لەسەر ژیان و ژینگەی شاعیران ڕێگە خۆشکەرە بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازناسی.

**سێ یەم:** شێوازی جزیری لە ئاستی زماندا (Literally level)..

لەم بەشەدا شێوازی جزیری لە ئاستی زماندا، بەتایبەتی لە هەردوو ئاستی دەنگ (موزیکال) و وشە (لێکسیکال) خراوەتەڕوو.

**چوارەم:** شێوازی جزیری لە ئاستی ئەدەبدا (Literary level)..

لەم ئاستەدا، چۆنیەتی مامەڵەی جزیری لەگەڵ ئەدەب و تایبەتێتییەکانی شیعری جزیری لەم بوارەداو چۆنیەتی کاریگەریی جزیری بە شێوازەکانی شیعری فارسی، خراونەتەڕوو.

**پێنجەم:** شێوازی جزیری لە ئاستی هزریدا (Philosophical level)..

لەم بەشەدا هەوڵدراوە ئەودیوی شیعرەکانی جزیری و لایەنە هزرییەکانی لێك بدرێتەوەو هەڵوێستی جزیری لە مەیدانی سۆفیگەریدا ، لە بارەی گێتی و نهێنیەکانی بوون بخرێتەڕوو.

## ئەنجام:

لە کۆتاییدا ئەنجامی تاکە تاکەی بەشەکان لە هەموو ئاستەکانی شێوازی جزیری بە کورتی خراوەتەڕوو.

# یەکەم هەوڵ بۆ پێناسەی شێوازی جزیری

لە پێشەکی ئەو دیوانەی جزیری کە لە لایەن گیوی موکریانییەوە چاپکراوە، یەکەم هەوڵ بۆ پێناسەی شێوازی شیعری جزیری بەدی دەکرێت. لەم پێشەکیەدا کە لە نووسینی ئەنوەر مائی یە و گیوی موکریانی لە عەرەبیەوە وەریگێڕاوە، سەرە بابەتێك لە ژێر ناوی (شێوازی جزیری لە هەڵسەنگاندندا) بەرچاو دەکەوێت، کە دەتوانرێت بە یەکەمین هەوڵ بۆ پێناسەی شێوازی شیعری جزیری لە قەڵەم بدرێت. سەرەتا نووسەر لە سونگەی کاریگەریی شیعری جزیری لە سەر خوێنەر هەوڵی پێناسەی شێوازەکەی داوە و دەڵێت:

"راوێژی هەڵبەستەکانی مەلا رێگای ژیان خۆش دەکات و لە قووڵایی دڵەوە هەستی مرۆڤان دەخرۆشێنێ... لە لێکدانەوەدا تەوژمێکی بە هێزی کاریگەری هەیە بە سەر هەست و بیروباوەری مرۆڤاندا. خەیاڵێکی هونەرمەندانەی وا بەرز و ناسکی هەیە کە لەگەڵ هەموو رۆژگارێك و گشت چێژێکی دەگونجێ و دەروا و سازگارە"[1].

هەر لە بارەی شاعیرەوە دەڵێ: "جزیری شاعرێکی هەست باریك و خەیاڵ ناسك و خۆش راوێژ و لێبڕاو (حاذق)ە. لە وێکچواندن و پێك گرتن و هەڵناندا زۆر لە بارە خاوەند دەسەڵاتە..."[2].

لە بارەی بابەتی شیعری جزیری یەوە دەڵێت: "... هەڵبەستەکانی جزیری زۆرترینی لە بابەت دڵداریەوەیە کە ناواخنەکانی، پێهەڵگوتن و ئازار چێژتن و گلەیی لە دەردی دووری و چۆنیەتی سوتانی دڵ و هەناوی بە سۆزی دڵدارێتیەوە و هیچ اومێدی تۆڵە و رزگاری و بەیار گەیشتنی تێدا نیە چونکوو یارەکەی شازادە بوو...".

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە جزیری ڤاڵبووی (تصوف)ە و "... سەودا و گراوی عەشقی پاك و خاوێن لە لای جزیری ... پلەیەکە بۆ سەراپەردەی خوداناسی"[3].

---

[1] دیوانی شێخ احمدی جزیری ـ گیوی موکریانی, چاپخانەی هەولێر, چ١, هەولێر ١٩٦٤, ل١٠.

[2] هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

[3] هەمان سەرچاوە و ل١١.

له راستی دا ئـەم جـۆره ناسـاندنەی شـێواز، زیـاتر پەسـن دان و پیاهەڵگوتنـه و ئـەو ڕەگەزانەی کە دەستنیشانیش کراون زۆر گشـتین و بـه کـورتی دەتـوانین بڵـێین کـه ئـەم ڕستانەی سەرەوە لە بارەی هەر کام لە شاعیرە کلاسیکە سۆفیەکان بەکار بێـت، ڕاسـت و ڕەوایە و لە جێگەی خۆیەتی. بەم پێیە دەتوانین بڵـێین خوالێخۆشـبوو (ئـەنوەر مـائی) لەم کورتە پێناسەیەدا نەیتوانیوە ناسنامەیەکی تایبەت بە شیعری جزیری تۆمار بکات، بەڵکو لە دەوری ڕەگەزە گشتیەکانی شیعری کلاسیکی (عرفـان) یـان (سـۆفیگەری) خـول دەخوات.

# تاکە بەرهەمی بواری لێکۆڵینەوەی شێوازناسی لە شیعری کوردیدا

نامەیەکی ماجێستێری بڵاونەکراوەی (حەمە نووری عمر کاکی) بە ناوی( شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، لە ناوچەی سلێمانی)[1]، تا ئەو هیندەی کە من ئاگادارم، تا ئێستا تاکە بەرهەمی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی شێوازناسیی شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا.

کارکردن لەم بوارەدا جێگەی رێزگرتن و بایەخ پێدانە، چونکە ئەدەبی کوردی لە بواری شێوازناسی و رەخنەی شێوازناسیدا هەژارە و لەم سونگەوە کەمتر ئاوڕ لە ئەدەبی کوردی دراوە. لێرەدا، (حەمە نووری عمر کاکی) خۆی لە قەرەی دۆزینەوەی رەگەزەکانی شێوازی تاکەکەسی داوە، لێکۆڵینەوە لە شێوازی تاکەکەسیش، ئەستەمترین بواری توێژینەوەی شێوازناسی و تەنانەت تێکرای توێژینەوە ئەدەبیەکانە و کەمتر کەس هەیە کە لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەدا لە توانج و هێرش و رەخنە رزگاری ببێت.

لێرەدا بە پێویستم زانی کە هەر چەندە بە کورتی و پوختیش بێت، ئاماژەیەکی رەخنەئامێزی ئەم بەرهەمە لەم توێژینەوەدا بگونجێنم.

سەرەتای لێکۆڵینەوەکە بە پێناسەی زمان دەست پێدەکات، ئەمەش بەرەو ئەوەمان رادەکێشێت کە نووسەر سەر بە قوتابخانە زمانەوانیەکانی شێوازناسی یە (وەك وەسفی و بنیاتگەری)، کاتی شێواز و زمان لە بواری (وشە و زاراوە و رستە)دا لێکدەداتەوە، هیندەی دیکە ئەم باوەرەمان بەهێز دەبێت[2]. بەڵام دواتر دەبینین، نووسەر لە سونگەی رەوانبێژییەوە، واتە شێوازناسی کۆن، بۆ شێواز چووە و یەکسەر لە بۆچوونی یەکەممان، واتە پەیوەستبوونی بە شێوازناسیی نوێ پاشگەزمان دەکاتەوە، بە تایبەتی

---

[1] شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا, نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم (ناوچەی سلێمانی), حەمە نووری عومەر کاکی, نامەی ماجستێر, زانکۆی سەلاحەددین, ١٩٨٩

[2] هەمان سەرچاوە, ل٧.

که زۆر به خێرایی به سەر چەمك و پێناسەی شێوازدا بازیداوە و هەر هیچ توخنی سێ کوچکەی، (نووسەر، بەرهەم، خوێنەر) نەکەوتووە و ئینجا یەکسەر پڕژاوەتە سەر شێواز لای چۆمسکی[1].

لە کۆی (١٦٨) لاپەڕەی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە (٣١) لاپەڕە تەرخان کراون بۆ ناساندنی شێواز و شێوازناسی، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی شێوازناسی و کەرستە و بوارەکانی لێکۆڵینەوە نەدراوە.

لێکۆڵینەوە شێوازناسیەکان بە سوودوەرگرتن لە زۆربەی ڕێبازەکان دەکرێ بکرێن بە سێ تەوەرەی سەرەکی (زمان- ئەدەب- هزر)، هەروەك چۆن ئەم لێکۆڵینەوەمان لەم سێ ئاستەدا ئەنجام دراوە، بەڵام لای عومەر کاکی شێوازناسی لە سەر ئەم سێ تەوەرەیە جێگیر کراون:-

١. ڕەگەزە بیریەکان
٢. ڕەگەزە سۆزیەکان
٣. ڕەگەزە جوانکاریەکان

لەم جۆرە دابەشکردنەی نووسەر ئاڵۆزیەك بەدی دەکرێت، چونکە ڕەگەزە سۆزی و جوانکاریەکان بە (ڕاستێتی- ڕوونی- وردی) دەستنیشان دەکات، کە ئەمانەش لە بۆتەی ڕەوانبێژیدان و کەمتر ئاوێتەی هزر و ئەندیشە و باری دەروونی و گیانی نووسەر دەبێتەوە. سەرباری ئەمەش تەوەرەی ئاستی زمان کە ئاستێکی گرنگە لەم دابەش کردنەدا بە یەکجاری بەدی ناکرێت.

لە بەشی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەدا، نووسەر هەوڵی داوە لە شێوازی شیعری (نالی و سالم و کوردی) بکۆڵێتەوە و ڕەگەزەکانی بخاتە ڕوو. لە بارەی نالی یەوە، نووسەر باسی شێوازی چاك و سەرکەوتوو (ڕوونی و بەهێزی) لای نالی دەکات[2]، وێڕای ئەوەی کە ئەم چەمکانە زۆر گشتین، دەبێ بوترێت کە ئەرکی شێوازناسی باسکردنی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن نیە یاخود مەدح و پەسندان، بەڵکو دەبێ بە پێی توانا

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل١١ ـ ١٣.

[2] لە هەمان سەرچاوە, ل١٠٨.

ناسـنامەیەك بـۆ شـێوازی شـاعیر تۆمـار بكرێـت. بابـەتێكی دیكـەی زۆر گـرنگ لـە شێوازناسیدا هەیـە كـە نووسـەر ئامـاژەی پـێ نـەكردووە، ئـەویش (لادان لـە نـۆرم)ە، لـە كاتێكدا كە لە شوێنەك دا باسی تازەگەری لای نالی دەكات ئەو نموونەیە دێنێت كە نالی لە جیاتی (قیامەت)، (قیا)ی بەكار هێناوە[1]. بەڵام لەم بوارەشدا بابـەتی (فریكـوانس)ی رەچاو نـەكردووە، چونكە تـەنیا چـەند نموونـەیـەكی كـەم ئـەم دیاردەیـە ناكـەن بـە نیشـانەیەكی شـێوازی نـالی. هـەروەها لـە باسـی نـالی دا لـە (بـیروردی، لێكچـواندن و رەگەزدۆزی)[2] دواوە كە ئەمانە تەنیا تەوەرەی ئەدەب دەگرێتەوە و لە بابەتی (زمـان و هزر) نزیك نابێتەوە.

لە بارەی سالەوە دیسان باسی بیردۆزی ئـالۆزی (تعقیـد) و شـێوازی هنـدی دەكـات. نووسەر لە بابەتی شێوازی هندیدا مەبەستەكەی نەپێكاوە، لای نووسەر شـێوازی هنـدی بریتی یە لە ئالۆزی، پێچاوپێچی (تعقید)، بێزاری لە ژیان، رەشـبینی و غـەم خـواردن!!. گـەورەترین تایبەتمەنـدیی شـێوازی هنـدی بابـەتی هاوسـەنگی نێـوان دوو نیـوەدێرە لـە شیعردا، كە فارسـەكان ناویـان لێنـاوە (اسـلوب معادلـە) یـان (تمثیـل)، كـە بریتـی یـە لـە نواندنی بابەتێكی ئـاوەزی (عقلـی) لـە بابـەت و وێنەیـەكی بەرجەسـتە و هەسـتیدا. لـە نیوەدێرێـك بابـەتێك و ئامۆژگاریـەك دەخرێتـە روو لـە نیـوەدێرێكی دیكـەدا لـە قـاڵبی وێنەیەكدا هەمان ئامۆژگاری دەنوێنرێت[3].

ئەگەر دەڵێین سەبكی هندی ئالۆزی تێدایـە، ئـەم ئالۆزیـە لای ئـەو گرووپـە شـاعیرە بـووە كـە بـە (خیـال بەنـد) ناویـان دەركـرد كـە زۆربـەیان لـە هنـد بـوون وەك (بیـدل دهلـوی)[4]. ئالۆزیەكـەش لـە پەیوەنـدی ئـەم دوو نیـوەدێرەی نـاو هاوكێشـە (عقلـی) و (هەسـتی)یەكـە دەخولقێـت، كـاتێ لایـەنی لێكچـواندن روون نـەبێت. ئـەمجۆرە تایبەتمەندیەش لای (سالم) بەدی ناكرێت، دەبێ ئەوەش بزانین كە درەنگ تێگەیشتن و ئـالۆزی (تعقیـد) لـە شـیعردا لەوانەیـە زۆر هـۆی تـری هـەبێت وەك ئـەو لێڵـی و تـەم و

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٠٩.

[2] هەمان سەرچاوە ل١١٧.

[3] شاعر آینەها (بررسی سبك هندی و شعر بیدل), د.محمد رضا شفیعی كدكنی,انتشارات آگاه,چ٤, تهران ١٣٧٦, ص٦٣- ٦٤.

[4] سبك شناسی شعر, سیروس شمیسا, انتشارات فردوس, چ٤, تهران ١٣٧٨, ص٢٩٣.

مژەی لە (سەبکی عێراقی) دا بەدی دەکرێ. نووسەر باسی غەم و پەژارە و رەشبینی لای سالم دەکات، بەڵام لە هۆکارەکانی ئەم رەشبینیەی نەکۆڵیوەتەوە، واتە نەچووەتە ناو ناخی نووسەر لە کاتێکدا چیرۆکی چەرمەسەری و نەخۆشی جەستەیی سالم زۆر باوە. ناز ناوی (سالم) خۆی شتێکی پێچەوانەو (پارادۆکس)ی خۆیەتی. ئەم پارادۆکسانە لە زۆر شیعری سالمدا بەدی دەکرێ، واتە کۆکردنەوەی هاودژەکان، بەمەش سیمای (حافزی شیرازی) کە پەیڕەوی (سەبکی عێراقی)یە زیاتر لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ تا سەبکی هندی[1].

لە بارەی (کوردی)یەوە بابەتی (روونی، کورت بڕی، وشە و زاراوە یاخود لێکسون)ی خستۆتەروو. لەم سێیانە دوو رەگەزی یەکەم گشتین و لای زۆر لە شاعیرە کلاسیکیەکان بەدی دەکرێ، تەنیا لێرەدا وشە و زاراوە، بابەتێکە کە دەتوانرێ پشتی پێی ببەسترێت بەڵام بە رێگای (ئامار) و دیاری کردنی (فریکوانس)یان، کە لەم بوارەشدا کاری نووسەر ناتەواوە.

---

[1] کلیات سبك شناسی, سیروس شمیسا, انتشارات فردوس, چ٤, تهران ١٣٧٥, ص٧٨ ـ ٨٠.

# دەروازەیەک
# بۆ زانستی شێوازناسی

**لە بارەی وشەی شێواز (style):**

وشەی (شێواز)ی کوردی بەرامبەر (style) لای ڕۆژئاوا و (اسلوب) لای عەرەب و (سبك) لای فارسە، چۆنیەتی جێگیربوونی ئەم وشانە بۆ چەمکی شێواز هەریەکەی مێژووی خۆی هەیە، لای کورد تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم هەر وشەی (اسلوب)ی عەرەبی بۆ ئەم چەمکە بەکارهاتووە، بەڵام دوای هەڵمەتی پاکتاوکردنی زمانی کوردی (بەتایبەت لە باشووری کوردستان) وشەی (شێواز) جێگەی وشە عەرەبیەکەی گرتۆتەوە. سەرباری ئەمەش تاکو ئێستا وشەی شێواز بە چەمکی (style)ی ڕۆژئاوا، جێگەی خۆی لە فەرهەنگی کوردیدا نەکردۆتەوە. لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی مام هەژاردا شێواز بە واتای (شکل، تەرح، ڕاهاتن) و لە فەرهەنگی (کوردستان)ی گیوی موکریانیدا بە واتەی (شکل، شەرم، ئەدەب، ئاکار و شێوە) هاتووە. لە فەرهەنگی (ئینگلیزی – کوردی) ی (سەلاحەددین) لە دانانی (سەلاح سەعدوڵلا) لە بەرامبەر وشەی (style) واتەی (ناڤ دکەت و دادهینت) هاتووە، هەروەها لە بەرامبەر (stylistics) واتەی (تور ڕێباززانی) دانراوە واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە ڕێبازی ئەدەبی، کە ئەمەشیان واتەی گونجاوی خۆی ناگەیەنێت، چونکە ئەم واتەیە تەنیا ئاماژە بە شێوازی ڕێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو دەکات، واتە لێکۆڵینەوە لە (شێوازی چاخێك)، لە کاتێکدا کە سنووری شێوازناسی لەمە فراوانترە. تاکە فەرهەنگێك کە لە بەرامبەر وشەی (شێواز) وشەی (style)ی داناوە فەرهەنگی (شارەزوور)ی کوردی - ئینگلیزیە بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە (شێوازناسی) نەکراوە.

ئەم وشەیە سەرچاوەکەی (stilus)ی لاتینیە و بە واتای جۆرە ئامێرێك بووە کە بۆ نووسین و هەڵکەندن لە سەر تەختەی مۆم بەکارهاتووە. دواتر ئەم وشەیە بۆ

شێوازی وتار لە دواندەری بەکارهاتووە، لە ئەنجامیشدا بە واتای شێوازی پەیڤی ئـەدەبی خزاوەتە ناو ئەدەب[١].

## واتا و چەمکی (شێواز) - (style):

کەسانێکی زۆر پێناسەی (شێواز)یان کردووەو لە ئەنجامدا ئیمڕۆ بە لێشاو پێناسەی جۆراوجۆری شێواز خزاونەتە ناو کتێب و لێکۆڵینەوە هەمەچەشنەکانی بـواری شـێواز. هۆی جیاوازی ئەو هەموو پێناسانە ئەوەیە کە هەریەك لەو گروپ و کەسانەی لـەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە لە سوچێکی جیاوە ڕوانیویانەتە شێوازو چەمکەکەی.

تێکڕای ئەم پێناسانە لە نێوان سێ کوچکەی (نووسەر) و (تێکست) و (خوێنەر) یاخود (داهێنەر و پەیام و وەرگری پەیام) خـول دەخۆنەوە[٢]. هەندێ لەوانە لە چەشنی (ئەسپیتزر) شێواز لە پەیوەندی دەروونی نووسەرو تێکستدا دەبینن واتە گرنگی بە پرۆسەی دەروونی خوڵقانی تێکست دەدەن[٣]. هەندێکی دیکە لە چەشنی (ڕولان بارت) باس لە مەرگی نووسەر دەکەن و لە پانتایی خودی تێکستدا بەدوای چەمکی شێوازدا دەگەڕێن[٤]. هەندێکیش وەکو (ریفاتێر)چەمکی شێواز لە کاردانەوەی خوێنەرو وەرگری پەیام لە بەرامبەر تێکستدا دەخوێننەوە[٥].

جیا لەو هۆکارەی سەرەوە دەتوانین بڵێین گشت پێناسەکانی شێواز هەڵقوڵاوی سێ ڕەهەندی سەرەکی گرنگن کە لە گشت سەرچاوەکانی بابەتی شێوازناسیدا دەبینرێن کە

---

[١] علم الاسلوب مبادئه و اجراءاته – د. صلاح فضل, دار الافاق الجديدة , الطبعة الاولى , بيروت, ١٩٨٥, ص ٨٢.

[٢] الاسلوب والاسلوبية – د. عدنان علي رضا نحوي , دار النحوي , الطبعة الاولى, رياض, ١٩٩٩, ص (١٥٣-١٥٤).

[٣] الاسلوب و الاسلوبية – گراهام هاف – ترجمة: كاظم سعدالدين, دار افاق عربية , بغداد, ١٩٨٥, ص ٧٢.

[٤] ساختار و تأويل متن – بابك احمدى – نشر مركز , چاپ ٤, تهران,١٣٧٨ ,ص ٢١٤.

[٥] الاسلوب والاسلوبية – د. عبدالسلام المسدي , دار العربية للكتاب, الطبعة الثالثة, ص ٨٣.

بـریتین لـه (بینینـی تایبـەت)، (هەڵبـژاردن)، (لادان لـه نـۆرم). کـه لێـرەدا بـه کـورتی دەیانخەینەڕوو:

### ١. بینینی تایبەت:

شێواز ئەنجامی دیتن و بینینی تایبەتی هونەرمەنـدە بـۆ جیهانی نـاوەوەو دەرەوەی خۆی کە ئەم دیـدە تایبەتـەش لـە ئەنجامـدا خـۆی لـە دەربڕینێکـی تـازەدا دەبینێتـەوە. کەواتـە هـەر دیتنێکـی تایبـەت خـۆی لـە زمـانێکی تایبەتـدا دەنوێنێـت، بـەپێی ئـەم پێناسەیە هەر کاتێ کەسێك بە چاوێلکەیەکی نوێو تایبەتەوە بڕوانێتە جیهانی نـاوەوە یان دەرەوەی خۆی، ئەوا بۆ خستنەڕووی وێنە نوێیە زەینیەکانی خۆی، ناچارە پـەنا بـۆ پێکهاتەیەکی نوێ لە کەرەستە زمانەوانیەکانی ببات، بۆ نموونـە پـێش ڕاپـەڕین زۆر لـە شـاعیرانمان کـە خولیـای ئـازادیو سەربەسـتی بـوون دیـدێکی شۆڕشـگێڕانەیان هـەبوو، ڕەمـزی شۆڕشـگێڕی لەهـەموو سوچـێکی شـیعرەکانیاندا بـەدی دەکـراو شـیعرەکانیان ئاوێتەی گیان و هەستی نیشتمانپەروەری بـوون، بـەڵام دوای ڕاپـەڕین، بـەهۆی گرفتـی نـاوەخۆ، زۆر لـە شـاعیران تووشـی بێـزاری و ڕەشـبینی هـاتن، واتـە دیـدێکی سـەلبیان پەیـداکرد. هـەر بـەم هۆیـەوە شـیعرەکانیان پـڕ بـوو لـە لێلـی و نـامۆیی و ڕەشـبینی و دارمان لە ڕوخسارو ناوەڕۆکدا. ئـەم لێلی و نامۆییـە لـە حـەفتاکانیش دوای دەرچوونی ڕێکەوتننامەی ١١ئادار تا ساڵی ١٩٧٥، لەشیعری شاعیرانی ناوچەکە بەدی دەکرێ.

بەم چەشنە ڕوون دەبێتەوە کە گۆڕانکاری لە شێوازدا تەنیا گۆڕانی زمـان و پـێش و پاشبوونی کەرەستەکان نین، بەڵکو بابەتەکە هۆکاری دیکەی وەکو گۆڕان لە هـزر و دیـد و بنیـاتی فکـری و بۆچـوونەکانیش بـەخۆوە دەگرێـت. زۆر لـە شێوازناسـان گۆڕانکـاری کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕامیاری بە(داینەمۆی) گۆڕانی شێواز یاخود خوڵقانی شـێوازی نـوێ دەزانـن. گۆڕانکـاری لـە ژیـان و هـزرو بۆچـوون، گۆڕانکـاری لـە دەربڕینـی لێدەکەوێتەوە[1].

زۆر لە پێناسە بەناوبانگەکانی بواری شێوازناسی لە چوارچێوەی ئـەم بابەتـە، واتـە (بینینی تایبەتی)یە، وەك:

---

[1] کلیات سبك شناسی – د. سیروس شمیسا, فردوس, چاپ ٤, تهران, ١٣٧٥, ص ١٧.

بوفن دەڵێ: شێواز خودی مرۆڤە.

فلوبەر دەڵێ: شێواز، جۆری دیتنە.

شوپنهاور دەڵێ: شێواز، ناسینەوەی سیمای زەینی خاوەن قەڵەمە.

ئەمرسون دەڵێ: شێواز، دەنگی هزری نووسەرە[١].

**٢- هەڵبژاردن (choice) یان بژاردن (selction):**

شێواز، هەڵبژاردن و بژارکردنی نیشانەو کەرەستە زمانیەکانی دیاریکراوە بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو. ئەم هەڵبژاردنە لە نێوان ئەو کەرەستەو نیشانانە دەبێت کە جێگر و (بەدیل)ی یەکترن[٢].

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکرێ کە هەموو هەڵبژاردنێك (شێواز)ی لێناکەوێتەوە، چونکە دوو جۆرە هەڵبژاردن هەیە، یەکەمیان: هەڵبژاردنی کرداری رۆژانە (Pragmatic selection) کە بەپێی هەڵوێست و کردار بۆ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو لە کەشێکی دیاریکراودا ناچارین چەشنە پەیڤێك هەڵبژێرین. وەك پەیڤین لەگەل بەرپرسێك یان لایەنێکی رەسمی کە ناچارین پەیڤی وا هەڵبژێرین پڕاوپڕبێت لە رێزو گەورەیی بەرامبەر. دووەمیان: هەڵبژاردنی رێزمانی یان دەستوریە (Grammatical selection)[٣]. بەپێی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، لە سنووری تواناکانی زماندا، پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکرێ بۆ پێکانی مەبەستێکی دیاریکراو، واتە تەنیا مەبەست و بۆچوونی کەسەکە هانی دەدات بۆ هەڵبژاردن نەك هەڵوێست و بەرژەوەندی دەوروبەر. بۆیە جۆری دووەمی هەڵبژاردن، (شێواز)ی لێدەکەوێتەوە. نووسەرانی جیا بۆ دەربڕینی واتەیەکی هاوبەش، دەربڕینی جیاوازیان هەیە، لە واژەو دەستەواژەی جۆراوجۆر کەڵك وەردەگرن . بەم جۆرەش جیاوازی شێواز لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ[٤]. بۆ نموونە (مرد، گیانی لەدەست دا، تەواو بوو، تۆپی، چاوی هەتا

---

[١] کلیات سبك شناسی – شمیسا, ص ١٨.

[٢] الاسلوب و الاسلوبیة – طراهام هاف – ص ٢٤.

[٣] الاسلوب (دراسة لغوية احصائية) د. سعد مصلوح – دار الفكر العربي, الطبعة الثانية, القاهرة ,١٩٨٤, ص ٢٣ – ٢٤.

[٤] کلیات سبك شناسي – شمیسا, ص ٢٣.

هەتایە لێك نایەوە، کۆتری گیانی بەرەو ئاسمانی نەمری لە شەقەی باڵی دا، شەهید بوو، ئەمری خوای کرد، بە رەحمەت چوو ، وەفاتی کرد، سەری نایەوە...) هەموو ئەمانە لە دەوری یەك بابەتدا واتە (مردن) خول دەخۆنەوە، بەڵام شێوازی دەربڕین و هەڵبژاردنی وشەکان جیاوازە، ئەمەشیان لە ئەنجامی مەبەستی جیاوازە.

پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئاستی ستونی زماندا (Paradigmatic axis) ئەنجام دەدرێ، واتە پرۆسەی هەڵبژاردن لە نێوان وشەکانی هاوواتاو جێگرەوەی یەکترە[1]. هۆکت (C.F.Hocket) لەم ڕوانگەیەوە واتە هەڵبژاردن پێناسەی شێوازی کردووەو دەڵێت: "دوو ئاخاوتن لە زمانێکدا کە یەك واتەیان هەیە، بەڵام لە بنیادو پێکهاتەدا جیاوازن، جیاوازی شێوازیان هەیە" هەروەها چارل باڵی( Charles Bally) کە بە باوکی (شێوازناسی نوێ) دادەنرێ لەم ڕوانگەوە دەڕوانێتە شێواز، بە بۆچوونی باڵی ئاخاوتنی جۆراوجۆری هاو بابەت و هاوواتا لە ڕووی هەست و سۆزەوە جیاوازن، ئەم چەندەش جیاوازی شێواز دروست دەکات. مارۆزو (Marauzeou)ی قوتابی باڵی بە هەمان شێوە پێناسەی شێوازی کردووە، بەلای ئەو تواناو کەرەستەکانی زمان لەبەردەستی هەموو کەسێکەو هەر کەسێك بەپێی پێویستیی دەربڕینی خۆی، لەم کەرەستانە هەڵدەبژێرێت (بەرەچاوکردنی ڕێزمان)، ئەم هەڵبژاردنەش دەبێتە هۆی جیاوازی شێواز[2].

### ٣- لادان لە نۆرم (Norm):

ئەم ڕستەی (ڤالیری) زۆر بەربڵاوە کە وتوویەتی: "شێواز خۆی لە خۆیدا لادانە لە نۆرم" [3]. ئەم بۆچوونە کاریگەری زۆری لەسەر لێکۆڵەرانی بواری شێواز هەبووە، بەم پێیە شێواز ئەنجامی لادان و دەرچوونە لە ڕێسای ئاسایی زمان ( Deviation from the Norm). لادان لە نۆرم لە کتێبی ناوداری ئەدەبی و ئاییندا بەدی دەکرێت، ئەم تایبەتمەندیەش نرخی ئەم بەرهەمانە لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە بەرزدەکاتەوە. قورئانی پیرۆز نموونەیەکی بەرزی ئەم بابەتەیە. زانا موسڵمانەکان لە بۆتەی ڕەوانبێژیدا

---

[1] هەمان سەرچاوە, ص ٢٤.

[2] کلیات سبك شناسی – شمیسا, ص ٢٩.

[3] علم الاسلوب (مبادئه و اجراءاته) – د. صلاح فضل, ص ١٧٩.

هەوڵیان داوە بسەلمێنن، ئەم لادانە لە نۆرمی زمانی عەرەبی لە قورئاندا، نەك هەڵە نیە بەڵكو ئەوپەڕی ڕەوانی و ڕوونییە. بۆ نموونە لە قورئاندا هاتووە: (فأذاقها الله لباس الجوع و الخوف)[١]، لێرەدا (اذاق) واتە چەشتن لە جیاتی (پۆشین) هاتووە كە خوازەیەكە جوانی و كاریگەری ئایەتەكەی زیادكردووە لە كاتێكدا لە نۆرمی عەرەبیدا ئەمە بەدی ناكرێ. هەروەها (...الليل و نسلخ منه النهار...)[٢] واتە گرواندنی شەو بۆ دەركەوتنی ڕۆژ، لە كاتێكدا دەتوانرا بەپێی نۆرمی عەرەبی بوترێ دوای شەو، ڕۆژ دەردەكەوێ، بەڵام بە لادان لە نۆرم، نرخی ڕەوانبێژی ئایەتەكە بەرزبۆتەوە[٣].

سنووری لادان لە نۆرمی باو فراوانەو هەم لە بواری بۆچوون و واتادا ڕوودەدات هەم لە بواری روخساری زماندا. بەڵام زمانەوانەكان تەنیا لە ڕوانگەی زمانەوە ڕوانیویانەتە ئەم بابەتە. پەیوەندیی نێوان زمان و واتاو لادانی هەریەك لەمانە لە نۆرم، لە كۆنەوە لە بۆتەی ڕەوانبێژی و لەژێر ناوی خوازەدا لێیكۆڵدراوەتەوە. لە بواری لادان لە نۆرمدا خواستن لە كاردا (استعارة تبعية) لە جۆرەكانی دیكەی بەرچاوترە، واتە كاتێك كار لە شوێنی خۆی نەبێت و بە واتایەكی دیكە بەكاربێت وەكو نموونەكانی ئاماژەپێكراو لە قورئانی پیرۆزدا. ئەم چەشنە لادانە لە نۆرم، لە زماندا بەرجەستەیی دروست دەكەن كە لە ئەدەبیاتدا (Foregrounding) فۆرگراوندینگی پێ دەوترێ. بەهۆی لادان لە نۆرم و بەكارهێنانی نامۆو پێشبینی نەكراو لە زماندا خوێنەر یا بیستەر تووشی هەڵوەستەو ڕامان دەبێت، پێشبینی وشەكانی دواتری بۆ ئەستەم دەبێت و وەكو ئەوەیە كە لە ڕێگای ئاسایی خوێنەردا كۆسپی بەرجەستە هەبن. ئەم كۆسپە بەرجەستانە خوێنەر دەتاسێنێ و تووشی هەڵوەستەو بیركردنەوەی دەكات، واتە فۆرگراندینگەكان لە ئەدەبداو لە دروستكردنی شێواز ڕۆڵێكی گرنگیان هەیە. دەبێ ئەمەش بوترێ كە لادان لە (Norm) لە سنووری ئاخاوتنە (Parole) نەك لە بنیاتی زماندایە (Langue)[٤].

هەر لادانێك لە نۆرم هونەرمەندانە نیە، چونكە لەوانەیە كەسێك بەهۆی ناشارەزایی لەزمانێك، لەكاتی دوان یا نووسیندا لە نۆرمی زمانەكە لابدات، لێرەدا

---

(١) النحل_١١٢

(٢) يس _ ٣٧

(٣) كليات سبك شناسى – شميسا, ص٣٣.

(٤) كليات سبك شناسى – شميسا, ص ٦٠ و ٦١.

هەرچەندە دەتوانین بڵێین ئەم کەسە شێوازێکی هەیە، بەڵام ئەم شێوازە شێوازێکی هونەری و ئەدەبی نیە[1].

لێرەدا بابەتێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەویش ئەمەیە کە ئایا نۆرم چۆن دەست نیشان دەکرێت؟

نۆرم (Norm) ڕێساو شێوازە باوەکانی زمانی هەر سەردەمێکە، هەندێ کەسیش وێڕای زمان ، بیروباوەڕی سەردەم و جۆری ئەدەبی باو بە (نۆرم)ی هەر سەردەمێك دەزانن، بەڵام لەبواری دەستنیشانکردنی نۆرم جیاوازی بیروڕا لە ئارادایە. هەندێ کەس لەوانەش (لیو ئەسپیتزر)ی ئەڵمانی و گیرۆی(Guiraud) فەرەنسی نۆرم بە زمانی باوی ڕۆژانە ( Everyday language یان Current) لێك دەدەنەوە. هەندێکیش لە چەشنی جان کۆهن( Jean Cohen) نۆرم هەڵدەبژێرن، کۆهن بۆ توێژینەوە لە شیعری سیمبولیستەکانی سەدەی ١٩ نۆرمی بە پەخشانی نووسەرانی ئەم سەدەیە دانا[2].

هەرسێ ڕەهەندی باسکراو واتە (هەڵبژاردن، بینینی تایبەت و لادان لە نۆرم) هاوتەریب نین بەڵکو یەك دەگرن و تێکهەڵکێش دەکرێن، چونکە هەر دید و بۆچوونێکی نوێ و تایبەت پێویستی بە هەڵبژاردنی کەرەستەی نوێ و تایبەتە، کە لە ئەنجامیشدا لادان لە نۆرمی باو ڕوودەدات. تا ئێرە وا هەست دەکرێت کە پرۆسەی شێوازناسی هەمان پرۆسەی کاری ڕەوانبێژیە، چونکە زیاتر چەمکی شێوازی جۆراوجۆری دەربڕین بۆ تاکە واتەیەك بەرجەستە بووە، یاخود (دەربڕینی واتەیەك بە شێوازی جۆراوجۆر) کە هەمان پێناسەی (زانستی بەیانە). بەڵام لە ڕاستیدا شێوازناسی لەمە فراوانترە، چونکە لە شێوازناسیدا بابەتی (Frequency) یاخود (التواتر)[3] یاخود (تەقجار)و دووبارە بوونەوەی (دیاردە شێوازیەکان) ( Stylistic features) لە ئارادایە، لە کاتێکدا لە ڕەوانبێژیدا ئەم بابەتە لە ئارادا نیە.

---

[1] هەمان سەرچاوە, ص ٣٦.

[2] هەمان سەرچاوە, ص ٢٨٥.

[3] الاسلوب والاسلوبية – المسدی, ص ٢٠٤.

### دیارده شێوازیەكان (Stylistic features)

دیارده شێوازیەكان بابەتێكی گرنگی لێكۆڵینـەوەی شێوازناسـیە، چونكە لـە بنـەمادا هەر شێوازێك ناسنامەی خۆی بـە ژمـارەو ڕێـژەی ئـەم دیاردانـە وەردەگرێـت. لـە نێـوان هـەموو ئـەو دیاردانـەی لـە تێكسـتێكدا بـەدی دەكـرێن هـەموویان دیـاردەی شـێواز نـین، بەڵكو تەنیا ئەو دیاردانەو نیشانانە لە پێكهێنانی شێوازدا بەشدارن كـە بـە نیشـانەكانی شێوازی یاخود (style markers) ناو دەبردرێن. ئەم نیشانانە چ لـە ئاسـتی زمـان و چ لەئاستی ئەدەب و هزردا، دەبێ (تەڤجاری)[*] یـاخود فریكوانسـیان پێـوە دیاربێـت. واتـە دیاردەیەك هەرچەند ناوازەو نامۆ بێت ئەگـەر لـە سەرتاسـەری بەرهـەمی كەسـێك یـان چاخێك تەنیا جارێك یاخود دووجـار بـەدی بكرێـت ئەمـە بـە دیاردەیـەكی شـێوازی لـە قەڵەم نادرێت[١].

زاناكـان لـە دەستنیشـانكردنی خـودی (دیـارده شـێوازیەكان) كـۆك نـین، ریفـاتێر تایبەتمەندییـە چـاوەڕوان نـەكراوەكان (Defeated expectancy) بـە دیـارده شێوازیەكان لە قەڵەم دەدات. ڕینە ولك(R.Wellak) ئەو دیاردانە بە دیاردەی شێوازی دادەنێت كە بە زوویی دەردەكـەون، بـەڵام مـەك ئینتـۆش( Mc Intosh) ڕای وایـە كـە دیارده شێوازیەكان هـەموو كاتـێ بـە ئاسـانی ئاشـكرا نـابن، بـەڵكو زۆرجار پێویسـت بـە شیكردنـەوەی زیاتر دەكات، ئەم شیكردنەوەیەش یان لەسەر بنەمای مەزندەو (ئیشـراق) دەبێت یان بەهۆی توێژینەوەی ئاماری[٢].

---

[*] من ئەم واژەیەم بە زەیندا هات كە لـە جیاتی فریكوانس بـەكاری بێـنم,چـونكە لــە واتـای ئـەم وشەیە نزیكە, بەڵام بریـاری كۆتـاییم بـۆ بـەكارهێنانی بـە شـێوەیەكی فـراوان نـەدا, چـونكە چەسپاندنی واژەو دەستەواژەی زانستی گفتوگۆیەكی زیاتری پێویستە و باشترە ئـەم ئەركـە بـۆ كۆری زانیاری بەجێ بێڵین.

[١] كلیات سبك شناسی – شمیسا, ص ٩٩.

[٢] هەمان سەرچاوە , ص ١١٧ و ١١٨.

**جۆرەکانی شێواز**

جیا لە بابەتی قوتابخانەو ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە لە شێواز، دەتوانین بابەتی لێکۆڵینەوە لە شێواز دابەشی سێ جۆری سەرەکی بکەین:

یەکەم: شێوازی تاك (Individual style) یاخود (private style).

دووەم: شێوازی چاخ یاخود قۆناغ (period style).

سێیەم: شێوازی ئەدەبی (literary style).

**شێوازی تاکە کەس (Individual style) یان (Private style):**

لەمیانەی توێژینەوە لە بەرهەمەکانی هەر قۆناغێکدا تووشی شاعیر یان نووسەرێك دەبین کە بەرهەمەکانی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی هاوسەردەمەکانی خۆی جیاوازی تیادا بەدی دەکرێت. لەم جۆرە بەرهەمانەدا وێرای دیاردەو تایبەتمەندییە گشتییەکانی هاوبەشی هزری و زمانی و ئەدەبی قۆناغ، هەندێ تایبەتمەندی دیکە بەرچاو دەکەون، کە تایبەتن بە شاعیر یان نووسەرێکی تایبەت، بۆیە دەوترێت ئەم شاعیرانە شێوازێکی تاکە کەسیان هەیە. لە ڕاستیشدا واتای شیاو و ڕاستەقینەی (شێوازناسی) ئەم شێوازە تاکەکەسییە، شێوازی تاکە کەسی وەکو ڕەنگ لە سەراپای تان و پۆی بەرهەمی هونەرمەند یان شاعیر بڵاوە.

جیاوازیەکی مێژووی ئەدەب لەگەڵ شێوازناسی ئەوەیە، لە مێژووی ئەدەبدا باسی هەموو ئەو کەسانە دەکرێت کە کەم یان زۆر دەستی شیعرو نووسینیان هەبووە، بەڵام لە شێوازناسیدا تەنیا باسی ئەو کەسانە دەکرێت کە بەهۆی شێوازی تایبەتیان لە هەموو سەردەمێکدا بەرهەمەکانیان پلەو پایەی خۆی لەدەست نەداوە، واتە خاوەن شێوازی نەمرو بەرزن[1]. دۆزینەوەی تایبەتمەندیەکانی شێوازی تاکەکەس لە گرانترین ئەرکەکانی شێوازناسیەو ئەگەری ڕوودانی هەڵە لەم بوارەدا زۆرە، هەر بۆیە (ئەسپیتزر) گەیشتن بە شێوازی تاکەکەسی بە (تواناو ئەزموون و باوەڕ)ی توێژەر دەبەستێتەوە[2].

---

[1] کلیات سبك شناسی – شەمیسا– ص ٧٦-٧٤.

[2] الاسلوب والاسلوبیة – بیرجیرو – ترجمة (د. منذر عیاشی), مرکز القومی – بیروت ص ٥٢.

لێکۆڵینەوە لە شێوازی تاکەکەس ئەمڕۆ لایەنێکی کاری زانستی دەرونناسیە، بەڵام ئەم لێکۆلینەوە تەنیا بۆ هونەرمەند و شاعیران بەکار نایێت ، بەڵکو بۆ هەر تاکێك یاخود نەخۆشێکی دەروونی بەکاردێت. دەروونناسان لەم بوارەدا وشەی ئادیۆلێکتیان (Idiolect) داهێناوە بۆ ئاماژەکردن بە زمانی تایبەتی کەسێك، واتە (زمانی تاك)، لە ڕاستیشدا کاری شێوازناسی گەیشتن بەم ئادیۆلێکتەیە[1].

**شێوازی چاخ یان قۆناغ (period style):**

کاتێ لە بەرهەمی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو لە مێژووی ئەدەبی گەلێکی دیاریکراو ورددەبینەوە لەڕووی واتاو زمان و بابەتی ڕەوانبێژی هەست بە هەبوونی لایەنی هاوبەش لە نێوان بەرهەمەکاندا دەکەین. ئەم لایەنە هاوبەشانە هەمان دیاردەو تایبەتمەندییەکان (features) و نۆرم (norm)ی ئەو قۆناغەیە یاخود پیشاندەری شێوازی ئەو قۆناغەیە. کاتێ ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانە دەگۆڕێن و تایبتمەندی دیکە شوێنیان دەگرنەوە، قۆناغێکی نوێ دێتە ئاراوە. بەڵام گۆڕانکاریەکان هێدی هێدی ڕوودەدەن. بۆیە هەموو کاتێ لە نێوان شێوازی دوو سەردەم، شێوازێکی ناوەندی کە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی هەردوو قۆناغە بەدی دەکرێت[2]. دەکرێ ڕێژەی تایبەتمەندییەکانی چاخێکی دیاریکراو لە ڕێگەی بەراوردی چەندی و ئاماری دیاربکرێت. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەبکرێت کە زۆر کەس لە جیاتی شێوازی قۆناغ، جەختیان لەسەر (شێوازی نەتەوە) کردووە، وەك شێوازی فەرەنسی کە باس لە (گیانی فەرەنسی) لە ئەدەبدا دەکرێت[3].

---

[1] تکنیك نوشتن در روانکاری – د. شاهرخ علیمرادیان , انتشارات اورنج ,چاپ ۲, تهران, ۱۳۷۹, ص ۱۰۵ – ۱۰۶.

[2] کلیات سبك شناسی– شمیسا, ص ۷۰.

[3] الاسلوب و الاسلوبیه – هاف, ص ۵۷ – ۵۸.

### شێوازی ئەدەبی (Literary style):

ئامانجی شێوازناسی ئەدەبی (Literary stylistics) وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئایا ئەدەبیات چیە؟ واتە دیارکردن و پێناسەکردنی (شێوازی ئەدەبی). ئەم بابەتە جیا لە شێوازناسی لە بۆتەی ڕەخنەی ئەدەب و تیۆری ئەدەبیشدا باسی لێدەکرێت.

شێوازی ئەدەبی واتایەکی فراوانی هەیە، هەموو ئەدەبیات و جۆرەکانی ئەدەبی دەگرێتە خۆی و جیاوازیەکانی لەگەڵ شێوازی ئاسایی و زانستی بەدیار دەخات[1].

بابەتی سەرەکی لە شێوازناسیدا هەمان باسی شێوازی تاکە کەس و شێوازی قۆناغە لە چوارچێوەی ئەدەبدا، کەواتە دەتوانین بڵێین (شێوازی ئەدەبی) هەردوو جۆرەکەی دیکەی شێواز لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەخۆوە دەگرێت.

### هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر شێواز

هۆکارەکانی پەیوەست بە جیاوازی شێواز لە دوو هۆکاری سەرەکیدا چڕ دەبنەوە:

١- **کەسایەتی نووسەر**: کەسایەتی نووسەر پێك دێت لە تایبەتمەندیە سایکۆلۆجی و هەست و سۆزی و جەستەییەکانی[2].

٢- **بابەتی نووسین**: بابەتی نووسینیش بەندە بە جۆری ئەدەبی (ژانر) و هەروەها ئەو کەرەستانەی کە لە بارەیان دەنووسرێت وەك (مرۆڤ، سروشت، دین و باوەڕ،... هتد)[3].

ئەو هۆکارە گرینگانەی کاریگەریان لەسەر چۆنیەتی فۆرم وەرگرتنی ناسنامەی کەسایەتی نووسەر هەیە، ئەمانەن:

١- ژینگە (کۆمەڵایەتی و سروشتی).

٢- ئایین.

٣- نەژادو ڕەگەز

---

(١) کلیات سبك شناسی – شمیسا , ص ٨٤.

(٢) في الاسلوب الادبي – علي بوملحم , المكتبة العصرية, بيروت, ١٩٦٨, ص ٦٢.

(٣) هەمان سەرچاوە, ص ٦٨.

٤- ڕۆشنبیری[١].

که بێگومان هەریەك لەو هۆكارانە كاریگەریەكی گرنگیان لەسەر شێوازی نووسەر هەیە. هەندێكی دیكەش هۆكارەكانی كاریگەر لەسەر شێواز بەم جۆرە پۆلین دەكەن:

١- هۆكارەكانی كەسێتی وەك: ئاكار، كردار، هەست و سۆز، باوەڕ، تەندروستی، نەخۆشی... هتد.

٢- هۆكاری كۆمەڵایەتی وەك: ئابووری، چینایەتی، كەلتووری، دینی، ڕامیاری، جوگرافی، نیشتمانی، پیشەیی، پەروەردەو فێركردن و... هتد.

٣- هۆكارە زمانیەكان وەك: زمان و ڕێسا ئەدەبیەكان.

٤- بێگومان زۆر لەو هۆكارە كەسێتی و زمانیانە لەژێر كاریگەری هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان دێنە ئاراوە[٢].

## ڕەوتی گۆڕانكاری و پەرەسەندنی شێواز:

دەتوانین دوو جۆرە گۆڕان و پەرەسەندن لە بواری شێوازدا دەستنیشان بكەین، یەكەمیان، گۆڕانی شێوازی قۆناغێك بۆ قۆناغێكی دیكە، دووەمیان، گۆڕانی شێوازی تاكە شاعیر یان نووسەرێك بە درێژایی ژیانی. لە گۆڕانكاری شێوازی قۆناغ یاخود سەردەمێك، كۆمەڵێك فاكتەری كۆمەڵایەتی و ژینگەیی بەشدارن كە پێشتر ئاماژەیان پێكرا. هەندێ لە ڕەخنەگرانیش لە چەشنی (برونتیر) گۆڕانكاری شێوازو جۆرەكانی ئەدەبی بەپێی یاسای گەشەسەندنی (داروین)و (سپێنسەر) لێك دەدەنەوە. شێوازی تاكە كەسی یاخود شێوازی شاعیرێك لەوانەیە لە میانەی ژیانیدا گۆڕانكاری بەخۆوە ببینێت بەتایبەتی لەسەرەتای كاری شاعیریدا. ئەم گۆڕانكاریەش بە دوو جۆر لێك دەدرێتەوە، یەكەمیان: گۆڕانكاری شێوازی شاعیرە لە قۆناغی لاساییكردنەوە بۆ قۆناغی سەرەبەخۆیی شێواز. دووەمیان: گۆڕانكاری لە شێواز، بەهۆی گۆڕانی بیروباوەڕی شاعیر یاخود ڕێبازی ئەدەبی شاعیر. لە سەدەی بیستەمدا بینرا كە شاعیرانێك چەندین جار

---

[١] في الاسلوب الادبي – بوملحم, ص ٦٢ – ٦٦.

[٢] دربارەی ادبيات و نقد ادبي – د. خسرو فرشيد ورد, جلد ٢, امير كبير,چاپ ٣, تهران, ١٣٧٨, ص ٦٦٠.

ڕێبازی ئەدەبی خۆیان گۆڕی، (ئاراگۆن)ی فەرەنسی باشترین نموونـەی ئـەم شـاعیرانەیە، ئەو لەناو دەستەی دامەزرێنەری چەندین ڕێبازی ئەدەبی بـووە، کـە یـەك لـەدوای یـەك سەریان هەڵداو سـەریان نایـەوە. هـەر بـەپێی گـۆڕان لـە بیروباوەڕەکـەی چـەندین جار بابەتە شیعرییەکانی گۆڕانی تێکەوت و لە کۆتاییدا لایەنگرێکی سەرسەختی (هونەر بـۆ کۆمەڵ) بوو[1].

(د. خسرو فرشید ورد) ئاماژە بە پێنج قۆناغ لە میانەی پرۆسـەی گـۆڕانی شـێوازی قۆناغ، یاخود ڕێبازو جۆری ئەدەبی دەکات کە ئەمانەن:

١- قۆناغی دامەزراندن.

٢- قۆناغی گەشەسەندن.

٣- قۆناغی هەڵکشان بەرەو لوتکە.

٤- قۆناغی دابەزین و داکەوتن.

٥- قۆناغی گۆڕان بۆ شێوازێکی تر.

بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی فارسی، شیعری عرفانی و سۆفیگەری لای (ئـەبو سـەعید) دامـەزرا، (سـەنائی)و (عـەتتار) پـەرەیان پێـدا و (مەولـەوی) و (سـەعدی) و (حـافز) گەیاندیانە لوتکەو لە قۆناغی چوارەمدا (شەمسی مەغریبی و شـاه نەعمـەتوڵلای وەلی) ئـەم ڕەوتـەیان تووشـی داکـەوتن کـرد، هـەر بۆیـەش هێـدی هێـدی گـۆڕانی تێکـەوت و قۆناغێکی دیکە هاتـە کایـەوە[2]. هەنـدێ جار ڕەنگـە قۆنـاغی پێنجـەم واتـە گۆڕانکـاری ڕوونەدات، بـەڵکو شـێواز یـان جـۆری ئەدەبییەکـە تـەواو لـەناو بچێت وەك لەناوچوونی شیعری (شوانکارەیی).

خاڵێکی دیکەی گـرنگ کـە پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بکرێت بابـەتی (بـێ شـێوازی)یـە، هەندێ لە زانایان ئاماژەیان بە بابەتی بێ شێوازی داوە، وەك (جودمان) کە ئامـاژەی بـە سێ جۆرە (بێ شێوازی) داوە[3]. یەکەمیان: بابەتێك کە لەلایەنی هونەریەوە بێلایەنـەو مەبەست تەنیا گەیاندنی بیروهەست بێت، واتە ڕۆڵی زمـان و هونـەر لـە (سـفر) نزیـك

---

[1] دربارەی ادبیات و نقد ادبی – د. خسرو فرشید ورد, جلـد ٢, امـیر کـبیر,چـاپ ٣, تهـران, ١٣٧٨, ص ٦٦٤-٦٦٥ .

[2] دربارەی ادبیات و نقد ادبی – فرشیدورد، ص ٦٦٧.

[3] علم الاسلوب مبادئة و اجرآ اتة –فضل, ص ٨٨.

دەبێت هەروەك (ڕۆلان بارت) ئاماژەی پێکردووە. دووەمیان: کاتێ بابەتەکە بابەتێکی ئەدەبی نەبێت و هیچ پەیوەندیەك لەنێوان نووسەرو نووسینەکە بەدی نەکرێت وەك زانستە ڕووتەکان. سێیەمیان: کاتێ شاعیرێك تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵێك شێوازی جیا لە بەرهەمەکەیدا کۆدەکاتەوە، ناتوانرێ بوترێت سەر بەکام شێوازە بەڵکو باشترە بوترێت بێ شێوازە. ئەم بابەتە واتە جۆری سێیەم هەندێ جار بە (پەشێوی شێواز) ناوبردراوە[١].

## مێژووی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە شێواز:

چەمکی شێواز چەمکێکی کۆنەو بۆ سەرەتاکانی مێژووی توێژینەوەی ئەدەبی لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە، ئەم چەمکە لە سەرەتادا زیاتر پەیوەندی بە دواندەرییەوە هەبووە تاکو شیعر و وەکو هونەرێك سەیرکراوە بۆ باشتر گەیاندنی پەیامی وتارو (قەناعەت) هێنان بە گوێگر[٢]. ئەم جۆرە سەیرکردنەش بۆ یەکەم جار لە (ریتۆریکا)ی (ئەرستۆ)دا بەرجەستە بووە، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە زۆر لەو پێشتر (هۆمیرۆس) لە (ئیلیادە)دا ئاماژەی بە چەمکی شێوازو جیاوازی شێوازی شاعیران کردووە[٣]. هەروەها (ئەفلاتون) ئاماژەی بە شێواز کردووەو بەڕای ئەو ئەگەر واتەیەك بکەوێتە بەرگێکی شیاوی خۆی ئەوا شێوازێك دروست دەکات، ئەگەرنا بابەتەکە شێوازی نابێت. کەواتە بەڕای (ئەفلاتون) هەر وتەیەك یان شێوازی هەیە یان نیەتی[٤]. ئەرستۆ لە کتێبی سێیەمی (ریتۆریکا)دا لە چوارچێوەی پێویستیەکانی هونەری دواندەریدا بەم جۆرە ئاماژە بە شێواز دەکات: (پێویستە لە دواندەریدا سێ خاڵ لەبەرچاو بگرین، یەکەمیان: کەرەستەکانی (قەناعەت) پێ هینان، دووەم: شێواز یان هەمان زمانی بەکارهێنان، سێیەم: پەیوەندی و ڕێکخستنی بەشەکانی وتار). هەروەها

---

[١] کلیات سبك شناسی – شمیسا, ص ١٠٠.

[٢] الاسلوب و الاسلوبية – هاف, ص ١٩.

[٣] شعر بی دروغ، شعر بی نقاب – د.عبدالحسین زرین کوب , انتشارات علمی, چاپ ٧, تهران, ١٣٧٢، ص ١٩٠.

[٤] دربارەی ادبیات و نقد ادبی – فرشیدورد, ص ٦٩٦.

پێناسەی شێواز لای ئەو لەیەك ڕستەدا چڕدەبێتەوە كە دەڵێت: (... نابێ تەنیا بەوەوە بەسندە[*] بكەین كە چی دەڵێین، بەڵكو پێویستە ئەوەش بزانین كە چۆنی دەڵێین)[1].

ئەم هەنگاوەی (ئەرستۆ) بوو بە هەوێنی كاری زۆر لە لێكۆڵەرانی دوای ئەو لە یۆنان و ڕۆما، بەتایبەتی ناوی چەند كەس لە شیكردنەوەو فراوانكردنی بۆچوونەكانی ئەرستۆ زۆر دیارە كە ئەمانەن (دیمتریوس، دێنیس هالیكارناسی، لونگینوس، شیشر و سنك). بە پێچەوانەی ڕای (ئەفلاتون) لای (ئەرستۆ) هەر وتەیەك یان نووسینێك شێوازێكی هەیە، جا ئەم شێوازە یان چاكە یان خراپ یان سست و لاوازە یان بەهێزە[2]..ئەم بۆچوون و دابەشكردنە بووە هەوێنی لێكۆڵینەوەكانی ڕەوانبێژی و زمانەوانی و ئەدەبی سەدەكانی ناوەڕاست لە ئەوروپا. هەر لەسەر ڕەوتی یۆنانی كۆن شێواز دابەشكرایە سەر سێ جۆری سەرەكی: سادە (Humilis stylus) و مام ناوەندی (Mediocrus stylus) و بەرز (Gravis stylus). هەروەها سێ بەرهەمەكەی (ڤیرجیل) وەكو نموونە بەم شێوەیە بەرامبەر بەم سێ جۆرە دانران:

١- شوانكاری (Bucolica) نموونەی سادەو ساكار.

٢- كشتوكاڵی (Georgica) نموونەی مام ناوەندی.

٣- ئەنیادە (Acneis) نموونەی بەرز.

ئەم سێ جۆرە لە چوارچێوەی بازنەیەك نوێنران كە بە (بازنەی ڤیرجیل) ناوی دەركرد و بووە بە كلیلێك بۆ هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی شیاو، ئەم ڕەوتەش تا كۆتاییەكانی سەدەی ١٨ی زایینی بەردەوام بوو و بۆ هەموو بوارەكانی ئەدەب بەكاردەهات[3].

مێژووی سەرهەڵدانی لێكۆڵینەوە لە شێواز لای گەلانی ئەم دەڤەرە بەتایبەتی لەبۆتەی زمانی عەرەبی پەیوەستە بە دوو هۆكاری سەرەكیەوە، یەكەمیان: قورئانی پیرۆز بووە كە زاناكانی موسڵمان بۆ زیاتر قوڵبوونەوە هەستیان بە پێویستی

---

[*] بسندە, وشەیەكە لە كرمانجی سەروو وەرگیراوەو بە واتای (اكتفاء) ی عەرەبی دێت.

[1] ریطوریقا – فن خطابة– ارسطو – ترجمة: د. پرخیده ملكی, اقبال, چاپ ١, تهران, ١٣٧١,ص ١٩٥.

[2] دربارەی ادبیات و نقد ادبی – فرشیدورد، ص ٦٩٦.

[3] معجم مصطلحات الادب – مجدي وهبة , مكتبة لبنان, بيروت, ١٩٧٣, ص ٥٤٢.

لێکۆڵینەوە لە زمان و شێوازی قورئان کردووە. دووەمیان: بزووتنەوەی وەرگێڕان کە لە سەردەمی عەباسیەکان دەستی پێکردو گەلانی ئەم دەڤەرە بە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی یۆنانی کۆن ئاشنا بوون، بەتایبەتی دوای وەرگێرانی (هونەری شیعر) و (ریتۆریکا)ی ئەرستۆ. هەر بەم جۆرەش دابەشکردنی شێواز بەشێوەیەکی گشتی بۆ سەر سێ جۆری سادەو ناوەندی و بەرز یاخود خراپ و ناوەندی و باش لەم دەڤەرە باو بووە[١].

## ڕەوتی مێژووی سەرهەڵدانی شێوازناسی نوێ:

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ بەهۆی کاریگەریی ڕێبازی رۆمانتیك، توێژینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی گۆڕانکاری ڕیشەییان بەخۆوە بینی. قەیدو بەندی ڕێبازی کلاسیك تێکشکێندراو ئەدەب بووە ناسنامەی هەست و سۆزو باری دەروونی و کەسێتی نووسەر[٢]. لێکۆڵینەوە لە زمانیش بە هەوڵی کەسانێکی وەك (ویلیام جۆنز) کە لە زمانی سەنسکریتی کۆڵیەوە لە جوغزی گروپی زمانە لاتینیەکان دەرچوو و هێدی هێدی چەمکی دەستوری گشتی زمان هاتە ئاراوە[٣]. بەم شێوەیە شێوازناسیش لە داوێنی ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانیدا سەری هەڵداو ڕێگەی گەشەسەندنی گرتەبەر. ئەو کەسانەی کە لەپێش و لە میانەی سەدەی ١٩دا ڕۆڵیان لە پەرەسەندنی شێوازناسی هەبووە گرنگترینیان ئەمانەن: بوفون، سنت بوڤ، دالامبر، شاتوبریان، کندیاك، ستاندال، ڤیکتور هوگۆ، هربرت سپێنسەر،... هتد[٤].

پاڵنەری زمانەوانی شێوازناسی نوێ زیاتر ئەورووپیە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە زمانە رۆمانسیەکان (ئەو زمانانەی لە لاتینی جیابوونەتەوە) بووە، بەڵام کاریگەری ڕەخنەی ئەدەبی لەم بوارە زیاتر (ئەنگلۆ ئەمریکی) بووە، واتە ئەو لێکۆڵینەوە

---

[١] نقد ادبی – د.عبدالحسین زرین کوب، ج ١ – امیر کبیر– چاپ ٤ تهران ١٣٦٩، ص ١٥٠ تا ١٧٠.

[٢] دربارەی ادبیات و نقد ادبی – فرشیدورد, ص ٦٩٧.

[٣] مقدمات زبان شناسی – د. مهری باقری , نشر قطرة, چاپ ٢, تهران, ١٣٧٧, ص ٢٤.

[٤] دربارەی ادبیات و نقد ادبی – فرشید ورد , ص ٦٩٦ و ٦٩٧.

ڕەخنەییانە بوونە، کە لەلایەن ڕەخنەگرانی بەریتانی و ئەمریکیەوە ئەنجام دراون، ڕۆڵی ئەم دوو پاڵنەرە لە سەرهەڵدانی شێوازناسی نوێدا تەواوکەری یەکتربووە[1].

ئەم دوو ڕەوتەی سەرەوە کارێکی زۆریان لەسەر پێناسەو چەمکی شێوازو شێوازناسی هەبووە، بەشێوەیەك کە شێوازناسی بە توێژینەوەی (زمان و بیری بەرهەمێك بۆ دۆزینەوەی شێوازەکەی دادەنرێ، هەندێ کەسیش شێوازناسی دابەشی سەر دوو جۆری شێوازناسی ئەدەبی (Literary Stylistics)و شێوازناسی زمانەوانی (Linguistic Stylistics) دەکەن. شێوازناسی زمانەوانی لە ڕوخسار (Form)ی بابەت ورد دەبێتەوەو شێوازناسی ئەدەبی لە چەمك (Theme). بەڵام زۆر کەس لە چەشنی (تدروف) لەو باوەڕەدان کە ئەم دابەشکردنە پێویست ناکات و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە ڕاستیدا ئیمڕۆ لە ڕۆژئاوا شێوازناسی زیاتر لەژێر کاریگەری زمانەوانیە. هەر بۆیە (سوزت هیدن ئەلگین) وتوویەتی: (شێوازناسی بەکارهێنانی بنەماکانی زمانەوانیە لە پرۆسەی توێژینەوە لە زمانی ئەدەبی)[2]. واژەی (stylistics) لای ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٨٤٦ بەکارهات، لە فەرەنسا (stylistique) لە ١٨٧٢ لە فەرهەنگی (littre) بەکارهات. لە ئەڵمانیا (stilistik) لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ لە فەرهەنگی (Grimm)دا بەکارهاتووە[3].

شێوازناسی وێڕای ئەوەی کە بابەتێکی نوێیە، بەڵام پێشکەوتنێکی خێراو فراوانی بەخۆوە بینیوەو شێوازناسان لە بارەی زۆر بابەتی پەیوەست بەشێوازناسیەوە کۆك و تەبان. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە بە لێشاو بابەت و توێژینەوەی شێوازناسی ڕژاونەتە ناو کۆڕی ئەدەب و زمانەوانی. تەنیا لە بارەی زمانەکانی (ڕۆمانس) لە ماوەی پێنج ساڵ (١٩٥٥ تا ١٩٦٠) زیاتر لە (١٨٠٠) کتێب و لێکۆڵینەوەو وتار بەناونیشانی جۆراوجۆر بلاوکراونەتەوە[4]، کە بێگومان ئەم ژمارەیە تا ئێستا چەندەها بەرامبەر بووە.

---

[1] الاسلوب و الاسلوبية – هاف ، ص ٢٦.

[2] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ٢٩٦.

[3] علم الاسلوب مبادئە و اجراءاتە – فضل، ص ٨٣.

[4] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ٢٩٦.

## دوو ڕەوتی گشتی لە شێوازناسی نوێدا:

دوو ڕەوتی گشتی یاخود دوو قوتابخانەی سەرەکی لە شێوازناسی نوێدا دەستنیشان کراوە کە ئەمانەن:

١- ڕەوتی فەرەنسی یاخود قوتابخانەی فەرەنسی شێواز، کە لە پێشەنگانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە (چارل بالی) بکەین. ئەم ڕەوتە زیاتر لە زمانی بەرهەم ورد دەبێتەوەو هەر لە سوونگەی زمانەوانییەوە توخنی شێوازناسی دەکەوێت. زەمینەی کاری ئەم قوتابخانەیە سەرەتا زمان بەگشتی بووە، بەڵام دواتر ئاوڕ لە ئەدەب درایەوەو قوتابییەکانی (بالی) لە چەشنی (مارۆزو) لە ڕێبازی ئەویان لاداو ئەدەبیان کردە کەرەستەی لێکۆڵینەوە.

٢- ڕەوتی ئەڵمانی یاخود قوتابخانەی ئەڵمانی شێواز، لە پێشەنگانی ئەم ڕەوتە دەتوانین ئاماژە بە (کارل فۆسلەر) و (ئەسپیتزر) بکەین، جوانی و ئەستاتیکای (بندتو کروچە) و گرنگیدان بە ئەدەب لە بنەماکانی ئەم ڕەوتەیە.

شێوازناسی لای ئەمریکایی و ئینگلیزەکان، شێوازناسیەکی تێکەڵاو و ئاوێتە بەهەردوو ڕەوتی سەرەوەیە[1].

## شێوازناسی ئاماری (Statistic stylistics):

شێوازناسی ئاماری، خۆی ڕێبازێکی شێوازناسی سەربەخۆ نیە، بەڵکو جۆرێکی لێکۆڵینەوەی شێوازە کە لە خزمەت ڕێبازەکانی دیکەدا دەبێت. هەندێك لە شێوازناسان لەگەڵ ئەوە نین کە بابەتی شێواز بکەوێتە چوارچێوەی ئامارو ماتماتیك، بەتایبەت لە بواری ئەدەبدا، کە بابەتی هەست و سۆزو بیر لەگەڵ هاوکێشە وشك و ڕووتەکانی ماتماتیك ناگونجێت. بەڵام زۆر لە شێوازناسان لەو بڕوایەدان کە (ئامار) ئامرازێکی لەبارە بۆ توێژینەوەو شیکردنەوەی شێواز بەتایبەتی لە ئاستی زماندا، چونکە

---

[1] کلیات سبك شناسی – شميسا, ص ١١٦–١١٧.

سروشتی زمان خۆی و کەرەستەکانی بۆ پرۆسەی ئامار دەست دەدەن[1]. بەهەر حاڵ لەڕووی (چەندی)یەوە ئامار دەتوانرێت ئامرازێکی بەکەلك بێت، بەلاّم لەڕووی (چۆنی)یەوە، بەتایبەتی (بەها ستاتیکیەکان) بەم ئامرازە ناپێورێن، بەڵکو چێژێکی جوانناسی گەرەکە.

پێوانەی چەندی (Quantitative measurement) یاخود شیکاری ئاماری (Statistic analysis) لەم بوارانەی ژێرەوەدا لە شێوازناسیدا بەکاردێت:

١- ژمارەی بەکارهێنانی یەکەی جۆراوجۆری فەرهەنگی (Lexemes) یاخود ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ یەکەی دیاریکراوە.

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ پێکهاتەی زمان وەك (ئاوڵناو ، کار ، ئاوڵکار، ... هتد).

٣- ڕێژەی وشەی کورت و درێژ.

٤- درێژی و کورتی ڕستەکان.

٥- جۆری ڕستە وەك (ڕستەی ناوی، ڕستەی کاری، سادە، لێکدراو،... هتد).

٦- ڕێژەی (خوازە، خواستن،...هتد).

کاتێ هەریەك لەم نیشانە زمانیانەی سەرەوە بەڕێژەیەکی زۆر دووبارە بوونەوە، ئەوا بە نیشانەی شێوازی (Stylistic markers) دادەنرێن، کە بە ڕێژە (Ratios) و چڕی (Density) و بلاوەیی (Distributions) جۆراوجۆر بەدیاردەکەون. دەتوانرێ بەڕێژەکانی بەدەستهاتوو زۆر لایەنی شێوازی بەرهەمەکان بخرێتەڕوو[2].

---

[1] الاسلوب والاسلوبية – جيرو, ص ٨٦ – ٨٧.

[2] الاسلوب، دراسة لغوية احصائية – مصلوح ، ص ١٨ – ١٩.

یەکێ لە هاوکێشە گرنگەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئاماری لە شێواز هاوکێشەی (بوزیمانە). زانای ئەڵمانی (أ.بوزیمان - A.Buseman) لەساڵی ١٩٢٥ ئەم هاوکێشەی لە لێکۆڵینەوەیەکیدا خستەڕوو. (بوزیمان) سەرنجی ئەوەی دابوو کە وشەی دەربڕی ڕووداو و کار (Active Aspect) لە چیرۆکگێڕانەوەی منالآندا زیاترە لە وشەی دەربڕی وەسف (Qualitative Aspect)، هەروەها لای دەرکەوت ئەم ڕێژەیە واتە کار لە مرۆڤی هەست هەڵچوودا زیاترە لە دەربڕینی وەسفی. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژەی کار بەرامبەر بە وەسف لە ئاخاوتندا زیاترە لە نووسین. زانای دەروونناسی ئەڵمانی نویباور( V. Neubawer) ئەم هاوکێشەیەی فراوان کردو لە هاوکێشەدا لەجیاتی ڕووداو، ژمارەی کاری (Number of verbs) بەکارهێنا ، لەجیاتی وەسفیش ژمارەی ئاوڵناو (Number of adjectives) و هاوکێشەکە بەم شێوەیەی لێهات:

**– VAR (Verb – Adjective Ratio)**

$$\text{ڕێژەی کار بەرامبەر ئاوڵناو} = \frac{\text{ژمارەی کار}}{\text{ژمارەی ئاوڵناو}}$$

لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا بەدیاریان خستووە کە ڕێژەی (VAR) بەپێی جۆری بابەت و تەنانەت ڕەگەزو تەمەنی خاوەن بابەت دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە لە شیعردا ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوەو لە پەخشاندا دادەبەزێت. لە ئەدەبدا بەرز دەبێت بەلآم لەبەرامبەری لە زانستدا دادەبەزێت. هەروەها لە ئاخاوتندا ئەم ڕێژەیە زیاترە لە نووسیندا، لە تەمەنی منالی و گەنجی بەرەو پیری هێدی هێدی ئەم ڕێژەیە کەم دەبێتەوە، لە ڕەگەزی مێدا ئەم ڕێژەیە زیاترە لە ڕەگەزی نێر[1].

ئەم هاوکێشەیە دەکرێت لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەکەلك بێت، بەلآم ناکرێ بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەنجامەکانی بدەین، بۆ نموونە هەرکاتێ لە بەرهەمێکدا کە خاوەنەکەی دیارنەبێت، گەر ڕێژەی (VAR) زۆربوو ناکرێ بڕیار لەسەر بوونی ڕەگەزی ئافرەت یاخود تەمەن بچووکی خاوەنەکەی بدرێت، بەڵکو ئەگەری بوونی نموونەی ناوازە هەیە، بەتایبەت لەوانەیە کەسێکی زۆر هەست ناسك بێت وێڕای ڕەگەزی نێرینەیی و بەتەمەن بوونی کەسەکە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص ٥٩ – ٦٧.

## شێوازناسی و زانسته مرۆڤایەتیەکان:

ئەمڕۆ شێوازناسی پەیوەندیەکی دوولایەنەی لەگەڵ زۆر لە زانسته مرۆڤایەتیەکان هەیە، واته شێوازناسی لەبۆتەی کارەکەیدا کەلك لە زانسته مرۆڤایەتیەکان وەردەگرێت، زانسته مرۆڤایەتیەکانیش کەلك لە شێوازناسی وەردەگرن. زمانەوانی، ئەدەب، کۆمەڵناسی و دەروونناسی پەیوەندییەکی زۆریان بە شێوازناسیەوە هەیە. هەندێ لە زمانەوانان، شێوازناسیان بە بەشێك لە زمانەوانی لە قەڵەم داوە. وەك (بالی) کە پەیوەندی شێوازناسی بە ئەدەبەوە ڕەت دەکرد، هەندێکی دیکەش شێوازناسیان بە بەشێکی سنووری زانستی ئەدەب یاخود بابەته ئەدەبیەکان (General Literature) لە قەڵەم داوە[1]. بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو لایەن سوودیان لە شێوازناسی وەرگرتووەو هەروەك (ئەسپیتزر) دەڵێت: شێوازناسی پردێکە لە نێوان زمانەوانی و ئەدەبدا. شێوازناسی پەیوەندییەکی چڕی بە ڕەوانبێژیەوە هەیە، هەندێ کەس ڕایان وایە شێوازناسی میراتگری یاسایی ڕەوانبێژییە[2]. ڕەوانبێژی کۆن لە دوو لایەنی (واتا و ڕووخسار) دەدوا، (د.محمد کاظم البکاء) لە ئاماژەیەك بۆ وتەیەکی (جاحظ)، شێواز بە لایەنی سێیەمی ئەم بابەته دەزانێت[3]، واته زمان بریتیه لە (واتا، ڕوخسار، شێواز).

لەو دیوی هەر شێوازێك بۆچوون و نەریتێکی تایبەت هەیە بۆ جیهانی ناوەوەو دەرەوە، هەر بۆیە (دەروونناسی) لە شێوازی تاکەکان ورد دەبێتەوە. بۆچوونی هەندێ لە دەروونناسان وەك (فرۆید و یونگ) بووە هەوێنی ڕێبازێکی شێوازناسی وەکو ڕێبازەکەی (ئەسپیتزر)، کەواته شێوازناسی و دەروونناسی پەیوەندییەکی چڕوپڕیان هەیە[4].

(کۆمەڵناسیی هونەری)، شێوازناسی وەکو ئامرازێك بەکاردێنێت بۆ توێژینەوە لە بواری لایەنی هونەری لە کۆمەڵدا. بەڕای کۆمەڵناسان، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان تەوەری

---

[1] نقد ادبى – د. سيروس شميسا , فردوس , چاپ اول , تهران ,١٣٧٨، ص ٣٧٦.

[2] الاسلوب والاسلوبية – النحوي، ص ١٨٧.

[3] الاسلوبية بين التراث و المعاصرة – د. محمد كاظم البكاء , دار الحرية , بغداد, ١٩٨٨، ص ٩ – ١٠.

[4] البلاغة والاسلوبية – د. محمد عبدالمطلب، ص ١٢١.

گۆڕانكاریە شێوازیەكان دەستنیشان دەكەن، نەك چەمكی وەك (ئیلهام) و (بلیمەتی)[١]. شێوازناسیی چین و توێژ و كەرتە پیشەییەكان لایەنێكی كاری (كۆمەڵناسیی دەربڕینە)[٢].

## كارو ئامانجی شێوازناسی:

(جۆرج مونان) ئاماژە بەوە دەكات كە (شێوازناسی) بەپێی پێناسەی (شێواز) لای توێژەران جیاوازە[٣]. كەواتە كارو ئەركی شێوازناسی لای توێژەران یەكسان نیە. بابەتی (زمان و ئەدەب) لەم بوارەدا زیاتر جێگەی گەنگاشە بووە، هەندێ كەس سنووری كاری شێوازناسی تەنیا بە زمان دەبەستنەوە، هەندێكیش تەنیا بە ئەدەب، بەڵام شێوازناسی ئەمڕۆ گرنگی بە هەردوولایەن دەدات، چونكە شێوازناسی نوێ هەرچەند بەلای ئەدەبیشدا دەشكێتەوە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی لە زمانەوانی نوێدایە[٤].

بەشێوەیەكی گشتی سێ ئاست بۆ توێژینەوەی شێوازناسی نوێ دیاری كراوە:

١- ئاستی زمان (توێژینەوە لە نیشانەو ڕەمزەكانی زمانی لە تێكستدا).

٢- ئاستی ئامانج و سوودمەندی (لایەنی جیا لەزمان وەك تایبەتمەندی نووسەرو خوێنەر، هەڵوێستی مێژوویی و ئامانجی پەیام... هتد).

٣- ئاستی هونەری و جوانی ئەدەب (لە كاریگەری تێكست لەسەر خوێنەرو بنەماكانی جوانی و ئەدەبی دەكۆڵێتەوە)[٥].

لە شێوازنووسی كۆندا، ئامانجی توێژینەوە، نرخاندن (evaluation) بووە، لای هەندێ لە شێوازناسانی نوێش ئەم بابەتە بەدی دەكرێ (ریفاتێر، سایس، وێلیك) ڕایان وایە كە ئەنجامی كاری شێوازناسی دەبێ نرخاندان لەسەر ئاستی لایەنی جوانی بەرهەم

---

[١] جامعە شناسی هنر – د. امیر حسین اریانپور ,نشر گسترده, چاپ ٤, تهران ,١٣٨٠، ص ١١٢.

[٢] الاسلوب والاسلوبية – جيرو, ص ٨٩.

[٣] الاسلوب و الاسلوبية – نحوي، ص ١٦٦.

[٤] دربارەی ادبیات و نقد ادبی –فرشیدورد، ص ٦٥٥.

[٥] علم الاسلوب – مبادئە و اجراءاتە – د. صلاح فضل، ص ١١٥ – ١١٦.

بێت. بەڕای (ئۆڵمەن) ئەو شێوازناسیەی کە لە توانای دەربڕین (Expressiveness) دەکۆڵێتەوە دەبێ تەنیا کارەکەی (وەسف) بێت، بەڵام ئەو شێوازناسیەی کە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە دەبێ کرداری (نرخاندن) ئەنجام بدات[1]. شێوازناسی نوێ بەمە لە ڕەخنەی ئەدەبی جیادەکرێتەوە کە ڕەگەزەکانی شێوازناسی دیاری دەکات بەڵام کاری بڕیاردان لەسەر نرخ و لایەنی جوانی و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەوڵی هونەری بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بەجێ دێڵێت، واتە کاری شێوازناسی تەنیا دانانی ناسنامەی شێوازی تاکەکەس یاخود قۆناغێکی مێژووییە.

### ئامراز و شێوازی توێژینەوەی شێوازناسی لە ئەدەبدا:

زۆر کەس هەوڵیانداوە ئەدەب و توێژینەوەی ئەدەبی بخەنە چوارچێوەیەکی زانستی، هەر بۆیە تەنیا لایەنی زمانی ئەدەبیان لەبەرچاو بوو، چونکە زمان تا ڕادەیەکی زۆر سروشتێکی زانستی وەرگرتووەو پێوانەی زانستی جۆراوجۆری بۆ دانراوە. بەڵام هەروەکو (کایسر) دەڵێ، توێژینەوەی شێوازناسی ئەدەبی، پرۆسەیەکی وشکی لە چەشنی سەلماندنێکی ماتماتیکی نیە[2]. شێوازناسی لە ئەدەبداو ڕەخنەی ئەدەبیش هەردووکیان زیاتر لەسەر بنەمای (چەشتن و مەزندەی) توێژەر ئەنجام دەدرێن و ڕێسای وشکی زانستی و ئاماریش وێڕای کەلک لێ وەرگرتنیان، بەڵام هەموو بابەتێکی بواری ئەدەب چارەسەر ناکەن[3]. هەر بۆیە (پیرگیرۆ) بۆ تێگەیشتن لە تێکستەکان، هەر دوو فاکتەری (چەشتن و مەزندە) بە فاکتەری سەرەکی دەزانێت[4].

لە پرۆسەی توێژینەوە لە شێوازی ئەدەبیدا کەلک لەهەر زانستێکی پەیوەندیدار وەردەگیرێت، بەڵام نابێ تەنیا بکەوینە داوی زانستێك یاخود خۆمان تەنیا بە لایەنێکی شێوازەوە ببەستینەوە، ئەمڕۆ باشترین ڕێگای توێژینەوە، کەلك وەرگرتنە لە ئەزموونی

---

[1] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ١١٨.

[2] علم الاسلوب مبادئة واجراءاتة– فضل, ص ١٦٨.

[3] دربارەی ادبیات و نقد ادبی –فرشیدورد، ص ٧٠٣.

[4] الاسلوب والاسلوبية – بير جيرو، ص ٩٤.

گشت ڕێبازەکانی شێوازناسی. واتە لەم توێژینەوەیەدا سێ لایەنی تایبەتمەندی (زمانی، ئەدەبی و هزری) دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەو دیاردە شێوازیەکانی هەرسێ لایەن دەخرێنەڕوو و پەیوەندیەکانیان دەستنیشان دەکرێت، ئینجا دەشێ بڕیاری کۆتایی بدرێت و ناسنامەی شێواز تۆمار بکرێت. لێرەدا چۆنیەتی توێژینەوە لەسەر هەر سێ ئاستی (زمان، ئەدەب و هزر) بە کورتی دەخەینەڕوو:

**١- ئاستی زمان (Literally Level):**

**ئاستی زمانی زۆر فراوانەو دابەشی سێ ئاستی بچووکتر دەکرێتەوە کە بریتین لە:**

- ئاستی دەنگ (phonological).
- ئاستی وشە (lexical).
- ئاستی سینتاکس "ڕستە" (syntactical).

أ - ئاستی دەنگ (phonostylistics) یاخود (phonological):

بەم ئاستە، ئاستی مۆسیقاییش (Musical) دەوترێ، لەم ئاستەدا لە کەرەستەکانی مۆسیقای تێکست دەکۆڵدرێتەوە، وەك (مۆسیقای دەرەوە) کە بە توێژینەوە لە کێش و سەرواو ڕەدیف دیار دەبێت، یاخود (مۆسیقای ناوەوە) کە بە توێژینەوەی جوانکاری (بدیع) وەك، جۆرەکانی سەرواداری، ڕەگەزدۆزی و دووبارەبوونەوەی دەنگەکان و چۆنیەتی ریزبوونی دەنگەکان و بزوێن و نەبزوێنەکان و چەندی و چۆنی بڕگەی وشەکان دیاری دەکرێت[1].

ب- ئاستی وشە (lexical) یاخود (Stylistics of the word):

لەم ئاستەدا، ڕێژەی وشەی بێگانە، بەکارهێنانی وشەی کۆن (ئارکائیزم) و ویستی نووسەر یان شاعیر لە بەکارهێنانی هەندێ وشە بە بەردەوامی واتە (وشەی کلیلی) دیار دەکرێت. هەندێ جار (فریکوانسی) زۆری هەندێ وشە نیشانەیەکە بۆ دۆزینەوەی ڕەوتی هزری نووسەر، هەندێ نووسەریش ویستێکی نادیاری دەروونیان هەیە بۆ دووبارەکردنی هەندێ وشە. ئەمڕۆ بەسوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر و ئامار،

---

[1] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ١٥٣.

(فریکوانسی) جۆرەکانی وشە لە تێکستەکاندا دیاردەکرێت[1]. ئەوەی لەم ئاستەدا گرنگە ڕەچاوکردنی پەیوەندی وشەکانە لە ئاستی (ستوونی)دا.

ج - ئاستی ڕستە (syntactical) یان (Stylistics of the sentence):

لەم ئاستەدا، ڕستەکان لەلایەنی پەیوەندی ناوەخۆ واتە ئاستی ئاسۆیی وشەکان و هەروەها پەیوەندی ڕستەکان بە یەکترییەوەو کورتی و درێژیان و جۆری ڕستەکان دەخرێتە ژێر توێژینەوەو ڕێژەی جۆرەکانیان دیاری دەکرێت.

**٢- ئاستی ئەدەبی (Literary Level):**

لەم ئاستەدا، فریکوانس یاخود (تەڤجار)ی هونەرەکانی ئەدەب لە بواری (جوانکاریو ڕونبێژی و واتاسازی) دیاردەکرێت، وێڕای ئەوەی کە جۆری ئەدەبی و سەرچاوەی ئەدەبی نووسەرو کاریگەری بە ئەدەبی کەسانی دیکەو گەلانی دیکەو ڕادەی پابەندیی بە ڕێسا باوەکانی ئەدەب (Literary tradition) دیار دەکرێت. زۆر جار خودی ئەم لادانە لە ڕێساکان شێواز دروست دەکات، لەم ئاستەدا مەزندەو چەشەی ئەدەبی لە دیارکردنی نیشانە شێوازیەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن. پشت بەستن بە (مەزندەو چەشتن) زۆرجار وای کردووە کە (شێوازناسی) بە (هونەرێك) دابنرێت تاکو بە زانستێك[2].

**٣- ئاستی هزری (Philosophical Level):**

لەم ئاستەدا لەوە دەکۆڵدرێتەوە کە ئایا بەرهەمەکە بەرەو ناخ و زەین دەڕوانێت (Subjective) یاخود بەرەو دەرەوە (Objective) ؟ ئایا (عەقڵگەرایە) یاخود (عەشقگەرا) ؟ چ بیرۆکەیەك دەگەیەنێت؟ ئایا هەستێکی دیاریکراو دەردەبڕێت وەك هەستی نیشتمانی یاخود ئایینی؟

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص ١٥٤.

[2] هەمان سەرچاوە، ص ١٥٥ – ١٦٠.

هەروەها توێژینەوە لەباری پاڵەوانانی ناو بەرهەم و دیاریکردنی هەڵوێستی نووسەر بەرامبەر بە بابەتی وەك ژیان و مردن و ڤیان و شەڕو ئاشتی و... هتد، ڕەشبینی و گەشبینی نووسەرو بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی فەلسەفەی نووسەر ئەرکێکی ئەم ئاستەیە. لەم بوارەدا دەبێ ئاگاداری (هەڵە لە مەبەست) بین (Intentional fallacy) ئەم خاڵە گرنگە، کە (ویمسات) و (بروسلی) ئاماژەیان پێکردووە زۆر هەستیارە، چونکە زۆرجار خودی نووسەر ئامانج و مەبەستی خۆی لە بەرهەم شی دەکاتەوە، بەڵام نیشانەکانی ناو تێکست لە ڕاستای مەبەستی نووسەر نین، بۆ نموونە لەوانەیە شاعیرێك لافی (عرفان) و (سۆفیگەری) لێ بدات، بەڵام لەوردەکاری تێکست بۆمان دەردەکەوێ کە (هزری عرفانی) لای نووسەر بەرجەستە نەبووە، بەڵکو (عرفان) و کەرەستەی زمانی سۆفیگەری تەنیا وەکو ئامرازێك لای ئەو بەکارهاتوون[١].

ئەم سێ ئاستە قۆناغەکانی توێژینەوەی شێوازە، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش مەوداو سنووری کاری ئەم توێژینەوەیە. گەر توێژینەوەی شێوازناسی زەمینەیەکی بچووك بێت (Micro - context) واتە تەنیا پارچە شیعرێك یاخود کورتە چیرۆکێك، یاخود کارەکەمان (وردە شێوازناسی) بێت، (Micro - Stylistics) واتە توێژینەوە لە ڕستە شیعرێك یاخود پارچەی بچووکتر ئەوا لە توێژینەوەدا ناگەینە ئەنجامی باش و تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە دیاردەی شێوازیمان دەست دەکەوێت. توێژینەوەی شێوازناسی کاتێ سوودمەندەو ئامانجی خۆی دەپێکێت کە لە زەمینەیەکی فراوان دابێت (Macro – Context)، واتە مەودایەکی فراوان بگرێتەبەر خۆی وەك زۆربەی یان هەموو بەرهەمی نووسەرێك یاخود چاخێك یان جۆرێکی ئەدەبی. دەبێ کارەکەمان شێوازناسی گەورە (Macro - Stylistics) بێت و ژمارەیەکی زۆر وشەو ڕستە لەدوای یەك بخاتە ژێر توێژینەوە، بەم جۆرەش (تەڤجار) یاخود (فریکوانسی) دیاردە شێوازیەکانمان بۆ دەردەکەوێت[٢].

---

[١] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ١٥٧ – ١٥٨.

[٢] هەمان سەرچاوە، ص ٧٣.

# بەشی یەکەم

## ژیان و سەردەمی جزیری

# ژیان و سەردەمی جزیری

مرۆڤ چەند بلیمەت بێت ناتوانێت لە کاریگەری هۆکارەکانی ناو ژینگەیی و بۆماوەیی (وراثي) ڕزگاری بێت. پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەلگا یاخود ژینگەکەی پەیوەندیەکی دیالێکتیکیە، واتە هەم مرۆڤ کاریگەریی بەسەر دەوروبەری خۆی هەیە، هەم دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەوروبەر. تێکڕای هۆکارە کاریگەرەکانی هەر سەردەمێك، کەشێك دروست دەکەن تایبەت بەو سەردەمە، کە ئەلمانییەکان پێی دەڵێن (Zeitgeist)، واتە گیانی سەردەم (Time spirit)[1].

هەموو ئەندامانی کۆمەلگا لە سەردەمێکدا لەژێر کاریگەری گیانی سەردەمن، بەلام وێڕای ئەم هاوبەشیە دەبینین کۆمەلگا لە مرۆڤی هەمە چەشن پێك دێت، هۆیەکەشی ئەوەیە کە گشت ئەندامانی کۆمەڵ بە یەکسانی ناکەونە ژێر کاریگەری لایەنە جیاجیاکانی گیانی سەردەم. جیاوازی ڕێژەی کاریگەریی فاکتەرە رامیاری و ئابووریەکانە کە چین و توێژی جۆراوجۆر پێك دێنێت. بێگومان لە بواری ئەدەبیشدا دۆخەکە هەر بە هەمان چەشنە، لە سەردەمێکی دیاریکراودا زۆر لە نووسەران تایبەتمەندی هاوبەشیان دەبێت، ئەمەش (شێوازی قۆناغ) یاخود ماوەی لێدەکەوێتەوە، بەلام سەرباری ئەمەش بەهۆی نایەکسانبوونی کاریگەریی فاکتەرەکان، شاعیری تاك و ناوازە لە ناو ئەم گروپانە بەدی دەکرێن، کە وێڕای ئەوەی سەر بە شێوازی سەردەمن، بەلام هەلگری تایبەتمەندیی جیاوازیشن، واتە (شێوازی تاکەکەسی)یان هەیە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین (گیانی سەردەمی) جزیری لە ڕێگەی فاکتەرە جیاجیاکانی (ئابووری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری) پێناسە بکەین، تاکو ڕێگە بەرەو ناخی (شێوازی تاکەکەسی) ئەم شاعیرە خۆش بکەین. بێگومان ئەم کردارەش دوولایەنەیە، واتە لە ڕێگەی زانینی گیانی سەردەم بەرەو ناخی شاعیرو بەرهەمەکەی دەچین،

---

[1] جامعة شناسي ذوق ادبي – لوين ل. شوكينگ – فريدون بدرەای, انتشارات توس, چاپ ۱, تهران, ۱۳۷۳، ص ۱۷.

لەلایـەکی دیکەشـەوە لـە نیشـانەو بەڵگـەکانی نـاو بەرهەمەکـە کـە لـە ئاسـتی (زمـان و ئەدەب و هزر)دا دەستنیشانی دەکەین و بەرەو گیانی سەردەم هەنگاو دەنێینەوە.

تاکە سەرچاوەی کۆنی تایبەت بە مێـژووی کـوردو کوردسـتان (شـەرەفنامە)یـە، ئـەم سەرچـاوەیەش زیـاتر سەرچـاوەیەکی مێـژوویی جینیالوجیکالـە (Genealogical)، واتە زیاتر تۆمـارکردنی (شـەجەرەنامە)ی مـیرە کوردەکانـەو زۆر کـەم زانیـاری لەبابـەت باری ئابووری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری دەخاتـەڕوو، بـەڵام بەهـەر حـاڵ زۆر زانیـاری گرنگـی لـەبارەی میرنشـینە کوردیـەکانی لـە گومبـوون پاراسـتووە. سـەرباری ئـەم کـەم سەرچاوەییەش، دەکرێ تا ڕادەیەك وێنەیەکی تەم و مژاوی سەردەمی ژیانی جزیریمـان دەستکەوێ، ئەویش بە ئاوێتەکردنی زانیاریەکانی سەردەمی پێش ژیانی ئەو شـاعیرە تـا سەردەمی نێزیکی کۆتـایی سـەدەی ١٩. لێـرەدا بـەهۆی ئـەو سەرچـاوانەی دەسـتکەوتوون چەند لایەنێکی ژیانی سەردەمی جزیری لە دەڤەری جەزیرەی بۆتان دەخەینە ڕوو.

## ژیانی مەلای جزیری:

یەکـەم کـەس کـە باسـی ژیـان و مردنـی مـەلای جزیریـی کردبێـت، مـەلا مـەحمودی بایەزیدی یە. لە ساڵی (١٨٦٠م) ئەلکساندەر ژابا، چل چیرۆکی کـوردی و چـەند وتـارێکی لە کۆکردنەوەو نووسینی مەلا مەحمودی بایەزیـدی لـە پیتـەرزبورگ بڵاوکـردەوە[١]. لـە یەکێ لەو وتارانەدا کە دەتـوانرێ بـە یەکـەمین وتـاری ئـەدەبی و تۆمـارکردنی مێـژووی ئەدەبی کوردی دابنـرێ مـەلا مـەحمود زانیـاری لـەبارەی (٨) شـاعیری کرمـانجی سـەروو تۆمـارکردووە، کـە ئەمانـەن: (عـەلی حـەریری، مـەلای جزیـری، فـەقێی تـەیران، مـەلای باتەیی، ئەحمەدی خـانی، ئیسـماعیل بایەزیـدی، شـەرەفخان و مورادخـان بایەزیـدی)[٢]. لەبارەی جزیرییەوە دەڵێ: "مەلایێ جزیریە، ئەسلێ وی ژی ژ جزیرا بوهتانـە، نـاڤێ وی شـێخ ئەحمـەدە د تاریخا پانسـد و چلێدا د نـێڤ جزیرێدا پەیـدا بوویـە... ئـەڤ شـێخ ئەحمـەد ژی د تاریخـا پانسـد و پێنجـی و شەشـێ مرحـوم بوویـە، د نـێڤ جزیـرێ

[١] مەلا مەحمودی بایەزیدی,یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد, فەرهاد پیربـال, ئـاراس, چاپ ٦, هەولێر ٢٠٠٠، ل ٦.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩ – ١٦١.

مەدفونەو زیارەتگاها خەلقێیە"[1]. واتە جزیری لە نێوان (٥٤٠ - ٥٥٦ك= ١١٤٥ - ١١٦٠م) ژیاوە ئینجا نازانین مەبەستی (بایەزیدی) سەرهەڵدانی جزیرییە لە ساڵی (٥٤٠) وەکو شاعیر، یان هەر (١٦) ساڵ ژیاوە!؟ ساڵی (١٩٠٤)، (هارتمان) بۆ یەکەم جار دیوانی جزیری بە چاپ گەیاند. (هارتمان) لە پێشەکی ئەم دیوانەدا بۆ ژیان و مردنی جزیری هەر هەمان ژمارەکانی (ژابا و بایەزیدی) تۆمار دەکات، تەنانەت گومان دەخاتە سەر ئەو شیعرەی جزیری کە تێهەڵکێشی غەزەلێکی (حافزە) چونکە بەڕای ئەو جزیری پێش حافز ژیاوە[2]. هەروەها (هارتمان) بە دڵنیاییەوە جزیری بە هاوسەردەمی عیمادەدین زەنگی دادەنێت (کە لە ٥٢١ی کۆچی جزیرەی داگیرکردووە)و لای وایە ئەو میر عیمادەدینەی شاعیر باسی دەکات هەمان عیمادەدینە[3].

ئەم زانیاریەی مەلا مەحمود بایەزیدی کە سەرچاوەکەی نازانرێ، بووەتە هۆی بەهەڵەداچوونی زۆر کەسی وەك (ژابا، هارتمان، ئەمین زەکی، بلەچ شێرکۆ، رودێنکۆ و ... هتد) لای هەموویان هەمان زانیاری بایەزیدی دووبارە دەبێتەوەو شتێکی نوێ نابینرێت، تاکو مامۆستا عەلائەدین سوجادی بە پشت بەستن بە هەندێ بەڵگەی ناو شیعرەکانی جزیری، ئەو مێژوویەی سەرەوەی بە هەڵە دانا و خۆی مێژووی لەدایکبوون و مردنی جزیری بە (٨١١ - ٨٦٦)ی کۆچی، (١٤٠٧ - ١٤٨١)ی مەسیحی دانا[4]. تاکە شتێك کە ڕێگەی لە سوجادی گرت زیاتر نێزیکی ڕاستی بێت ئەو دێرە شیعرە بووە کە دەدرێتە پاڵ شاعیری فارسی (عبدالرحمان جامی)، گوایە باسی پیرە پیاوێکی لە جزیرەو نیوە پیاوێکی لە هەریر کردووە. دێرە شیعرەکەش بەم چەشنەیە:

**پیرمردی بدیدەام ز جزیر نیم مردی بدیدەام ز حریر**[5]

---

[1] هەمان سەرچاوە, ل ١٦٠.

[2] پێشەکی, ل٥-٦

Der Kurdische Diwan des Mala’i Gizri Martin Hartman - Berlin 1904 -

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٧.

[4] مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سجادی – ١٩٥٢، ل ١٦٠.

[5] مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سجادی, ل ١٥٨

ئـەم دێـرە ئامـاژە بـە سەرچـاوەکەی نـەکراوە، کەچـی لـەناو شـیعرەکانی (جـامی)دا دێری لەم چەشنە نـەبینراوە[1]. دوای مامۆسـتا سـوجادی، زەفـەنگی بەپشت بەسـتن بـە هەندێ بەڵگەی دیکەی ناو شیعرەکانی جزیری زیاتر لە ڕاستی نزیك دەبێتـەوەو ژیـانی جزیـــری دەخاتـــە دوای (جـــامی - ٨٩٨ك،١٤٩٢م، مـــردووە) و دوای (ئەحمـــەد پاشـــا - ٩٠٢ك،١٤٩٦م، مردووە)ی شاعیری تـورك و ئینجا دەیخاتـە سـەردەمی مـیر شـەرەف كـوڕی ئەبدال کە لە شەرەفنامە ئاماژەی پێکراوەو لە ساڵی (١٠٠٥)ی كۆچی زینـدوو بـووە، بـەم شێوەیە زەفەنگی بە بێ دیاریکردنی مێـژوو، ژیـان و مردنـی جزیـری لـە نێـوان ساڵانی (٩٥٠ تا ١٠٥٠)ی كۆچی دادەنێت (١٥٤٣ - ١٦٤٠م)[2].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە شـاعیری نـاوداری ئـەڵمانی گوتـە لـە (دیـوانی ڕۆژهەڵاتی نووسەری ڕۆژئاوایی)دا ئاماژەی بەناوی شاعیرێك بەناوی (نیشانی) کـردووە، کـە بـەهۆی عەشـقەوە ڕێگای ڕاسـتی ڕزگـاریی دۆزیوەتـەوە. د. عبـدالرحمن بـدوی کـە دیوانەکەی وەرگێڕاوەتە عەرەبی دەڵێ: ئەم شـاعیرە واتـە (نیشـانی) شـاعیرێکی نـاوداری تورکـە، لـە سـەردەمی سـوڵتان سـلێمانی یەکـەمی عوسمـانی (١٥١٩ - ١٥٦٦م) ژیـاوە[3]. عبـدالرحمن مـزوری هـەوڵی داوە بـەهێنانی چـەند بەڵگەیـەك بسـەلمێنێت کـە ئـەم (نیشانی)یە هەمان جزیرییە، بەڵگەکانیش ئەمانەن:

١- لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووی ئـەدەبی تورکیـدا، شـاعیرێکی سـۆفی تـورك بـەو نـاوە نەبووە کە لە سەدەی (١٦م) و لە سەردەمی (سوڵتان سلێمانی یەکەم)دا ژیابێت.

٢- پێکهاتووی وشەی (نیشانی) کوردیە، واتا شاعیر ئامانجی تیری یـارە، پێکهاتـەی وشـەی تورکی بۆ ئەم واتایە (نیشانچی) یاخود (نیشانلیور)ە.

٣- جزیری ئەم نازناوەی زۆر بەکارهێناوە.

---

[1] مەلای جزیری شـتێك دەربـارەی ژیـان و بەرهـەمی – د.عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ, هـەولێر, ١٩٩٠، ل ٢٢ – ٢٣.

[2] العقد الجوهری فی شرح دیوان الشـیخ الجـزری – مـلا محمـد الـبهتی الزفنگی, ج١ ١٩٥٩، ص٥ – ٦.

[3] الديوان الشـرقي للمؤلـف الغربـي – جيتيـة – ترجمـة: د. عبـدالرحمن بـدوي, مؤسسـة العربيـة للدراسات و النشر , ط ٢, بيروت, ١٩٨٠، ص ١٢١.

٤- د. عبدالرحمن بدوى، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم شاعیرە لە سەدەی (١٦)و سەردەمی سولَتان سلێمانی یەکەم ژیاوە، کە سەردەمی ژیانی جزیریش لەمەوە نزیکە.

٥- گوتە بە دوای عەشق و (عرفانی) ڕۆژهەلاتیدا ویَل بووە، جزیریش هەر لەم بابەتەیە، بۆیە شتێکی سروشتیە (گوتە) ناوی ئەم شاعیرەش لە ڕیزی (جلال الدین رومی، جامی، عطار و حافزی شیرازی) دابنێت[١].

سەرچاوەیەکی دیکە بۆ دیارکرنی ژیان و مردنی جزیری شیعرەکانی (فەقێی تەیران)ە، فەقێ لە چەندین شیعریدا بە ئاشکرا، یاخود بە ژمارەی ئەبجەدی ئاماژەی بە مێژووی جۆراوجۆر داوە. لەو دیالۆگە شیعریەی کە گوایە لە نێوان جزیری و فەقێیە، فەقێ ئاماژە بە سالَی (١٠٣١)ی کۆچی دەکات.

| | |
|---|---|
| بریندارێ عشقێمە | دوورم ژ سها بهان |
| دزانن مەدداحێ کێمە | د هزارو یەك و سهان |
| ئەناخوانآ (مەلێ)مە | ل هەموو عەردو جهان[٢] |

ئەگەر ئەم دیالۆگە شیعرییە لەنێوان فەقێی تەیران و جزیری بێت، ئەوا جزیری لە سالَی (١٠٣١ك - ١٦٢١م) زیندوو بووە. بەلاّم بەهۆی شێوازی مەلا لەم دیالۆگەدا زۆر کەس گومان دەخەنە سەر ئەم دیالۆگەو لایان وایە، دەشێ ئەم مەلایە مەلایەکی دیکە بێت نەك مەلای جزیری[٣]. هەندێ کەس هەولَیان داوە مێژووی مردنی جزیریش لە شیعرەکانی (فەقێی تەیران) دا هەلَێنجێنن. (میر جەلادەت بەدرخان) ڕای وابووە کە هەلَبەستی (زێمار)ی فەقێ، بە بۆنەی مردنی (جزیری) داهێنراوە. هەر بۆیە ئەم بەیتە شیعرەیان بە دیارکردنی مێژووی کۆچی دوایی جزیری لە قەلَەم داوە کە دەلَێ:

**حەفت عەین و لام ژ هەڤ بوون جودا      شین و گری دیسان تەدا**

---

[١] بین گوتە و الجزیری – عبدالرحمن مزوری, گۆڤاری کاروان, ژمارە ١٨، ل ٩١ – ٩٣.

[٢] دیوانا مەلایێ جزیری – بەرهەڤکرن: تحسین ابراهیم دوسکی, چاپ ١ ,دهۆك, ٢٠٠٠، ل ٣٤٩.

[٣] مەلای جزیری شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی– عیزەدین مستەفا ڕەسول, ل ٣٩ – ٤٠.

بەم جۆرە مێژووی مردنی جزیری بە (١٠٥٠ك - ١٦٤٠م)ی دانراوە[1]، بەڵام ئەم دێرە شیعرە لە ڕووی ئەبجەدییەوە بە جۆرەها شێوە لێك دەدرێتەوەو ئەنجامەکەی زۆر ڕوون نیە، بۆیە ناکرێ ببێ بە بناغەی بڕیارێکی جێگیر[2].

ئەمانەی باسکرا پوختەی ئەو هەوڵانە بووە کە بۆ ئاشکراکردنی سەردەمی ژیانی جزیری دراون. ئێستاش ئەم هەوڵانە بەردەوامن، دوایین هەوڵ لەوانەیە ئەو هەوڵەی تەحسین ئیبراهیم دۆسکی بێت کە دیسان بەهۆی ژمارەی ئەبجەدیەوە هەوڵی داوە مێژووی لەدایکبوونی جزیری لە دیوانەکەی دەربێنێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەم نیوە دێرە شیعرەی بە ژمارەی ئەبجەدی شی کردۆتەوە:

**ژ حەرفا ماه و ساڵێ ما نەهات دەر شکلێ فاڵێ ما**

(حەرفا = ٢٨٩، ماه = ٤٦، و سال = ٩٧، شکل = ٣٥٠، فال = ١١١، ما = ٤١) کۆی ئەمانە دەکاتە (٩٧٥)[3].

بەڵام ئەم جۆرە لێکدانەوە زۆر ناتەواوە، بەم هۆیانەی ژێرەوە:

١- لە زۆر نوسخەی دیکەدا لەجیاتی (حەرفا)، (حەرفان) هاتووە، لەوانەش لای (زڤنگی) و (صادق بهاء الدین ئامێدی)، ئەم (ن) زیادەش ئەنجامەکە تێك دەدات.

٢- (تحسین دۆسکی) بەشێوەیەك وشەکانی هەڵبژاردووە کە بەم ژمارەیە بگات ئەگینا گەر (و)ی لە پەنای (ساڵ) هەڵگرین ئەنجامەکە تێك دەچێت.هەروەها گەر زۆربەی وشەکانی دێرەکەیان هێناوەتە ناو ژماردنەکە، بۆچی (نەهات و دەر) نەهێنراوە.

بۆیە ئەم ئەنجامە، مەزندەیەکی لاوازەو ناکرێ پشتی پێ ببەسترێت. لە ئەنجامدا باشتر وایە وەکو (زڤنگی) خۆمان تا پەیدابوونی بەڵگەی بەهێزتر لە دانانی ژمارەی ساڵ بۆ ژیان و مردنی جزیری بپارێزین، بەڵکو بەسندە بەوە بکەین کە شاعیر لە کۆتایی سەدەی دەیەمی کۆچی و نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەمی کۆچی واتە کۆتایی سەدەی (١٦)و سەرەتای سەدەی (١٧م) ژیاوە.

---

[1] دیوانا فەقێ تەیران – سەعید دێرەشی و پێزانی تألیخان, پرتا یەکێ , چاپ ١ , الحوادث, بەغدا, ١٩٨٩، ل ١٥.

[2] شیعری کوردی ژیان و بەرهەمی شاعیران – د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ, بەشی یەکەم, الحوادث, بەغدا, ١٩٨٠، ل١٤ – ١٦.

[3] دیوانا مەلایێ جزیری – تحسین ابراهیم دۆسکی، ل ١٤ – ١٥.

**هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژووی بنیاتنانی جزیرە:**

شاری جزیرە، دەکەوێتە کەناری ڕووباری دیجلەو لەسەر هێڵی درێژی (٤٢)ی ڕۆژهەڵات و هێڵی پانی (٣٧)ی باکورە[1]. جاران شاری جزیرە لای ڕۆژهەڵاتی دیجلە بووە، بەڵام ئێستا لە ڕۆژئاوایە، هۆیەکەشی فراوانکردنی کەناڵێکی دەستکرد بووە لەلای ڕۆژهەڵات تاکو شارەکە بە ئاو دەور بدرێت، دواتر ئەم کەناڵە دەستکردە بووە ڕێڕەوی سەرەکی دیجلە[2].

(حمدالله المستوفی) لای وایە کە ئەردەشیری بابەکان جزیرەی بنیات ناوە، هەروەها (عزالدین ابن شداد) دەڵێت: ئەم شوێنە بە (جزیرە الاکراد) ناودارببووەو لەدوای داگیرکردنی لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە لەسەردەمی خەلیفەی دووەم عومەر کوڕی خەتاب ناوی لێنراوە (جزیرە ابن عمر)[3]. لە بارەی ئەم ناونانە واتە (ابن عمر)یش ڕای جیاواز هەیە کە باسکردنی دەرفەتێکی دیکە دەخوازێ.

لە هەندێ سەرچاوەدا باس کراوە کە ئەم شارە لە کۆندا ناوی (کازار کوردا) بووە[4]، واتە شاری کوردان، دەشێ بوترێت کە (جزیرە الاکراد) تەعریب کراوی ئەم ناوە بووە.

بەپێی گێڕانەوە ئایینیەکان، وڵاتی (بوختی) واتا بۆتانی ئێستا، لە دوای (توفانی نوح) یەکەم لانکەی ژیانی مرۆڤ بووەو کەشتی نوح لە چیای (جودی) نزیک شاری جزیرە نیشتۆتەوە، یەکەم گوندیش کە ئاوا کرابێت گوندی (ثمانین) بووە، چونکە ڕزگاربووان (٨٠) کەس بوونە، ئێستاش گوندێك بە ناوی (هەشتیان) کە هەمان واتا

---

[1] باژێرێ جزیری د نڤیسینێن گەرۆکێن ئەورووپیدا (١٦٤٤ – ١٩٠٩) – سەلاح هرورى, مەتین, ژمارە ٩١, ل ٣٥.

[2] اماره بوتان فی عهد الامیر بدرخان – صلاح هروری, موکریان, چاپ ١, هەولێر ٢٠٠٠، ص١٦٦.

[3] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجريين,سلام حسن طه, نامەی ماجێستر زانکۆی سەلاحەدین,١٩٨٩،ص٢٤ ـ٢٦.

[4] المدرسة الحمراء في جزيرة بوتان – تحسين ابراهيم الدوسكي, مەتین – ژمارە (٨٥)، ل ١١٣.

دەدات لە بناری چیای جودی هەیەو ئاوەدانە، دووەم ئاواییش کە دروست کرابێت گوایە شاری جزیرەی ئێستا بووە[1].

### سروشت و کەش و هەوای جزیرە:

هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی جزیرە، کەش و هەواو سروشتێکی جوان و لەباری لێکەوتۆتەوە، هەر بۆیە لە دێر زەمانەوە ئەم دەڤەرەو سەرانسەری لێواری دیجلە لانکەی ژیانی مرۆڤ بووە، لای ڕۆژهەڵاتی جزیرە بە چیای جودی ، زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەست پێ دەکات، لە ڕۆژئاواشەوە دەڤەرێکی تا ڕادەیەك دەشت و بەپیتە. بۆیە لە دەڤەری بۆتان سروشتی شاخ و سروشتی دەشت بەدی دەکرێن ، واتە زۆربەی دیاردە سروشتییەکان (شاخ و دەشت و ڕووبار) لە یەك شوێندا کۆبوونەتەوە. خودی ناو شاری جزیرەش پڕی باغ و بێستان و جۆگەی ئاو بووە. (تاڤرنیێ) کە گەڕۆکێکی فەرنسییەو لە (١٦٤٤م) سەردانی جزیرەی کردووە، لە بارەی ناو شاری جزیرە دەڵێت: "خانووەکانیان زۆر لێك دوورن و هەر کەسەی پارچە زەویەکی هەیە کە هەمووی ڕەزی ترێیەوئەم ترێیەش هیشك دەکەنەوە، بەڵام مەی لێ دروست ناکەن..."[2].

بێگومان بوونی شارێك لە لێواری یەکێ لە گەورەترین ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واتای ئاوەدانی و زۆربوونی باغ و بێستان و گوڵ و گوڵزار دەگەیەنێت، هەر لەبەر ئەم سروشتە دڵڕفێنەی جزیرە زۆر کەس ناویان لێناوە (جزیرەی سەوز)[3].

سروشتی دەڤەری جزیرە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە بزواندنی هەستی شاعیرانی ئەم دەڤەرە. (ڕۆسۆ) وتوویەتی: "حەسانەوەو کامەرانی مرۆڤ لە باوەشی سروشتە"[4]. کەسێکی وەك جزیریش کە بەدوای جوانی خواییدا وێڵ بووە، لە هەر دیمەنێکی جواندا جوانی خوای بینیوە، لەم جیهانەشدا هیچ کەرەستەیەکی جوانتر لە

[1] جزیرە ابن عمر ڤی القرنین السادس و السابع الهجریین – سلام حسن طه، ل ٣١ – ٣٢.

[2] بازێری جزیرێ د نڤیسینێن گەرۆکێن ئەورووپیدا (١٦٤٤ – ١٩٠٩)، هروری، ل ٣٨.

[3] هۆزانڤانێت کورد – صادق بهاء الدین، کۆری زانیاری، چاپ ١، بەغداد، ١٩٨٠، ل ٢٩.

[4] ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا – خورشید ڕەشید ئەحمەد، بەغدا، ١٩٨٩ ، ل٤٦.

کەرەستەکانی سروشتی چنگ نەکەوتووە تاکو وەسفی جوانی یارە پیرۆزەکەی پێ بکات، بۆیە شیعرەکانی پڕن لە وێنەو دیمەنی سروشتی. یاخود (فەقێی تەیران) کە خۆی لە شارو ئاوەدانی دابڕ دەکات و لەسەر لێواری دیجلە دادەنیشێت و لەگەڵ ئاوی دیجلەدا دەپەیڤێت و گوڕگوڕی دەنگی دیجلە دەبێتە ئیلهامی بەیتی (ئەی ئاڤێ ئاڤێ) کە بەیتێکی قوڵی سۆفیانەیەو خۆی و دیجلە بە هاودەرد دەزانێت و پرسیار لە جۆش و نهێنیی شەپۆل هاویشتنی دیجلە دەکات:

**ئەی ئاڤێ ئاڤێ ئاڤێ ئاڤ**

**ما تو ب عەشق و محبەتی**

**مەوج و پێلان تاڤێی بەلاڤ**

**بێ سەکنە و بێ راحەتی**

**دا ئەز بزانم ڤێ سورێ**

**ژ هندەکێ هەتا پورێ**

**ژ مەعنەیا ڤێ گوڕگوڕێ**

**ژ کێ ڕا دکی ڤێ تاعەتێ**[1]

جزیری لە شیعری (چوومە تەماشا چەمەن) زۆر بە ئاشکرایی هەستی جوانیخوازی خۆی و مەبەستە سۆفیانەکەی خۆی لە باوەشی سروشتدا دەخاتە ڕوو.

**حوسن و جەمالا بخواز**

**ڕەوزەیێ باغێ مەجاز**

**مەست و خەرامان بساز**

**لێ دمەشن سی و ڤاز**[2]

خودی مەلای جزیریش ئاماژەیەکی بە کاریگەریی ژینگە هەیە لەسەر پرۆسەی خوڵقانی شیعر. لەو شیعرەیدا کە جزیری ڕەخنە لە (مەلا داود فنکی) دەگرێت، کە

---

[1] دیوانا فەقێی تەیران – سەعید دێرەشی و پێزانی ئالیخان, پرتا یەکێ ، ل ٣٠ – ٣١.

[2] دیوانا مەلایێ جزیری – دۆسکی، ل ١٣١.

گوایه شیعرەکانی جزیری دزیوە لە نیوە دێرێکدا دەڵێ: "**تو دزانی فنکا تە نە مەکانێ غەزەلانە**"، واتا (فنك) کە ژینگەی (مەلا داود) بووە بە شوێنی لە دایکبوونی غەزەل نازانێت[1]. بێگومان فنك و جزیرە لێك نزیکن، بەڵام دورگە سەوزەکەی جزیرەو ئەو شارەی کە لە کۆنەوە (٢٥) گەڕەکی هەبووە کە پڕی باغ و بێستانن و بە جۆگەی ئاوی زولاڵ لێك جیادەبنەوە ناشێ لەگەڵ (فنك) بەراورد بکرێ[2].

زۆر کەس لەوانەی لەبارەی ئەم دەڤەرەیان نووسیوە، ئاماژەیان بە کاریگەریی فاکتەری لەباری ئاوو هەوای ئەم دەڤەرە لەسەر کراوەیی لایەنی هزرو ڕۆشنبیری دانیشتوانی کردووە، لێرەدا بەسندە بەم وتەیەی (یەعقوبی) دەکەین کە لە (البلدان اليعقوبی)دا دەڵێت:" لە زۆربەی کاتی ساڵدا کەشێکی مامناوەندیی هەیە، لە هاویندا زۆر گەرمەو لە ڕۆژانی زستاندا زۆر ساردەو لە کاتی پایزو بەهاردا فێنکە...و خاکی چاکەو ئاوی سازگارەو دارەکانی بۆنخۆشن و بەرهەمەکانیان بەچێژو چاکن و کشتوکالی بەپیتە و بەخێرە...و بەفێنکی کەش و هەوای و سازگاری ئاوەکەی، ئاکاری خەڵکەکە باشەو دەموچاویان گەشاوەیەو هزریان کراوەیە، تا وایکردووە لە خەڵکی دیکە باشتر بوونە، لە بواری زانست و تێگەیشتن و ئەدەب و تێڕوانین و شیکردنەوەو بازرگانی و پیشەسازی وکاسبکاری و زیرەکی ولێهاتویی بە هەموو شێوەیەکەوەو ویوختەیی لە گشت پیشەیەك ورێکوپێکی و وردی لە هەموو پیشەسازییەکدا..."[3].

ئەم باسکردنەی سەرەوە، هەرچەند بۆ سەدەکانی پێش سەردەمی جزیری دەگەڕێتەوە، بەڵام گەرچی باری سیاسی دەڤەرەکە گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، کەش و هەوا و لەباریی ژینگە گۆڕانێکی زۆری بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە لە سەردەمی جزیریش کەش و هەوا هەمان کاریگەریی سەدەکانی (٣ و ٤)ی کۆچی لەسەر هەست و نەستی شاعیران هەبووە.

---

[1] مەلایێ جزیری و هۆزان دز – د. بەدرخان سندی, کاروان, ژ ٣٣, ل ٤٠ – ٤١.

[2] الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر من القرن ٥ الى ٧ الهجری– ئاکۆ بورهان محەمەد, نامەی ماجستێر,زانکۆی سەلاحەدین,٢٠٠٠،ص١٥.

[3] الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر– ئاکۆ بورهان محەمەد، ص ٣٦-٣٧.

## باری ڕامیاری سەردەمی جزیری

دەتوانین بڵێین، سەردەمی زێڕینی دەڤەری جزیرە، سەدەی (٤ و ٥)ی کۆچی بووە(١٠و١١مەسیحی)، واتە ئەو کاتەی کە حکومەتی (دۆستەکی)ی کوردی لەو دەڤەرە بووە. لەو سەردەمەدا باری ئابووری و ڕامیاری و زانستی ئەم دەڤەرە لە سەرانسەری وڵاتی ئیسلامی دەنگی دابوویەوە. ئەم بارە نزیکەی سەدەیەکی خایاند (٣٧٢ك = ٩٨٢م) تا (٤٧٨ك = ١٠٨٦م)[١]. لەدوای ئەم سەردەمە، ئەم دەڤەرە تا سەرەتای سەدەی ١٧ ئارامی و جێگیری بەخۆوە نەبینی. هێرشی سەلجوقی و هۆلاکۆو ئاق قۆینلۆکان و دواتر سەفەوی و عوسمانیەکان وێرانیەکی زۆری لێکەوتەوە، بە تایبەتی لە سەدەی ١٥ی مەسیحیدا، ئەم دەڤەرەی کوردستان چەندین جار ئەم دەست و ئەو دەست کراوە، لە ئەنجامدا باری گوزەران و ئابووری و سیاسی کورد زۆر ئاڵۆزبووە[٢]. وێڕای ئەمە ناتەبایی و ناکۆکی ناو خودی میرە کوردەکان، بووە هۆی ئەوەی کە بارەکە زیاتر ئاڵۆز بێت. بەڵام جزیری لەسەردەمێکدا دەژیا کە ناوچەی جزیرەی بۆتان بۆماوەی نزیکەی سەدەیەك ئارامیەکی باشی بەخۆوە بینی. لەو سەردەمەدا ، ئەم ئارامی و جێگیریە لە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەدی دەکرێ. ئەم بارەش دەگەڕێتەوە بۆ باری ڕامیاری نێوان هەردوو زلهێزی ئێرانی سەفەوی و عوسمانیەکان. لە ساڵی (١٥٠١م)دا شاە ئیسماعیلی سەفەوی مەزهەبی شیعەی بە مەزهەبی ڕەسمی ئێران ڕاگەیاند و سیاسەتێکی دژە سونی گرتەبەر. کوردەکانیش کە زۆربەیان سونی بوون بەتوندی کەوتنە ژێر ستەم و ئازارەوە، ئەم سیاسەتەی سەفەویەکان کەمایەتیە ئایینیەکانی دیکەشی وەك (زەردەشتی و جولەکەو مەسیحی) گرتەوەو زۆریان ناچارکران ئایین و مەزهەبیان بگۆڕن[٣].

---

(١) الدولة الدوسكية – عبدالرقيب يوسف ج٢, ط٢, ئاراس, هەولێر, ٢٠٠١، ص٩.

(٢) مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا – د. شەمسی محەمەد ئەسکەندەر, وەرگێڕ:شوکر مستەفا, هەولێر, ١٩٩٨، ل٦٥.

(٣) ایران عصر صفوی – راجر سیوری – ترجمە کامبیز عزیزی, نشر مرکز, چاپ ٨, تهران, ١٣٧٩، ص ٢٥٠.

کوشتاری قەڵای دمدم و کوردەکانی موکریش کە لە ساڵانی (١٦٠٨ - ١٦١٠م) ئەنجام دران لە سەردەمی جزیری بووەو ئەم کارەساتە لە بەیتی قەڵای دمدمی فەقێی تەیران ڕەنگی داوەتەوە[١]. هەڵمەتی پاکتاوی مەزهەبی لە ئێران تەنانەت گۆڕستانەکانیشی گرتەوەو گلکۆی زۆر لەشێخ و ئەولیای سوننیەکان تێکدرا*. سەرباری ئەم سیاسەتەی سەفەوی، کوردەکان هەوڵیان دا لە حکومەتی سەفەوی نزیك ببنەوە. لە سەرەتای سەدەی ١٦دا، (١٢) کەس لە سەرۆکە کوردەکان لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان لەوانەش میری جزیرە (میرشاە عەلی کوڕی میر بەدر) بەرەو تەوریز بەڕێ کەوتن تاکو (شاە ئیسماعیل) ببینن، بەڵام شای سەفەوی هەموو سەرۆکە کوردەکانی خستە زیندان[٢]. ئەم ڕەفتارەش بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان ڕوو لە دەسەڵاتی عوسمانی بکەن، (میر شاە عەلی جزیری)ش دوای ڕزگاربوونی لەگەڵ (میر شەرەفی بدلیسی) پەیمانی برایەتیان بەست و پێکەوە پەیوەندیان بە (سوڵتان سەلیم)ی عوسمانی کرد، هەر بەمەش بەسندەیان نەکردو سوڵتانی عوسمانیان دنە دەدا تاکو هێرش بکاتە سەر دیاربەکرو ئازەربایجان[٣]. بەم چەشنە زۆربەی کوردەکان کەوتنە بەرەی عوسمانیەکان، سوڵتانی عوسمانیش ئەم بارەی قۆستەوەو هەوڵیدا لە میرە کوردەکان نزیك ببیتەوە تاکو ڕووبەڕووی دەوڵەتی سەفەویان بکات و بەم جورە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی بپارێزێت تاکو بتوانێت لە قوڵایی ئەوروپادا بە خەیاڵێکی ئاسودە بەرەکانی جەنگ بەڕێوەببات. (ئیدریس بدلیسی) وەکو نوێنەری سوڵتان ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە یەکخستنی ڕیزی کوردەکان لە دژی سەفەوییەکان. ئەم هێزە یەکگرتوویەی کورد

---

(١) فقي تيران، حياته،شعره، قيمه الفنيه – حيدر عمر، لبنان، ١٩٩٣، ص ٤١.

(*) لە زۆر سەرچاوەدا دەگێڕنەوە کە کاتێ (شاە ئیسماعیل سەفەوی) چووە شیراز، ویستی گلکۆی (حافزی شیرازی) تێك بدات، بەڵام پێش تێکدانی، فاڵێکی لە دیوانەکەی گرت و ئەم غەزەلەی حافز دەرچوو:

((جوزا سحر نهاد حمایل برابرم                    یعنی غلام شاهم و سوگند می خورم))

(٢) شەرفنامە، امیر شرفخان بدلیسی – محمد عباسی، نشر حدیپ، چاپ ٣ ، تهران، ١٣٧٣، ل ١٦٨.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩.

ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە سەرکەوتنی عوسمانیەکان لە شەڕی چالدێران (١٥١٤م)[١].
دوای ئەم شەڕە (سوڵتان سەلیم) بە نامە سوپاسی گشت میرە کوردەکانی کردو بە مەرجی پابەندبوونیان بە دەوڵەتی عوسمانی، میرنیشینە کوردیەکانی بە ڕەسمی ناسی و ئەم میرنشینانە دوور لە دەست تێوەردان بەسەربەخۆیی مانەوە. ئەم بارەش بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو[٢]. لەسەردەمی (سوڵتان سلێمان)یش کوردەکان قەڵغانێکی پۆڵایین بوون بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڕەوی هێزی سەفەوییەکان، ئەمەو لەدوای چەند جار داگیرکردنی دەڤەرەکانی خوارووی عێراق لەوانەش بەغدا لەلایەن هێزەکانی سەفەوییەوە، لە دەڤەری کوردستان نەیانتوانی هیچ مەترسیەك دروست بکەن.
(سوڵتان سەلیم) کە لە کوردستان دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆڵ بە دایکی دەڵێ: "من دیوارێکم لە گۆشت و خوێن دروست کردووەو بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەو ڕووی هۆزە کوردەکان کردووەو قزڵباشەکان ناتوانن بگەن بە دەوڵەتی ئیسلام "[٣]. ئەم سەربەخۆییەی میرە کوردەکان بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوەو عوسمانیەکان کە خەریکی شەڕی بەڵکان و ململانێی سەفەویەکان بوون، دەستیان لە کاروباری میرە کوردەکان وەرنەدەدا، بەڵام کاتێ سنووری نێوان عوسمانی و سەفەوی جێگیربوو و لە ساڵی (١٦٨٣م) دەوڵەتی عوسمانی لە دەروازەکانی شاری (ڤیەننا) تووشی شکست هات، ئاوڕی لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی دایەوەو هەوڵیدا دەستەڵاتی میرەکوردەکان سنووردار بکات. لەم ڕێکەوتەوە ئیتر سەر لەنوێ مەینەتیەکانی گەلی کورد دەستی پێکردەوە[٤].

پێش شکستی عوسمانیەکان لە ئەوروپا (١٦٨٣م) واتا نزیکەی (٨٠) ساڵی سەدەی حەڤدەهەم، کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی کە لەلایەن میرە کوردەکانەوە بەڕێوەدەچوو، ئارامی و بوژانەوەیەکی زۆری بەخۆوە بینی. جزیری لەو سەردەمەدا پێگەیشت و هەستی هونەریی چەکەرەی کرد. بۆیە زۆر سروشتیە کە دیوانی جزیری

---

[١] کورد و کوردستان – واسیلی نیکیتین – وەرگێر: خالیدی حسامی (هێدی), هەولێر,١٩٩٨، ل ٥٣٧.

[٢] پارچەکرنا کوردستانێ ژ شەڕێ چالدێران تا پەیمانا زەهاب – سەلاح هروری, بەشی دووەم, ڤەژین, ٤٩، ل ٤٩.

[٣] کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی – نەجاتی عەولا، موکریان, هەولێر, ٢٠٠١، ل ٣٢.

[٤] کورد و کوردستان – واسیلی نیکیتین – هێدی، ل ٥٣٨.

پڕە لە گوڵ و گوڵزارو ئارامی و وەسفی یار، ئەگەر غەم و ناسورەییەکیش هەیە ئەوا غەمی کلاسیکی سۆفیانەی بولبول بۆ گوڵ و پەپولە بۆ مۆمە. بەڵام کە سەردەمی ئارامی کۆتایی پێهات و تورك و ڕۆم بەسەر دەڤەرەکەدا زاڵ بوون ئەوا ئەم غەمە کلاسیکیە گۆڕاو ئیتر دەرفەت بۆ گوێ گرتن لە عەشقێکی سۆفیانە نەما. عەشق و ڕەمزی سۆفیانە بوون بە ڕەمزی ژانی گەل و مەینەتی و ژێر دەستەیی کورد. هەر بۆیە لای خانی کە لەدوای ئەم سەردەمە ژیاوە و زوڵم و زۆرداریو داگیرکردنی بەچاوی خۆی بینیوە، ئیتر گێڕانەوەی عاشقانە بیانۆیەکە بۆ خستنەڕووی بابەتێکی فراوانترو تایبەت بە گەل، کە ئەویش نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسییە بۆ کورد.

خانی و جزیری هەردووکیان بە پاڵنەری هەستی نەتەوەیی بە کوردی دەنووسن، بەڵام جزیری مەست و سەرخۆش و شادمانە بە دەستەڵاتی میری کوردو شانازیان پێوە دەکات و ئومێدی فراوانتربوونی دەسەڵاتیان بۆ دەخوازێت، کەچی خانی کە لەسەردەمی ئەو مەینەتی و چەوساندنەوەی گەلەکەی بەلێزمە دەست پێ دەکاتەوە، بەگریان و غەم و خەفەتەوە ئومێد بۆ هەبوونی پادشایەکی کوردی و کوردستانێکی سەربەخۆ دەخوازێت.

بەم بەراوردە، چۆنیەتی کاریگەری باری سیاسی لەسەر هەست و بیرو ئینجا شێوازی شاعیر بەدیار دەکەوێت. کاتێ باری سیاسی و ئابووری لەبارە، شیعری شاعیرێکی وەك جزیری نرخ و پایەی زۆرەو لەژێر گرنگیپێدانی دەسەڵات بە هونەر، شاعیر، شیعرەکانی دەبنە چراو شەوی کوردستانی پێ ڕووناك دەبێتەوەو شاعیر دەبێ بە گوڵێك لەناو کۆڕو کۆمەڵەکەی:

**گوڵێ باغێ ئیرەمێ بۆهتانم          شەب چراغێ شەبێ کوردستانم**[1]

بەڵام کاتێ لەسەردەمی خانیدا بەهۆی ئاڵۆزی باری سیاسی و ئابووری و زۆرداری تورکەکان، هەریەکەو گیرۆدەی باری خۆی و دەربازکردنی خۆیەتی و میرە پەرت و لاوازەکانیش بەرامبەر بە پارە نیشتمانیان دەفرۆشن و دەبن بە دارودەستەی

---

[1] دیوانی مەلای جزیری – هەژار , سروش, چاپ ,١ تهران, ١٣٦١، ل ٥٣٤.

داگیرکەران، ئەوا هونەرو شیعری کوردی کڕیاری نامێنێت و بازاڕی شیعرو شاعیری (کەساد) دەبێت، بۆیە خانی دەڵێت:

چ بکەم کو قەوی کەسادە بازاڕ — نینن ژ قوماشی را خەریدار
خاصمە دڤێ عەصرێدا کو هەمیان — مەعشوق و حەبیبە بوونە هەمیان
یەعنی ژطەمەع دراڤ و دینار — هەر یەك ژ مە را ومبوونە دلدار[1]

کەواتە سەردەمی جزیری، سەردەمی دەسەڵاتی میرە کوردەکان بووە، بەهۆی باری سیاسی ئەوسا کە باس کرا، دەوڵەتی عوسمانی، دانی بە سەربەخۆیی ناوچەیی میرنشینە کوردیەکان نابوو، باری ئەم میرنشینانە تا ڕادەیەك پەرەی سەند تەنانەت (سككەیان) بە ناوی خۆیان لێداو لە وتاری نوێژی هەینیدا ناویان دەهێنرا[2]. بۆیە جزیری کە تام و چێژی دەسەڵاتی کوردیی بینیوە، شیعرەکانی ئاوێتەی شانازیو پیاهەڵگوتنی دەسەڵات و میرە کوردەکانە.

## باری ئابووری دەڤەری جزیرە:

دەتوانین بڵێین، لە کۆنەوە تاکو ئێستاش، کشتوکاڵ بنەمای سەرەکی ئابووری زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستانە، دەڤەری جزیرەش بەهۆی خاکی بەپیت و کەش و هەوای لەبار ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵی کوردستان بووە، وێڕای ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی خۆی کە دەکەوێتە نێوان (ئەرمینیا، ئێران، ئازەربایجان، ڕۆم، شام و عێراق)، ڕێگایەکی گرنگی بازرگانی بووە، هەر بەم هۆیەوە زانست و زانیاریو کتێب لە شوێنە جیاجیاکاندا دەگەیشتنە دەڤەری جزیرە[3]. هەروەها لە کۆنەوە لە جزیرە پیشەسازی جۆراوجۆر بینراوە بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی (میکانیك)دا بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم دەڤەرە ناوداربووە. کەواتە (کشتوکاڵ، بازرگانی و پیشەسازی) سێ

---

[1] مەم و زین – خانی – ڤەژاندن: پەرویز جیهانی, انتشارات سەلاحەدین ئەیوبی, چاپ ١, ورمێ, ١٣٦٧، ل ٣٦.

[2] فقی تیران... – حیدر عمر، ص ١٢.

[3] الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر – ئاکو برهان محمد ، ص ٣٥.

لایەنی سەرەکی ئابووری ناوچەی جزیرە بووە، کە لێرەدا بەجیاو بـە کورتی و پـوختی دەیان خەینەڕوو:

١- کشتوکاڵ:

تەنیا لە سەدەی (٨)ی کۆچی- (١٤)ی مەسیحی، شاری جزیـرە نزیکـەی (١٠٠) گونـدی لە دەوروبەر بووەو داهاتەکەی نزیکەی (١٧٠) هەزار دینار بووە[1]. بێگومان لەسـەردەمی جزیریـدا ئـەم داهاتـە زیـاتریش بـووە، چـونکە بـاری دەڤەرەکـە لـە سـەدەی (١٤و ١٥)ی مەسـیحی ئـارامتربووە. لـە شـەرەفنامەدا هاتووە، کـە میـر محەمـەد کـوڕی بـەدر(٩٨٦ك-١٥٧٨م)، دوازدە هەزار مەڕی بەرخ لەبەری هەبووە، هەروەها سەد هەزار مریشکی بەپێی بەڵێننامە بەسەر گوندەکاندا دابەشکردووە، لە بەرامبەر وەرگرتنی ساڵانەی ژمارەیـەك هێلکە، کە بێگومان بـە مەبەسـتی بازرگانی پێکردنیـان بـووە[2]. لـەکاتی کـوژرانی (میـر محەمـەد) جیـا لەشـتی دیکـەی گرانبـەها دووسـەد هـەزار دراوی زێـڕی عوسمـانی لـە خەزێنەکەیـدا هـەبووە[3]، کـە بێگومـان کەڵەکـەبوونی ئـەم سـەرمایە زۆرە، نیشـانەی گەشبوونی باری ئابووری دەڤەرەکە بووە.

ڕووباری دیجلەو کانیـاوی زۆری دەڤەرەکـە کاریگەریـەکی زۆریـان لەسـەر زۆربـوونی بەرهـەمی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵی هـەبووە، لـە سـەردەمی دەوڵـەتی (دۆسـتەکی)دا تـۆڕێکی کەناڵ بۆ ئـاودێری زەویـەکانی دەوروبـەری جزیـرە دروسـت کـراوە کـە شـوێنەواری ئـەم سیستەمە پێشکەوتووە تا ئێستاش ماوە. ئـاوی زۆری دەڤەرەکـە، بووەتـە هـۆی فراوانیـی بەرهەمی ستراتیژیی وەك (گەنم و جـۆ)، هـەروەها بـۆ مـاوەی چـەندین سـەدە چانـدنی (لۆکـە) لـەم دەڤـەرەدا بـە فراوانـی بینـراوەو بەرهـەمی ئـەم لۆکەیـە وێـڕای نـاردنی بـۆ شـوێنی جیـا لـە دروسـتکردنی (جـاوی سـپی) کـەلکی لێـوەرگیراوە. بـاغ و بێسـتانی ئـەم دەڤەرە تاکو ئێستاش بەناوبانگن، لە میوەجاتی بەناوبانگی، دەتـوانین ئامـاژە بـە (تـرێ،

---

[1] کوردستان في القرن الثامن الهجـري – د. زرار صـديق توفيـق, موكريـانى, چـاپ ١, هـەولێر, ٢٠٠١، ص ٥٦.

[2] شرفنامە – شرفخان بدليسى – محمد عباسى، ص ١٧٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ص ١٧٥.

گوێز، هەنجیر، بادەم) بکەین، مێوژو دۆشاوی تـرێش بەرهـەمێکی گرنگی بازرگانی ئـەم دەڤەرە بووە[1].

بەرهەمی ئاژەڵی ئەم دەڤەرەش هەمە چەشـن بـووە، خـوری و مـەرەزی بەناوبانگە، هەروەها پەنیرو ڕۆنی ئاژەڵی بازرگانیی پێکـراوە، لـە کۆنـەوە ئەسپەکانیشی بـەناوبانگ بوونە[2].

گوڵ و گوڵزاری دەڤەرەکە شوێنێکی باش بووە بۆ بەخێوکردنی هەنگ و هەنگوینی لە ڕێگەی دیجلەوە گەیشتۆتە شاری موسڵ[3].

لـە سـەدەی (١٧)دا هەنـدێ گـۆڕان بەسـەر کشـتوکاڵی دەڤەرەکـەدا هـاتووەو نـاوی (توتن)یش هاتۆتە ناو بەرهەمی کشتوکاڵی دەڤەرەکە، (تاڤرنیـێ) کـە لـە ساڵی (١٦٤٤م) سـەردانی جزیـرەی کـردووە، باسـی زۆریـی چـاندنی تـوتن، هـەروەها باسـی زۆریـی بەکارهێنان و بازرگانی زێڕو زیو لەو دەڤەرە دەکات[4]، کە ئەمەش نیشانەی گەشبوونی باری ئابوورییـە. تـوتن بـۆ یەکـەم جار لەلایـەن (کۆلۆمبـۆس)ەوە لـە ئـەمریکا هێنرایـە ئەوروپا، دوور نیە یەکەم شوێنیش (لە کوردستان) دەڤەری جزیرە بێت کـە تـۆوی ئـەم گیایەی لە ئەورووپاوە پێیگەیشتبێ.

### ٢- بازرگانی

بـاکوری کوردسـتان بەگشـتی و دەڤـەری جزیـرە بـە تایبـەتی بـەهۆی هەڵکەوتـەی سـتراتیژیی گرنگـی خـۆی، شـوێنێکی گرنگـی بازرگـانی بـووە، لـەپێش ئیسلامەوە ئـەم دەڤەرە شـوێنی هاموشـۆی بازرگانـانی ئـەوروپایی و ئاسـیایی بـووە. ڕێگـای بـەناوبانگی (ئاوریشم) بە باشوری ئەم دەڤەرەوە لە نزیك نەینەوادا بەرەو حەلەب دەڕۆیشت، ڕێگـای بەناوبانگی (پادشایی ئێران)یش بە باکوری ئەم دەڤەرەدا تێپەڕ دەبوو[5]. بەم پێیە ئـەم

---

[1] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجري – سلام حسن طه، ص ٩٧.

[2] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجري – سلام حسن طه، ص٩٨.

[3] الدولة الدوستكية, ج٢، ص ١٩٤.

[4] بازێری جزیرێ د نڤیسینێن گەرۆکێن ئەورووپیدا – هروری، ل ٣٧.

[5] جاده ابريشم – ايرين فرانك و ديويد براونستون – ترجمه محسن ثلاثي, سـروش,ص١, ١٣٧٦، ص٨٨.

دەڤەرە هێلی پەیوەندی ئەم دوو ڕێگا گرنگە بووە. لە کۆنەوە بازرگانانی جزیرە، بەهۆی بەلەمەوە بەرهەمی بازرگانی خۆیان گەیاندۆتە نەینەواو خوارووی عێراق. بازرگانان، دارو مەڕو مالات و بەرهەمی کشتوکالی و ئاژەلی جۆراوجۆریان بە ڕێگای بەلەمی گەورە دەگواستەوە بۆ خوارووی عێراق. جزیرە شوێنی گۆڕینەوەی پارەی جۆراوجۆر و ناوەندێکی بازرگانی بووە لە نێوان (عێراق، شام، ڕۆم و ئێران). لە سەدەی هەشتەمەوە چوار هوتێل (خان)ی گەورە و بازاڕێکی قەیسەری گەورەشی هەبووە کە زیاتر لە سەد دوکانی تیایدا بووە، شوێنەواری ئەم هوتێل و بازاڕەش تا کو ئێستا هەر ماوە. بەرهەمێکی تری گرنگی دەڤەری جزیرە بەردی ڕەش و بەردی سپی ئەم دەڤەرەیە، کە (بورجی بەلەکی) بەناوبانگی جزیرەی پێ ئاوەدان کراوە، ئەم بەردانەش بەرهەمێکی بازرگانی بوونە کە بۆ ولاتانی دەوروبەر گواستراونەتەوە[1].

گومانی تیادا نیە ئەم بازرگانیە بەتینەی دەڤەرەکە، هۆکارێکی کاریگەری فراوانکردنی پەیوەندی ئەم دەڤەرە بووە بە زۆربەی جیهانی ئەو سەردەم و لە ئەنجامدا گۆڕینەوەو کارتێکردنی زانستی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی ڕوویداوە.

### ٣- پیشەسازی

لەکۆنەوە شاری جزیرەو دەوروبەری ناوەندی پیشەسازی جۆراوجۆر بووە، کۆنترینیان مسگەری (صناعة النحاس) و دارتاشی و نەخشکاری (زخرفة) لەسەر دار بووە[2]. پیشەیەکی گرنگی دیکە کە نەك هەر لە جزیرە بەلکو لە (ماردین و دیاربەکر)و زۆربەی شارەکانی دیکەی باکوری کوردستان باو بووە، (ڕستن و چنین) بووە. هەروەك ئاماژەمان پێکرد چاندنی (لۆکە) لە بەرهەمە کشتوکالیەکانی ئەم دەڤەرە بووەو (خوری و مەرەز)یش لە بەرهەمە ئاژەلیەکان، ئەم سێ بەرهەمەش کەرستەی خاوی کارگەکانی ڕستن و چنین بووە. پیشەسازی ڕستن و چنین لەم دەڤەرە بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە. لە باکوری ئامەد (دیاربەکر) پارچەیەکی کۆن دۆزراوەتەوە کە بۆ (٧٠٠) ساڵ پێش مەسیح دەگەڕێتەوە[3]. (جاوی سپی)ی ماردین لەو دەڤەرە

---

[1] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجري – سلام حسن طه، ص ٩٩ – ١٠٢.

[2] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجري – سلام حسن طه، ص ١٠٣ – ١٠٤.

[3] الدولة الدوستكية – ج٢، ص ٢٠٠.

بەناوبانگ بووە، کە هەر لە لۆکەی ئەم دەڤەرە بەرهەم هێنراوە. هەروەها دروستکردنی شال و شەپك (ڕانك و چۆخە) لە مەرەز تاکو ئێستاش لە زۆربەی شوێنی کوردستان لەوانەیش دەڤەری جزیرەو زاخۆ بەردەوامە. وێڕای ئەمەش جزیرە بە (ڕستن و چنین)ی پارچەی ئاوریشمی بەناوبانگ بووەو کرمی ئاوریشمیان بەخێودەکرد[1]. ئەم پیشەسازیەش لەپێش هاتنی ئیسلام لەو دەڤەرە هەبووەو کاتێ پاشای ساسانی (شاپوری یەکەم) لە (٢٥٨ - ٢٦٠م) هاتووەتە دەڤەری جزیرەو ئامەد زۆر کەسی شارەزای بواری پیشەسازی ئاوریشمی لەگەڵ خۆی برد بۆ (شوشتەر)و لەوێ ناوەندێکی بۆ ئەم پیشەسازیە دامەزراند[2].

جیا لەمە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لە هەندێ بواری زانستیدا وەکو (میکانیك)، ئەم دەڤەرە نەك هەر لە جیهانی ئیسلامی، بەڵکو لەو سەردەم لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. (د. زیگرید هونکە) باسی پیشەسازی ساعەت لە جزیرەو کاریگەری لەسەر ئەم پیشەیە لە ئەوروپا دەکات و ئاماژە بە کاتژمێری (الجزری) دەکات، کە لە سەدەی (١٣م) لە دەڤەری جزیرە دروست کراوەو تاوەری جولاوی هەبووەوساڵ و مانگ و ڕۆژو کاتژمێرو کاتی نوێژەکانی پیشانداوە[3]. ئەم (الجزری)یەی ئەو باسی دەکات هەمان (بدیع الزمان اسماعیل بن الرزاز الجزری)یە، کە لە (٦٠٢ك=١٢٠٥م) مردووەو لە زانستی (میکانیك و هایدرۆلیك)دا کتێبێکی هەیە بە ناوی **(الجامع بين العلم و العمل النافع في صناعة الحيل)**. ئەم کتێبە، هەندێکی بۆ ئەڵمانی و زۆربەی بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدراوە[4]. لە (تاریخی فارقی)شدا ئاماژە بە پێشکەوتنی دروستکردنی ئامرازی میکانیکی کراوە، لەوانەش باس لە دروستکردنی دوڵابێك بۆ ڕاکێشانی ئاو بۆ

---

[1] هۆزانڤانێت کورد – صادق بهائەدین، ل ٨٩.

[2] الدولة الدوستكية – ج٢، ص ٢٠٠.

[3] فرهنگ اسلام در اوروپا – د. زیگرید هونکە– ترجمة مرتضى رهباني, نشر فرهنگ اسلامی, چاپ ٥, ١٣٧٦، ص ١٧١.

[4] الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر – ئاكۆ برهان محمد، ص ١٦٢.

ناو دیاربەکر بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك[1] و هەروەها باس لە کاتژمێرێکی گەورە دەکات بەناوی (بنکام) کە لە هەموو جیهانی ئیسلام نایاب بووە [2]. بێگومان ئەم پێشکەوتنە لە پیشەسازیدا نیشانەیەکە بۆ ئاستی بەرزی خوێندنی زانستەکانی پەیوەست بەم پیشەسازیانە، لەوانەش (میکانیك، ماتماتیك، فیزیا، کیمیا، ئەستێرەناسی و... هتد).

## جزیرە، ناوەندی لێبوردنی نەتەوەیی و ئایینی:

جزیرەی کوردان، هەمیشە زۆرینەی کوردبوونە، چونکە لە جەرگەی کوردستان دایە، بەڵام نەتەوەی دیکەشی بەخۆوە گرتووە. لەپێش ئیسلامیش هەندێ عەرەبی لێبووە کە زۆربەیان (مەسیحی) بوونە. ئەم عەرەبانەش دوو تیرەی (بنو ایاد) و (بنو تغلب) بوون[3]. لە دوای هاتنی ئیسلامیش بۆ دەڤەرەکە هەندێ تیرەی دیکەی عەرەب ڕوویان لە دەڤەرەکە کردووە، بەڵام هەموو کاتێ کەمینە بوونە. وێرای عەرەب بە درێژایی مێژووی ئەم دەڤەرە، ئەرمەن و تورکیش لە باوەشی جزیرەو لە دەوروبەریدا ژیاون. (جێمس بیکنکهام) کە لەسەرەتای سەدەی (١٩م)دا سەردانی جزیرەی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کەزۆرینەی دانیشتوانی شارەکە کوردن و ژمارەیەکی کەمیش عەرەب و تورکی لێیە[4]. ئەم پێکهاتەیەی دانیشتوانیش لە جەرگەی کوردستاندا وەکو زۆربەی شوێنەکانی دیکەی، بەڵگەیە کەوا کوردستان شوێنی لێبوردەیی نەتەوەیی بووەو کورد ڕێزی لەو کەمایەتیە نەتەوەییانە گرتووە کە لە تەکیان ژیاون. وێڕای ئەمەش جزیرە وەك زۆربەی ناوچەکانی کوردستان شوێنی لێبوردەیی ئایینیش بووە. لە شەرەفنامەدا هاتووە ماوەیەك خەڵکی جزیرە زۆربەیان سەر بە یەزیدیەکان بوون،

---

[1] تاريخ الفارقي – احمد بن يوسف بن علي بن الازرق الفارقي – تحقيق: د. بدوي عبداللطيف عوض, قاهرة, ١٩٥٩، ص ١٤١.

[2] هەمان سەرچاوە، ص ١٤٥.

[3] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجري – سلام حسن طه، ص ٣٤.

[4] باژێرێ جزیرێ د ڤیسینێن گەرۆکێن ئەورووپیدا – هرورى, مەتین, ژ ٩١، ل ٣٨.

بەڵام دواتر گەڕانەوە بۆ سەر ئایینی ئیسلام و مەزهەبی سوننی[١]. شەرەفنامە ئاماژە بەوەدەکات کە دەڤەری (هیتم) و (قەڵای ساخ) لە جزیرە ئەرمەنی و مەسیحی لێبوونە. هەروەها (قەڵای دێردە)ش عەرەبی مەسیحی لێبووە[٢] و لە دەڤەری (گورکیل)ی نزیك چیای جودیش نزیکەی (١٠٠) گوندی موسڵمان و مەسیحینشینی لێبووە[٣]. ئەمانە هەمووی لەسەردەمی جزیری بووە، بەڵام ئەم دەڤەرە زۆر لەپێشتریش ناوەندێکی لێبوردەیی ئایینی بووە. لە (تاریخ الفارقی)دا هاتووە کە لەسەردەمی حوکمڕانی (ئەمیر ئەبو عەلی بن مەروان)، کە لە میرە کوردەکانی دۆستەکی بووە، کاروباری ئەوقاف بە کەسێکی مەسیحی بەناوی (ابن شلیطا) سپێردراوە[٤]، کە ئەمەش ئەوپەڕی سینگ فراوانی و لێبوردەیی ئایینی دەگەیەنێت. جیا لە مەسیحی ئەم دەڤەرە جولەکەشی لێبووە هەروەها تا دێرزەمانێك هەندێ زەردەشتی لە دەڤەری (ئەرزن) لەسەر ئایینی خۆیان مابوون[٥]. ئەم پێکهاتە ئایینیە هەمە چەشنە زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ ئەوەی کەسێکی وەك جزیری دوور لە هەموو دەمارگرژی و دەمارگیریەکی نەتەوەیی و ئایینی، بەرەو هزرێکی مرۆڤانەو (کۆسمۆزی) لە بۆتەی سۆفیزمدا هەنگاو بنێت و بە ئاسانی تیۆری یەکێتی بوون و یەکێتی ئایین پەسند بکات و هەوڵ بدات بابەتە گشتی و کەونیەکانی مرۆڤایەتی لە شیعرەکانیدا بخاتەڕوو. ئەم تایبەتمەندیەش یەکێ لەو هۆکارانەیە کە شیعری جزیری دەکات بە ئەدەبێکی زیندوو و بابەتەکەی بۆ هەموو سەردەمێك دەست دەدات، ئەگەرچی ڕوخسارەکەی کۆن و کلاسیك بێتە بەرچاو.

---

[١] شرفنامە – امیر شرفخان بدلیسی – محمد عباسی، ص ١٥٦.

[٢] هەمان سەرچاوە، ص ١٥٩.

[٣] شرفنامە – امیر شرفخان بدلیسی – محمد عباسی، ص ١٩١.

[٤] تاریخ الفارقی – ابن الازرق الفارقی، ص ١٦٤.

[٥] الدولة الدوستكية – ج٢، ص ١٧٤ – ١٧٥.

## سەرهەڵدانی (تصوف) لە جزیرە:

سۆفی و سۆفیگەری لە سەدەی چوارەمی کۆچیەوە لەو دەڤەرە هەبووە، لەو سەردەمەدا ناوی سۆفیەکی وەك (ابی الازهر الميافارقینی) دەدرەوشێتەوە، لە سەدەی پێنجەمی کۆچیەوە سۆفیگەری لە جزیرەدا پەرەی سەندو جیا لە سۆفیەکانی ناوچەکە، سۆفی دیکە لە وڵاتانی دەوروبەرەوە ڕوویان لەم دەڤەرە کردووە، لەوانەش (ابو علي بن البناء المقرئ الخنبلي- ٤٧١ ك=١٠٧٨م، مردووە) کە لە (تەنزە)ی دیاربەکر بووە، (قاسم بن احمد الاصبهانی الخیاط) و (عبدالوهاب بن محمد الیمنی) یەکەمیان لە دیاربەکرو دووەمیان لە جزیرە بووە. (محمد بن القیسرانی المقدسی -٥٠٧ك=١١١٣م، مردووە) کە بەرهەمی بەناوبانگی (صفوة التصوف)ی داناوە لەم دەڤەرە بووەو قوتابی (اصبهانی و الیمني) بووە. لە سۆفیە ناودارەکانی دەڤەرەکەش دەتوانین ئاماژە بە (علي بن احمد بن یوسف بن عرفة الهکاري- ٤٨٦ك=١٠٩٣م، مردووە) کە ناسراوبووە بە (شیخ الاسلام) و (ابي محمد عبدالله بن مسعود بن مطر الارزني- ٦٣٥ك=١٢٣٧م، مردووە) بدەین[1].

هەردوو تەریقەتی (قادری و نەقشبەندی) زیاتر لە هەر تەریقەتێکی دیکە لە کوردستان بڵاوبوونەتەوە، لە باشووری کوردستان تەریقەتی (قادری) بۆ ماوەیەکی زۆر لەپێش (نەقشەبەندی) بڵاوبۆتەوەو لە زۆر لە سەرچاوەکاندا (مەولانا خالید شارەزووری) کە لە ساڵی (١١٩٣م) لە دایك بووە بە بڵاوکەرەوەی تەریقەتی (نەقشەبەندی) لە کوردستان دەزانن[2]. لەو هێمایانەی لە شیعرەکانی جزیریدا بەدی دەکرێ ئەم بۆچوونە دێتە ئاراوە کە دەبێ ئەم تەریقەتە کاریگەریی لە سەر شاعیر هەبێت، بۆیە دەبێ تەریقەتی نەقشەبەندی زۆر لە پێش (مەولانا خالید) لە کوردستاندا بڵاوبووبێتەوە. بەڵگەی وا هەن کە تەریقەتی نەقشەبەندی لە سەردەمی جزیریدا لە دەڤەری جزیرە هەبووە. (فەرهاد شاکەلی) ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەردەمی (مەلا)دا لقێکی تەریقەتی نەقشەبەندی بەناوی (ئورمەوی) لە دیاربەکر

---

[1] الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر – ئاکۆ برهان محمد، ص ١٣٦ – ١٣٨.

[2] تاریخ تصوف در کوردستان – محمد رئوف توکلی, انتشارات توکلی, چ ١, ١٣٧٨، ص ٢٢٣.

هەبووەو لە ساڵی ١٦٣٩دا سوڵتان (موورادی چوارەم) (شێخ مەحمود)ی ڕابەری ئەم تەریقەتەی کوشتووە، بەڵام تەریقەتەکە لەناو نەچووەو (ئیسماعیل چەلەبی)ی کوڕی، بووە جێنشینی[1]. (سوجادی)یش ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەدەی یازدەی کۆچیدا (شێخ شهاب الدین کوڕی شێخ رضي الدینی سازلی) لە تەمەنی (٢٢) ساڵیدا بەناوی مورشیدی تەریقەتی نەقشەبەندییەوە لە وڵاتی ئەردەلان و بابان دەستی کردووە بە ئیرشادو ئەم تەریقەتە پەلی بۆ بادینانیش هاوێشتووە[2]. هەروەها (ئەولیا چەلەبی) کە لە ساڵی (١٠٦٥ك= ١٦٥٤م) گەشتەکەی بۆ کوردستان دەست پێکردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا لە (بتلیس) نزیکەی (٢٠) تەکیەی نەقشەبەندیو گولشەنی و بەکتاشی هەبووە[3]. ئەمانەش هەموو بەڵگەی ئەوەن کە تەریقەتی نەقشەبەندی لە سەردەمی جزیریدا بەهێز بووەو کاریگەری لەسەر جزیری هەبووە، بەڵام مەرج نیە جزیری سەر بەم تەریقەتە بوو بێت. دوای ئەوەی کە (شەریعەت) سۆفیزمی بۆ چاکەی خۆی بەکار هێنا لە کوردستانیشدا خوێندنی ئایین و سۆفیزم ئاوێتەی یەکتربوون و ئیتر شەریعەت و تەریقەت و مەلاو شێخ و مزگەوت وتەکیەو خانەقاو قوتابی ئایین و دەروێش و سۆفی چوونە ناو یەکەوە. بۆیە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی ئایینیی موسڵمان لە کوردستان هەم شێخ بوونە هەم مەلا [4]. دەتوانین بڵێین (مەلای جزیری) یان (شێخ ئەحمەد جزیری)یش یەکێ لەم پیاوانەیە کە شەریعەت و تەریقەتی، هاوتەریب لەگەڵ یەك وەرگرتووە.

---

[1] تەسەوەف وەك سەرچاوەیەکی فەرهەنگی کورد – فەرهاد شاکەلی، سەنتەری، برایەتی، ژ ١٧، ٢٠٠٠، ل ٢٥٠.

[2] دەقەکانی ئەدەبی کوردی– عەلائەدین سوجادی، کۆڕی زانیاری، چ ١، بەغداد ١٩٧٨، ل ٥٥.

[3] کورد لە مێژووی دراوسێکاندا – سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی ، و: سەعید ناکام، ل ١١٠.

[4] مێژووی ئەدەبی کوردی – د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٦٥.

## زانست و ڕۆشنبیری له جزیره:

بوونی شوێنێك لەسەر ڕێگای بازرگانی و ئابووری و سروشت و کەش و هەوای لەبار، هۆکارێکی گرنگن بۆ پەرەسەندنی زانست و ڕۆشنبیری لەو دەڤەرە. ناوچەی جزیرەش بە بوونی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە، ناوەندێك بووە کە بەهۆی پرۆسەی فراوانی بازرگانی، زانست و کتێب و دەستنووسی جۆراوجۆری تیایدا ئالوگۆڕ کراوە. زانیاری جۆراوجۆر لە چینەوە تا ئەوروپا بەهۆی (ڕێگەی ئاوریشم)ەوە بەم دەڤەرە گەیشتووە، بۆیە تا سەدەکانی ناوەڕاست ئەم دەڤەرە لە کاروانی زانستی جیهانی ئەو سەردەم نەك هەر دوانەکەوتووە بەڵکو پێشکەوتووتریش بووە، هەروەك چۆن پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، زانستی میکانیکی ئەو دەڤەرە جێگەی سەر سوڕمانی ئەوروپیەکان بووە. ئەم دەڤەرە شوێنی گەشەسەندنی زانستی ڕووتی وەك (ماتماتیك، ئەندازیاری، پزیشکی، ئەستێرەناسی،... هتد) بووە. جیا لەمەش زانستە مرۆڤایەتی و ئایینیەکان لەم دەڤەرەدا لە پەرەسەندندا بوونەو هەندێ بەڵگەی مێژوویی هەن کە لەم بەشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جزیرە هاوشانی بەغداو شام ، سێ ناوەندی گرنگی زانستی بوونە. لە (عقد الجمان)دا هاتووە کە کاتێ (هۆلاکۆ) ئەم ناوچانەی داگیرکرد زۆر کتێبخانەی سووتاند، بەڵام (خواجە نەسیری توسی) کە وەزیری ناوبراو بووە، توانیویەتی ڕێگە لەم کتێب سووتاندنە بگرێت و زیاتر لە (٤٠٠) هەزار کتێبی لە بەغداو جزیرەو شام کۆکردەوەو بەرەو (مەراغە)ی بردو لە (ڕەسەدخانەی مەراغە)دا کۆی کردنەوە[١]. د. زیگرید هونکەش ئاماژە بەم ڕووداوە دەکات، بەڵام لە تەرجومەی فارسیدا ناوی (جزیرە) بە (بین النهرین) هاتووە، جیا لە ژمارەی ئەو کتێبانە، (د. هونکە) ئاماژە بەوە دەکات کە (خواجە نەسیری توسی) زۆر زانای ئەستێرەناسی لە ئەسپانیاو دیمەشق و تفلیس و موسل هێنا و لە مەراغەی کۆکردنەوە[٢]. ئەمەو لە سەردەمی (تەیمور)یش هەمان ڕەوت دووبارە بووەتەوەو هونەرمەندو پیشەسازەکانیان لە فارس و عێراق بەرەو (سەمەرقەند) ڕاگواستووە[٣]. ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن

---

[١] عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان – بدرالدين محمود المعيني, تحقيق: د. محمد محمدامين, ١٩٨٨، ص ١٢٥.

[٢] فرهنگ اسلام در اوروپا – د. زيگريد هونكه، ص ١٥٩.

[٣] تاريخ ادبيات ايران – يان ريپكا – ترجمة: كيخسرو كشاورزى, انتشارات گوتمبرگ و جاويدان خرد, چ ١، ١٣٧٠، ل ٤١١.

کە ئەم دەڤەرە پێشینیەکی زانستی و هونەری کۆن و پێشکەوتووی هەبووە. لەم دەرفەتە کورتەدا ناکرێ بپرژێینە سەر هەموو بوارەکانی زانست لەم دەڤەرەداو بەپێی سورشتی لێکۆڵینەوەکە تەنیا لە باسی (ئەدەبیات) لەم دەڤەرەدا وورد دەبینەوە، بەڵام پێشتر پێویستە ئاماژەیەك بە مێژووی بوونی قوتابخانەو پرۆسەی فێرکردن لەم دەڤەرە بدەین.

**پرۆسەی فێرکردن لە جزیرە:**

لە کوردستان و سەرانسەری وڵاتانی موسڵمان، مزگەوتەکان یەکەم قوتابخانە بوونە، حوجرەکانی مزگەوت زانای ئایینی پێدەگەیاند، بەڵام زۆر کەس لەوانەش میرو والی و کاربەدەستان و شێخ و ئاغاکان، منداڵەکانیان دەنارده حوجرە بۆ مەبەستی فێربوونی خوێندن و نووسین، نەك بەمەلابوون[1]. ئەمەش یەکەم هەنگاو بووە بۆ بە قوتابخانەکردنی مزگەوتەکان. هێدی هێدی ژمارەی قوتابیەکان لە مزگەوتەکان زیادی کرد تا ڕادەیەك کە گەنگاشەو دەنگی بەرزی قوتابیەکانی کاری دەکردە سەر باری نوێژکەران لە مزگەوت. جیا لەمەش هێدی هێدی بابەتی هەمەچەشنی دیکەی جیا لە زانستی ئایینی لە خوێندن زیاد کرا وەکو ئەدەب و فەلسەفەو ئەستێرەناسی و... هتد، کە سروشتی ئەم زانستانەش لەگەل کەشی مزگەوتەکان نە دەگونجا بۆیە بۆ چارەسەری ئەم دیاردانە لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی دەست کرا بە دروستکردنی قوتابخانەی سەربەخۆ بۆ فێرکردنی زانستەکان. هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانەی گەورە لەسەردەمی (سەلجوقیەکان) زۆر بەرچاوە. (نظام الملك) وەزیری سەلجوقی (٤٨٥ ك مردووە) دوای دروستکردنی (نظامیة)ی بەغدا لە ساڵی (٤٥٩ ك= ١٠٦٦م) دەستی کرد بە دروستکردنی قوتابخانەی (نظامیة) لە (نیشاپور، توس، ئەسفەهان و جزیرە)[2]. (نظامیة)ی جزیرە ناوەندێکی گرنگی زانستی هەمە چەشن بووە لە جیهانی ئیسلامیی ئەوسا و زۆر زانای بەناوبانگی جیهانی ئیسلام و کوردستانی لەخۆ کۆکردبووەوە. لە

---

[1] مێژووی ئەدەبی کوردی – د. مارف خەزنەدار, بەرگی یەکەم، ل ٦٥.

[2] الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر، ص ٨١ –٨٣.

بواری یاسایی و ئایینیدا ئەم ناوەندە هێندە گرنگ بووە کە لە بواری (فەتوا)دا لە عێراق و میسر پرس بەم ناوەندە کراوە[1].

لە کوردستانی باکورو لە دەڤەری جزیرە تا ئامەد (دیاربەکر) نزیکەی (٢١) قوتابخانەی گەورەی تیابووە کە لە سەدەی (٥و ٦ك=١٠و١١م)ی دروستکراون و تا سەدەی (١٧و ١٨)ی مەسیحیش زۆریان کارا بوونە. لەناو خودی جزیرەدا دەتوانین ئاماژە بە ناوی ئەم قوتابخانانە بکەین: (نیزامیەی جزیرە، قوتابخانەی ابن البزری، قوتابخانەی قازی جەمالەدین، قوتابخانەی رەزەویە، قوتابخانەی سوور، قوتابخانەی شەمسەدین سەرتکین، قوتابخانەی زەهیرەدین ئەتابەکی)[2]. ئەمانە هەموویان لەیەك سەردەم نەبوونە، دواترینیان قوتابخانەی سوورە کە گوایە جزیری لەم قوتابخانەی خوێندووەو میر شەرەف دروستی کردووە[3].

بە ڕای (زەڤەنگی) ئەم میر شەرەفە، هەمان میرە کە لە (١٠٠٥ ك=١٥٩٦م) دا زیندوو بووەو لە شەرەفنامەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام (مەلا عەبدوڵڵا ڤارلی) بەپێی تۆماری ئەوقافی قوتابخانەکە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم قوتابخانەیە لەسەردەمی (میر شەرەف کوڕی بەدر) و (میر عەلی شاە کوڕی بەدر) دروست کراوە، واتە لە ساڵی (٩٠٤ك=١٤٩٨م) دەست بە دروستکردنی کراوەو (میر شەرەفی کوڕی ئەبدال) کە لە (١٠٠٥ك=١٥٩٦م) شەرەفنامە ئاماژەی پێکردووە یەك سەدە لە دوای ئەوانە[4]. کەواتە مەدرەسەی سور یەك سەدە پێش جزیری بنیات نراوە. جیا لەو قوتابخانانەی کە باس کران تەنیا لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (٨٠) مزگەوتی گەورەو گچکە لە دەڤەری جزیرە هەبوونە، کە حوجرەی خوێندنیان تیابووەو وانەی ئایینی و ئەدەب و زمان و مێژووییشی تیا وتراوەتەوە[5]. قوتابخانەکانی جزیرە لەڕووی خەرجی و میزانیەوە گرنگی زۆری پێدراوەو بە دەیان گوندو پارچە زەویی بۆ وەقف کراوە، تاکو قوتابی و مامۆستاکان بە

---

[1] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجريين – سلام حسن طه، ص ٨٩ – ٩٠.

[2] هەمان سەرچاوە،ص ١١٦/ هەروەها الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر، ص ٨١– ٩١.

[3] العقد الجوهری – ج١، پێشەکی, ص (ل).

[4] المدرسة الحمراء في جزيرة بوتان – تحسين ابراهيم الدوسكي, مەتین, ژ ٨٥, ل ١١٥ – ١١٦.

[5] جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجريين، ص ١٢٩.

ئاسوودەیی لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن بەردەوام بن[1]. جیا لە جزیرە خۆی لە سەردەمی جزیریدا لە ناوچەکانی دەوروبەر قوتابخانە زۆر بووە. (ئەولیا چەلەبی) ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا بتلیس (٧٠) قوتابخانەی تیادا بووە، گرنگترینیان قوتابخانەکانی شەرەفخان، خسرەو پاشا، خاتوونیە، بازاڕو بەشارەت ئاغا بوونە[2]. بەڵام لە سەردەمی جزیری پرۆسەی خوێندن و مەیدانی ئەدەب و زانست لە جزیرە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بە گوڕو تینتر بووە، بۆیە دەبینین لە سەدەی (م١٥) تا سەدەی (م١٩) لە ناوچەکانی دەوروبەر ئەدیب و زانای بەناوبانگ ڕوو لە جزیرە دەکەن، وەك (فەقێی تەیران کە خەڵکی موکسی بووە، خانی خەڵکی بایەزدی و کەسانی وەك محەمەد البرقعلی و ئەبا بەکر مەولاناو حەسەن سورچی و سەید عەلی و ئێزدین بەبێ) کە هەرکامیان لە سووچێکی کوردستانەوە ڕوویان لەم دەڤەرە کردووە، لە سەردەمی جزیریدا میرو میرزادەکانیش گرنگیان بە ئەدەب داوە بۆیە ناوی کەسێکی وەك (میر عمادالدین) لەم بوارەدا دەبینین[3].

**کتێبخانە لە جزیرە تا ئامەد:**

لەم دەڤەرە تا پێش هێرشی هۆلاکۆ بە دەیان کتێبخانەی گەورە هەبووە، گەر وەزیرێکی کارامەی وەك (خواجە نەسیری توسی) نەبووایە لەوانەیە لەشکرەکەی هۆلاکۆ تاکە کتێبێکیان لەهەموو سنووری دەستەڵاتیان نەهێشتبا، چونکە مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران خۆشیان بەوە دەهات کە لە پەراوێزی ئاهەنگی کۆمەڵکوژیان ئاهەنگی کتێب سوتاندنیش سازبدەن. لە دەڤەری جزیرە تا ئامەد، حوکمڕانانی دەوڵەتی دۆستەکی گەورەترین کتێبخانەکانیان لە مێژووی ئەم دەڤەرە پێکهێناوە. لە (تاریخ الفارقی)دا هاتووە کە (ابو نصر احمد بن یوسف السلیکی المنازی) کە وەزیری (نصر الدولەی مروانی) بووەو لە سەدەی (٥ ك=١١م) ژیاوە، زۆر حەزی لە کۆکردنەوەی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص ١٣٤.

[2] کورد لە مێژووی دراوسێکاندا – سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل ١١٠.

[3] هۆزانڤانێت کورد – صادق بهاء الدین، ل ٣١ – ٣٢.

کتێب بووەو لە قوستەنتەنیە و ڕۆم و شوێنی دیکە کتێبی کۆدەکردەوەو بەسەر (ئامەد و میافارقین) و کتێبخانەکانی دیکەی دابەش دەکرد. ئەم کتێبانەش تا سەدەی (١٤ م) هەر بەناوی (المنازی) لەو کتێبخانانەدا پۆلێن کراون[١]. هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە لە قوتابخانەی (الحسامیە)ی ماردین یەکێ لە گەورەترین کتێبخانەکانی دەڤەرەکەی لێبووە[٢]. لە زۆر سەرچاوەش باسی ئەوە دەکرێت کە کاتێ لە ساڵی (٥٧٩ك=١١٨٣م) سەلاحەدینی ئەیوبی شاری ئامەدی گرت، لە یەکێ لە تاوەرەکانی شاردا کتێبخانەیەکی بەرچاو کەوت کە (یەك ملیۆن و چل هەزار) بەرگ کتێبی تێدابووەو سەلاحەدین ئەم کتێبانەی دایە دەست وەزیرەکەی (القاضي الفاضل عبدالرحیم بن علي بن محمد اللخمي البیساني)[٣]. لە زۆر سەرچاوەدا ناوی ئەم کتێبانە بە کتێبخانەی (قاضي) دەهێنرێت، چونکە ببوو بە خاوەنی ئەم کتێبخانەیە. هەروەها تەنیا پزیشکی سەلاحەدین کە ناوی (ابن مطران) بووە کتێبخانەیەکی هەبووە کە سی هەزار کتێبی تیابووە[٤].

ئەمانەش هەموو بەڵگەی ئەوەن کە کتێب لەم دەڤەرەدا پایەیەکی بەرزی هەبووە. ئەگەرچی زۆربەی کتێبخانەکانی ئەم دەڤەرەش لەناوچوون و تاڵان کران، بەڵام بە هەبوونی ئەو هەموو قوتابخانەیە لە سەردەمی جزیری دەبێ ئەم دەڤەرە بەشێکی زۆری کتێبخانەکانی پاراست بێت و مەلای جزیریش سوودی لێیان وەرگرتبێ، ناوەرۆکی دیوانی جزیریش بەڵگەیە بۆ ئەوەی مەلا سەرچاوەی هەمە چەشنی لە بواری (تەسەوف، فەلسەفە، مێژوو، ئەستێرەناسی،... هتد) لە بەر دەست بووە.

---

[١] تاریخ الفارقی، ص ١٣١.

[٢] هەمان سەرچاوە، ص ٣٧.

[٣] الحیاة العلمیة في دیاربکر و جزیرة ابن عمر، ص ٩٤.

[٤] فرهنگ اسلام در اوروپا – د. زیگرید هونکه، ص ٣٩٣.

**سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی لە کرمانجی سەروو:**

ئاوێتەکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی ڕاست نیە، بەڵکو باشتر وایە لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، مێژووی ئەدەبی زاراوە کوردییەکان جیا لە یەکترو بەش بەش، تۆمار بکرێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی لە دیالێکتە جیاجیاکانی کوردیدا بەشێوەیەکی پەیوەندیدار نەبووە، واتە لەسەر بناغەی یەکتر بنیات نەنراون، ڕەوتی ئەدەبی فارسی و عەرەبی و کاریگەریی قۆناغەکانی جیاجیای ئەدەبیان لەسەر یەکتری دیارە، بۆیە ئاسانە مێژووی ئەدەبیان بە شێوەیەکی (کرۆنۆلۆجی) تۆمار بکرێت، بەڵام لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پەیوەندی ئەدەبی دیالێکتەکان زۆر کەم ڕەنگە، بۆ نموونە (بابا تاهیر لە دیالێکتی لوڕی) و (مەلا پەرێشان لە دیالێکتی گۆران) بە سەرەتای ئەدەبی کوردی دادەنرێن، ئەمە لە جێگەی خۆیەتی بەڵام کە باسی ئەدەبی کرمانجی سەروو دەکرێت ئەم دوو شاعیرە بە پێشینەی شیعری ئەم دەڤەرە دانانرێن و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ئەدەبی ئەم دیالێکتە نەبووە. ئەمە (واقعی) ئەدەبی کوردییە کە بەهۆی باری ڕامیاری و جوگرافیا سەخت و لێکدابڕەکەی خوڵقاوەو ئێمەش دەبێ مامەڵەیەکی (واقعی) و دوور لە سۆزو لایەنگریی لەگەڵدا بکەین. ئەدەبی دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) کە لە باوەشی بابانەدا زۆر بە هێزەوە سەری هەڵدا، لەدایکبوونێکی (نوێ) بوو نەك درێژە پێدەری ئەدەبی گۆرانی. پەیوەندی نێوان ئەدەبی کرمانجی خواروو سەرووش هەر بەم چەشنەیەو لێك جیایە، ئەگەر پەیوەندیەکیش هەبێت بەو ڕادەیە نیە کە کاریگەریەکەی شیاوی سەرنجدانێکی پڕ بایەخ بێت. تاکە خاڵێك کە ئەدەبی کلاسیکی هەموو دیالێکتە کوردییەکان کۆدەکاتەوە، کاریگەریی ئەدەبی فارسییە لەسەریان، واتە کانیاوی هاوبەشی هەموویان کلاسیکی فارسییە. ئەوەش ڕەت ناکرێت کە لە دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجی سەروو، ڕەگەزی میللی و فۆلکلۆر لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیە، بەڵام هەمدیس کاریگەری ئەدەبی فارسی زاڵترە لە ئەدەبی میللی.

له مێژووی ئەدەبی کرمانجی سەروودا، (حەریری و جزیریو فەقێی تەیران) تاکو ئێستا بە سەرەتای ئەدەبی کلاسیك لەو دیالێکتە دانراون، بەڵام زۆر ئەستەمە کە ئەدەبەکە هەروا لەناکاو لەم دەڤەرە سەری هەڵدابێت. زۆر کەس شەرەفنامە دەکەن بە بەڵگە بۆ نەبوونی ئەدەب و شاعیری بەناوبانگ لە کوردستانی سەروو، چونکە لایان وایە گەر شاعیری ناودار هەبوایە ئاماژەی پێدەکرد. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە چونکە سەرباری ئەوەی شەرەفنامە تاکە سەرچاوەی کۆنی تایبەت بە مێژووی کوردو کوردستانە بەڵام نابێ لە هەموو بوارێکدا پشتی پێ ببەستین و لە قەبارەی خۆی گەورەتری بکەین. هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد شەرەفنامە زیاتر تۆماری جینیالۆجیایی بنەماڵەی میرە کوردەکانە بۆیە نابێ چاوەڕوانیی زیاتری لێبکەین. شەرەفخانی بەدلیسی خۆی زۆر ئاگاداری باری ڕۆشنبیریو بە تایبەت مێژووی ئەدەب لە کوردستان نەبووە، جا چ ئەدەبی عەرەبی یاخود کوردی. بەڵام وای بەدەرخستووە کە کورد لە بواری ئەدەب و هونەر بەرهەمێکی وای نیە بۆیە دەڵێت: "... ئەو بەهرە و توانایانەی لە چەشنی شیعر و داڕشتن و خۆشنووسی  کە لە کۆشك و دەرباری ئێران و تۆران بەدی دەکرێت و هۆکارێکن بۆنزیکبوونەوە لە دەسەڵات، لای کورد نابینرێت[1].

شەرەفخان لە ساڵی (١٤٥٣) لە جەرگەی ئێران و نزیك شاری (قوم) لەدایك بووە، لە ئێران خوێندوویەتی، بۆ ماوەیەکی زۆر حاکمی شوێنە جیاجیاکانی بووە، وەك (شێروان و نەخچەوان و هەمەدان). لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا هاتۆتەوە کوردستان و بووەتە هاوپەیمانی عوسمانیەکان و زۆربەی کات خەریکی بەڕێوەبردنی شەڕ لە دژی سەفەویەکان بووە. ئەو لە (٩٨٨ك=١٥٨٠م) هاتەوە بۆ کوردستان و لە (١٠٠٥ ك=١٥٩٦م)شەرەفنامەی تەواو کردووە، واتە (١٧) ساڵ لە کوردستان بووە کە زۆربەی کاتەکە خەریکی شەڕو بەڕێوەبردنی کاروباری ئیمارەتی بەتلیس بووە[2]. دەتوانین بڵێین شەرەفخان لەو پلە زانستی و پسپۆرییە نەبووە کە بڕیارێکی وا لەسەر ئەدەبی

---

[1] شرفنامه– امیر شرفخان بدلیسی – محمد عباسی, ص٢٧ – ٢٨.

[2] مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا – د. شەمسی محەمەد ئەسکەندەر: و: شوکور مستەفا, هەولێر, ١٩٩٨، ل ٢٤ – ٢٩.

کوردی بدات، هۆیەکەشی بە ڕەچاوکردنی زانیاریەکانی سەرەوە لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکەینەوە:

١- بناغەی ڕۆشنبیری شەرەفخان ئێرانی و فارسی بووە، بە ئاگاداربوونیشی لە ئەدەبە فراوان و دەوڵەمەندەکەی فارس بەرهەمی لای کوردی لە پلەیەکی شیاو نەزانیوە.

٢- دەرفەتی نەبووە بە تێروتەسەلی لەگشت لایەنەکانی مێژووی کوردو کوردستان قوڵ بێتەوە (بەتایبەت لە ئەدەبدا).

٣- لە بواری بەرهەمی کوردەکانی کوردستانی باکوور، وەك ئامەد و جزیرە کە بە عەرەبی نووسراون ئاگاداری نەبووە، ئەگینا سەرچاوەی کۆنی مێژوویی پڕی ناوی ئەو کەسانەن کە نازناوی (ئامەدیو جزیری)یان هەیە.

٤- چوارچێوەی کاری شەرەفخان زیاتر بنەماڵەی میرە کوردەکان و عەشیەرەتەکان بووە. وەدەستخستنی (شەجەرەنامە)و کورتەیەك لە ژیانی بنەماڵەی میرو سەرۆك هۆزەکانیش بۆ ئەو سەردەم کارێکی ئەستەم نەبووە، بەلاَم لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەب دەرفەت و کاری زیاتری گەرەکە کە لە توانای شەرەفخاندا نەبووە، وێرای ئەمەش لە وتەکەی سەرەوەی، وا دەردەکەوێ کە ئەو تەنانەت بۆ دۆزینەوەی شیعریش هەر چاوی لە کۆشك و دیوانی میرەکان گێڕاوەو لای ئەو شیعر ئامرازێکە بۆ پەسندان و خۆ نزیك خستنەوە لە میر.

تاکە سەرچاوەی زانیاریمان لەسەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی لە کرمانجی سەروو ئەو کەشکۆل و دەستنووسانەن کە دۆزراونەتەوە. ئەگەر ئەمڕۆ لەم بەشەی مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی (مەلای جزیری) زیاتر لە هەموویان دەگەشێتەوە، هۆیەکەی تەنیا پلەی بەرزی شیعرەکانی نیە، بەڵکو بەختی لەوە هەبووە کە دەستنووسەکانی دیوانی پێمان گەیشتووە. (ئەولیا چەلەبی) ناوی چەند شاعیرێکی بەتلیسی دێنێت و ئاماژە بە ناوی (گەنجی چەلەبی) دەکات و دەڵێت: دیوانەکەی هێندەی (خەمسەی نیزامی) بووە[1]. جا ئەگەر ئەم شاعیرە ئیمڕۆ ناوی نیە، نیشانەی ئەوەیە کە بەخت و شانسی نەبووە کە دیوانەکەی بە ئێمە بگات نەك کەم بایەخی شیعرەکانی. لە دەڤەری جزیرەشدا وەکو زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست، سەرەتا ئەدەب بە

[1] کورد لە مێژووی دراوسێکاندا – سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل ١١٣.

زمانی عەرەبی بووە، بەڵام دوور نیە هەر ئەوانەی کە شیعری عەرەبیان هەبووە، خۆیان لە شیعری کوردیشدا تاقی کردبێتەوە. دەڤەری جزیرەو میافارقین و ئامەد لە سەردەمی دۆستەکیدا لانکەی شاعیران بووەو شاعیران لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردووەو دەستەڵاتداریی دەڤەرەکەش گرنگی پێداون و خەڵاتی کردوون[1]. هەر لەم دەڤەرەدا ڕەخنەی ئەدەبیش سەری هەڵداوە (حسين بن علی بن حسن ابو القاسم المغربی –٤١٨ك=١٠٢٧م، مردووە) کە وەزیری (ئەمیر نەسر دەولەی مەروانی) بووە، جیا لەوەی کە شاعیر بووە چەند بەرهەمێکی لە بارەی ئەدەب هەیە وەك (ادب الخواص)، (المأثور في ملح الخدور) و (الانياس)[2].

بەڵام لە بارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی لە کرمانجی سەروو دەتوانین بڵێین تاکو ئەم دواییە، هەر شیعرەکانی (حەریری و جزیری و فەقێی تەیران) وەکو سەرەتای ئەدەبی ئەم دەڤەرە لەبەر دەست بووەو (عەلی حەریری) بە کۆنترین شاعیری ئەم دیالێکتە دانراوە، کە ئەویش لە سەردەمی جزیری بووە، گوایە لەو بەتەمەنتر بووە[3]. بەڵام (ئەنوەر مائی) لە ساڵی ١٩٦١ ناوی (عبدالصمد بابك)ی خستە مەیدان و دەڵێ: (٦) شیعری ئەوی لە کەشکۆلێکدا بینیوەو دواتر ناوی ئەم شاعیرەی لە (وفيات الاعيان)ی (ابن خلكان)دا بەرچاو کەوتووە کە تیایدا هاتووە کەوا ئەم شاعیرە لە کوردەکانی هەکارییەو شیعری کوردیشی هەیە[4]. (ابن بابك) لە ساڵی (٣٦٢ك=٩٧٢م) لە دایك بووە، لە ساڵی (٤١٠ك=١٠١٩م) مردووە. جیا لە (وفيات الاعيان) ناوی (عبدالصمد بابك) لە چەندین بەرهەمی دیکەش دەبینرێت، کە هەندێکیان زۆر کۆنترن لەم سەرچاوەیە ئەم سەرچاوانەش ئەمانەن: (النجوم الزاهرة) ی (جمال الدين اتابكي)[5] و (شذرات الذهب في اخبار من الذهب) ی (ابو فلاح الحنبلي) کە نووسەری ئەم بەرهەمە لە (١٠٨٩ك=١٦٧٨م) مردووە[6]. بەڵام کۆنترین سەرچاوە کە ئاماژەی بە (عبدالصمد بابك) کردووەو لە

---

(1) تاريخ الفارقي، ص ١٤٣ – ١٤٤.

(2) الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر، ص.

(3) ديوانا كرمانجي – عبدالرقيب يوسف، مطبعة الآداب, چ١, نجف, ١٩٧١, ل ٤ – ٥.

(4) هۆزانڤانێت كورد – صادق بهاءالدين، ل ١٨.

(5) النجوم الزاهرة – جمال الدين ابي المحاسن يوسف بن تغري بردى الاتابكي, ج ٤, دار الكتب المصرية, قاهرة, ١٩٣٣، ص ٢٤٥.

(6) شذرات الذهب في اخبار الذهب – ابي الفلاح عبدالحي بن العماد الحنبلي, ج٢, بيروت, ص ١٩١.

(وفيات الاعيان)يش كۆنترەو بۆ سەردەمی خودی (ابن بابك) دەگەڕێتەوە، كتێبەكەی (ابي منصور الثعالبي النيسابوري)یە بەناوی (يتيمة الدهر في محاسن اهل العصر)، نووسەری ئەم كتێبە لە (٤٢٩ك=١٠٣٧م) مردووە واتا (١٩) ساڵ دوای (ابن بابك). لەم كتێبەدا دووجار ئاماژە بە ناوی ئەم شاعیرە كراوەو بە شاعیرێكی خەڵكی عێراق ناوی بردراوە[1]. لەم سەرچاوانە وا بەدیار دەكەوێ كە (ابن بابك) شاعیرێكی بەناوبانگ بووەو زۆربەی لەناو كۆشك و تەلاری دەسەڵاتداران كاتی بەسەر بردووەو شیعرەكانی زیاتر پیاهەڵگوتن و پەسندان بووە. هەر ئەمەشە كە ناوی خستۆتە ناو ئەم كتێبانە، شیعرێكی ئەم شاعیرە لە وەسفی بەهار لای (صادق بهاء الدين) بلاوكراوەتەوە[2]، سەلماندنی ئەم شیعرە وەكو تێكستێكی كۆن كە دەشێ بە یەكەم تێكستی ئەدەبی كوردیش دابنرێ پێویستی بە توێژینەوەیەكی شێوازناسی هەیە، بەڵام وێڕای ئەمەش بوونی ئەم چەند پارچە شیعرەش بەڵگەن بۆ ئەوەی كە شیعری كلاسیكی كوردی لە كرمانجی سەروو پێشینەیەكی كۆنی هەیەو جزیری لەسەر بنیاتی ئەم پێشینەیە پێگەیشتووە.

## سەرچاوەی ڕۆشنبیری جزیری:

جزیریی سۆفی و مەلاو شاعیر، سەرچاوەكانی ڕۆشنبیریی دەبێ زانستی ئایین، سۆفیگەری و ئەدەبیات بێت، كورد بوونیشی وا دەخوازێت كە فۆلكلۆرو كەلتوری كوردیش بەشێكی گرنگی سەرچاوەی هزرو بۆچوونەكانی بێت. جیا لەمانەش جزیری لە (منطق) و فەلسەفەو ئەستێرە ناسیشدا شارەزایی هەبووە كە نیشانەی فراوانیی سەرچاوەكانی خوێندنی ئەم شاعیرەن. لە بواری ئەدەبیشدا جزیری لەژێر كاریگەریی ئەدەبی كوردی پێش خۆی، ئەدەبی فارسی و عەرەبی و لەوانەیە تا ڕادەیەكیش ئەدەبی توركی بێت. سادق بەهائەدین ڕای وایە كە كاریگەری ئەدەب و زمانی عەرەبی لە سەر كوردی زۆر زیاترە لە كاریگەری ئەدەب و زمانی فارسی، بەتایبەت لای وایە كە جزیری

---

[1] يتيمة الدهر في محاسن اهل العصر – ابي منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل الثعاليي النيسابوری – تحقيق: محمد محي الدين عبدالمجيد, ج٣, دار الفكر, ط٢, بيروت, ١٩٧٣، ص ١٢٥و ٢٢٩.

[2] هۆزانڤانێت كورد – صادق بهاء الدين, ل

که لەسەر کێشی عەروز شیعرەکانی داناوە ، لەژێر کاریگەریی ئەدەبی عەربی بووە[1].
بەڵام بە وردبوونەوە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بۆمان دەردەکەوێ کە کاریگەریی زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی زیاترە لە کاریگەریی زمان و ئەدەبی عەرەبی، تەنانەت زۆر لە ڕەگەزەکانی ئەدەبی عەرەبی لە ڕێگەی ئەدەبی فارسیەوە هاتۆنەتە ناو شیعری کوردی. ئەم چەند خاڵەی ژێرەوە سەلمێنەری ئەم بۆچوونەمانن:

١- شاعیرە کلاسیکەکانی کورد بە دیتنی پلەی بەرزی ئەدەبی فارسی وێڕای دانانی شیعر بە فارسی و تاقیکردنەوەی خۆیان لەم بوارەدا، بە پاڵنەری هەستی نەتەوەیی هەوڵیانداوە بە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی فارسی ئەم ئەزموونە بگوازنەوە ناو ئەدەبی کوردی.

٢- زمان و ئەدەبی فارسی لە حوجرەی مزگەوتەکاندا ببوو بە وانەیەکی سەرەکی و شیعرەکانی (سەعدی و حافز) پایەیێکی بەرزیان هەبوو و گەیشتبوونە پلەی پیرۆزی، هەروەها هەندێ لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی (نیزامی گەنجەوی، جەلالەدینی ڕۆمی، عەتتارو جامی)یان دەخوێند[2]. شاعیرانی کوردیش هەر ناوی ئەم شاعیرانەیان لە بەرهەمەکانیان هێناوە نەك شاعیرە عەرەبەکان، کەواتە پێشینەی زانیاریی ئەدەبیان فارسی بووە.

٣- زمانی فارسی تا ماوەیەکی زۆر زمانی ڕەسمی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان بووە، تەنانەت لەو کاتەی کە لە سەردەمی جزیری، سەفەویەکان لەناو دام و دەزگاکانیان پەرەیان بە بەکارهێنانی زمانی تورکی دەدا، زمانی ڕەسمیی دەرباری عوسمانی فارسی بووە[3]. بۆیە ئاساییە لە بارێکی ئەوهادا کاریگەریی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردیش بەڕادەیەکی زۆر بێت.

٤- لەڕووی نەژادو زمانەوە فارس و کورد نزیکن، بۆیە کاریگەری لەیەکتر وەرگرتنیان ئاسانترە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٨.

[2] مێژووی ئەدەبی کوردی – د. مارف خەزنەدار، ل ٦٦.

[3] مختصری در تاریخ تحول نظم و نثر پارسی – د. ذبیح الله صفا, چ ١٥, نشر ققنوس, تهران, ١٣٧٧، ص ٧٦.

٥- بەشێکی زۆری ئـەدەبیاتی کلاسیکی فارسـی بەتایبـەت (سـەبکی عێراقـی) ئـەدەبی سـۆفیزمییە، بـەهاتنی سـۆفیگەری بـۆ کوردسـتان ، ئەدەبەکـەی کاریگـەریی خـۆی نواند، یەکێ لەو شاعیرانەی کە کاریگەریی لەسـەر جزیـری هەیـەو ناویشـی دێنێـت (مەولانا عبدالرحمن جامی)یە، کە خەلیفەیەکی تەریقەتی نەقشەبەندی بووە[1].

٦- بەشـێکی زۆری واژەو دەسـتەواژەو تەنانــەت وێنــەی شـیعری کـوردی لـە شـیعری فارسـیەوە هـاتووە[2]، تەنانــەت زۆر واژەی عــەرەبی لــە چەشــنی فارســەکان بەکارهێنراون نەك عەرەبەکان، چونکە فارسەکان زۆر وشەی عەرەبیان بەشێوەیەك گۆڕیوە کە واتایەکی دیکەی دوور لە واتا عەرەبیە باوەکەی بە دەستەوە دەدات.

جیا لەو خالانەی سەرەوە چەندەها بەلگەی دیکە هەن کە تا ڕادەیەکی زۆر، ئـەدەبی کـوردی لـەژێر کاریگـەری ئـەدەبی فارسـی بـووە. ئەمـە ڕاسـتیەکی حاشـا هەلنـەگرە کـە زانینی فارسی بـۆ خوێنـدەوارێکی کورد پێویسـتیەکی پلـە یـەك بـووە، ئـەولیا چـەلەبی کـاتی سـەردانی قوتابخانــەکانی وان دەکـات بــە سـەر سـوڕمانەوە دەبینێـت قوتابیـە ئەبجەدخوێنەکان زۆر بە جوانی وانەی فارسی دەخوێننەوە[3].

بـەم پێیـە دەتـوانین بـە دلنیاییـەوە بلێین کـە شـاعیرانی کلاسیکی کـورد لەوانـەش جزیری لەژێر کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی ئەدەبی فارسیدا بوونەو هەنـدێکیان شیعریان بە فارسی دانـاوەو هەنـدێکیان بـەرگێکی کوردیـان بەسـەر بابەتـە شـیعریە فارسـیەکاندا گرتـووە، واتـە کـارێکی لـە چەشـنی وەرگێڕانیـان کـردووەو هەندێکیشـیان هـەنگاوێکیان زیاتر هاویشتووەو بەرەو سەربەخۆیی لە داهێناندا ڕۆیشتوون.

---

[1] شـاعیرانی کـوردو ئـەدەبیاتی فارسـی - د. ئـەمین عـەلی موتابچـی, گۆڤـاری کـۆلیجی ئەدەبیات,زانستگای بەغدا,ژ ١٦, ١٩٧٣، ص١٣.

[2] تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئـەدەبی کـوردی – د. محەمـەد محەمـەد نـوری عـارف, گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات, بەغدا, ژ ١٨, ١٩٧٤، ص٧٣.

[3] کورد لە مێژووی دراوسێکاندا – سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل ٢١٢.

**جزیری و ئەدەبی فارسی:**

لەسەردەمی ژیانی جزیریدا لە ئێرانی سەردەمی (سەفەوی)، شێوازی هندی نەش و نومای دەکرد، بەناوبانگترین نوێنەری ئەم شێوازە لە ئێران سائیبی تەبریزی (١٦٠٧–١٦٧٠م) بووە کە هاوسەردەمی جزیرییە، بۆیە زۆر ئەستەمە بەهۆی بارگرژی نێوان ئێران و عوسمانییەکان لەلایەك و شیعەبوونی (سائیب) لەلایەکی دیکە، دیوانە گەورەکەی (سائیب) وا زوو گەیشتبێتە کوردستان. بەم پێیە بە دووری دەبینین جزیری پەیوەندیی بەو شێوازەوە هەبێت. جزیری زیاتر لەژێر کاریگەری (سەبکی عێراقی)و بەتایبەتی دوو نوێنەری بەرجەستەو سەرەکیی ئەم شێوازە، واتە (حافزو سەعدی) بووە، لە گەڵ ئەوەی کە دەزانین دیوانی ئەم دوو شاعیرە وانەی ڕەسمیی قوتابخانە ئایینیەکان بوونەو لە گشت سوچێکی کوردستاندا دەست دەکەوتن. وا دەردەکەوێ کە جزیری تەنیا شارەزای شێوازی (عێراقی) نەبووە چونکە ناوی (فەرووخی)، کە شاعیرێکی بەناوبانگی شێوازی خوراسانییە دێنێت[١]. (فەرووخی) لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە بە پێشەنگی ئەو شاعیرانە دادەنرێت کە شیعریان بە (سهل و ممتنع) ناوی دەرکردووە[٢]. (سەعدی شیرازیش) هەر بەم تایبەتمەندیە ناودارە واتا شیعرەکانی (سهل و ممتنع)ن. لەوانەیە هەر ئەم تایبەتمەندییە بێت کە جزیریی بەرەو لای (فەرووخی) ڕاکێشا بێت.

ناو هێنانی شاعیرانی فارسی لای جزیری، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە دیوانی ئەم شاعیرانەی خوێندۆتەوەو دوور نیە دیوانی زۆر شاعیری دیکەشی خوێندۆتەوەو ناوی نەهێناون. شیعری ئەو شاعیرانە ئاوێتەی مێشکی جزیری بووەو لەوانەیە سەدان بەیتە شیعری فارسیی لەبەربوو بێت، بۆیە پاشخانێکی (ڕۆشنبیری - ئەدەبی) فارسیی لە مێشکیدا گەڵاڵە بووە، جا لەکاتی هۆنینەوەی شیعرەکانیدا،خواستە یان نەخواستە، زاراوەو بیرۆکەی ئەم شاعیرانە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە[٣].

---

(١) حافز لە شیعری کوردیدا – د. ئەمین عەلی موتابچی, گۆڤاری کۆڕی زانیاری, دەستەی کورد, – ب ٢٠, ١٩٨٩، ل ٦٧.

(٢) گنج سخن – د. ذبيح الله صفا، ص ١٥٣.

(٣) کاریگەری سەعدی لە شیعرەکانی مەلای جزیریدا – سالار عزیز محمود,نامەی ماجستێر, زانکۆی سەلاحەددین, ١٩٩٩،ل ١٧.

سۆفیگەری و (مەزهەب)یش زیاتر جزیریی بەرەو سەبکی عێراقی ڕاکێشاوە چونکە (تصوف) بابەتی سەرەکی لە سەبکی عێراقی بووە، جیا لەوەی کە کەڵە شاعیرانی ئەم سەبکە زۆربەیان پێشەنگی تەریقەتە جیاجیاکانی سۆفیگەری بوونەو مەزهەبیشیان سوونی بووە. لە کاتێکدا کە دەڵێین کوردو فارس بەهۆی (زمان و نەژاد) لێك نزیکن، کوردێکی وەك جزیری بەهۆی (مەزهەب) لە (حافز) کە لەسەردەمی خۆی نیە نزیکترە تا فارسێکی شیعەی سەردەمی خۆی.

# بەشی دووەم

## شێوازی جزیری لە ئاستی زماندا
**(Literally Level)**

# ئاستی زمان (Literally Level)

تایبەتمەندییە شێوازیەکان لە ئاستی زماندا، سێ تەوەرەی سەرەکی دەگرنەخۆ، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. ئاستی دەنگ یاخود مۆزیکال.

٢. ئاستی وشە یاخود لێکسیکال.

٣. ئاستی ڕستە یاخو سینتاکسیکال.

دیارترین تایبەتمەندییە شێوازیەکانی شێوازی جزیری لە هەردوو ئاستی مۆزیکال و لێکسیکالن. بەتایبەتی لەلایەنی مۆسیقییەوە، شێوازی جزیری خۆی بەرجەستەتر دەنوێنێت. مۆسیقا تەواو باڵی بەسەر غەزەلەکانی جزیریدا کێشاوە. ئەم دیاردەیەش لە ئاستێکدایە کە  دەتوانین جزیری لە شاعیرێکی وەکو (جەلال الدینی ڕۆمی) بچوێنین کە ئەم شاعیرەش شارەزای  مۆسیقا بووە.

لە ئاستی وشەشدا، دیاردەی زۆر سەرنج ڕاکێش لای جزیری هەن، بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ (کار) و بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و ڕێژەی وشەی بێگانە.بەڵام لە ئاستی ڕستەدا دیاردە شێوازییەکان لای جزیری زۆر بەرچاو نین. بە شێوەیەکی گشتی لە بواری شیعردا تایبەتمەندییە ڕستەییەکان کەمتر جێگەی سەرنجن، چونکە لە بنەڕەتدا شیعر تێکدانی شیرازەی ئاسایی ڕستەیە، کەچی لە بواری پەخشاندا ئەم ئاستە زیاتر بەرجەستە دەکرێ. لە لێکۆڵینەوەی شێوازناسیدا بازنەی ئاستی لیکسیکال فراوانترە لە ئاستەکانی دیکە هەروەکو ئۆلمەن دەڵێت: "مەودای هەڵبژاردە دەنگی و ڕستەییەکان زۆر بەرتەسکترە لە هەڵبژاردە وشەییەکان، بۆیە لە لێکۆڵینەوەی شێوازی تاکەکەسی ئەم لایەنە کاریگەرترە"(١). لێرەدا تایبەتمەندییە شێوازییەکانی (Style Markers) شیعری جزیری لە هەر دوو بواری مۆزیکال و لیکسیکال دەخەینەڕوو:

---

(١) كليات سبك شناسى – شميسا، ص ١١٧.

## ١- ئاستی دەنگ (Stylistics of sound) یاخود (Musical):

ڤۆلتێر (Voltaire) دەڵێ: "شیعر مۆسیقای روحی گەورەو هەستیارە"[١]. هەموو کاتێ شاعیرانی گەورەی خاوەن روحی گەورە، گەورەترین شەیدایانی مۆسیقا بوونە، شیعریش خستنە ڕووی لایەنی مۆسیقای زمانە[٢]. بۆیە روحی کەونی و گەورەی سۆفیانەی جزیریش ناتوانێ لەم مۆسیقایە واتە (شیعر) بێبەش بێت و بەردەوام ئەم روحە گەورەیە لەگەڵ مۆسیقای شیعریی یاخود شیعرە مۆزیکالەکانی لە سەمادایە. ئەم مۆسیقایەش تەنیا مۆسیقایەکی ڕووت نیە، بەڵکو هەڵقوڵاوی واتا و چەمکی زۆر گەورەیە، چونکە مۆسیقای بەرز هاوتەریبی واتای بەرزە لە شیعردا، هەروەکو (تی. ئێس. ئەلیوت) دەڵێ: "مۆسیقای شیعر شتێکی جیا لە واتا نییە، چونکە گەر وابوایە، دەکرا شیعری وا دەسکەوێت کە لەلایەنی مۆسیقییەوە زۆر جوان و بەرز بن بە بێ ئەوەی هیچ مانایەکیان هەبێت، کە خۆم شیعری لەم چەشنەم نەبینیوە"[٣]. بەڵام لەبارەی جزیرییەوە زێدەڕۆیی نییە گەر بوترێت هەندێ جار مۆسیقای شیعرەکەی پێش واتاکەی کەوتووەو دوور نیە لە چەشنی (ڤالیری) ئیقاعی هەندێ شیعری جزیری، لای شاعیر پێش وشەکانی خوڵقابن[٤].

پەیوەندی جزیری بە مۆسیقاوە لە ئاستێکدابووە کە لەناو خەڵکدا چووەتە قالبی ئەفسانە[*]. ئەم ئەفسانانە ئەگەرچی ڕاستیش نەبن بەڵام ئاماژەیەکە بۆ پەیوەندی مەلای جزیری بە سەماو مۆسیقایەوە. سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە کاریگەریەکی زۆریان هەبووە تاکو مۆسیقای شیعری جزیری لەو ئاستە بێت:

---

[١] یادداشتها و اندیشەها – د. عبالحسین زرین کوب، ص ٤٧.

[٢] موسیقی شعر – شفیعی کدکنی، ص ٣٨٩.

[٣] برگزیدەی اپار در قلم و نقد ادبی – تی. اس. الیوت – ترجمە: د. سەعید محەمەد دامادی، انتشارات علمی، چ١، ١٣٧٥،تهران، ص ١٤٣.

[٤] علم الاسلوب – د. صلاح فچل، ص ١٠٦.

[*] هەروەکو دەگێڕنەوە گوایە جزیری لە مزگەوت بووەو پێشنوێژی بۆ چەند کەسێك کردووە، بەڵام لە ناکاو دەنگی دەهۆڵ و زۆڕنا لەنزیك مزگەوتەکەوە دێت، مەلاش نوێژەکەی تەواو ناکات و بەهەڵەداوان خۆی دەگەیەنێتە ناو شاییەکەو دوای تەواوبوونی شایی و سەما دەگەڕێتەوە بۆ مزگەوت و نوێژەکەی تەواو دەکات، خەڵکەکە ڕەخنەی لێ دەگرن و لەهۆی ئەم ڕەفتارەی دەپرسن، ئەویش وەڵام دەداتەوە کە نوێژ (قەزا) دەکرێت بەڵام شاییەکە ناگەڕێتەوە..بڕوانە: هۆزانڤانێت کورد– صادق بهاءالدین ئامێدی، ل١٠٩–١١٠.

١- سروشتی کوردستان و بەدەرکەوتنی تەواوی هەر چوار وەرزو گۆڕانی بەردەوام لە ژینگەی مرۆڤی کورد هۆیەکە بۆ فرەجۆری موسیقاو هەڵپەڕکێی کوردی[1]، ئەم گۆڕان و فرەجۆریە لە مۆسیقای شیعریشدا بەدی دەکرێو جزیریش لەم کاریگەریە بەدەر نیە.

٢- جزیری شاعیرێکی (کەونی)یەو بەگیان لەناو هەموو گێتیدا تەراتێن دەکات. (اخوان الصفا) و بەر لەوانیش هزرڤانانی گریك ئاماژەیان بەوە کردووە کەوا پەیوەندییەکانی ناو گێتی هارمۆنیەکی جیهانی پێك دێنن[2]. جزیریی شاعیریش تەواو ئاوێتەی ئەم هارمۆنییە بووەو ئیقاعی ئەم هارمۆنییەی جیهان لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە.

٣- چۆن مۆسیقا لە کۆڕی زیکرو سەماو جەزبەی سۆفیەکان جیا نابێتەوە ئاوهاش لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری جیانابێتەوە، هەر لەم ڕوانگەشەوە شیعری جزیری کە بەشێکە لە ئەدەبی سۆفیگەری، مۆسیقا بە تەواوی باڵی بەسەردا کێشاوە.

جیا لەلایەنی کێش و دەنگەکان، جزیری زۆر ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە ئامرازو جۆرەکانی مۆسیقا و ناوەکانی پەیوەست بە مۆسیقا داوە، کە ئەمەش شارەزایی ئەو لە بواری مۆسیقادا بەدەردەخات. لە شیعرەکانی جزیریدا زیاتر لە (٢٢٣) ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە مۆسیقا بەدی دەکرێ کە لەم خشتەی ژێرەوەدا دەستنیشان کراون:

---

[1] کرد در دائرەالمعارف اسلام – اسماعیل فتاح قاچی، انتشارات صلاح الدین ئەیوبی، چ ١، ١٣٦٧، ارومیە، ص ١٦٠ – ١٦١.

[2] مۆسیقی شعر – شفیعی کدکنی، ص ٣٣١.

| ناو – وشە (ئامازە) | فریکوانس | ناو – وشە (ئامازە) | فریکوانس |
|---|---|---|---|
| ئەرغەنون | ٢ جار | قانوون (مۆسیقا) | ٧ جار |
| چەنگ | ٢٦ جار | نەی (١٩) نای (١٧) | ٣٦ جار |
| دەف | ١٤ جار | پەردە (مۆسیقا) | ١ جار |
| رەباب | ٤ جار | ئەوتار | ١ جار |
| زاز (ساز) | ٣ جار | ئاواز | ٧ جار |
| ژە (زە) (تار و وەتەر) | ٤ جار | ئاهەنگ | ٢ جار |
| ساز | ٢٠ جار | سروود | ١ جار |
| طەنبور | ١ جار | نەوا | ٥ جار |
| طەبلخانە | ١ جار | نەغمە | ٧ جار |
| عود | ٢ جار | موغنی | ٥ جار |
| سێ گاه (دەستگاه) | ١ جار | موطرب | ٧ جار |
| شەباب (دەستگاه) | ١ جار | چەرخ (رەقص) | ٢ جار |
| سەما | ٤١ جار | گۆڤەند | ٢ جار |
| رەقص | ٢٢ جار | | |

ئەم ئامازە مۆسیقیانەی سەرەوە، تەنیا لەبۆتەی وشەو ئاخاوتن و وەرگرتن لە شاعیرانی دیکە نیە، بەڵکو ئەم ڕێژە زۆرەی ئامازەکان نیشانەی شارەزایی و بەکردەوە ئاوێتەبوونی جزیرییە لەگەڵ مۆسیقا. ئامێرە مۆسیقیەکانیش لە دەڤەری جزیرەو دووروبەری لە کۆنەوە هەبوونە و تەنانەت لە سەردەمی دۆستەکییەکاندا ئامرازی وەکو: (عود، تەنبور، صنج، رەباب، قانون، نای...هتد) بینراون[1].

[1] الدولة الدوستكية – عبدالرقيب يوسف، ج ٢، ص ١٥٦.

## تایبەتمەندیی کێشی شیعری جزیری

مامەڵەی جزیری لەگەڵ کێشی عەروزی مامەڵەیەکی تایبەتە، ئەگەرچی زۆربەی کێشەکانی درێژن و لە (٨) تەفعیلە پێك دێن بەڵام، کێشەکان خۆیان سوك و خێران و لەکاتی خوێندنەوەدا پچڕان و وەستان کەمتر بەدی دەکرێ. واتە کێشەکان بزۆزن و ئەو مەزندەیە دەکرێت کە ئەم شیعرانە بەڕاستی بۆ ئاوازو خوێندنەوە لەگەڵ مۆسیقاو سەمای سۆفیانە داڕێژراون. خێرایی و بەردەوامی تەفعیلەکان جوڵەی لەش و پشووهەڵکێشانی خێرای گەرەکە کە ئەمانەش زەمینەن بۆ کەوتنە ناو داوی جەزبەی سۆفیانە. خۆش ئاوازترینی کێشەکانی عەروز کێشی رەمەلە (بە تایبەتیش رەمەلی مەخبون)، جزیریش زۆرینەی شیعرەکانی لەسەر کێشی رەمەلی مەخبوونە. لای فارسەکانیش (حافظ و جەلالەددینی رۆمی) کە خۆش ئاوازترین شیعری فارسیان هەیە زۆربەی کێشەکانیان رەمەلە[١]. ئەمە لەکاتێکدایە کە چ لای کوردەکان[٢]و چ لای فارسەکانیش بەشێوەیەکی گشتی کێشی هەزەج زیاترین بەکارهێنانی هەیەو لە ئامارەکاندا بە پلەی یەك دێن[٣]. کەواتە چ لەلای جزیریو چ لەلای (حافظ و مەولانای رۆمی) بەکارهێنانی کێشەی رەمەل دیاردەیەکی شێوازییە. ئەم خشتەیەی خوارەوە جۆری کێش و رێژەیان لای جزیری پیشان دەدات:

---

[١] اشنایی با عروض و قافیه – د.سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چ ١٢، تهران، ١٣٧٥، ص ٢٧.

[٢] ئامارێکی بڵاونەکراوەی د. عەزیز گەردی.

[٣] سیر غزل در شعر فارسی، د. سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چ٥، تهران، ١٣٧٦، ص ٢٢٩.

| فریکوانس | گروپی کێشی ڕەمەل / ٦٩ جار |
|---|---|
| ١ جار | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن<br>ڕەمەلی هەشتی تەواو |
| ١١ جار | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن<br>ڕەمەلی هەشتی مەحزوف |
| ٤ جار | فاعلاتن فاعلاتن فاعلن<br>ڕەمەلی شەش مەحزوف |
| ٧ جار | فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلاتن<br>ڕەمەلی هەشتی مەخبون |
| ١٢ جار | فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن<br>ڕەمەلەی هەشتی مەخبوون مەحزوف |
| ٣ جار | فعلاتن فعلاتن فعلن<br>ڕەمەلی شەشی مەخبون مەحزوف |
| ٩ جار | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان<br>ڕەمەلی هەشتی مەقسور |
| ١٢ جار | فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان<br>ڕەمەلی هەشتی مەخبون مەقسور |
| ٤ جار | فعلاتن فعلاتن فعلان<br>ڕەمەلی شەشی مەخبون مەقسور |
| ١ جار | فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن<br>ڕەمەلی هەشتی مەخبون ئەسلەم |
| ١ جار | فعلاتن فعلاتن فع لن<br>ڕەمەلی شەشی مەخبون ئەسلەم |
| ١ جار | فعلاتن فعلاتن فع لان<br>ڕەمەلی شەشی مەخبون ئەسلەم موسەببەغ |
| ١ جار | فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن<br>ڕەمەلی هەشتی مەشکول |

| گروپی کێشی هەزەج / ٤٣ جار | فریکوانس |
| --- | --- |
| مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن<br>هەزەجی هەشتی تەواو | ١٠ جار |
| مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان<br>هەزەجی هەشتی موسەببەغ | ١ جار |
| مفاعیلن مفاعیلن فعولن<br>هەزەجی شەشی مەحزوف | ١ جار |
| مفاعیلن مفاعیلن فعولان<br>هەزەجی شەشی مەقسور | ١ جار |
| مفعول مفاعلن فعولان<br>هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبوزی مەقسور | ٢ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف | ١٣ جار (*) |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسور | ٤ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعل<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەجبوب | ٤ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیلن فع<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی ئەبتەر | ٤ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فع<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی ئەبتەر | ١ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعول<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی ئەهتەم | ١ جار |
| مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن × ٣<br>هەزەجی ٩ تەفعیلە، بەیتی کوردی(*) | ١ جار |

(*) یەك لەو غەزەلانە لە جۆری (موستەزادە).

(*) وتوویژی مەلاو میر عیمادەدین.

| فریکوانس | گروپی کێشی ڕەجەز / ٣٨ جار |
|---|---|
| ٢٤ جار | مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن<br>ڕەجەزی هەشتی تەواو |
| ٨ جار | مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان<br>ڕەجەزی هەشتی موزال |
| ١ جار | مستفعلن مستفعلن مستفعلن مفتعلن<br>ڕەجەزی هەشتی مەطوی |
| ٢ جار | مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن<br>ڕەجەزی هەشتی مەطوی مەخبون |
| ١ جار | مستفعلاتن مستفعلاتن<br>ڕەجەزی چواری مورەففەل |
| ٢ جار | مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلان<br>ڕەجەزی هەشت مەطوی مەخبوونی موزال |
| **فریکوانس** | **گروپی موزاریع / ٢ جار** |
| ٢ جار | مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن<br>موزاریعی هەشتی ئەخرەب |
| **فریکوانس** | **گروپی کێشی بەسیط / ٣ جار** |
| ٣ جار | مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن<br>پەسیگی مەگوی |
| **فریکوانس** | **سەریع** |
| ٣ جار | مفتعلن مفتعلن فاعلان<br>سەریعی مەطوی مەوقووف |
| **فریکوانس** | **خەفیف** |
| ١ جار | فاعلاتن مفاع لن فع لن<br>خەفیفی مەخبونی ئەسلەم |
| ١ جار | **کێشی پەنجەیی / کوردی**(*) |

(*) وتووێژی مەلاو فەقێی تەیران.

بەشـێوەیەکی گشـتی ڕێـژەی بـەکارهێنانی کـێش لای جزیـری لـەم خشـتەیەی خوارەوەدا چڕدەبێتەوە:

| ڕێژەی سەدی ٪ | فریکوانس | گروپی کێش | ز |
|---|---|---|---|
| ٪٤٣,٣٩ | ٦٩ | رەمەل | ١ |
| ٪٢٧,٠٤ | ٤٣ | هەزەج | ٢ |
| ٪٢٣,٨٩ | ٣٧ | رەجەز | ٣ |
| ٪١,٨ | ٣ | بەسیط | ٤ |
| ٪١,٨ | ٣ | سەریع | ٥ |
| ٪١,٢ | ٢ | موزاریع | ٦ |
| ٪٠,٦٢ | ١ | خەفیف | ٨ |
| ٪٠,٦٢ | ١ | پەنجەیی / کوردی | ٩ |
| ٪٠١٠٠ | ١٥٩ | کۆی گشتی | |

بۆ زیاتر بەدەرکەوتنی سیمای شێوازی جزیری لە بواری کـێش و شـیعردا، پێویسـتە شێوازی کێشی شعری شاعیرانی دیکەی هاوسەردەم یاخود نزیـك لەسـەردەمی جزیـریش لـە دەڤەرەکـەدا بـزانین. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چـۆنیەتی مامەڵـەی فـەقێی تـەیران و ئەحمەدی خانی لەگەڵ کێشی شعر دەخەینەڕوو:

فەقێی تـەیران (٩٧١ - ١٠٥٠ك=١٥٦٣ - ١٦٤٠م) کـە هاوسـەردەمی جزیرییـە، بـەوە نـاوی دەرکردووە کە زۆر گیرۆدەی کێشی عـەروز نـەبووەو لەبۆتـەی کێشـی پەنجـەیی خۆمـاڵی چـالاکتربووە، ئـەو چـەند غەزەلـەی کـە لـەبواری عەروزیشـدا لـەم شـاعیرە بـەجێماون کێشەکانیان سادەن و زیاتر (هەزەج و ڕەجەز)ی تەواون. دەتوانین بـە پـوختی مامەڵەی فەقێ لەگەڵ کێش لەم خشتیەدا پێشان بدەین:

| گروپی کێشی ڕەجەز | فریکوانس |
| --- | --- |
| مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن × ٢<br>ڕەجەزی هەشتی تەواو | ٧ جار |
| **گروپی کێشی هەزەج** | **فریکوانس** |
| مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن × ٢<br>هەزەجی هەشتی تەواو | ٢ جار |
| **گروپی کێشی ڕەمەل** | **فریکوانس** |
| فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢<br>ڕەمەلی هەشتی مەحزوف | ٢ جار |
| **کێشی پەنجەیی** | **فریکوانس** |
| - فەقێ و مەلا<br>- فەقێ و بولبول | ٢ جار |

بەپێی ئەم خشتەیە ڕێژەی بەکارهێنانی کێش لای فەقێ بەم شێوەیەیە:(*)

| کێش | فریکوانس | ڕێژەی سەدی ٪ |
| --- | --- | --- |
| ڕەجەز | ٧ | ٥٣,٨٤ ٪ |
| هەزەج | ٢ | ١٥,٣٨ ٪ |
| ڕەمەل | ٢ | ١٥,٣٨ ٪ |
| پەنجەیی | ٢ | ١٥,٣٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٣ | ١٠٠ ٪ |

(*) بۆ دەرخستنی شیعرەکانی فەقێ سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١. دیوانا فەقێ تەیران – سەعید دێرەشی و پێزانی ئالیخان، پرتا یەکێ،الحوادث، بەغدا، ١٩٨٩،

٢. شێخی صەنعانی فەقێی تەیران – ڕۆدینکۆ، مۆسکۆ، ١٩٦٥ .

٣. بەیتی بەرسیسی عابد– دەستنووسێك لای مامۆستا تەحسین ئیبراهیم دۆسكی.

٤. دیوانی جزیری – تەحسین دۆسکی، هەڵبەستێکی فەقێ لەبارەی مردنی جزیری، ل ٣٥١.

(خانی)ش کە جیلی دوای جزیرییە (١٠٦١ - ١١١٩ ك) مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ کێش هەیە کە فریکوانسی چۆنیەتی بەکارهێنانی بەپێی ئەو غەزەلانەی لەبەردەست دان بەم چەشنەی خوارەوەیە:

| گروپی کێشی هەزەج (١١ جار) | فریکوانس |
| --- | --- |
| مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن × ٢<br>هەزەجی هەشتی تەواو | ٢ جار |
| مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەب | ١ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن(*)<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف | ٣ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسور | ٣ جار |
| مفاعیلن مفاعیلن فعولان<br>هەزەجی شەشی مەقسور | ١ جار |
| مفعول مفاعیل مفاعیل فعل<br>هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەجبوب | ١ جار |
| **گروپی کێشی رەمەل (٧ جار)** | **فریکوانس** |
| فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ×٢<br>رەمەلی هەشتی مەحزوف | ٣ جار |
| فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن × ٢<br>رەمەلی هەشتی مەخبون مەحزوف | ١ جار |
| فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان<br>رەمەلی هەشتی مەقسور | ١ جار |
| فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن<br>رەمەلی هەشتی مەخبون ئەسلەم | ١ جار |

(*) یەك لەم غەزەلانە لە جۆری موستەزادە. بڕوانە: ژ هەلبەسێن ئەحمەدێ خانی،اسماعیل بادی، ل ٣٨.

| | |
|---|---|
| فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان<br>رەمەلی هەشتی مەخبونی ئەسلەمی موسەببەغ | ١ جار |
| **گروپی رەجەز (٣ جار)** | **فریکوانس** |
| مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن<br>رەجەزی هەشتی تەواو | ٢ جار |
| مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلان<br>رەجەزی هەشتی مەطوی مەخبون موزال | ١ جار |
| **گروپی موتەقاریب** | **فریکوانس** |
| فعولن فعولن فعولن فعولن<br>موتەقاریبی هەشتی تەواو | ١ جار |

بەپێی ئەم خشتەی سەروە مامەڵەی خانی لەگەڵ کێشی شیعر بەم ڕێژەیەی ژێـرەوە بەدەردەکەوێت:

| کێش | فریکوانس | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| هەزەج | ١١ | ٥٠ ٪ |
| رەمەل | ٧ | ٣١,٨١ ٪ |
| رەجەز | ٣ | ١٣,٦٣ ٪ |
| موتەقاریب | ١ | ٤,٥ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٢ غەزەل | ١٠٠ ٪ |

بـە بـەراوردکردنی فریکوانسـی بـەکارهێنانی کـێش لەلایـەن هەرسـێ شـاعیر ئـەم ئەنجامانەی خوارەوە دەردەکەون:

١- هەرسێ شاعیر ئەو کێشانەیان بەکارهێناوە کە لە ئـەدەبیاتی کوردی و فارسـیدا بـاوە، واتە دەتوانین بڵێین کـە شـێوازیان زیـاتر کاریگـەرە بـە کێشـی ئـەدەبی فارسـی تـاکو

عەرەبی، چونکە هەزەج و رەمەل و رەجەز ئەو کێشانەن کە لەلای فارسەکان زیاتر بەکارهاتووە تاکو لای عەرەبەکان[1].

٢- هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لە بەکارهێنانی کێشدا، کێشی هەزەج پلەی یەکەمی لە ئەدەبی کوردیدا هەیە. بەڵام لێرەدا تەنیا (خانی) هەزەجی بە پلەی یەکەم بەکارهێناوەو لای جزیری (رەمەل) بە پلەی یەکەم دێت و لای فەقێش (رەجەز)، واتە هەردووکیان لەم بوارەدا، دیاردەیەکی شێوازیان بەدەردەکەوێت و لەرێسا گشتیەکە لایان داوە.

٣- مۆزیکالترین کێشەکان کێشی (رەمەل)ن، چونکە (رەجەز و هەزەج) کێشی سووکن، بەڵام لە (رەمەل)دا جۆرە سەنگینی و وەستانێکی خۆش بەخش بەدی دەکرێت. لە ئەدەبیاتی فارسیشدا خۆش ئاوازترین شیعرەکان شیعری هەردوو شاعیری ناودار (حافظ و جەلالەدینی رۆمی)ن[2]. بۆیە لەبارەی جزیریش دەتوانین بڵێین کە شێوازی مۆزیکالی شیعری جزیری، ئەم دیاردەیەی، واتە رێژەی زۆری بەکارهێنانی کێشی رەمەلی هێناوەتە کایەوە. لەبارەی فەقێی تەیرانیش دەتوانین بڵێین کە کێشی (رەجەز) لەبەر سوکیەکەی نزیکترین کێشە لە کێشی پەنجەیی، بۆیە فەقێی هانداوە بۆ زیاتر بەکارهێنانی، جیا لەمەش ئەم کێشە لەبەرکردنی بەیتە درێژەکانی فەقێی وەك (شێخی سەنعان) و (بەرسیسی عابد) ئاسان دەکات و ئەمەشیان هۆیەکە بۆ لەسەرزارانبوون و پاراستنی ئەم بەیتانە.

٤- لە کێشدا کت و مت لاسایی ئەدەبیاتی فارسی نەکراوەتەوە، بۆیە لەکاتێکدا کە کێشێکی وەك کێشی (خەفیف) لای فارسەکان باوەو تەنانەت (حافظ)یش کە رێژەیەکی بەرچاوی لەم کێشە هەیە[1]، جزیری تەنیا یەك غەزەلی لەسەر ئەم کێشە داناوەو ئیتر توخنی نەکەوتووە.

٥- نیشانەیەکی دیکەی لایەنی مۆزیکالی کێشی شیعری جزیری دیاردەی هێنانی برگەی کەشیدە لە دوابرگەی دوا تەفعیلەی دێرە شیعرە، لە کۆی (١٥٩) پارچە شیعری

---

(١) شعر بی دروغ – عبدالحسین زرین کوب، ص ١٠٧

(٢) اشنايي با عروض وقافية – شميسا،ل ٢٧.

(١) هەمان سەرچاوە،ل ٢٩.

جزیـــری (٤٧) پارچـــه شـــیعری ئـــەم دیاردەیـــەی تیایـــدا بـــەدی دەکرێـــت و دوا تەفعیلەکانی بە قەسر و قەتع و تەسبیغ و تەزییل هاتووە[*].

بڕگەی کەشیدە لە کۆتـایی دێـرە شـیعردا ئـاوازێکی تایبـەت دەبەخشێت و پێدەچێ ئەم جۆرە بڕگەیە جێگەی سەرنجی جزیری بـووە بەتایبـەتی کـە خۆیشـی زۆر شـارەزای ئەم دیاردەی عەروز بووە.

## رەدیف لە شیعری جزیریدا

رەدیف وشەیەك یـا چـەند وشـەیە کـە لـەدوای سـەروای شـیعر بەیـەك واتـا لەگشت دێرەکان دووبـارە دەبێتـەوە[1]. رەدیـف رۆڵێکـی سـەرەکی لـە پێکهاتـەی مۆسـیقای شـیعر دەبینێت و دەشێ بوترێت تەواوکـەری رۆڵـی قافیەیـە لـە مۆسـیقای شـیعردا. (شـەفیعی کەدکـەنی) ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە (٨٠٪) غەزەلـە چـاکەکانی فارسـی رەدیفـی هەیـە، هەروەها لـەو باوەڕەیـە کـە غـەزەلی بـێ رەدیـف زۆر بەزەحمـەت سـەرکەوتوو دەبێت[2]. سـەعدی شـیرازی (٨٥٪)ی غەزەلـەکانی رەدیفـی هەیـەو حـافزی شـیرازیش کـە غـەزەلی فارسـی گەیانـدە لوتکـە (٩٨٪)ی غەزەلـەکانی رەدیفـی هەیـە[3]. هـەروەها (کەدکـەنی)

---

[*] قەسر: برێتییە لـە فڕێدانی دوا تیپی وەستاوی سەبەبی سووکی کوتایی بێ و تەسکین کردنی تیپی پێش ئەو. قەسر لـەم تەفعیلانە دەبێ: فعـولـن ← فعـول، مفـاعیـلـن ← مفاعیـل (فعـولان)، فاعلاتن ← فاعلان.

– قەتع: بریتییە لـە فڕێدانی دوا تیپی وەستاوی وەتەدی کۆتایی بێ و تەسکین کردنی تیپی پێش ئەو. قەتع لـەم تەفعیلانەدا دەبێ:

مستفعلن ← مستفعل (مفعولن)، فاعلن ← فاعل (فع لن).

– تەسبیغ: زیادکردنی تیپێکی وەستاوە بۆ کۆتایی سەبەبی سووکی وەتەدی کۆتایی بێ: فعولـن ← فعولان،

مفاعیلـن ← مفاعیلان، فاعلاتن ← فاعلاتان، فع لـن ← فع لان.

– تەزییل: زیادکردنی تیپێکی وەستاوە بۆ کۆتایی وەتەدی کۆی کۆتایی بێ: فاعلـن ← فاعلان، مستفعلـن←مستفعلان..

[1] فەرهەنگنامـــە ادبـــی فارســـی، دانشـــنامه –حســـن انوشـــه، ج٢،انتشـــارات وزارت فـــرهنگ وارشاداسلامی، چ١، تهران،١٣٧٦، ص٦٢٧.

[2] موسیقی شعر د. محمد رضا شفیعی کدکنی، چاپ ششم، انتشارات اگاه، تهران ١٣٧٩،ص ١٣٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ص ٤٠٩.

رەدیف بەتایبەتمەندییەك و داهێنانێکی ئێرانی دەزانێت[1]. سەرباری ئەوەی جزیری زۆر بە حافز کاریگەربووە، بەڵام بەو ڕادەیە پەیڕەوی لە ئەدەبیاتی فارسی نەکردووە. بەپێی ئەو غەزەلانەی کە بەردەستن، جزیری بە ڕێژەی فارسەکان لە غەزەلەکانیدا رەدیفی بەکارنەهێناوە. گەر چوارینەکانی جزیری و ئەو چەند پارچەیەی وتووێژیی لەگەڵ میر عیمادەدین و فەقێی تەیرانیش بەژمار بێنین ئەوا جزیری (٦٩) جار رەدیفی بەکارهێناوە، لەکۆی (١٥٩) پارچە شیعریدا[*]. کە دەکاتە ڕێژەی (٣٩،٤٣ ٪)ی غەزەلەکانی. فەقێی تەیرانیش لە (١٢) پارچە شیعر بە بەیتە درێژەکانیشەوە وەك (شێخی سەنعان) تەنیا (٣) غەزەلی بە رەدیفی هەیە کە دەکاتە (٣٣،٣٣ ٪)ی شیعرەکانی. (خانی) لە (٢٢) غەزەلی بەردەستی (٩) غەزەلی بە رەدیفی هەیە، واتە (٢٣،٦٩٪).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی رەدیف لای هەرسێ شاعیری ناوداری ئەو سەردەم بەڕێژەی فارسەکان نەبووە، ئەمەشیان جێگەی سەرنجە بەتایبەتی کە لای جزیری ڕێژەکە بە حوکمی ئەو بەرهەمە زۆرە بەجێماوەی زیاتر جێگەی متمانەیە. گەرچی ئەم ڕێژەیە لای خانی زۆرترە بەڵام دوورنییە گەر هەموو غەزەلەکانی خانی لەبەردەست بوونایە ڕێژەی رەدیف لای ئەویش دابەزیبایە.

بەهەر حاڵ ئەم ڕێژەیە ئەوە دەگەیەنێت کە جزیری زیاتر مامەڵەی لەگەڵ خودی (قافیە) کردووە تاکو رەدیف، گومانیش لەوەدا نیە کە پەنابردن تەنیا بۆ قافیە کاری جزیریی ئەستەم کردووە، چونکە هەروەکو ئاماژەمان پێکرد رەدیف ڕۆڵی یارمەتیدەر بۆ قافیە دەبینێت، بەڵام جزیری ئەم فاکتەرە یارمەتیدەری زۆر بەکارنەهێناوە و زیاتر سەرنجی داوەتە ڕۆڵی مۆسیقایی قافیە. بۆ پتەوکردنی ئەم بۆچوونانەمان ئەم چەند بەڵگەیە دێنینەوە:

١- (٦١،٥٧ ٪)ی غەزەلەکانی جزیری بێ رەدیفە و پشتی تەنیا بە قافیە بەستووە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص ١٢٤.

[*] بە شێوەیەکی گشتی لە (٦٤) دیوانی کلاسیکی کوردی کە (٤٦٨٠) هۆنراوەیە، (١٥٢٠) هۆنراوەیان رەدیفی هەیە، کە دەکاتە (٣٤،٥٪) ، لەم ڕووەوە شیعری کوردی جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ شیعری فارسی هەیە، چونکە ڕێژەی رەدیف لای کورد زۆر کەمترە. بڕوانە سەروا – د. عەزیز گەردی ، ل ١٦٤.

٢- سنورێکی والأتری لەبواری قافیەدا بۆخۆی کردۆتەوە، بۆیە هەندێ جار زۆر پابەندی ئەو قەیدو بەندانە نەبووە کە لەبواری قافیەدا دانـراون، بـۆ نموونـە لـە غەزەلێکـدا کە بەم دێرە دەست پێدەکات:

**گەر چ بولبول جەوهەرێ زاتێ گولە          لێ گولێ رەونەق ژ عەشقا بولبولە**[1]

(٢) جار بولبولەو (٣) جار سونبولە و (٢) جار گولـە، کـە وشـەی قافیـەن یەکسـەر بەدوای یەکدا بەکاری هێناون. ئەم دیاردەیە کە بەکەموکوڕی لە سەروادا دادەنرێ و بـە (ایگاو) ناو دەبردرێت لە غەزەلی دیکەش لای جزیری بەدی دەکرێ.

٣- یـەکێك لـە تایبەتمەندیـە شـێوازیە هـەرە دیارەکـانی جزیـری دیـاردەی بـەکارهێنانی قافیەی ناوەوەیە، واتە لەیەك دێرە شیعردا، چوار قافیە هەیە، کە سێیان هاوشێوەن و قافیەی کۆتاییش واتە قافیەی دێرەکەش لەگەڵ قافیەی غەزەلەکە ڕێك دەخرێـت بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| A | B | A | B |
| A | C | C | C |
| A | D | D | D |

---

(١) دیوانی جزیری – تحسین دۆسکی، ل ٢٣٩.

بۆ نموونە ئەم چەند دێرەی غەزەلێکی جزیری دەخەینەڕوو:

**سوتن و دەردێ ئەڤینێ عللەتێ داغ و برینێ**

**خوەش دبن ما ئەو ب دینێ شەربەتا لێڤان مەڤایە**

**داغ و کەی من لێ هەزارن گول د دەست شەوکێن ب خارن**

**سور پەری دێو وێ ل کنارن ئەهرەمەن خاتەم رەڤایە**[1]

(٤٣) غەزەلی جزیری کە هەموویان لە درێژترین غەزەلەکانی ئەم شاعیرەن بۆ نموونە غەزەلی بەناوبانگی (الله سەحرگاها ئەزەل) کە (١٤٢) دێرە، قافیەی ناوەوەیان هەیە، بۆیە دەشێ بوترێت جزیری لە بەشێکی هەرەزۆری شیعرەکانی قافیەی ناوەوەی بەکارهێناوە.

ئەم دیاردەیە لای (خانی)و (فەقێی تەیران)یش بەدی دەکرێ، بۆیە دەتوانین ئەم دیاردەیە بە تایبەتمەندیەکی شێوازی شیعری ئەو سەردەم لە دەڤەرەکەیان لەقەڵەم بدەین، جزیریش لەم ڕووەوە سەرکێشە.

بەهەر حاڵ دەکرێ بوترێ کە لەلای جزیری ئەم ڕێژە زۆرەی قافیەی ناوەوە هاوکاری ڕۆڵی مۆسیقایی قافیەی سەرەکییە، بەم شێوەیەش بۆشایی ڕۆڵی رەدیف تاڕادەیەکی زۆر پڕدەبێتەوە

## دووبارەکردنەوەی وشە (التکرار) (Repetition):

ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە یەك وشە بەهەمان واتای خۆی دووجار یان زیاتر دووبارە ببێتەوە[2]. ئەم دیاردەیە چەندەها جۆری هەیە، لەوانەش دووبارەبوونەوە بە دوای یەك و دووبارە بوونەوە بەشێوەیەکی بڵاو و دوور لەیەك. گەر ئەم دیاردەیە بەشارەزایی بەکارنەهێت لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازی شیعر، بەڵام گەر هونەرمەندانە بەکاربێت ئەوا لەلایەنی مۆسیقی و واتاوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢١.

(٢) موسیقی شعر – کدکنی، ص ٣٠٥.

جزیری ئەم دیاردەیەی لە خزمەتی لایەنی مۆزیکالی شیعرەکانی زۆر بەکارهێناوە، تا ڕادەیەك کە سەیری هەر سوچێکی دیوانەکەی بکرێ بەئاسانی ئەم دیاردەیە دەردەکەوێ، بۆیە ئەم دیاردەیە لەبەرچاوترین دیاردەشێوازەیەکانی ئەم شاعیرەیە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم دوبارەکردنەوە مۆزیکالیە ئەم دێرە شیعرەیە:

ڕەف ڕەف نەهشتن زاغ زاغ  دانـــیــنـــە دل مـــن داغ داغ
دێ کـێ بمـیـنـیت ساغ ساغ  وەستانە لەشکەر صەف ب صەف[1]

جزیری هەردوو جۆری دووبارەکردنەوەی (بەدوای یەك و بە بڵاوی) زۆر هەیە، بەڵام دووبارەکردنەوەی لەدوای یەك و نزیك لەیەکی زۆر بەرچاوترە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو دووبارەکردنەوانە دەدەین کە لەلای جزیری هەندێکیان بە فریکوانسی زۆر بەکارهاتوون:

ڕەف ڕەف/ ڕەف ب ڕەف/ زاغ زاغ/ داغ داغ/ ساغ ساغ/ صەف صەف/ صەف ب صەف/ یەك ب یەك/ یەك یەك/ هەلقە ب هەلقە/ چین چین/ چین ب چین/ الله الله/ خەط ب خەط/ رووح ب رووح/ مەستان مەستان/ نووش نووش/ خۆش خۆش/ ڕەنگ ب ڕەنگ/ هەی هەی/ تەبارەك سەد تەبارەك سەد تەبارەك/ موبارەك بیت موبارەك/ دەف ب دەف/ چەنگ ب چەنگ/ حەرف حەرف/ لام لام/ دوور دوور/ جام جام/ تا تا/ هور هور/ داڤ داڤ/ چ نەهنگن چ نەهنگ/ پێل پێل/ دەست ب دەست/ بەرزەخ ب بەرزەخ/.

ڕاستە زۆر لەم (دووبارەکردنەوانە) لە ئاخاوتنی ئاساییدا بەکاردێن وەك (یەك یەك و دوور دوور) بەڵام لای جزیری ئەم بەکارهێنانە زیاتر مۆسیقای شیعرەکەی دڵگیرترکردووە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەکارهاتوون[2]. لە تێکڕای غەزەلەکانی جزیریدا ئیقاعێك هەیە کە بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی ریتمێکی ڕێکخستراومان لە لا گەڵاڵە دەکات، واتە تەنانەت لەکۆتایی غەزەلەکانیش مێشکمان لە واتاکە دادەبڕێت و چاوەڕوانی بەردەوامی ڕیتمەکەیە.

---

[1] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ١٦١.
[2] سەروا – د. عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٥٧.

لە دووبارەکردنەوەی بلاویشدا جزیری زۆر وەستایانە، مامەڵەی لەگەڵ وشەکان کردووەو جیا لەلایەنی مۆزیکالی لایەنی واتایشی باش ڕەچاوکردووە بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەدا:

**بادە م نووشی ژ دەست چوومە ژ خوەو مامە مەست**

**قەطرە ب بەحرێ گها بەحر ب عەینێ خوە ما**[1]

لەم دێڕەدا جیا لەوەی کە لایەنی هاوواتایی هیچ کەم و کوڕپیەکی نیە کە وشەی (بەحر) دووبارە ببێتەوە، ئەوا لەلایەنی مۆزیکالیەوە (ب بەحر) و (بەحر ب) دووبارەبوونەوەی (ب) بەم شێوەیە لە خوێندنەوەدا ریتمێکی ڕێک و دلگیر بەدەردەخات.

**رد الصدر الى العجز (Epanastrophe)**

دیاردەی بەیەك بەستنەوەی چەندین دێرە شیعر (گرێبەند)، یا خودی سەروای ئەڵقەبەند لەم دیاردەیەدا وشەیەك یان چەند وشەی کۆتایی دێڕە شیعرێك لەسەرەتای دێرەکەی دوای ئەو دووبارە دەبێتەوە، لەوانە چەندین دێر بەدوای یەکدا بەیەکەوە گرێ بدات[2]. ئەم دیاردەیە لە لاوك و بەیتی درێژی فۆلکلۆری کرمانجی سەروودا زۆرە و لە شیعری جزیریشدا بە فراوانی ڕەنگی داوەتەوە. جیا لە ڕۆڵی مۆزیکالیەکەی، ئەم دیاردەیە جۆرەك لە یەکێتی بابەت دروست دەکات، چونکە زۆر لە دێرە شیعرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەك:

---

[1] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ٣٠.

[2] سەروا – گەردی، ل ٣١٨.

**ئەحسەن ژ حوسنا دێم دورێ شیرینێ و گوفت و سورێ**
**سەد زاهد ئێخستن ژ رێ وێ نازك و لەب شەککەرێ**
**شەککەر د نێڤ لێڤانە وێ رەیحان ل دۆر سێڤانە وێ**
**مەشعەل د نێڤ شێڤانە وێ تەیسی ژ رەنگی فەنەرێ**
**فەنەر نیە نورا حەقە حوسن و جەمالا موطلەقە**
**بەرقا سپێدەو شەفەقە زوهرەو شەمسا خاوەرێ**
**زوهرەو ماه و موشتەری مَن دین ل دێمێ ئەنوەری**
**زولفا موسەلسەل عەنبەری سەردایە حەوضا کەوثەرێ**
**حەوضا ژ کەوثەر چەشمە تێ یا جە د رەوچا قودرەتێ**
**هەردەم ژ نوورێ سەدرەتێ خەمری و تایێن عەرعەری**[1]

ئەم دیاردەیە لەسەرتاپای غەزەلێکدا بەردەوام نیە، بەڵکو گەر غەزەلەکە درێژبیت لەوانەیە چەندین جار بپچڕێت، بەڵام یەکێتی بابەتەکە زۆرجار سەرباری ئەمەش، بەردەوامەو هەمان بابەت بە وشەی دیکە بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە:

**حوبباتە ما خوەش هشتمە هەر روژ ژ نوو ئەر کوشتمە**
**یەکسەر ژ خوونێ رشتمە تیرو خەدەنگێن مەجەرێ**
**گەزمێن د شیرین نازکێ دەربێن د وێ رمبازکێ**
**چووینە دنێڤ دل گازکێ مَن داد ژ ظولما دلبەرێ**[2]

لێرەدا وەکو وشە پچڕان دروست بووە، بەڵام گەزمە و دەربی رمباز هەمان درێژەی بەرکەوتنی تیرو خەدەنگە، کەواتە بابەتەکە نەپچڕاوە.

---

(١) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٣١٤.
(٢) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل٣١٥ .

**چەند دیاردەیەکی مۆزیکالیی دەنگ لای جزیری:**

**١- هاونەبزوێنی (Alliteration):**

لـە عەرەبیـدا (الجنـاس الاسـتهلالی) و لـە فارسـیدا (همحرفـی) پـێ دەوتـرێ. لـەم دیاردەیەدا دەنگی کۆنسنانت لە دێرە شیعرێکدا چەندین جار دووبـارە دەبێتـەوە، ئـەم دووبـارە بوونـەوەیـەش ریتمێکـی تایبـەت دروسـت دەکـات کـە لایـەنی مۆسـیقایی دێـرە شـیعرەکە بـەهێزتر دەکـات. لـە فەرهەنگـە ئەدەبیاتـەکانی بیـانی زۆرجـار ئـەم دێـرە شیعرەی (ئەدگار ئەلان پۆ)یان بە نموونە هێناوەتەوە:

The cry in the sea
The viol the violet and the vine[1]

لـە دێـڕی دووەمـدا سـێ جـار دەنگـی (V) دووبـارە بووەتـەوە، دووبارەبوونەوەکەشـی لەسـەرەتای وشـەیە. بۆچـوون لەسـەر ئـەم دیاردەیـە گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە و وای لێهاتووە دووبارەبوونەوەی دەنگی لەیەك نزیکیش وەك (س، ز) و (ش، ژ) بگرێتەوە جا لەهـەر شـوێنێکی وشـە بێـت[2]. ئـەم دیاردەیـە یـەکێك لەبەرچاوترین نیشـانەو دیـاردە شێوازیەکانی جزیرییە، هەروەها تا ڕادەیەك لەهەموو سوچێکی دیوانی جزیریـدا بـڵاوە و لەهەر شوێنێکی دیوانەکەدا بەدوایدا بگەڕێین ئـەوا بـە ئاسـانی خۆیـان دەنـوێنن. لـە نموونە ئینگلیزییە بەناوبانگەکەدا دەنگە ئاماژە پێکراوەکە (٣) جار دووبارە بووەتـەوە. لای جزیـری گـەر لـە دووبارەبوونـەوەی سـێ جـاریش چاوپۆشـی بکـرێ ئـەوا بـەدەیان نموونەی وای تێدایە کە زۆر زیاتر دەنگەکان دووبارە دەبنەوە بۆ نموونە:

**ئـەسما موقابل بوونە زەوج ڵێ جوملە ژێ بوون فەوج فەوج**
**بەحرا وجوودێ هاتە مەوج مەوجان د بەحرێ لوجـجـەدا[3]**

---

(١) فرهنگنامه ادبی فارسی– انوشه، ل١٤٤٣.
(٢) سەروا – د. عەزیز گەردی، ل ٦٥.
(٣) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٤٩.

لـەم دێـڕە شـیعرەدا دەنگـی (ج) ( ٩) جـار دووبـارە بۆتـەوە لـەکاتی خوێندنـەوەدا دووبارەبوونەوەی ئەم دەنگە ریتمێکی تایبەت بە دێڕە شیعرەکە دەبەخشێت، یان:

**دلـبـەرێـن دێـم دورِ و دورِدانـە دڤـێـن**

**کەوکەبێن شەوق و شەفەق زوهرە دڤێن[1]**

لەنیوە دێری یەکەمدا (٦) جار بەشێوەیەك دەنگی (د) بـەدوای یەکدا هـاتوون کـە ریتمێکی نزیك لەدەنگی (دەف) دەخاتە سەر زمـان. سـێ جـار دووبارەبوونـەوەی دەنگـی (ر) ئەم ریتمەی بەهێزتر کردووە، یان:

**صەبر و قەرارم کو بر جەرگ و جەگەر هور دکر**

**ظـولـمێ وە رەنـگ کێ دکر جان دبر و دل تەبا[2]**

لـەم دێـرە شـیعرەدا (١١) جـار (ر) لەسـەرەتا و کۆتـایی بڕگـەکان دووبـارە بۆتـەوەو لەسەرتاپای دێرەکە دەنگی (ر) بەردەوامە. جیا لەمـەش لێـك نزیکـی پیتـەکانی (ق. گ. ك) لەو ریتمەدا هاوکاری پیتی (ر) دەکەن و (٨) جار لە دێرەکەدا دووبارەبوونەتەوە.

لێرەدا چەند نموونەیەکی دیکە لەم دیاردەیە دەخەینەڕوو:

**مەستی مە دێم ئەز بووم مەدام چوو بوو ژ دەست من عەقل و فام**

**مـەجـنـون ئـەزم صـەحـرا مـەقـام دل کـەفـتـە زارێ ئەفعییان[3]**

(١٢) جار دووبارەبوونەوەی دەنگی (م).

**ئەگەر بەرقەك ژ وێ روژێ ژ شەوقا عەقدو بشکوژێ**

**بـدت قـەلبـی وەکو روژێ ل بەر دوژەه دبت پەردە[4]**

(٦) جار دووبارەبوونـەوەی پیتـی (ژ) جیـا لـە هـەمئاوازی لەگـەڵ (٢) جار دەنگـی (ش)، جیا لەم دوو پیتە هاوئاهەنگە (٣) جار دەنگی (ق) و (٣) جـار دەنگـی (د) خۆیـان بە زەقی دەنوێنن.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٨.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٢.

**ژ نـەقـش و صـونـعـێ جـەباری موطەررا طوررەیا تاری**

**ل نووریێ مسکێ تاتاری ل سەر وان خەمری یان بەردە**[1]

لەم دێرەدا (١١) جار دەنگی (ر) و (٥) جار دەنگی (گ) و (ت) کە لە کوردیدا نـزیکن و دووبارە بوونەتەوە.

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا بەدەردەکەوێ، کە لەلای جزیری هەنـدێ جار زیـاتر لـە دەنگێـک لـە دێـرە شـیعرێکدا دووبـارە دەبێتـەوە، واتـە چـەند دەنگێـک بـە دووبارەبوونـەوەیان وەکـو سـەمفۆنیاییەك بەشـداری لـە دروسـتبوونی مۆسـیقای دێـرە شیعرەکە دەکەن، لەم جۆرەیان چەند نموونەیەکی دیکە دەخەینەڕوو:

**زولف و خالان نوون و دالان وان ژ من دل بر ب تالان**

**گـوشـەیـێ قـەوسێ هـیلالان دل ژ من بر دل ژ من**[2]

لەم دێرەدا (١٠) جار دەنگی (ن)،(٩) جار دەنگی (ل) بـەهاوکاری بزوێنـی (ا) ریتمـی ئەم دێرە شیعرە پێکدێنن.

**ژ رەعـنـا نـێـرگزێن تەی مەست و خون ریز**

**زەمان بوو عەهدێ جەنگ ئەنگیزێ چەنگیز**[3]

ئەمەیان نموونەیەکی بەرچاوی دووبارەبوونـەوەی چـەندین نەبزوێنـە لـە دێرێکدا، لەم دێرەدا (٥) جار دەنگی (ز) و (٤) جار دەنگی (ن) و (٤) جار دەنگـی (گ) و (٣) جـار دەنگی (ر) لە پێکهێنانی ریتمەکە هاوکارن، دەنگی (ز) تەوەرەی سـەرەکی ئـەم ریتمەیـە بەتایبەتی کە لە کۆتایی نیوەدێری یەکەم و نیوە دێری دووەم جێگیربووە.

**دێـم د جـامـێ مـە دی سور دمودامێ مە دی**

**لەو مە ژ مەیخانەیێ گرتی یە بەردەر مەزەل**[4]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٢.

[2] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ٢٠٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

(٩) جـار دەنگـی (م)و (٦) جـار دەنگـی (د) ریتمێکـی نزیـك لـە دەنگـی تـەپلیان پێکهێناوە.

جزیری دەنگە نزیکەکانی زۆر بەکارهێناوە بـۆ پێکهێنـانی ریتمی دێـرە شـیعرەکانی ڕێژەی ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەکە، کە زۆرینەی دەنگە نزیکەکانی لە شیعرەکانیدا لەتەك یەك تاقی کردۆتەوە، چەند نموونەیەك لەم جۆرە:

**ژ گـەوهـەر غـونـچە گوشـائـیێ دگـرت دورجێ عەقیق**

**ب شەکەر خەندە زەنی گەر بگریت شەککەرێ تەنگ**[1]

دەنگە نزیکەکانی / ژ، ش، چ، ج/ ٦ جار.

دەنگە نزیکەکانی / گ، ك، غ، خ، ق/ ١٣ جار.

بەڵام ریتمی سەرەکی لەسەر /گ و ك/ە.

**سـەر تـا ب قـەدەم ئـەز بـسوژم شـوبـهێ مـەلایی**

**پەروانە سفەت صوهتم و بێ صەوت و حسم ئەز**[2]

دەنگە نزیکەکان /ص، س، ز/ ٧ جار.

**کوشتیمە خەلقۆ عەقرەبێ مەستم ژ شەوفا غەبغەبێ**

**طـالـع تـنـێ مـن دکـەوکـەبێ ئیرۆ عەقارب تێنەدەر**[3]

دەنگە نزیکەکان /ك،ق، غ ،خ/ ١٠ جار.

**تـیـرەك ژ قـەوسـێ مـا ل زراڤ بـێ دل تـووێ بـاڤـێژە ناڤ**

**خوون تێ پوری تەشببهێ ئاڤ فەریاد و ئەففان سەد ئەسەف**[4]

دەنگە نزیکەکان/ ف ، ڤ/ ٧ جار.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦.

[2] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ١٢٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢.

لە نزیکەی (٢٣٥٠) دێرە شیعرەکەی دیوانی جزیری[*]، زیاتر لە (٣٠٠) دێرە شیعر کە دیاردە هاونەبزوێنیان تێدایە بە ئاسانی خۆیان دەنوێنن و دۆزینەوەی ئەم دیاردەیە لەسەراپای دیوانەکە کارێکی ئەستەم نیە. ئەوەی لەم نێوەندەدا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە، دەنگەکانی (ن، م، د) زیاتر لەم دیاردەیەدا بەکارهاتوون.

## ٢- هاوبزوێنی (Assonance):

هاوبزوێنی ئەوەیە کە دوو وشە یان زیاتر بزوێنی سەرەکییان یەك بێ، ئەم دیاردەیە لە شیعردا، ئەرکی چڕکردنەوەی مۆسیقای شیعر دەبینێ، جا هەر بزوێنێك بێ و لەهەر کوێی دێرە شیعرەکە بێ، گرنگ ئەوەیە دەنگە دووبارەبووەکان لەتەك یەك یان لە نزیك یەك بن، بەڵام ڕۆڵی مۆزیکالی ئەم دیاردەیە ناگاتە ڕۆڵی هاونەبزوێنی[١].

سەراپای دیوانی جزیری پڕە لەو دیاردەیە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی جزیری لە بەکارهێنانی کێشدا. هەروەکو ئاماژەمان پێکرد بەشێکی زۆری دیوانی جزیری لەسەر کێشی ڕەمەلە، دوای ئەویش بە پلەی دوو کێشی هەزەج دێت. ئەم دوو کێشە بەهۆی لەباربوونیان بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی بزوێنی درێژ، لەسەرخۆترن لە کێشی (ڕەجەزو سەریع). لە خوێندنەوەی شیعرەکانی جزیری و فەقێی تەیران بە زەقی هەست بەم دیاردەیە دەکرێ. شیعرەکانی فەقێ خێرایی پێوە دیارە، بەڵام شیعرەکانی جزیری سەنگینترو مۆزیکالترن، بۆ نموونە ئەم دوو دێرە شیعرەی هەردوو شاعیر بەراورد دەکەین:

**جزیری: زولف و خالان نوون و دالان وان ژ من بر دل ب تالان**
**گوشەیێ قەوسێ هەیلالان دل ژ من بر دل ژ من[٢]**

---

[*] ئەم ژمارەیە بەپێی دیوان و دەست نووسەکان جیاوازی تێ دەکەوێت، هەروەها جۆری ژماردنی دێرەکانیش کار لەم ژمارەیە دەکات. لە زۆر دەستنووس و دیواندا لەبەر قافیەی ناوخۆ، دێرە شیعرەکانی جزیرییان لە شێوەی چوارین نووسیوە، بەڵام لێرەدا بەیەك دێرمان ژماردووە.

[١] سەروا – گەردی – ل ٦٣.

[٢] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ٢٠٥.

فەقێ: بلبلم دائم دخوینم
ئەز یەقین ئەر تە نەبینم
دین دبم سەوادا د مینم
سەرخوەش و سەکرانم ئەز[1]

کێشی دێرە شیعرەکەی جزیری (رەمەلی هەشتی مەحزوفە)و (٨) جار بزوێنی درێژی (ا)ی تیادا دووبارە بووەتەوە، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەدا ئەم بزوێنە درێژە ڕێگە لە خێرایی خوێندنەوە دەگرێت. دێرە شیعرەکەی فەقێی تەیرانیش لەسەر کێشی (رەجەزی هەشتی تەواوە)، لەکاتی خوێندنەوەدا خێرایی و بەردەوامی پێوە دیارە.

جزیری لە بەکارهێنانی ڕەجەزیشدا، بە بزوێنی درێژ، مۆسیقای شیعرەکەی چڕتر کردووەو ڕێگەی لە خێرایی تێپەڕبوونی دەنگەکان گرتووە، بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەدا:

عشقا ژ نوورا لایەزال حوسن و جەمالا بێ مثال
ئیساندی یەلووم و شەمال دیسا خوە لێ پەروانەدا[2]

لەم دێرەدا (١٢) جار بزوێنی درێژی (ا) لەتەك یەكدا هاتووەو هەریەك لەو بزوێنە درێژانە بەربەستێكن بۆ ڕێگەگرتن لە خێرایی ریتمی شیعرەکە، دوو جار دووبارەبوونەوەی بزوێنی درێژی (وو) لە وشەکانی (نوور) و (یەلووم) وسێ جار دووبارەبوونەوەی بزوێنی درێژی (ی) لە وشەکانی (ئیساندی) و (دیسا)، یارمەتیدەری ڕۆڵی بزوێنی (ا)ن لە ئەرکەکەیدا.

چەند نموونەیەك لە هاوبزوێنی لای جزیری:

بەژن و بالا توخ و عالا من کرن ڤێکرا موطالا
چیچەکا تەرحێن دوالا دل ژ من بر دل ژ من[3]

---

[1] دیوانا فەقێی تەیران – دێرەشی و ئالیخان، ل ٤٥.
[2] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٤٣.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٦.

١٠ جار بزوێنی (ا) بەدوای یەك.

**دێم نە دیرێ بوو عەبیرێ خەمری و گیسوو حەریرێ**

**سینە کر ئامانجێ تیرێ دل ژ من بر دل ژ من**[1]

(٧) جار بزوێنی (ی)و (٧)جار بزوێنی (ێ) بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەم جۆرە:

*ێ ی ێ ی ێ ی ی ی ێ/ ی ێ ی ێ*

**دل بەدە وان بشکووان لوئلوئو عەقدو گووان**

**عەرعەر و سەروا جوان دا تو ب وان بی جوان**[2]

جیا لە دیاردەی هاونەبزوێنی هەردوو دەنگی (و) و (ن)، ٧ جار بزوێنی درێژی (ا). هەندێ جار بزوێنی کورتیش لای جزیری بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لەتەك یەك کۆدەبنەوەو لەگەڵ دیاردەی هاونەبزوێنیدا ڕۆڵ لە پێکهاتەی مۆسیقای شیعردا دەبینن، وەك ئەم دێرە:

**دیتی یە نوورا یەقەق مە سەد نەسەق لەو تێن سەبەق مە**

**پور نەبێ ئەرزان ل حەق مەڵێ مەلا خوەش بەندەیە**[3]

لەم دێرە شیعرەدا (١٧) جار بزوێنی کورتی (ـە) لەگەڵ (٥) جار دووبارەبوونەوەی دەنگی (ق) و (٤) جار دەنگی (ن) دا ریتمی ئەم دێرەیان پێکهێناوە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٥.

[2] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ١٣٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

هەندێ جار ئاوێتەیەك لە هاوبزوێنی یاخود دووبارەبوونەوەی چەند جۆرێك لە بزوێنەكان بە شێوەیەكی ڕێك لە دێرە شیعردا دەبینرێت، كە ریتم و تۆنێكی بە هێز و هەمەڕەنگ دەخولقێنێت، فریكوانسی ئەم جۆرە هاوبزوێنە ئاوێتەیەش لە دیوانی جزیریدا زۆرە، بۆ نموونە لەم چوارینەیەدا:

**قەوسێ تە هلالی ب دەلالی كەشها**

**بەژنا تە ژ شەنگی ب درەنگی مەشها**

**مارێ ژ حەریرێ د عەبیرێ خوەشها**

**ماوەر بوو ژ وان زولفێ دزەنگی وەشها**[1]

ڕێزبەندی بزوێنە درێژەكان دەتوانین بەم شێوەیە دیاربكەین:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ا | ی | ا | ی | ا |
| ا | ی | | ی | ا |
| ا | ی | | ی | ا |
| ا | ا | | ی | ا |

**ڕەگەزدۆزی لای جزیری:**

ڕەگەزدۆزی بەهەموو جۆرەكانیەوە، ڕۆڵێكی گرنگ لە پێكهاتەی ڕیتمی مۆزیكالی شیعردا دەگێڕێ. جزیری زۆر سەرنجی داوەتە ئەو لایەنە و دیاردەی ڕەگەزدۆزی زۆر بەفراوانی بەكارهێناوە. لە كۆی (٢٣٥٠) دێرە شیعرەكەی جزیریدا نزیكەی (١١٠٠) دیاردەی ڕەگەزدۆزی بەرچاو دەكەوێ، كە ئەمەش ڕێژەیەكی یەكجار زۆرەو بۆیەش ئەم دیاردەیە بە یەكێك لە نیشانە شێوازیەكانی (Style Markers) سەرەكیی جزیری لەقەڵەم دەدرێت. زۆریی بەكارهێنانی ڕەگەزدۆزی لای جزیری چەند دیاردەیەكی لەم بوارەدا دروست كردووە كە ئەمانەن:

١- زۆربەی جار دیاردەی ڕەگەزدۆزی لەنێوان زیاتر لە دوو وشەیە وەك لەم نموونەیەدا بەدەردەكەوێت:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٦.

**مننەت ژ طالع هەر ژ بەخت ئاصف ب تەخت و بەخت و ڕەخت**
**بـەلـقـیـسـی ئـەوی ئـانـی ب تـەخـت ئـیرو سولەیمانی مەلا**[1]

ڕەگـەزدۆزی نێـوان (بـەخت، تـەخت، ڕەخـت)دا کـە (٢) جـار تـەخت و بـەختی بەکارهێناوە واتە (٥) وشەی لە ڕەگەزدۆزی بەکارهێناوە.

٢- هەنـدێ جـار دوو دەسـتە وشـەی هاوڕەگـەز یـاخود زیـاتری لـە دێـرە شـیعرێکدا بەکارهێناوە:

**شاهێ جەڤین غەم ژی ڕەڤین مارێ شەڤین ئیساند ئەڤین**
**دەرد و بەلا وێن چوون هەلا عومرەك مەلا مەهجوور بوو**[2]

لێرەدا دوو گـروپ بـەدی دەکـرێ (جـەڤین، ڕەڤـین، شـەڤین، ئـەڤین) و (بـەلا، هـەلا، مەلا).

**دل بـوو کـــەری زایـــا بـــەری لازم هـــەڕی دێ ئـــەو زەری**
**من دی گەلەك ئەو سوڕ مەلەك وەك مەشعەلەك پوڕ نوور بوو**[3]

لێرەدا سێ گروپ بەدی دەکرێ (کەری، بـەری، هـەری، زەری) و (گەلـەك، مەلـەك) و (سوڕ، پوڕ).

٣- زۆربـەی ڕەگەزدۆزیـەکان لـەجۆری ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوە، چـونکە بـەو ڕێژەیـە بەرفراوانە بـەکارهێنانی ڕەگەزدۆزی هـەر ئـەوە دەخـوازێ. هـەروەها ئاشـکرایە کـە ڕێـژەی ئـەو وشـە هاوڕەگـەز و مانـا جیاوازانـە کـە لـە بـواری ڕەگـەزدۆزی تـەواودا بەکاردێن سـنووردارە، بۆیـە کـە ئـەم دیاردەیـە بـە لێشاو بـەکاردێت ئـەوا زۆرینـەی

[1] دیوانی جزیری – دۆسکی، ل ٤٢.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٩.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٧.

دەبێتـە ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو بەهـەموو جۆرەکانیـەوە بەتایبـەتی ڕەگـەزدۆزی زیـاد، ڕەگەزدۆزی جودا.

ڕەگەزدۆزی زیاد وەك (سەمەن و یاسەمەن) لەم دێرەدا:

**مە ب دل نێرگزیێن خاصصە دڤێن**

**سـەمـەن و یـاسەمەنێن تازە دڤێن**[1]

ڕەگەزدۆزی جودا وەك (بەلاو مەلاو هەلا) لە نموونەکانی ڕابردوودا.

ئەم جۆرەیان زۆرینەی ڕەگەزدۆزیە ناتەواوەکانی جزیری پێك دێنێت.

٤- بـەهۆی زۆری بـەکارهێنانی ڕەگـەزدۆزی، جزیـری ناچـار بـووە چـەندەها جـار یـەك چەشنە لەڕەگەزدۆزی بەکاربهێنێت، بۆ نموونە:

- زیاتر لە (٤٠) جار وشەی (جەنگ و چەنگ)ی لەگەڵ (یـەنگ، شـەنگ، دەنـگ، زەنـگ، خەدەنگ)دا بەجیا یان پێکەوە بەکارهێناوە.
- زیاتر لە (٢٥) جار (سوڕ و دوڕ و پوڕ)ی پێکەوە بەکارهێناوە.
- زیـاتر لـە (٢٥) جـار (قەسـت و بەسـت و دەسـت و مەسـت)ی بـەجیا یـان پێکـەوە بەکارهێناوە.
- زیاتر لە (١٥) جار (خەف، صەف، دەف، صەدەف)ی جیا جیا بەکارهێناوە.
- زیاتر لە (١٠) جار (زەری و پەری) بەکارهێناوە.
- زیاتر لە (١٠) جار (سەما)ی لەگەڵ (دەما، هەما، وەما، سەما ، سەبا)دا بەکارهێناوە.

ئـــەم دیاردەیـــە واتـــە زۆری ڕەگـــەزدۆزی لای جزیـــری بـــۆ دوو هـــۆی ســـەرەکی دەگەڕێتەوە:

١- گرنگیدانی زۆری جزیری بەلایەنی مۆزیکالی دەنگ لەناو شیعردا و هەستکردنی بـە گرنگی ڕۆڵی دووبارەبوونەوەی دەنگە هاوچەشنەکان لەم نێوەندەدا.

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٨٥.

٢- بەکارهێنانی زۆری سەروای ناوەوە، هۆیەکە بۆ زۆربوونی ئەم دیاردەیە، چونکە بۆ پێکهێنانی سەروای ناوەوە زۆرجار وشەی هاوڕەگەزی بەکارهێناوەو دێرە شیعر بووەتە چوار پارچە و هەندێ جاریش هەشت پارچە وەك لەو نموونەیەدا بەدەردەکەوێ:

**ئی موشتەری/ دێمێ زەری/ نەبر سەری/ نەی جان بەری**

**باڤێت سەری/ گاڤا بەری/ لازم هەڕی/ وێ ئەڤ پەری**[1]

لەم دێرەدا ڕەگەزدۆزی لەنێوان (٨) وشەدا کە سەروای ناوەوە پێکدێنن بەدی دەکرێ کە ئەمانەن:

(زەری، سەری، بەری، سەری، بەری، هەڕی، پەری)

لە نێوان (بەری) بە واتای لەبەربوون و (بەری) بەواتای لەپێشتر ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە، هەروەها لە نێوان (سەری) بە واتای گەیاندنە سەرو (سەری) بەواتای سەرخۆی ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦.

**وشەی هاوسەروا و هاوكێش - سەجع (Riming Prose):**

لە دیوانی جزیریدا، لەزۆربەی ئەو شوێنانەی كە ڕەگەزدۆزی بەرچاو نەكەوێت، ئەوا وشەی سەروادار بۆشاییەكەیان پڕكردۆتەوە، جیا لەمەش زۆرجار وشەی سەروادار لەتەك ڕەگەزدۆزیدا لەیەك دێرە شیعردا بەكارهاتووە:

**یارێ مە پور نیشان و سور سیما ژ دور دێم كەوكەبە**

**ئەو لەب شەكەر نازك بەشەر جەبهەت سەحەر كاكول شەبە[1]**

- لێرەدا (پور و سور و دور) لە نیوە دێری یەكەمدا دەچنە چوارچێوەی ڕەگەزدۆزی ناتەواو و لە دێری دووەمیشدا (شەكەر، بەشەر، سەحەر) هاوسەروان و هاوكێشن.

وشەی هاوسەروا و هاوكێش لە دیوانی جزیریدا تەواوكەری دیاردەكانی دیكەیە بۆ بەرزكردنی لایەنی مۆزیكالی شیعرەكان. ڕێژەی ئەم دیاردەیەش لای جزیری، لە دیاردەی ڕەگەزدۆزی كەمتر نیە، چونكە بەردەوام هاوتەریب لەگەڵ ڕەگەزدۆزیدا بەكارهاتووەو جیا لەمەش، لە زۆرشوێندا تەنیا بەكارهاتووە و ڕۆڵی مۆسیقای خۆی گێراوە وەك:

**دیتی یە نوورا یەقەق مە سەد نەسەق لەوتێن سەبەق مە**

**پور نەبی ئەرزان ل حەق مە لێ مەلا خوەش بەندەیە[2]**

لەم دێرەدا (یەقەق و نەسەق و سەبەق و ل حەق) هاوكێش و هاوسەروان و لەتەك دیاردەی هاونەبزوێنی دەنگی (ق)دا ریتمی ئەم دێرەیان پێكهێناوە.

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢٤١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

تێكرای ئەم دیاردانەی ئاماژەیان پێكرا، بەو فریكوانسە زۆرەیان ئاماژەن بۆ لایەنی فراوانی ڕۆڵی مۆسیقا لە شێوازی شیعری جزیریدا، ئەگەرچی ئەم دیاردانە بەجیا باسكران، بەڵام گشتیان بەشێوەیەكی هاوتەریب، ڕۆڵی مۆزیكالی لە شیعری جزیریدا دەگێڕن، تەنانەت هەندێ جار گشت دیاردەكان لەیەك دێرە شیعردا چڕ دەبنەوە وەك ئەم نموونەیە:

**وەردان گـولاڤ گـرتـن خـوناڤ لێ من دناڤ سوهتن هناڤ**

**من دی ب چاڤ زولفێن بەلاڤ ل بوونە داڤ بەندكر ب ناڤ[1]**

- دیاردەی هاونەبزوێنی لەم دێرەدا: (٨) جار دەنگی (ڤ) و (١١) جار دەنگی (ن).
- دیاردەی هاوبزوێنی: (٩) جار دووبارەبوونەوەی دەنگی (ا).
- دیاردەی ڕەگەزدۆزی: (چاڤ، ناڤ، داڤ) و (هناڤ، خوناڤ) و (گولاڤ، بەلاڤ) و (هناڤ و ناڤ) و (خوناڤ و ناڤ).
- دیاردەی هاوسەروایی: لەنێوان (گرتن، وەردان، سوهتن، زولفێن) سەروای (ن).
- دیاردەی هاوكێشی و هاوسەروایی: (گولاڤ، خوناڤ).

## دیاردەی قرتاندنی دەنگ

دیاردەیەكی سەرنجراكێشی دیكەی شێوازی جزیری لە ئاستی دەنگدا، قرتاندنی دەنگێك یا خود چەند دەنگێكی هەندێ وشەیە. كێشی شیعر هۆكارێكی سەرەكیی ئەم دیاردەیە، بەڵام هەندێ جار ئەم دیاردەیە پەیوەندیی بە شێوەزاری دەقەرەكەوە هەیە. بۆ نمونە لە دەڤەری جزیرە (دین) لە جیاتی (دیتن) بەكارهاتووە، واتا پیتی (ت)ی قرتێنراوە.

دیاردەی قرتاندنی دەنگ لای جزیری فریكوانسێكی زۆری هەیە، كە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەكی دكەین:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

## کورتکراوەی

دین ← دیتن

بهی ← بهیست

بنێ ← بنێر

طالا ← طالع

ژها ← ئەژدەها

هێ ← هێژ

بەهێ ← بەهایێ

چارێ ← چارۆك

ماوەر ← ماوەرد

مفتە ← مفتاح

هێ ← هەتاكو

دوو ← دوود (دووكەل)

دیسێ ← دیسا

طێ ← طا (لق وپۆپی دار)

قە ← قەط

نێ ← بنێر

روو ← رووبار ، روود

## ٢- ئاستی وشە یاخود لێکسیکال (Lexical) Stylistics of the word

شێوازی جزیری لەم ئاستەشدا سەرنج ڕاکێشە، فەرهەنگی وشەی جزیری فراوانە و هەر سێ فەرهەنگی وشەی کوردی و عەرەبی و فارسی دەگرێتەوە، هەروەها هەندێ وشەی تورکیش ئاوێتەی شیعرەکانی بووە. ڕێژەی وشەکانی بەکارهاتوو لای جزیری لەم خشتەیەدا بەدەر دەکەوێت(*):

| | | |
|---|---|---|
| تێکڕای وشەکان | ٢٤١٢٩ | ١٠٠٪ |
| وشەی کوردی | ١٤٠٢٢ | ٥٨,١١٪ |
| وشەی عەرەبی | ٦٣٥٠ | ٢٦,٣١٪ |
| وشەی فارسی | ٣٦٧٦ | ١٥,٢٣٪ |
| وشەی تورکی | ٨١ | ٠,٣٣٪ |

لەم خشتەی سەرەوەدا، زۆر لە ئامرازی پەیوەندیو ئەرکداری کوردی، کە سیمای کوردی شیعرەکان زیاتر دەکات، وەکو (ژ، ب، د... دا، د، ل، کو) نەژمێردراون، ئەگینا ڕێژەی وشەی کوردی زۆر زیاتر لەو ژمارەی سەرەوە دەبوو.

بێگومان لە دیوانە بەردەستەکان ، ژمارەی غەزەلەکان و دێرە شیعرەکان جیاوازە بۆیە ژمارەی وشەکانیش جیاوازی تێدەکەوێت. بەڵام بۆ ئەم ئامارەی سەرەوە دیوانی جزیریی ئامادەکراو لەلایەن (تەحسین دۆسکی) کراوەتە بنەما، چونکە کۆکەرەوەی زۆرینەی غەزەلەکانی جزیرییە و هەروەها تا ئێستا دوا دیوانی چاپکراوی ئەم شاعیرەیە.

بۆ بەراوردکردنی چۆنیەتی ڕێژەی وشەکانی ناو دیوانی جزیری لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی یاخود نزیک لە سەردەمی خۆی، هەر دوو شاعیری گەورە، (فەقێی تەیران و خانی) بە نموونە دەهێنینەوە.

(*) گەر ڕێژەی هەڵەو جیاوازی لەم ژماردنە لە (٥٠ تا ١٠٠) وشەش بێت ئەوا کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەم ڕێژە گشتیانەی سەرەوە نابێت.

ڕێژەی وشەکانی ناو دیوانی (فەقێی تەیران) لەم خشتەیەدا بەدەردەکەوێت[1]:

| تێکڕای وشەکان | ٣٩٣٩ | ٪١٠٠ |
|---|---|---|
| وشەی کوردی | ٢٦٧١ | ٪٦٧,٨٠ |
| وشەی عەرەبی | ٩٣٦ | ٪٢٣,٧٦ |
| وشەی فارسی | ٣٣٢ | ٪٨,٤٢ |

وشەی تورکی  لە دیوانەکەیدا زۆر کەم بەدی دەکرێت ،بەو جۆرە کە تەنیا (٣) جار (یولداش)و یەك جار (سەواش) بەکارهاتووە ، واتە (٤) وشەی تورکی هەیە کە کاریگەریی لەسەر ڕێژەی سەرەوە نیە.

ڕێژەی وشەکان لای (خانی)ش لەم خشتەیەدا نمایش کراوە:[2]

| تێکڕای وشەکان | ٢٣٤٧ | ٪١٠٠ |
|---|---|---|
| وشەی کوردی | ١٣٠١ | ٪٥٥,٤٣ |
| وشەی عەرەبی | ٦٣٤ | ٪٢٧,٠١ |
| وشەی فارسی | ٤١٢ | ٪١٧,٥٥ |

ڕێژەی وشەی بێگانە لە شیعری شاعیراندا، نیشانەیەکی شێوازی شاعیرانە، لە بەراوردی ئەم سێ خشتەیەش جیاوازی شێوازی سێ شاعیری ناوبراو بەدەردەکەوێت.

ڕێژەی وشەی کوردی لای جزیری (٪٥٨,٢٠)و لای فەقێی تەیران (٪٦٧,٨٠)و لای خانی (٪٥٥,٤٣)ە، شیعری فەقێی تەیران لە شیعری میللی و بەیتە فۆلکلۆریەکان نزیکە بۆیە لە شێوازەکەیدا ڕێژەی وشەی کوردی زۆرترە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لای جزیری و خانی لێك نزیکە وێڕای ئەوەی کە ئەم ڕێژەیە  لای جزیری تۆزێ زیاترە. شێوازی جزیری و خانی لە شیعردا شێوازی مەلایانەیە یاخود خوێندەوارانەیە و کاریگەریی ئەدەبی کلاسیکی فارسیی زۆر پێوە دیارەو جیا لەوەش ، وشەی ئایینی و سۆفیانەشیان زۆرە، بۆیە زیادبوونی ئەم چەشنە وشانە ڕێژەی وشەی کوردیی کەمترکردووە.

---

(١) دیوانی فەقێی فەیران، پرتایەکێ ، سەعید دێرەشی و پێزانی ئالیخان ، چاپ ١، بەغدا ١٩٨٩.

(٢) ژ هەلبەستێن ئەحمەدێ خانی – اسماعیل بادی ، چاپ ١ ، دهۆك ١٩٩٦.

پێویسته ئاماژه بەوه بکرێ کە هەرسێ شاعیر زیاتر بە ئەدەبی فارسی کاریگەر بوونه تاکو ئەدەبێ عەرەبی، بەڵام گەر له خشتەکاندا ڕێژەی وشەی عەرەبی زیاتر لە فارسی دەرکەوتووه ئەوا هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆر لەو واژەو دەستەواژه عەرەبیانە لە ڕێگەی ئەدەبی فارسیەوه هاتۆنەتە ناو شیعری کوردی، بەتایبەتی کە ئەدەبیاتی سۆفیانەی فارسی پڕاوپڕە له وشەی عەرەبی.

ئەوەی له بارەی شێوازی شیعری جزیرییەوه له ئاستی وشەکاندا دەتوانرێ بوترێ ئەوەیە کەوا ، ئەگەرچی ڕێژەی وشەی فارسی و عەرەبی له دیوانی جزیریدا بۆ ئەمرۆ زۆر دەنوێنرێت، بەڵام بۆ ڕۆژگاری ئەوسا کە زمانی خوێندن و نووسین و ئەدەب زۆربەی به فارسی بووه ئەم به کوردی شیعر نووسینه تەواو لادانە لە زمانی ئەدەبیی ئەو سەردەم. واته ئەم ڕێژەیە لە وشەی کوردی ، لە شیعری جزیریدا بۆ سەردەمی خۆی زۆربووه. ڕێژەی وشه بێگانەکانیش بۆ سەردەمی ئێمه زۆره نەك ئەوسا.

هەر لەبەراوردی ڕێژەکان مەزندەی ئەوه دروست دەبێت، کە دەبێ لە دەڤەرەکەدا شیعری ڕەسەنی کوردی لەسەر کێشی پەنجەیی باو بووبێت و فەقێی تەیران لەو زەمینەیە سەری هەڵدابێت و بە کاریگەریی ئەدەبی فارسی هەنگاوێك لێی دوورکەوتبێتەوه. ئینجا جزیری هەر لەو کەشەدا زیاتر لێی دوورکەوتۆتەوه ، بۆیە ڕێژەی وشەی کوردی لای کەمتربووه. بۆ سەردەمی خانی ئەوا هەر یەکجار لەو سەرچاوەیە دوور کەوتوونەتەوەو ڕێژەی وشەی بێگانەش له زیادبووندایه. بەم چەشنە شێوازی جزیری دەکەوێتە مەودایەکی مام ناوەندیەوه، هێشتا لە ڕەگەزەکانی شیعری میللی زۆر دوورنەکەوتووەو شاعیر شارەزایانەش توانیویەتی لەسەر کێشی خۆمالیش تواناکانی خۆی بنوێنێت (هەر وەك لەو وتووێژە شیعریەی کە لەگەڵ فەقێی تەیراندا بەدەرکەوتووه). بۆیه له کاتێکدا کە لەلایەنی کێش و مۆسیقاوه بە هەنگاوی سەرنج ڕاکێش و هونەری لە کێشە خۆمالیەکە دوورکەوتووه، لەهەمان کاتیشدا سیمای کوردانەی خۆی زیاتر لە قۆناغی دوای خۆی پاراستووه، بۆیە شیعرەکانی دلگیرترو سەرنج ڕاکێشتر له هەردوو شاعیرەکەی دیکه خۆیان دەنوێنن.

ڕێـژەی وشـەی عـەرەبی و فارسـی لای هـەر سـێ شـاعیر بەرچـاوە، لـەبارەی زمـانی تورکیش پێ دەچێ هەرسێ شاعیر شارەزای بووبن، بەتایبەت کە خانی شیعری (ملمع)ی تورکی، فارسی، عەرەبی و کوردیی داناوە بۆ دەرخستنی شارەزایی خـۆی لـەو زمانانـە[1]. بەڵام لە غەزەلەکانی هەر سێ شاعیر ڕێژەی وشەی تورکی زۆر کەمـەو فریکوانسـەکە لـە ئاستێك نیە کە وەکو نیشانەیەکی شێواز باسیان لێ بکرێ. لای خانی و فەقێ لە غەزەلـە کوردییەکانیاندا، ژمارەی وشـەی تـورکی لـە پەنجـەکانی دەسـت تێپـەڕ ناکـات، بـەڵام لای جزیـری بـە حـوکمی زۆریـی بەرهـەمی، تـا نزیکـەی (٨١) وشـەی تـورکی دەبینـرێن کـە دووبارە بوونەوەی ئەم وشانەن:

ئیلان (مار)، ئەسلان (شـێر)، بەگلـەر (بەگـەکان)، چاشـتی (وەکـو)، دەنگـز (دەریـا)، دورگوش (شەڕ)، قزل (سـور)، قـەر (ڕەش)، یـول (ڕێگـە)، قـولزوم (دەریـا)، یـوخ (نیـە)، یــەنگ و یــەنگی (ســەربازی ســوپای عوسمــانی)، جــوق (زۆر)، تــوخ (ئــالا)، قوشچــی (بەخێوکەری قۆش)، ئۆغلمە (تێکەل بـوونی جـەنگاوەران)، تەلـەس (نـەخۆش، سست)، یەغما (تالان)، خارە (جۆرە قوماشێك)، سواش (جەنگ).

## وشە کلیلیەکان لە شێوازی شیعری جزیریدا:

وشە کلیلییەکان لە شێوازدا، ئەو وشانەن کـە شـاعیر خواسـتەو نەخواسـتە، زوو زوو دەپرژێتە سەریان و لە زۆربەی شیعرەکانیدا شوێنی خۆیـان دەکەنـەوە. شـیعری زۆر لـە شاعیران بە ڕێگەی ئـەو وشـە کلیلیانـە دەناسـرێتەوە، واتـە دەبـن بـە کلیلـی ناسـینەوەی سـیمای شـیعری ئـەو شـاعیرانە. بـۆ نمونـە وشـەی (سـوڕ) بـە واتـای جـوانی و سـەرنج ڕاکێشی، بەفریکوانسی نزیکەی (٦٨) جار لە زۆر لە غەزەلەکانی جزیریدا بەزەقی خـۆی دەنوێنێت ، لە کاتێکدا کە لای خـانی ئـەم وشـەیە بـەدی نـاکرێ، لای فـەقێی تـەیرانیش یەك جار بەو چەشنە بەدی دەکرێ کە لە واتاکەی دەردەکەوێ هەمان (سرِڕ)ە بە واتـای ڕازو نهێنی نەك جوانی[2]. جزیری هـەر بـەهۆی ئـەو وشـەیە هەنـدێ وشـەی ئاوێتـەی

---

[1] ژ هەڵبەستێن ئەحمەدێ خانی ، بادی، ل ٦٠و ٦١.

[2] دیوانا فەقێ تەیران، پرتا یەکی ل (٣١):

دا ئەز بزانم ڤێ سوڕێ
ژ هندەکێ هەتا پورێ
ژ مەعنەیا ڤێ گوڕ گوڕێ

پێك هێناوه كه ئەوانیش تایبەتن بـه شـێوازی خـۆی وەك (سورموشـتەری، سـورمەلەك، سورپەری، سورشرین، فەغفورسـور... هتـد). هـەروەها وشـەی (حوسـن) ئەگەرچـی لای زۆر له شاعیرانی كلاسیك دەبینرێ، بەڵام لای جزیری بەفریكوانسی زیاتر له (٩٣) جـار، وەكو وشەیەكی كلیلی له شێوازەكەیدا جێگیربووە.لێـرەدا پێویسـته ئامـاژە بـەوە بكرێـت كـه، مـەرج نییـه هـەموو كـاتێ وشـه كلیلیـەكان فریكوانسـێكی زۆریـان هـەبێت ، بـەلكو لەوانەیـه وشـەكه تایبەتمەندییـەكی لای شـاعیر هـەبێت . بـۆ نمونـه وشـەی (چیچـەك) جێگەیەكی تایبەتی له شیعری جزیریدا هەیه، بەشێوەیەك كه ئەم وشەیه زەینـی هـەر خوێنـەرێكی شـیعری كلاسـیك بـۆ لای شـیعری جزیـری پـەلكێش دەكـات، لـه كاتێكـدا فریكوانسەكەی تەنیا (١١) جاره.

بەپێی فریكوانس و تایبەتمەندییان ئەم وشانەی لەم خشـتەدا گـونجێنراون ، وشـەی كلیلین له شێوازی جزیریدا:

| وشەی كلیلی | فریكوانس | وشەی كلیلی | فریكوانس |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەزەل | ١٩ | بادە | ٢٧ |
| ئەبەد | ١٧ | بەند، بەندی | ٣٥ |
| ئاستان | ١٧ | بورج | ٢٢ |
| ئاتەش | ٢٣ | بولبول | ٢٦ |
| ئەبروو | ٤٥ | پەری | ٣٤ |
| بەرق | ٣٥ | پەردە | ٥٢ |
| بەژن | ٢٥ | تیر | ٦١ |
| تولە | ١١ | خوون | ٣٦ |
| تەجەللا | ٤٤ | خەمری | ١٨ |
| جام | ١٠١ | دل | ٤٣٩ |
| جەگەر | ٣٩ | دێم | ٨٣ |
| جەرگ | ١٤ | دەست | ١٥٣ |
| جان | ١١١ | دوڕ | ٣٧ |
| جەزبە | ٢٠ | دوو (٢) | ١١٢ |
| جەمال | ٥٦ | دلبەر | ٧٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جەور | ١٧ | دەرد | ٣٧ |
| جەفا | ٢٥ | دەرب (ضرب) | ٢٢ |
| جەبهەت | ١٨ | داغ | ٢٧ |
| چەنگ (موسيقا) | ٢٦ | ديدار | ٢٣ |
| چيچەك | ١١ | رەيحان | ٢٠ |
| چەشم (چاو) | ٢٨ | دال (حرف د) | ١٣ |
| چەرخ | ٦٣ | رووح | ٧٨ |
| چاڤ، چەهڤ | ٤٥ | رەنگ | ٧٧ |
| حال | ٤٤ | رەمز | ٦٠ |
| حوسن | ٩٣ | رۆژ (هەتاو) | ٢١ |
| حووری | ٣٣ | زولف | ١١٢ |
| خەگ | ٥٢ | زوهرە | ٢٣ |
| خال | ٦٧ | زەری | ١٦ |
| خەف | ٣٦ | سەجدە (سوجود) | ٣٢ |
| خوەش | ٥٣ | ساز (موسيقا) | ٢٠ |
| خەنجەر | ١٨ | سەحەر | ٦٩ |
| سەما | ٤٠ | شەفقە (شەفقەت) | ٢٢ |
| سوڕ (جوانی) | ٦٨ | شاه | ٣٢ |
| سەد (١٠٠) | ١٢٤ | شەتری | ١٠ |
| سيا (سياه) | ١٤ | طور | ١٣ |
| ڕەش | ١٨ | عشق | ١٤٠ |
| ئەسوەد | ١٤ | عەنبەر | ٣٠ |
| سينە | ٤٨ | عالەم | ٤٥ |
| سەحەرگەه | ١٤ | عومر | ٢٥ |
| سونبول | ٣٤ | عەرعەر | ١٧ |
| سەر (كەللەی سەر) | ٤٩ | عشوە | ٢٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سوسن | ١٦ | عاشق | ٥٩ |
| سەرد | ١٦ | غونچە | ٢٠ |
| سەلوارەوان | ٥ | فورقەت | ٢٤ |
| سەلوا | ٥ | قەلب | ٤٤ |
| سڕ | ٢٩ | قەد (بەژن) | ٢٥ |
| شەفەق | ٢٣ | قەوس | ٥٥ |
| شیرین (تام) | ٨١ | قەنج | ٢١ |
| شەکر | ٤٢ | کەوکەب | ٤٥ |
| قەند | ١٩ | کەس | ٤٥ |
| نەبات | ١٨ | کاکول | ٢٠ |
| شوبهی (شوبهەت) | ٧٥ | گولاڤ | ١٠ |
| شۆخ | ١٥ | گولاب | ٩ |
| شەپال | ٢٦ | ماوەرد | ٤ |
| شەنگ | ١٨ | ماوەر | ١٢ |
| گول | ٦٥ | نوور | ١١٥ |
| گەوهەر | ٢٦ | نوورین | ١١ |
| گولزار | ١٤ | نێرگز | ٢٥ |
| گەزمە | ٢٥ | نازك | ٥٧ |
| گوی (تۆپی یاری) | ١١ | نیشان | ٥١ |
| لەعل | ٥٢ | نەی شەکەر | ٢١ |
| لات | ١٨ | نوون (حرف ن) | ٢٤ |
| لامع | ٢٤ | نار (ئاگر) | ٣٢ |
| لەب | ٦٨ | نەسرین | ١٤ |
| مەی | ٧٣ | ناز | ٢١ |
| میهر (هەتاو) | ١١ | نظر (دیتن) | ٣٧ |
| میهر (میهرەبانی) | ٩ | نوو | ٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماه | ٢٧ | نەو | ١١ |
| مەست و مەستی | ٦٨ | نهین (خەف) | ٩ |
| مەحبوب | ٣٧ | هلال و هلالی | ٣٣ |
| حەبیب | ٢٦ | هەزار (١٠٠٠) | ٢٠ |
| مسك | ٣١ | یەك | ١٢٤ |
| مثلی (بۆ چواندن) | ٣٢ | یار | ٦٣ |
| میر | ٢٦ | یەنگ و یەنگی | ١٥ |
| نەی | ١٩ | نوقطە | ٢٤ |
| نای | ١٧ | نەقش | ٣٢ |

هەروەكو لە خشتەكەدا بەدەر دەكەوێ فریكوانسی هەندێ وشە لە بەراورد لەگەڵ وشەكانی دیكە كەمە، بەڵام بە وشەی كلیلی دانراون و هۆی ئەم كارەش ئەوەیە كە ئەم وشانە وێرای فریكوانسی كەمیان، لای جزیری جێگایەكی تایبەتیان هەیە، وەك وشەكانی (تولە، چیچەك، سەلوا، شەتری، گوی). شەتری ناوی كەرەستەیەكی ڕازاندنەوەی ئافرەتانە كە تەنیا لای جزیری لەتەك كەرەستەی دیكەی وەك (نەترك و بازن و زەرگو و تەیرك و بشكو و بەلگ)دا هاتووە كە هەموویان كەرستەی ڕازاندنەوەن لە زێڕو جەواهیر دروست كراون. (شەتری) ڕێژەی لە ئەوانی دیكە زیاترە، ئەگینا ئەوا هەر هەموو ئەو كەرەستانەی سەرەوە تایبەتمەندیەك بە شێوازی جزیری دەبەخشن، چونكە ناوهێنانی ئەو هەموو ئامرازو كەرەستانەی ئارایشتی ئافرەتان كاریگەریی باری ئابووریی ئەوسای دەڤەری جزیرە لەسەر شێوازی جزیری بەدەردەخات، چونكە هەروەكو لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێكرد، لەو سەردەم و لەو دەڤەرەدا زێڕو زیو زۆر بەكارهاتووەو باری ئابووریی دەڤەرەكە لەژێر حوكمی میرەكانی بۆتان باش بووە. (چیچەك)یش كە جۆرە گولێكە لای جزیری سەرنج ڕاكێشەو تەنیا یەكجاریش لای فەقێی تەیران هاتوو. یاخود وشەی (تولە) كە سەرنج ڕاكێشە چونكە جزیری زیاتر لە (١١) جار خۆی بە تولەو سەگی بەر دەرگای یار چواندووە، كە ئەم ڕێژەیەش لای كەم شاعیر بەرچاو دەكەوێ، بۆیە ئەم وشەیە وەكو دیاردەو نیشانەیەكی شێوازی جێگیر دەبێ.

جیا لەو وشە کلیلیانەی ئاماژەیان پێکرا، هەندێ ئاوەڵکار هەن کە لەلای جزیری بەفریکوانسێکی زۆر خۆیان دەنوێنن و دەبن بە نیشانەیەکی شێوازی وەك ئەم ئاوەڵکارانەی کە لەم خشتەیەدا ڕیزبەند کراون:

| ئاوڵکار | فریکوانس | ئاوڵـکار | فریکوانس |
| --- | --- | --- | --- |
| ئیرۆ (ئەمرۆ) | ٦١ | قەط و قەط (هەرگیز) | ٣٥ |
| پوڕ (زۆر) | ١١٤ | هەردەم | ١٣ |
| جارەك | ٥٦ | هێژ | ١٨ |
| دیسا | ٣٩ | ڤێرا | ١٤ |
| دەم، دەما | ٣٩ | مەجال (کاتێ وەختێ) | ١٦ |
| دائم | ١٩ | وەختێ | ١١ |
| سەر (لەسەر) | ٨٧ | مەدام | ١٢ |

زۆربەی ئەم ئاوەڵکارانە هەروەکو لە خشتەکەدا بەدەر دەکەوێ، ئاوڵکاری کاتن. ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بە باری عەشقی شاعیر، کە کلپەی ئاگری عەشقی (هەردەم) و هەر (مەجال)ێ (دائم) و (مەدام) لە هەڵچوون دایەو (هەر ڕۆژ) داوا دەکات کە (ئیرۆ) تەنیا (جارەك) بە دیداری یار شادبێ. بەڵام (دیسان) وەڵام نیە. کەچی (قەط) واز ناهێنێو (هێژ) چاوەڕوانە.

لێرەدا، بۆ دەرخستنی جیاوازیی وشە کلیلیەکانی شێوازی جزیری لەگەڵ شێوازی خانێو فەقێ، لە دوو خشتەی جیاوازدا وشە کلیلیەکانی هەردوو شاعیر دەخەینە ڕوو. سەرەتا وشە کلیلیەکانی فەقێی تەیران:

| وشەی کلیلی | فریکوانس | وشەی کلیلی | فریکوانس |
| --- | --- | --- | --- |
| ئاڤ | ١٣ | دنێ (دونیا) | ٢٥ |
| ئاخ (خاك) | ٦ | دل | ٢٣ |
| ئاگر | ١٢ | دار (درەخت) | ٧ |
| ئەڤین | ٦ | داغ | ٩ |
| باخو | ٧ | دین (شێت) | ٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| با | ٦ | دلۆ | ٧ |
| بلبل | ١٣ | رۆژ | ١٤ |
| پێت | ٨ | رەمز | ٨ |
| پەردە | ٨ | سڕڕ | ١٣ |
| جان | ٩ | شەڤ | ٩ |
| جمال | ٦ | عشق | ٢٨ |
| چار (٤) | ٦ | عاشق | ١٢ |
| چاڤ | ٧ | قەوی | ١٠ |
| خەو | ١٢ | مقیم (مسۆگەر) | ٥ |
| دەست | ١٤ | نوور | ١٠ |
| دەنگ | ٩ | یار | ١٣ |

وشە کلیلیەکانی شێوازی خانی (لە غەزەلدا):

| وشەی کلیلی | فریکوانس | وشەی کلیلی | فریکوانس |
|---|---|---|---|
| جان | ١٣ | عەشق | ٦ |
| چاڤ و چەهڤ | ٩ | عاشق | ٤ |
| خال | ٧ | غەم | ٦ |
| دەست | ٧ | قەید | ٧ |
| دل | ٣٤ | کەس | ١٠ |
| دلبەر | ٧ | مەی | ٧ |
| دوو (٢) | ٨ | یار | ٧ |
| زولف | ٢١ | شێخ | ٥ |
| سەد (١٠٠) | ٩ | ساقی | ٥ |
| سەرخۆش | ٦ | | |

له بەراوردکردنی خشتەی وشە کلیلیەکانی هەر سێ شاعیر دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

١- هەندێ وشەی وەك (زولف، خال، خەط، مەی، چاڤ، دل) ئەوا لای گشت شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردو فارسی لە غەزەلدا دەبینرێن واتە وشەی شێوازی غەزەلن، ئەم وشانە لای خانی و جزیری دەبینرێ، بەڵام لای فەقێی تەیران جیا لە (چاڤ و دل) وشەکانی دیکە فریکوانسێکی کەمیان هەیە، تەنانەت وشەی (زولف) تەنیا یەك جار بەکارهاتووە[١]. هۆی ئەم دیاردەیەش هەمان نزیك بوونی شێوازی فەقێیە لە ئەدەبی سەرزاری خەڵك. لە ئەدەبی سەرزاری خەڵکی کرمانجی سەروش وشەی (زولف) بەکار نایێ، بەڵکو زیاتر (بسك) یان (کەزی) بەکاردێ، هەرچەندە فەقێ ئەم دوو وشەیەشی بەکار نەهێناوەو کەمتر پرژاوەتە سەر ئەم لایەنەی جوانی یارەکەی.

٢- لە بەراوردەکە وا دەردەکەوێ کە شێوازی جزیری و فەقێ فۆرمێکی تایبەتی تری هەیە، چونکە هەردووك شاعیر وشەی وایان بەکارهێناوە کە زیاتر تایبەت بەخۆیانە واتە لەوانەیە شاعیرە کلاسیکیەکانی دیکە هەر بۆ ئەم وشانەش نەچووبن یاخود کەمتر بەکارهێنرابن. بۆ نمونە جزیری وشەی وەك (یەنگی، سوڕ، خەف، سەلوارەوان، شەتری، ماوەر، تەجەللا، دێم...هتد)ی زۆر بەکارهێناوە، بەفریکوانسێکی وا کە وەکو نیشانەی شێوازی بەدەردەکەون. هەروەها فەقێی تەیرانیش وشەی وەك (ئاڤ و ئاخ "خاك"، ئاگر، باخو، دنێ، مقیم[*]، قەوی...هتد)ی بەکارهێناوە، کە فریکوانسی بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکی شێوازیی بە شیعرەکەی بەخشیوە. بەڵام لای خانی وشەی وەك (جان، چاڤ، خال، دل، زولف، یار، دلبەر...هتد) فریکوانسیان زۆرەو وشەی دیکەی بەرچاوی لا دەست ناکەوێ واتە ئەو وشانەن کە لەلای هەر شاعیرێکی کلاسیك بە فراوانی دەست دەکەون.بەم شێوەیە غەزەلەکانی خانی لەشێوەی لاسایی شاعیرانی دیکەی کلاسیك خۆیان دەنوێنن، بەجۆرێك کە تایبەتمەندیەکی زیادەی تر، وەکو دیاردەیەکی شێوازی بە ئاسانی لای بەدی ناکرێ. بۆیە لەوانەیە زێدەڕۆیی نەبێت ،گەر بوترێ

---

[١] دیوانا فەقێی تەیران، پرتا یەکێ، دێرەشی، ل ٧١.

[*] مقیم بە واتای مسۆگەر هاتووە، ئەم وشەیە تەنیا لای فەقێ دەبینرێ.

خانی ناوبانگەکەی لە (مەم و زین) وەرگرتووەو گەر تەنیا بە تەمای غەزەلەکانی بوایە، لەوانەیە ئەو پلەیەی پێ نەبەخشرابا. هەر چەندە دەبێ ئەوەش بوترێ کە بەرهەمی کەمی ئەم شاعیرەمان  لە بواری غەزەل لەبەر دەست دایەو ناکرێ لەسەر ئەم بەرهەمە کەمە بڕیاری کۆتایی لەسەر پلەی شاعیریەتی خانی بدرێ.

٣- لەناو هەر سێ شاعیر دا، تەنیا جزیری زۆر ئاوڕی لە گول و گولزار داوەتەوەو بە جوانیان زیاتر سەرمەست بووە ،بۆیە وشەی وەك (گوڵ، گوڵزار، نێرگز، نەسرین، سونبول، سوسن، چیچەك، رەیحان، سورگول، سەرو، عەرعەر...هتد) دیوانە شیعرەکەی جزیریان ڕازاندۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە گوڵێکی ناودارو جوانی وەك (نێرگز) کە لە هەر سوچێکی کوردستان بەدی دەکرێ لای خانی و فەقێ نابینرێ، گوڵەکانی دیکەش و تەنانەت وشەی گوڵیش فریکوانسەکانیان کەمە. جیا لەو وشە کلیلیانە، لە فەرهەنگی وشەی جزیریدا ناوی زۆر گوڵ و گیا تۆمارکراوە وەك (جنەسری و ئالئال، وەرەس، تەرازن " بەواتای مێرگ"...هتد).

٤- لەڕووی چەند و چۆنی، ئامرازی مۆسیقی لای جزیری زۆرە، ناوی هەندێ لەو ئامرازانە وەکو وشەی کلیلی شێوازی جزیری جێگیربوونە وەك (نەی، نای، چەنگ، ساز) بەڵام فریکوانسی ئەم وشانە لای خانی و فەقێ کەمە، بۆ نموونە لە غەزەلەکانی خانیدا یەك جار (نای) بەکارهاتووە، لای فەقێی تەیرانیش یەکجار (نەی). ئەمەیان بەڵگەیەکە بۆ گرنگی مۆسیقا لای جزیری. وا نەبێ لای هەردوو شاعیری دیکەش گرنگ نەبێ، بەڵام پێدەچێ لای جزیری زیاتر ئاوڕی لێدرابێتەوە.

٥- لای جزیری وشەی وەك (بورج، چەرخ، زوهرە، کەوکەب) بەفریکوانسی زۆر هاتووە، جزیری ئەم وشانەی لەتەك دەیان واژەو دەستەواژەی ئەستێرەناسی هێناوە وەك (بورجا شەرەف، شەرەف، عەقدێ پەروین، عەقد سونبول، موشتەری، قەران...هتد) ئەمەش وای کردووە کە ئەم دیاردەیە وەکو نیشانەیەکی شێوازی خۆی بنوێنێت، چونکە لای هەردوو شاعیرەکەی دیکە ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە. جزیری بەخت و (طالع)ی خۆی بەدیاردە ئەستێرەناسیەکان بەستۆتەوە، کە

ئەمەش باوەڕێکی کۆنە، جیا لەمەش زۆر جار جوانی ڕوخسارو چاو و بـرۆی یـاری بە دیاردە فەلەکیەکان چواندووەو دەستەواژەی وەك (دێم موشتەری، سورموشتەری، ئەبرۆ هیلالی...هتد)ی پێکهێناوە.

٦- لای جزیری، وشـەی پەیوەسـت بـە هەسـتی (بـۆن کـردن) بەفریکوانسـی زۆرهـاتوون وەك (گولاڤ، گولاب، مـاوەر، عەنبـەر، مسـك). ئـەم دیاردەیـەش دیاردەیـەکی شـێوازی جزیریە چونکە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و فارسـی ئـەو وێنـە شیعریانە بەسـەر شـیعرەکاندا زاڵـن کـە پەیوەنـدییان بـە هەسـتی (بیـنین) هەیـە. لای جزیـریش ئەگەرچی هەستی (بینین) زاڵە، بـەڵام ڕێـژەی هەسـتی بـۆنکردنیش بـەزەقی خـۆی دەنوێنێت.

٧- هەروەها لای جزیری هەستی چەشتن (تام کردن)، تەواو ئاوێتـەی شـیعرەکانی بـووە بـە شـێوەیەك کـە هـەموو شـتێ لای جزیـری شـیرینە، بۆیـە وشـەی وەك (شـیرین، شەکەر، قەند، نەبات) لەو وشانەن کە فریکوانسێکی بـەرزیان هەیـە ،ئـەم دیاردەیـە، دیاردەیەکی ئەدەبی بەناوی تێکەڵکردنی هەستەکان (Synaes thesia) خولقاندووە، کـە لەبەشـی چـوارەمدا وەك دیاردەیـەکی ئـەدەبی باسـکراوە. لای خـانی و فـەقێ هەسـتی چەشـتن کەمـە، تەنانـەت خـانی تـەنیا یـەك جـار وشـەی (شـیرین)ی لـە غەزەلەکانیـدا بـەکارهێناوە[1]، کـە ئەمـەش لـە ئـەدەبی کۆنـدا دیاردەیـەکی سـەیرو سەرنج ڕاکێشە.

٨- لای جزیـری وشـەی وەك (نـوور، نـوورین، نـار، لامـع، شـەفەق، تەجـەللا، بـەرق) بەفریکوانسی زۆر هاتوون، دەکرێ ئەم دیاردەیە، بـە بـاوەڕە ئیشـراقیەکانی جزیـری ببەسترێتەوە، جزیری هەردەم چاوەڕوانی (تەجەللا) و دەرکەوتنی یـارە، ئەگەرچـی بەرگـەی (نـوور و نـار)ەکە نـەگرێت. هـەر لەبـەر ئـەم هۆیـەش زیـاتر لـە (١٠) جـار ئاماژەی بە کێوی (طور) و دەرکەوتنی نووری خوا بۆ ئەم کێـوە هەیـە. لای فـەقێ و خانی ئەگەرچی ئاماژە بە نوور هەیە، بەڵام بەو فریکوانسەی لای جزیری نیە.

[1] ژ هەڵبەستێن ئەحمەدێ خانی ، بادی، ل٨٤.

٩- چەند وشەیەکی دیکە هەن وەك (نهین، سڕ، ڕەمز، خەف، پەردە) کە بەو فریکوانسە زۆرەیان، ئاماژەن بۆ دونیای نەهێنی و شاراوەی سۆفیگەری لای جزیری. ئەم دیاردەیە لای فەقێی تەیرانیش دەبینرێ، بەلأم لای خانی زۆر بەرچاو نیە. لە بەشی پێنجەمدا، پەیوەندیی ئەم ئاماژانە بە بیروباوەڕی جزیری و نۆڕینی بۆ جیهان خراوەتەڕوو.

## دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش لە بەکارهێنانی ڕاناودا:

دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشی جیاوازی شێوازی ئەم سێ شاعیرە، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاناوی کەسی یەکەم و کەسی دووەمە. لە غەزەلدا دوولایەنی سەرەکی هەیە، عاشق و مەعشوق. ئەم دوو ڕاناوەش لەجیاتی ئەم دوولایەنە بەکاردێن. لای جزیری ئەم دوو ڕاناوە بەم فریکوانسانەی خوارەوە بەکارهاتوون:

| | |
|---|---|
| ئەز | ١٢٤ |
| من | ٣٨٣ |
| کۆی | ٥٠٧ |

| | |
|---|---|
| تە | ٤١٢ |
| تو | ٢٦٥ |
| کۆ | ٦٧٧ |

واتە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی دووەم زیاترە.

لای خانی بەکارهێنانی ئەم دوو ڕاناوە بەم چەشنەیە:

| | |
|---|---|
| ئەز | ٤٢ |
| من | ٦٤ |
| کۆی | ١٠٦ |

| | |
|---|---|
| تە | ١١ |
| تو | ٧ |
| کۆی | ١٨ |

خانی زیاتر ڕاناوی کەسی یەکەمی بەکارهێناوە، ئەوەی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە خانی (٤) جار ڕاناوی (تو) و (١٤) جار ڕاناوی (تە)ی بۆ خۆی بەکارهێناوە واتە مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆیدا ، بەمجۆرە (١٨) جار بە ڕاناوی کەسی دووەم ئاماژە بە یارو

(١٨) جاریش ئاماژە بە خۆی دەکات(لێرەدا تەنیا ئەو راناوانەی کەسی دووەم ژمێردراون کە ئاماژەن بۆ بەرامبەرەکەی).

لای فەقێ ڕاناوەکان بەم شێوەیە بەکارهاتووە:

| | |
|---|---|
| ئەز | ٦٥ |
| من | ٦٦ |
| کۆی | ١٣١ |

| | |
|---|---|
| تە | ٢٦ |
| تو | ٧ |
| کۆی | ٣٣ |

فەقێی تەیرانیش وەکو خانی ڕاناوی دووەم کەسی تاکی بۆخۆی بەکارهێناوە بەجۆرێك (١٤) جار ڕاناوی (تە)و (٩) جار ڕاناوی (تو)ی بۆخۆی بەکارهێناوە واتە خۆی دواندووە.

لە بەراوردی ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو ڕاناوانە لای هەر سێ شاعیر، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا لای جزیری بەکارهێنانی ڕاناوی دووەم کەسی تاك لە ڕاناوی یەکەم کەسی تاك زیاترەو لای هەردوو شاعیرەکەی دیکە بە پێچەوانەوەیە، واتە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك زیاترە. ئەمەشیان تایبەتمەندیەکی شێوازی شیعری جزیرییەو پەیوەندی بە هزر و باری دەروونیی جزیرییەوە هەیە، بەم پێیە کە جزیری زیاتر سەرنجی بۆلای یارەکەی بووەو زیاتر لە مەعشوقەکەی دواوە تا خۆی و ئازارەکانی. ئەمەیان پەیوەندیی بە لایەنی سۆفیگەری لای جزیرییەوە هەیە کە (من)ی خۆی لەبەرامبەر یاردا لەبیر دەکات و هەمووی هەر یار دەبینێت، کەسی دیکە نیەو خۆی لەیاردا دەتوێتەوە. لە بەشی پێنجەمدا کاریگەریی ئەم تایبەتمەندیە لە هزری جزیریدا خراوەتەڕوو.

لای هەردوو شاعیرەکەی دیکە، بارەکە بەو شێوەیەیە، کە شیعرەکانیان گێڕانەوەی باری دەروونیی خۆیانەو بۆ ئەم مەبەستەش ناچارن زوو بەزوو ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك بەکاربێنن چونکە لەکاتی گێڕانەوەی باری خۆیان ڕێگەی دیکەیان نیە، ئەم دیاردەیە چەشنە (نەرگسیەتێکی) پێوە دیارە، چونکە شاعیر زیاتر سەرنجی لەسەرخۆیەتی، تەنانەت زۆرجار خۆی دەدوێنێت و ڕاناوی کەسی دووەمی تاکیش بۆ ئەم دواندنە بەکاردێنێت. ئەم بارە دەروونیە لای فەقێ هێندە زاڵە کە تەنانەت لە سروشتدا بەدوای وێنەی خۆی دا دەگەڕێت و لە ئەنجامیشدا ڕووبارو بولبول لە چەشنی

خۆی دەبینێت[١] و بەجۆرێك قسەیان لەگەڵدا دەكات كە هاودەرد و هاوچەشنی ئەون، واتە ئەوانی بەخۆ چواندووە نەك خۆی بە ئەوان. ئەمە لە كاتێكدایە كە جزیری سەیری هەر لایەك بكات و تەنانەت سەیری خۆیشی ئەوا تەنیا (مەعشوق) دەبینێت و هەموو شتێك بە خەت و خاڵی ئەو دەچوێنێت.

شیعری كلاسیك و قاڵبی غەزەل زیاتر دەرفەت بۆ دوانی شاعیر لەبارەی خۆی ئاوەڵا دەكات، بەڵام دەكرێ بوترێ ڕێژەی عەشقی شاعیرو ڕاستگۆیی لەم بوارەدا ڕێژەی ڕاناوەكان دەگۆڕێت، چونكە عاشقی ڕاستەقینە (لە بواری سۆفیگەریدا) ئەو كەسەیە كە خۆی لەبیر دەكات و زیاتر باسی بەرامبەرەكەی دەكات. دەكرێ بوترێ جزیریش لەم چەشنە كەسانەیە كە لەهەموو جیهان زیاتر لەیەك شت نابینێت و خۆی و ئەو، واتە (من و ئەو) هەر ئەوە:

**هەر یەكەو دێ یەك بمینت ئەوەل و ئاخر یەكە**
**لا جەرەم نابی دوو بن ئێ دێ بمینیت هەر هەبوو[٢]**

### كار لە شێوازی جزیریدا:

بەپێی سروشتی زمانی كوردی و بەكارهێنانی كاری یارمەتیدەر، لای جزیریش مەودایەكی فراوان هەیە بۆ بەكارهێنانی كار، بەو شێوەیەی كە وشەی عەرەبی و فارسیشی لەتەك وشەی كوردیدا لەگەڵ كاری یارمەتیدەر بەكارهێناوە. لەبواری كاردا بەشێوەیەكی گشتی دوو نیشانەی شێوازی لای جزیری بەدی دەكرێ كە ئەمانەن:

### یەكەم: كوردانـدنی كاری عەرەبی و فارسی

لەبواری بەكارهێنانی كاردا، جزیری هەرسێ فەرهەنگی زمانی كوردی و فارسی و عەرەبی لەبەر دەست بووە، بەڵام لە بەكارهێنانی كاری عەرەبی و فارسیدا، هەوڵی داوە بەرگێكی كوردییان لەبەربكات. هەندێ جاریش لە بەكارهێنانی كاری فارسیدا، هیچ گۆڕانێكی تێ نەخستووەو كارەكەی وەكو خۆی بەكارهێناوە، ئەمەشیان بەهۆی نزیكی و

[١] بڕوانە: بەیتی (ئەی ئاڤێ ئاڤ) و (فەقێ و بلبل) ، دیولنا فەقێ تەیران – دێرەشی ،ل ٣٠ و ٥٥
[٢] دیوانا جزیری، دۆسكی، ل ٢٥٤.

خزمایەتی هەردوو زمان تا ڕادەیەك ئاسایی دەنوێنرێت و زۆر هەست بە نامۆیی کارەکە لە دێرەکەدا ناکرێ وەك:

**جانێ من ئەر بێ سەر جەسەد مزگین ب خاقانی ڕەسەد**
**عالەم هەمی پێ بن حەسەد ئینسان و جن و جانەوەر[١]**
**ژ عەشقێ لەو مەلا خەستە ژ حەرفا بادەیێ مەستە**
**ژ هووش و عاقلی ڕەستە ل دەر گۆشێن د مەیخانێ[٢]**
**کو نەصیب دا ژ ئەزەل حەق ژ مەرا عەشقێ نوشت**
**فەیدە ناکن ل مە ئسم و نە طلسم و نە نقشت[٣]**
**جان ددرم، گوفت ب یەك بووسە دە**
**لێ ب بتن لەعلێ شەکەرخا کەفیل[٤]**

لەم دێرانەدا کاری، رسد (گەیشت)، رستە (دەرچوو، ڕزگاربوو)، نوشت (نووسی)، گوفت (گوتی) وەکو خۆیان لە ڕستەی کوردیدا هاتوون، بەلاَم فریکوانسی ئەم جۆرە کارانە زۆر نیەو زۆربەی کارەکانی دیکەی عەرەبی و فارسی بۆ گونجاندنیان لەگەڵ زمانی کوردی گۆڕانیان تێکەوتووە، ئەم گۆڕانکاریەش بە دوو شێوە کراوە، یەکەمیان: وەکو ئاماژەمان پێکرد بەکارهێنانی وشەی عەرەبی یان فارسیە لەگەڵ کاری یارمەتیدەر. دووەم: گۆڕینی سیمای کاری عەرەبی و فارسی بەهۆی کەم و زیادکردنی برگەو بەکارهێنانی ڕاناوی لکاو لەگەڵ کارەکەدا. لێرەدا ئەم دوو شێوازە لە کوردانـدنی کار بۆ هەریەك لە کاری فارسی و عەرەبی دەخەینەڕوو:

---

[١] دیوانا جزیری، دۆسکی، ل ١٢٠.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٨.
[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٣٠١.
[٤] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨.

- **کوردانـدنی بەهۆی کاری یارمەتیدەر:**

ئەم جۆرە بەکوردی کردنە لای زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکانی کورد بەدی دەکریّ، بەڵام لەو بوارە لای جزیری دەبێتە نیشانەیەکی شێوازی کە بەهۆی بەکارهێنانی کاری یارمەتیدەر لە (رەدیف) بەرێژەیەکی زۆر ئەم دیاردەیە دەبینریّ، بۆ نموونە لە شیعری بەناوبانگی (الله سەحەرگاها ئەزەل) بەهۆی کاری یارمەتیدەری (دا) بەدەیان کاری لێکدراو دروست کراوە، جا چ لە وشەی عەرەبی یان فارسی، وەك (بەرقەدا، جلوەدا، طەعنەدا، صیغەدا، شانەدا، هالەدا، نەفخەدا، نەغمەدا) نمونەی دیکە لە دیوانی جزیریدا بەهۆی کاری یارمەتی دەری دیکە زۆرە وەك (ئظهار بت، جەلا گرت، حەوالە کر، دەلالە کر، قەبالە کر، طەهارت کر، غارەت کر، بصارەت کر) ئەم نموونانە لە دیوانی جزیریدا هێندە زۆرە کە دۆزینەوەیان ئەستەم نیە، بەڵام سەرباری ئەمەش بە نیشانەیەکی زۆر گرنگی شێوازی جزیری دانانریّ، چونکە گەر هەندیّ کەمتریش بێت بەڵام ئەم دیاردەیە لای (فەقیّ و خانی)یش بە فراوانی دەبینریّ ئەگەرچی لای خانی زۆرترە ئەویش بەهۆی ئەوەی رێژەی وشەی بێگانە زۆرترە.

- **کوردانـدن بەهۆی گۆڕینی فۆرم و ڕاناوی لکاو:**

لەم جۆرەدا کاری فارسی یان عەرەبی بەشێوازێك دەگۆڕێت، کە تەنیا ڕەگی کارەکە وەکو نیشانەیەك بۆ بنەڕەتی کارەکە دەمێنێتەوە، کارەکە تەواو دەخرێتە قالبێکی کوردی. بۆ نموونە، (خەجلین)، لە ڕەگی (خجل)ی عەرەبی هاتووە بەڵام بە هاتنی ڕاناوی لکاوی (ن) و (ی)ی ناوبڕ وەکو کارێکی کوردی جێگیربووە. یان (بنمێت) بە کوردی کردنی کاری (بنماید)ی فارسیەو لە گۆڕینی ڕاناوی لکاوی (د) بۆ (ت) و لابردنی (ا)ی ڕەگی کار لە کێش و سیمایدا بووە بە کارێکی کوردی. فریکوانسی ئەم چەشنەکارانە لای جزیری تا ڕادەیەکە، کە ئەم دیاردەیە بە یەکیّ لە نیشانە سەرەکیەکانی شێوازی جزیری دادەنرێت.

- لێرەدا هەندێ نموونە دەخەینەڕوو:

- بنمێت، بنمێتن، نوماندن، دنومێت، نومان، نومایە، نومایین، لە چاوگی (نمایاندن)ی فارسی وەرگیراوەو بەو شێوەیانەی سەرەوە زیاتر لە (١٥) جار دووبارە بوونەتەوە.
- بنووشم، بنووشین، بنوشت، بنووشی، دنووشم، لە چاوگی (نووشیدن)ی فارسی زیاتر لە (١٠) جار هاتووە.
- دپوشم، لە چاوگی (پوشیدن)ی فارسی.
- دکوشم، لە چاوگی (کوشیدن)ی فارسی.
- برەسین، لە چاوگی (رسیدن)ی فارسی.
- رەستینە، لە چاوگی (رستن)ی فارسی.
- نێهەن، لە چاوگی (نهادن)ی فارسی.
- ریشن، لە وشەی (ریش)ی فارسی بە واتای (بریندار).
- دخورم، لە چاوگی (خوردن)ی فارسی.
- دبازن، لە وشەی (بازی) بە واتای (یاری) هاتووە.
- درازن، لە وشەی (دراز) بە واتای (درێژ) هاتووە.
- چەرخیم، لە چاوگی (چرخیدن)ی فارسی هاتووە.
- فەشاند، لە چاوگی (فشاندن)ی فارسی هاتووە.

ئەوانەی لە کاری عەرەبیش وەرگیراون ڕەگی کاریان بە ئاشکرایی دیارە وەك:

(ئەلەمین، برەشین، بمەشی، بفەصلین، بەیاندن، بەطلین، حەیراندن، خەجلیم، خەجلین، دعەجێبم، سلسلین، شەوشاندن، شەوشی، شەوشین، شەوشاند، شەواند، طەواند، عەجیبم، عللاندین، غەرقین، غەریبم، غەفرینە، فەتتلین، قەبەسین، کەششفی، کەمملین، کەمملی، کەواند، مەششها، مەووجی، مەشها، مەیلین، نەززلی، نەقشاند، نەققشین، سەییری، وەصلین).

به تێکڕایی زیاتر له (١٢٠) کاری کوردێندراوی عـەرەبی لـەم چەشـنە بـەدی دەکـرێ. ئـەم جـۆرە گۆڕینـەی کـاری عـەرەبی لـە کوردیـدا، دیـارە لای خوێنـدەواران و مـەلایان باوبووە، ئەم دیاردەیە لای (خانی)و (فەقێی تەیران)یش بەرچاو دەکەوێ بەڵام ڕێژەیان هێنـدەی لای جزیـری نیـە. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە ئەوەیـە کـە لای (فـەقێی تـەیران) ڕێژەی ئـەم جـۆرە کارانـە زیـاترە لـە (خـانی) لـە کاتێکـدا چاوەڕوانی پێچـەوانەی ئـەوە دەکرێ، چونکە شێوازی (فەقێ) لـە ئـەدەبی سـەرزاری خـەڵك نزیکـەو شـێوازی (خـانی) ڕێژەی وشەی عەربی تیایدا زۆرتـرە. لـە نزیکـەی (٢٢) غـەزەلی خـانی تـەنیا دوو وشـەی (کەملانـدن و شـەتلاندن) دەبینـرێ بـەڵام لای (فـەقێ) وشـەی (بـەططهـین، حەلانـدی، دحەبینی، دواردین، صەبری، صەووراند، قەددراند، مائلین، دخارجن) دەبینرێ.

- **هەندێ دیاردەی ناوازە لە بواری کار، لای جزیری:**

**یەکەم:** لە کوردیدا، چاوگی (کـردن) لـەکاتی ڕابـردوودا پیتـی(ر)ی دەمێنێت وەك (مـن کر)، (مە کرن)، بەڵام بۆ کاتی ئێستاو داهاتوو (ر) نامێنێت وەك (ئـەز دکـەم)، (ئـەز دێ کـەم)، بـەڵام لای جزیـری دیاردەیـەکی سـەرنج ڕاکـێش هەیـە ئـەویش ئەوەیـە کـە، ئـەم کـارەی بـەجۆرێ بـەکارهێناوە کـە زۆرجـار بـۆ کـاتی ئێسـتاو داهـاتووش پیتـی(ر) هـەر دەمێنـێ، بـۆ نمونـە ئـەم کارانـەی بـەکارهێناوە: (دێ بکرم، دکرن، دکـرت، دکـرم، دکـری، بکـرت، بکـری، بکـرین، بکـرم) نـزیکـەی (٣٠) جـار جزیـری ئـەم کـارەی بـەو چەشـنە بـەکارهێناوە کـە ئەمـەش ڕێژەیـەکی بەرچاوە. ئەم دیاردەیە لای خانی و فەقێ بەدی ناکرێ، بۆیـە وەك نیشانەیەکی تایبەتی شێوازی جزیری جێگیر دەبێت.

**دووەم:** لـە کرمـانجی سـەروو و خـوارووودا، چـاوگی (هـەبوون) لـە بەرامبـەر (داشـتن)ی فارسـی بـۆ خاوەنـداری هـاتووە، بـەڵام جیـا لەمـە لای جزیـری وشـەی (ددیـرت، ددیرم، ددیری، ددیرین) بەواتای (هەبوون) هاتووە وەك:

زانـــم نـــەتـــنـــێ كـــويـــەدێ بەيضا تو ددیری
وەرخوەش کە شەهیدێن خوە کو عیسا نەفەسی تو[1]
یــوسفــێ ثـــانـــی تـــو ئـــیـــرو خـــانـــم
کـــو ب حـــوســـنـــا خـــوە نـــەدیـــری ثـــانـــی[2]

بە ئاسانی ناکرێ بسەلمێندرێت کە ئایا جاران ئەو وشەیە لەناو کورد باو بووەو ئێستا نەماوە یاخود جۆرێکە لە گۆڕانی (دارد) لە چاوگی (داشتن)ی فارسی. ئەم وشەیە بەو فۆرمە لای (بابا تاهیر)یش دەبینرێ:

دلی دیرم دلی دیوانه و دنگ　　　نـزونم مـو کـه دیرم نـام یـا ننگ
از این دیوانگی روزی برایم　　　کـه در دامـان دلبـر برزنم چنگ[3]

ئەم دیاردەیە لە غەزەلەکانی (خانی)و (فەقێی تەیران)دا بەرچاو نەکەوت، بەڵام زیاتر لە (١٠) جار لای جزیری دووبارە بۆتەوە، بۆیە دەکرێ بە نیشانەیەکی شێوازی دابنرێت.

**سێ یەم:** دیاردەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش لای جزیری پەیوەندی بە چاوگی (دان) هەیە. لە کرمانجی خواروو و سەروودا، پیتی (ر)ی تێدا نیە، واتە دەوترێت (ددەت، دەدات)، بەڵام لای جزیری بە فریکوانسێکی زۆر نزیکەی (٣٠) جار بەم شێوەیە هاتووە:

---

(١) دیوانا جزیری، دۆسکی، ل ٢٥٥.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٣.
(٣) دیوان بابا طاهر عریان – تصحیح : وحید دستگردی،انتشارات امیر کبیر، چ٢، تهران، ١٣٣٣، ص١٣

(ددرت، ددێری، ددێرت، ددرم، ددرین، بدرت، بدرێ، بدرین، بدێرت، نەدێرت، نادرت) کە تێکڕایان چەمکی (دان) دەگەیێنن وەك:

**دین ئەگەر بێتە بەها جان ددرم لێ ئەمما**

**مە هەزار جانێ عەزیزێ دهلێتن د بەهێ**[1]

هەڵبەت، لەتەك ئەمەدا بە فراوانی چاوگی (دان) لە شێوەی کاری (ددەت، ددەن و ددن...هتد) بەکارهاتووە. لای (خانی)و (فەقێ) بەم شێوەیە ئاساییە بەکارهاتووەو ئەم دیاردەیەی سەرەوە واتە هێنانی پیتی (ر) لەکارەکەدا بەدی ناکرێت.

**چوارەم:** لە کرمانجی سەروو و خواروو، چاوگی (چوون) و کارەکانی پەیوەست بەو چاوگە یەکسانن ، وەك ئەم کارانە (چووم، دچووی، دچی...هتد)، بەڵام لای جزیری هەر بە چەمکی چوون کارێکی دیکە بەکارهاتووە کە دەکرێ بوترێ چاوگەکەی (رەتن)ە. لەو چاوگە زیاتر لە (٢٥) جار کاری وەك (برەتن، برەت، دێ رەت، درەت، دێبرەتن، درەتن، درەن، رەت، رەتە، نارەت) بەکارهاتووە کە هەموویان واتای چوون دەگەیەنن. ئەم دیاردەیە لای خانی و فەقێ بەدی ناکرێ، بۆیە وەکو نیشانەیەکی شێوازی جزیری دادەنرێت. ئەم کارە لە کاری (رفتن)ی فارسی نزیکە، بەڵام پێناچێ جزیری لە فارسیی وەرگرتبێ چونکە لە گۆرانی فۆلکلۆری کرمانجی سەرووش ئەم جۆرە کارە بەرچاو دەکەوێ وەك لە گۆرانیەکی فۆلکلۆریدا هاتووە (نارە، نارە، نارە... یار ژ دلێ من نارە) واتە یار لە دڵێ من دەرناچێت. بۆیە پێدەچێ لە کۆندا ئەم کارە بەم چەشنەش بەکارهاتبێت.

---

[1] دیوانی جزیری، دۆسکی، ل ٢٨٠.

**دیوانی جزیری وەك فەرهەنگێکی وشەی ڕەسەنی کوردی:**

بێگومان نرخی دیوانی جزیری هەر لە لایەنە ئەدەبیەکەی نیە، بەڵکو لایەنێکی دیکەی گرنگی، زمانەکەیەتی. هەروەکو ئاماژەمان پێکرد بە ڕێژەی (٥٨,١١٪) وشەکان لای جزیری کوردین، بۆیە دیوانی جزیری فەرهەنگ و سەرچاوەیەکیشە بۆ پاراستنی زۆر وشەی کوردیو زانینی لەمێژینەبوونی بەکارهێنانیان.

بە ڕێژەیەکی زۆر وشەی ڕەسەنی کوردی لای جزیری بەدی دەکرێ کە ئەمڕۆ هەندێکیان بەکاردێن، هەندێکیشیان کەم بەکاردێن، لەم وشە ڕەسەنانە هەندێ نموونەی دەخەینەڕوو:

ئەنی (نێوچەوان)، ئێشان، ئامانج، ئەژمار (ژماردن)، ئەڤراز (هەوراز)، ئێڤار (ئێوارە)، ئاڤێهتن (هاوێشتن)، ئێگر (ئاگر)، ئەرزن (چەنەگە)، ئاور، ئیسانن (ڕۆشنکردن، ئاگرکردنەوە)، بەندی (زیندانی)، باخوی (خاوەن، خوا)، بوارن (بواردن، گوزەراندن)، بەلەك (ڕەش و سپی)، بستە (بەدەست و برد و بێترس)، باوەشێن، بێڤیر (نەخۆشی سەرەمەرگ)، ئیورین (گیرسانەوە، ڕاوەستان بۆ پشوودان و پاڵدانەوەو خێمە هەڵدان)، بەهیتن (توانەوە)، بهری (بیرکردنەوەو تامەزرۆی دیداری کەسێك)، پێشبەر (بەرامبەر)، تیرێژ، چەڤی بوون (چەمانەوە)، چەپەر (پەرژین)، خوندکار (شا و سوڵتان)، سیتاڤ (سێبەر)، فەنەر (چرا)، کڤان (کەوان)، کلوخ (سەر)، کەسك و سور (کۆڵکەزێڕینە)، گۆڤەند ، گوهری (بەقوربان بوون)، لێمشتن (تێوەردان)، مزگین (موژدە)، موفا (سوود)، مووچە، نێچیر، نوهتن (پێکان)، ویشی، هیستر (فرمێسك)، هەتاڤ، ڤەرستن (ڕزگاربوون)، خوند (سەروەر، سەرکێش، خاوەند دەسەڵات).

ئەمەو دیوانی جزیری فریکوانسێکی بەرزی ئەم جۆرە وشە ڕەسەنانەی کوردی تیایدایە، جیا لەمەش چەندەها وشەی دەگمەنیش لە دیوانی جزیریدا دەبینرێن، هەندێ لەو وشانە تەنیا لە دیوانی جزیری بینراون وەك (هەڤوت) کە بەواتای هەنگاوتن و گوشین دێت ئەمڕۆ ئەم وشەیە لەوانەیە هەر بەکارنەیێت، زەڤەنگیش ئاماژەی پێکردووە کە ئەم وشەیەی نەبیستووە[1]. هەندێ وشەی لای جزیریش، زۆر بە

[1] العقد الجوهری – الجلد الاول، ص ٤٠٨.

دەگمەن لای شاعیرانی دیکەش بەکارهاتووە، بۆ نموونە: وشەی (هندس) کە بەڕای (زڤنگی) لە (حندوس) واتە شەوی زۆر تاریکەوە هاتووە[١]. لەهەموو ئەدەبیاتی فارسیدا تەنیا لای (فرخی سیستانی) بەکارهاتووە کە لە شیعرێکدا لە وەسفی باغی (سوڵتان مەحمود غەزنەوی) بەم شێوەیە هاتووە:

**همە باغ پر هندس و پر صناعت**
**چو لفظ مطابق چو شعر مکرر[٢]**

جێگەی سەرنجە ئەم وشەیە لای توێژەرانی ئەدەبی فارسیش نامۆو دەگمەنەو تەنانەت لە فەرهەنگەکانی فارسی و لەوانەش فەرهەنگی (دهخدا)شدا تۆمار نەکراوە. واتاکەشی نادیارو لێڵەو بەمەزەندە وتراوە لە (هندسە) وەرگیراوە. ئەم وشەیە لای جزیریش واتاکەی زۆر ڕوون نیە:

**ژ قوندوس زوهرە پەیدا بیت ژ هندس موشتەری بێت دەر**
**سپێدێ دت ئورەیێ شەفەق دت قامەتێ پێدا[٣]**

جزیری ناوی (فرخی) لە شیعرەکاندا هێناوەو پێدەچێ ئەم وشەیەشی هەر لەو وەرگرتبێ:

**پیرێ شەعارە د شعرێ و (مەلێ) شالفرۆش**
**تونشان من مەدە فەرخی کو ل نك من بوویە فەرخ[٤]**

---

[١] هەمان سەرچاوە، ص ٤٠.
[٢] اشعار گزیدەی فرخی سیستانی – بهمن حمیدی، چاپ ١، انتشارات هیرمند – ١٣٧٣– تهران، ص ٤٣.
[٣] دیوانا جزیری – دوسکی، ل ١٤٠.
[٤] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

- **چەند دەستە وشەی دیار لە شێوازی جزیریدا:**

لە دیوانی جزیریدا، چەند بوارێك هەیە کە ژمارەیەکی زۆر وشەی تیایدا بەکارهاتووە، واتە ئەم چەند بوارە لای جزیری جێگەی سەرنج بووەو هەربۆیەشە وەکو دیاردەی شێوازی خۆیان نواندووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای (هەڵبژاردن) لە شێوازدا، واتە سەرنج و نۆرینی تایبەتی جزیری هانی داوە وشەی تایبەت بەم نۆرینانە هەڵبژێرێت. فریکوانسی ئەم چەند دەستە وشەیە لە دیوانی جزیریدا، لە ئاستێکدان، کە باڵیان بەسەر دیوانەکەیدا کێشاوە. ئەو دەستە وشانەش بریتین لە بواری (ئەستێرەناسیو فەلەکیات، زێڕو زیو و کەرستەی ڕازاندنەوە، قوماش، خۆشنووسی، مۆسیقا، باڵندەکان).

**١- لە بواری ئەستێرەناسی و فەلەکیات:**

لەو بوارە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر وشە بەکارهاتوون . فریکوانسی ئەم وشانە نزیکەی (٤٠٠) جارە. کە ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دێرە شیعرەکانی جزیری ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە، وشەو دەستەواژەی بواری ئەستێرەناسی لای جزیری ئەمانەن:(ئافتاب، ئیستوا، ئەبراج، ئەفلاك، ئەنجوم، ئەختەر، بەدر، بورج، بورجێ سونبول، بورجێ حەمەل، بورجێ عەقرەب، بورجێ میزان، بورجا شەرەف، پەروین، پێرو، جەزا، چەرخ، چەرخێ گەردان، چەرخێ موحەددەب، چەرخێ مولەممەع، خەرچەنگ، خورشید، خەرگەه، هالە، خسوف، زوحەل، زوهرە، سەعد، سوهەیل، سپهر، سماء رابع، سماء، شەمس، شەرەف، عەقدێ ثورەیا، ثورەییا، عەقدێ پەروین، عەزرا، عەطارود، فەلەك، قەران، قەمەر، کەوکەب، کەواکب، گونبەدێ مینا، مهر، ماه، موشتەری، مەریخ، مەه، میزان، نوجوم، نەجم، هەمقران، فەلەکێ ئەطلس، ئەطلس...هتد).

**٢- لە بواری زێڕو زیوو کەرستەی ڕازاندنەوەی ئافرەتان:**

فریکوانسی وشەکانی ئەم بوارە دەگاتە نزیکەی (١٥٠) جار و وشەکانی بریتین لە (ئێدەك، بەرگ، بشکو، بازن، بەلگ، خاتەم، خلخال، زەرگوو، زەر، زێڕ، زیوەر، زەررین کولەه، زەنگل، زومورود، زەرتاج، سیم، سلسلە، سیماب، زێراڤ، سەرپۆش، طەیرك، ئەلماس، عەقیق، فەیروزە، گوهەر، لۆلۆ، گۆهەرسەنج، گۆهەرریز، گۆهەرچین، لەعل، وەرەق، شەتری و ...هتد).

**٣- له بواری پارچەو قوماش و جلوبەرگ:**

زۆر بەکارهێنانی وشه لەم بوارەدا سەرنج ڕاکێشه، چونکه له غەزەلدا که بابەتـەکان گشتین کەمتر دەرفەت بـۆ وردەکاری لـەم چەشـنه هەیـه ، کـه نـاوی جۆرەها قومـاش و جلوبەرگ، بخرێته ناو غەزەل. فریکوانسی وشەکانی ئەم بواره نزیکەی (٧٠) جاره، ئـەم ڕێژەیـه ئەگەرچـی کـەمیش بێتـه بەرچاو ، بـەڵام بـەهۆی هەمەچەشـنیی وشـەکان لـه شێوازی جزیریدا جێگەی سەرنجه وەك (ئـەطلس، تیلی، چارا ئەرشی، حـەریر، خـاره، دیبا، شال، قەدیف، کێمخه، زەرکەش، سوندوس، جامه، قەبا).

**٤- لەبواری خۆشنووسی:**

بەهۆی چواندنی ڕەنگ و ڕوخساری یارو خەت و خالی یـار بـه خـەتی خـۆش، وشـەو دەسـتەواژەی بـواری خۆشنووسـی و جۆرەکـانی (خـەط) لای جزیـری وەکـو دیاردەیـەکی شێوازی خۆیان دەنوێنن، له بەشی هـزرو بـیری جزیـری ئامـاژه بـەوه کـراوه، کـه بـەلای جزیری هەموو گێتی بریتیه له (حەرف و ئسم) و وشەی نووسراو، واته گێتی کتـابێکی گەورەی پڕ له ڕەمزو سرو جوانیه، که پێویستی به خوێندنەوه هەیه. ئـەم بۆچـوونەی شاعیر یەك لەو هۆیانەیه که ئاوڕی زۆری له خۆشنووسی داوەتەوه. هەنـدێ لـەو وشـانه ئەمانـەن: (ئەشکەسـته خـەط، خـەط، شکەسـته، دیـوانی، موسلسـەل، رەیحـانی، خـەط رەیحانی، شکسته خـەط، ثولـث، قەلـەم، خامـه، نـوقطه...هتـد) جیـا لەمـەش جزیـری وێنەی حەرفی زۆر بەکارهێناوه وەك چواندنی چاو به (ص)، زولف به (د)و (ل)، بـرۆو چاو به (ن).

**٥- له بواری باڵندەکان:**

لـەبواری نـاو هێنـانی باڵنـدەکان، جزیـری نـاوی ڕەسـەنی کـوردیی هەنـدێ باڵنـدەی پاراستووه، جیا له هێنانی ناوی باڵندەی دیکه به فارسی و عەرەبی، (گـوویین و توتـاك) دوو ناوی ڕەسـەنی کـوردین کـه لای جزیـری چـەندین جار بـەکار هـاتوون، فریکوانسـی ناوی باڵندەکان لای جزیری نزیکەی (٨٠) جاره که بریتین لەو ناوانـه: (تیغـون، توتـاك،

بولبول، تەزرو، عەنـدەلیب، طـیر، غـوراب، زاغ، گـوویین، بـاز، عـەنقا، سـی، قـاز، طـوطی، قومری، کەبك، کەبوتەر، مورغ، هودهود، هوما، بەط).

لە بەشی دەنگ و مۆسیقاش ئاماژەمان بە فریکوانسی وشەو ئامـاژە مۆسـیقاییەکانی لای جزیـری کـرد، تێکـڕای ئـەم چـەند دەسـتە وشـانە، بەشـێکی بەرچـاو لـە وشـەکانی دیوانی جزیری پێك دێنن و نیشانە شێوازیەکانی جزیری بەرجەستە دەکەن.

## شیعرەکانی جزیری بە پێوانەی هاوکێشەی بۆزیمان

هاوکێشەی (بۆزیمان)، لە هاوکێشە سەرنجڕاکێشەکانی بواری شێوازناسیی ئامارییە. بەپێی ئەم هاوکێشەیە ڕێژەی ژمارەی (کار) بەرامبەر ژمارەی (ئاوڵناو)، لە شیعرو ئەدەبدا زیاترە لە بواری زانستی و ئاخاوتنی ئاسایی، هەروەها ئەم ڕێژەیە بەپێی ڕەگەزو باری هەست و سۆزی شاعیر دەگۆڕێ، واتە چەند هەست و سۆز ئاوێتەی شیعرەکە بێت ، ئەم ڕێژەیە دەچێتە سەرێ. بەم پێیە دەشێ بوترێت کە دەکرێ بەهۆی ئەم هاوکێشەیە پلەی (شیعریەتی) شیعری شاعیرانیش لە بەراورد لەگەڵ یەکتر دیار بکەین. هەروەکو ئاماژەمان پێ کردبوو، هاوکێشەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

Number of verbs

ژمارەی کار

$$\frac{\text{ژمارەی کار}}{\text{ژمارەی ئاوەڵناو}} = \text{VAR (Verb – Adjective Ratio)}$$

ژمارەی ئاوەڵناو

Number of adjectives

ڕێژەی کار بەرامبەر بە ئاوەڵناو

لە بەراوردی ڕێژەی کار لەبەرامبەر ئاوەڵناو لای هەرسێ شاعیر، (جزیری و خانی و فەقێی تەیران) دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش خۆی دەنوێنێت. ڕێژەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

$$\text{VAR } ٣,٣٤ = \frac{\text{٤٢٥٧ کار}}{\text{١٢٧٣ ئاوەڵناو}}$$ / لای جزیری

$$\text{VAR } ٢,٤٩ = \frac{\text{٤٥٤ کار}}{\text{١٨٢ ئاوەڵناو}}$$ / لای خانی

$$\text{VAR } ٢,٠٠٥ = \frac{\text{٧٦٦ کار}}{\text{٣٨٢ ئاوەڵناو}}$$ / لای فەقێی تەیران

(VAR) لای جزیـری بـە پلـەی یەکـەم دێـت، جیـاوازی ئـەم ڕێژەیـەی (VAR) لای جزیری لەگەڵ ڕێژەکە لای خانی و فەقێ زۆرە. وێڕای ئەوەی ئەم ڕێژەیە لای خانی زیاترە لە فەقێی تەیران بەڵام لە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بەدەستهاتوو لای جزیری ئەم دوو شاعیرە لێك نزیکترن. دەکرێ ئەمە بکرێ بە بەڵگەیەك کە لە شێوازی جزیریدا ڕگەزەکانی بەرزکردنی پلەی ئەدەبی زیاتر ڕۆڵیان هەیە، بەتایبەتیش ڕەگەزی هەست و سۆز. زۆر کەس تەنیا بە خوێندنەوەی شیعرەکانی جزیری، جیاوازی ئاستی (شیعرییەتی) شیعرەکانی جزیرییان لەگەڵ ئاستی شیعرییەتی غەزەلەکانی خانی و فەقێ بۆ دەردەکەوێ. بەڵام لەوانەیە نەتوانن هۆیەکانی ئەم جیاوازیە بە وردی دەستنیشان بکەن. لەم نێوەندەدا دەکرێ بوترێت ئەم ئەنجامەی سەرەوەی هاوکێشەکان بەڵگەیەکی ئاماری و ژمارەییە بۆ سەلماندنی بەرزتربوونی پلەی شیعری جزیری.

بێگومان لەتەك ئەم بەڵگەی سەرەوە زۆر بەڵگەی دیکەش هەن کە گەواهیدەری بەرزتربوونی پلەی شیعری جزیرین. تا ئێستا ئاماژەمان بە هەندێ لەو بەڵگانە داوە، بەتایبەتی لە بواری ئاستی مۆزیکالی شیعری جزیری و لە بواری ئاستی وشەکان. هەروەکو چۆن لە بەراوردی وشە کلیلیەکان دەردەکەوێت ، کە وشە کلیلیەکانی لای جزیری زۆربەیان دەربڕی هەست و سۆزی سۆفیانەن، بەڵام وشە کلیلیەکان لای خانی تەنیا وشە قاڵبگرتووەکانی شیعری کلاسیکین و شتی سەرنجڕاکێشی زیاتری لا دەست ناکەوێت. لای فەقێی تەیرانیش بەهۆی نزیکبوونی شێوازەکەی بە ئەدەبی فۆلکلۆر مەودای ڕۆڵ دیتنی ڕەگەزەکانی ئەدەبی کلاسیکی بەرتەسك دەبێت و غەزەلەکانی سادەتر خۆیان دەنوێنن.

# بەشی سێیەم

## شێوازی جزیری لە ئاستی ئەدەبدا
## (Literary Level)

# شێوازی جزیری لە ئاستی ئەدەبدا
## (Literary Level)

دوان لەبارەی پەیوەندی جزیری بە ئەدەبەوە، مەودایەکی زۆر وەردەگرێ، چونکە بەرهەمی جزیری شیعرەو شیعریش هەروەکو (نورتروپ فرای) دەڵێ، دونیای کچکەی هەموو ئەدەبیاتە. واتە هەرچەندە خۆی لقێکی ئەدەبە، بەڵام زێدەڕۆیی نییە گەر بگوترێ جیهانی فراوانی ئەدەب دەکرێ لە شیعردا چڕ بکرێتەوە، ( Microcosm of all literature)[1]. بەڵام لەم باسەدا تەنیا لەسەر تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی ئەدەبی لای جزیری ڕادەوەستین و بەدوای ئاسەواری ئەم تایبەتمەندیانە لای هەردوو شاعیر (خانی و فەقێی تەیران)یش دەگەڕێین و بەراوردی جیاوازی شێوازی ئەم شاعیرانە دەکەین، ئینجا هەوڵ دەدەین ئەو ڕەگەزانە دەستنیشان بکەین، کە بەڵگەی کاریگەریی شێوازی شیعری جزیرین بە شێوازی چەند قۆناغێکی شیعری فارسی، لەوانەش شێوازی عەراقی و خوراسانی. هەروەها لە تەوەرەیەکدا ڕادەی پابەندبوونی جزیری بەڕێساکانی ئەدەبی کلاسیك لە بواری غەزەلدا دەستنیشان دەکەین، لە کۆتاییشدا بەپێی چەند دێرە شیعرێك هەوڵ دەدەین ڕای خودی شاعیر لەبارەی شێوازەکەی ڕوون بکەینەوە.

### چەند تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەدەبی لە شیعری جزیریدا:

لە ئاستی ئەدەبیشدا وەکو ئاستی زمان، هەندێ نیشانەی شێوازی (style markers) بەرچاو و بەرجەستە هەن، کە دیتنەوەیان لەهەر سووچێکی دیوانی جزیریدا ئاسانەو هەر زوو خۆبەدەستەوە دەدەن. بۆیە ئەم نیشانانە شوێنێکی سەرەکی لە ناسنامەی شێوازی جزیریدا دەگرن و فاکتەری کاریگەرن بۆ ناسینەوەی شیعری جزیری. گرنگترین ئەم نیشانانە ئەمانەی خوارەوەن:

١- گرنگیدانی جزیری بە ئاستی ستوونی زمان لە شیعردا (Paradigmatic axis) بەهۆی زۆری بەکارهێنانی (استعارە).

---

[1] کلیات سبك شناسی– شەمیسا، ص، ٨٥.

٢- تێکەڵاوکردنی هەستەکان لای جزیری (Synaes thesia).

٣- ڕەچاوکردنی هاوتا - مراعاة النظیر ( Congeries).

٤- ڕێبازی حروفی.

٥- تایبەتمەندیی وێنەی شیعریی جزیری:

أ – فرەچەشنی وێنەکان.

ب – تازەگەری لە وێنەدا.

٦- تەنز لای جزیری.

**ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە شیعری جزیریدا (هاونشینی و جێنشینی):**

ئـەمرۆ بابـەتی ئاسـتی ئاسـۆیی و سـتوونی لـە شـیعردا تـەواو جێگـەی خـۆی لـە لێکۆڵینەوە شێوازناسیەکاندا کردۆتـەوە. تەنانـەت لـەم دەڤـەرەدا کـە فارسـەکان کارێکی زۆریان لە بواری شێوازناسـیی ئەدەبەکـەیان کـردووە و چ لـە ئاسـتی تاکەشـاعیر و چ لـە ئاستی قۆناغیش، شێوازی شیعری فارسیان پۆلێن کردووە، ئێستا کەسانی وەك (کوروشی سەفەوی و ڕەعدی ئازەرەخشی) ڕەخنـە لـەم جۆرە پـۆلێن کردنـە دەگـرن و بانگەشـەی ئەوەدەکـەن کـە گەرەکـە سـەرلەنوێ بـەپێی بنـەمای نـوێی شێوازناسـی و بەتایبـەت ڕەچـاوکردنی هـەردوو ئاسـتی سـتوونی و ئاسـۆیی شـیعری فارسـی بخرێتـە ژێـر لێکۆڵینەوە[١].

ئاستی ستوونی و ئاسۆیی لـە شیعردا (Paradigmatic and syntagmatic axis) یەکـەم جـار لای (دی سووسـور) خرانـەڕوو، دواتـر لای (یاکوبسـن) ئاسـتی سـتوونی بـە ئاستی هەڵبژاردن (axis of selection) و ئاستی ئاسۆییش بە ئاستی لکاندن یـاخود هاونشـینی (axis of combination) نـاوبردران[٢]. پـەیوەنـدی هاونیشـنیی وشـەکان لەتـەك یەکـدا ئاشـکراو بەرچاوە، بـەڵام پەیوەنـدیی جێنشـینی پرۆسـەیەکی زەینییـەو لەڕستەدا ئاشکرانییە.

---

[١] از زبان شناسی به ادبیات – کوروشی صفوی – جلد دوم (شعر)، چاپ اول، تهـران، ١٣٨٠، ص ١٧٨ – ١٧٩.

[٢] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ٢٨٥.

(یاکوبسن) ڕێژەی بەکارهێنانی هەردوو ئاست بەپێوەرێکی سەرەکیی دەستنیشانکردنی شێواز دادەنێ، هەروەکو ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگیدان بە ئاستی (هەڵبژاردن) یاخود (جێنشینی) لەهەردوو ڕێبازی ڕۆمانتیزم و سیمبولیزم دەبینرێو بەکارهێنانی ئاستی (لکاندن) یاخود (هاونشینی) لە ڕێبازی ریالیزم[1].

گرنگیدان بە یەکێ لەم دوو ئاستە لای تاکە شاعیرێك (شێوازی تاکەکەسی) دەخولقێنێت، گەر باری کۆمەڵایەتیش لەبار بێ ئەگەری ئەوە هەیە شێوازەکەی گشتگیربێت و (شێوازی قۆناغی) لێ بکەوێتەوە[2].

پەیوەندی نێوان دوو ئاستی هاونشینی و جێنشینی، پەیوەندیەکی دوولایەنەیە، واتە گرنگیدان بەهەر کامیان لەبەکارهێنانی ئەوی دیکەیان کەم دەکاتەوە. (مارتینیە) بۆ یەکەمجار لەژێر ناوی تەراز یا خود هاوسەنگ (economie) ئاماژەی بەو دیاردەیە داوە، بەو چەشنە گەر نووسەر مەبەستی شیکردن و شرۆڤەی زیاتری بابەت بێت ، ئەوا گرنگی بە هاونشینیی وشەکان لە ڕستەدا دەدات و ئەم هاونشینیە فراوان دەکات. بەڵام گەر نووسەر بەدوای گونجاندنی فاکتەری (خەیال و سۆز) لەنووسینەکانی دابێت ئەوا گرنگی بەلایەنی جێنشینیی وشەکان دەدات[3]. بەم شێوەیە لە نووسینی ئەدەبیدا ڕێژەی گرنگیدان بە (جێنشینی) زیاترە لە (هاونشینی)، بەڵام لە نووسینی زانستیدا بەپێچەوانەی ئەمەیە.

لای خودی شاعیرانیش، ڕێژەی گرنگیدان بەو دوو ئاستە جیاوازەو ئەم جیاوازیەش، جیاوازی شێوازی لێکەوتۆتەوە. جیاوازی دوو ئاستەکە زیاتر خۆی لەبەکارهێنانی خواستن (استعارة - Metaphor) و لێکچواندن (تشبیە - Simile) دەنوێنێت. لە لێکچواندندا هەردوو لایەنی لێچوو (Toner) و لەوچوو (Vehicle) لە پەیوەندییەکی ئاشکرای ئاسۆییدا دەردەکەون، بەڵام لە خواستندا یەکسەر لەوچوو دادەنرێو پەیوەندییەکەی لەگەڵ لێچودا پەیوەندییەکی ستوونی زەینییە، واتە لەبەرچاوبوونی نییە.

---

[1] از زبان شناسی به ادبیات – صفوی، جلد دوم، ص ۱۸۱.

[2] هەمان سەرچاوە، ص ۱۸۲.

[3] هەمان سەرچاوە، ص ۱۰۸.

لەم بوارەدا تایبەتمەندییەکی گرنگی شێوازی جزیری دەبینرێ. شیعری جزیری زیاتری لەسەر گرنگیدان بە پەیوەندیی ستوونی بنیات نراوە، بەتایبەت لەبواری بەکارهێنانی (استعارە)دا ئەم دیاردەیە باشتر بەرجەستە بووە. لەوانەیە یەکێ لەو هۆیانەی کە تێگەیشتنی شیعری جزیریی گرانترکردووە هەر ئەم دیاردەیە بێت ،چونکە هەندێ جار بەشێوەیەکی زۆر چڕ خواستنی بەکارهێناوەو بە ئەستەم دەتوانرێ پەیوەندیی ستوونی و زەینیی لێچوو و لێچوێنراو ئاشکرا بکرێت. بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەدا:

**بەر ڤ شەرقێ د سەحەر وەستاین**

**هندووێن رۆژپەرستن چەپ و ڕاست[1]**

پەیوەندیی ڕۆژ و ڕوخساری یار و هندوو و خاڵی سەر ڕوومەتی یار، پەیوەندییەکی ستوونیە، کە هیچ ئاماژەیەك نیە مەبەست ڕوخسارو خاڵی سەر روخسار بێت.

یاخود لەم دێرەدا:

**زوهرەو خورشیدو مەه من دین د قەوسێ هەمقران**

**سوڕڕێ دا دل عەقرەبان چەرخ و سەماو هەی هەیە[2]**

لەم دێرەدا (٥) خواستن چڕکراوەتەوە بەبێ ئاماژە بە لێچووەکان و لە پەیوەندییەکی ستوونیدا بە ڕیز (زوهرەو خورشید و مەه و قەوس و عەقرەب) لەجیاتی (چاو و ڕوومەت و نێوچەوان و برۆ و زولف) دانراون.

لەڕووی هونەرییەوە لە شیعردا (خواستن) پلەیەکی بەرزتری هەیە لە لێکچوواندن. زۆر لە پێناسەکان (استعارة) بەجۆرێك لە لێکچوواندن دەزانن کە گۆڕانی تێکەوتووەو

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٧٤.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٥.

لێچو و ڕووی لێکچوونی لێ قرتێندراوه[1]. هەر لە کۆنیشەوە(ئەرستۆ) ئاماژەی بە کاریگەریی خواستن داوە بۆ بەرزکردنی پلەی ڕەوانبێژی[2].

هیچ بابەتێکی پەیوەست بە (وێنەی شیعری) هێندەی (خواستن - Metaphor) گرنگ نیە. لەڕووی ڕەوتی گۆڕانی مێژووی ئەدەبیاتیش دەبینرێ کە لە کۆتاییدا هەموو (لێکچواندنێکی) باش دەبێ بە (خواستن)، هەندێ جار لە پرۆسەی گۆڕانی (لێکچواندن) بۆ (خواستن) لایەنی لێچوو تا ڕادەیەك لێل دەبێ و (خواستن) وەکو لوغزێك خۆی دەنوێنێت[3]. وەك لێکچواندنی نێوچەوان بە عەجەم و لێکچواندنی برۆی ڕەش بە عەرەب لەم دێرە شیعرەی جزیریدا:

**توخ و عالا کو خوویا بوون ژ عەجەم**

**عەرەبان تیپ شکەستن چەپ و ڕاست[4]**

ئەم دێرە شیعرەی سەرەوە وەکو (لوغزێك) زەینی مرۆڤ بۆمەیدانی شەڕی عەرەب و عەجەم دەبات، بەڵام خۆی وێنەی روخساری یارە بەم شێوەیە:

(کاتێ پرچی یار کەوتە سەر نێوچەوانی ڕووناکی یار، هەردوو برۆکانیشی بە نیشانەی توڕەیی شکاندنەوە).

داهێنانی لوغز تا ئەم ئاستە، لەڕووی ڕەوانبێژیەوە نرخی بەرهەمەکە بەرزدەکاتەوە، بەڵام کاتێ لوغزەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە کردنەوەی زۆر ئەستەم بێت ، وەکو شیعری فارسی سەردەمی سەفەوی (سەبکی هندی) ئەوا ڕەوتی پێشڤەچوونی خواستن ڕادەوەستێت[5].

لای جزیریش خواستنەکان لەڕووی لایەنی لێکچواندنەوە لوغزی تێدایە، بەهەندێ تێڕامان، کردنەوەی لوغزەکان ئاسانە، هەر کردنەوەی ئەم لوغزانەش خۆشی بە

---

(1) صور خيال در شعر فارسي – كدكني، ص ١٠٧.

(2) ريطوريقا (فن خطابة) – ارسطو – ترجمة د. پرخيده ملكي، ص ٢٢٩.

(3) صور خيال در شعر فارسي – كدكني، ص ١١٨.

(4) ديوانا جزيرى – دۆسكى، ل ٧٤.

(5) صور خيال در شعر فارسي – كدكني، ص ١١٨ – ١١٩.

خوێنـەران دەبەخشـێ. لـەم دێـرە شـیعرەدا جزیـری لـوغزێکی خسـتۆتە کایـەوە بـەڵام لەکۆتایی نیوە دێری دووەمیشدا کلیلی ئەم لوغزەی داوەتە دەست:

**ڕۆم و عەرەب ژ هەر طەرەف جەنگ و سەواشە وان ب خەف**

**هـنـدی و زەنـگی صـەف ب صـەف هـاتنە بەر لوایێ زولف**[1]

(ڕۆم و عـەرەب و هنـدیو زەنـگ) بـە خواسـتن بـۆ (ڕومـەت و بـرۆو خـاڵ) بەکارهاتوون، ئەمـە کاتـێ بـەم شـێوەیە دەردەکـەوێ کـە شـاعیر دەڵـێ هـەموویان لەبـەر (لوای) زولفن، واتە زولف کلیلی لوغزەکەیە.

مـەودای بـەکارهێنانی خواسـتن و پەیوەنـدیی سـتوونی وشـەکان لـەم بـوارەدا، لای جزیری زۆر فراوانە بۆ نموونە تەنیا لە جیاتی (زولف)، ئـەم وشـانە لـە پەیوەندییـەکی سـتوونیدا جێگـەی دەگرنـەوە وەك (سوسـن، سـونبول، ڕەیحـان، عەنبـەر، زاغ، غـوراب، کەمەند، چەلیپا، داڤ، ئیلان، ڕەشمار، عەقرەب، نەسرین، چەلەك، شەب، قونـدوس، لیلـة القدر، چەوگان، کولاب... هتد).

لە بەراوردێکی ئاماریی بەکارهێنانی خواسـتن و لێکچواندن لای جزیـری و هـەردوو شاعیر (خانی و فەقێ) ،جیاوازی شێوازیان لەبواری گرنگیدان بـە پەیوەنـدیی ئاسـۆیی و ستوونی ناو شیعر بەدەردەکەوێ:

| شاعیر | خواستن | لێکچواندن |
|---|---|---|
| جزیری | ٨١٠ | ٣١٥ |
| فەقێ | ٢٦ | ٤٨ |
| خانی | ٢٨ | ٣٦ |

لـەم خشـتەی سـەرەوەدا جیـاوازی شـێوازی هـەر سـێ شـاعیر لـەبواری گرنگیـدان بەهەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی بەزەقی بەدیار دەکەوێت.

لە وردبوونەوە لەم خشتەیەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- خواستن بە لێشاو لەناو شیعری جزیریدا دەبینرێت و ژمارەی خواستن زیاتر لە دوو بەرامبەری لێکچواندنە، کەواتە جزیری شاعیرێکی (استعاری)یە واتە گرنگیـی زیـاتر

(١) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٦٥.

بـه ئاسـتی سـتوونی داوه، هـەروەکو ئاماژەشمـان پێکـرد ، بـەپێی بیرۆکـەی تـەراز (econamie) گرنگیـدان بـەو ئاسـتە، لەگرنگیـدان بـە ئاسـتی ئاسـۆیی کـەم کردۆتەوە.

٢- له غەزەلەکانی (خانی)دا جۆرە هاوسەنگیەك دەبینـرێ، بـەڵام تـای تەرازووەکـە زیـاتر بـەلای لێکچـواندندا دەشـکێتەوە، کەواتـە غەزەلـەکانی مـام ناوەنـدین. هـۆی ئـەوە لەوانەیە ئەوە بێت کە بابەتی غەزەلەکانی تاڕادەیەك واقعییەو بابەتی پەروەردەیی و ئامۆژگاریی خستۆتە بۆتەی غەزەلەکانی، وەك غەزەلی (زاهـدێ خـەلوەت نشـین)[1] یان (ئەی دل گەر تە دڤێتن ببی دائیم مەسرور)[2].

٣- (فـەقێی تـەیران) لەجەمسـەری بەرامبـەری جزیریدایـە، چـونکە شـاعیرێکە کـە لێکچواندنی زیاتر لـە خواسـتن بـەکارهێناوە، لەوانەیـە سادەیی شـێوازی (فـەقێ)ش هەر ئەوەبخوازێ.

## دانوستانێکی شێوازی لەنێوان (جزیری و فەقێ)دا:

جزیری و فەقێ وتووێژێکی شیعریی بەناوبانگیان هەیە. ئەم وتووێژە دانوسـتانێکی فەلسـەفی و هـزری بـەخۆوە گرتـووەو لـەزمانێکی لوغزئـامێزدا یـەکتریان دوانـدووە. ئەمـەیان ڕوویێکـی دانوسـتاندنەکەیە کـە زۆر کـەس ئامـاژەی پێکـردووە، بـەڵام ئـەم دانوستاندنە ڕوویەکی تریشی هەیە کە دەکەوێتە بـواری شێوازناسـی و نەکەوتۆتـە بـەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم بەشەدا ئاماژەمان کرد کە شێوازی هەردوو شـاعیر لەجەمسـەری بەرامبەر یەکن، واتە شێوازیان لێك دوورە، کەواتە دەبێ ڕوونی بکەینەوە کە چۆن ئـەم دوو شێوازە ناکۆکە لەم دانوستاندنە شیعرییەدا هێندە کۆکن و هەسـت بـە جیاوازییـان نـاکرێ. ڕاسـتییەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـە لـەم شـیعرەدا نـەك هـەر بـۆ نزیکبوونـەوەیان دانوستانی هزری کراوە، بەڵکو دانوستانی شێوازیش کراوە. لەم بەشەدا باسمـان کـرد کـە (فەقێ) زیاتر لێکچواندنی بەکارهێناوەو گرنگی بەئاستی ئاسۆیی ناو شـیعر داوە، بـەڵام (جزیـری) بەپێچـەوانەوە خواسـتنی زۆر بـەکارهێناوە. لـەم شیعرەشـدا دەبیـنین کـە (فـەقێ) بـۆ نزیکبوونـەوەو خۆگونجانـدن ئـەم تایبەتمەندییـەی جزیریـی وەرگرتـووەو خواستنی زۆر بەکارهێناوە بەجۆرێك کـە لـە کـۆی (٢٦) خواسـتنی ئامـاژە پێکـراوی لای

---

[1] ژ هەڵبەستێن ئەحمەدی خانی – اسماعیل بادی، ل ٦٧.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

(فـەقێ) (١٦)یـان لـەم دانوسـتاندنەدایەو لێکچـواندن زۆر کـەمترە. لەبەرامبــەر ئــەم خۆگونجاندنــەی (فـەقێ)، جزیـریش گۆڕانکـاریی خسـتۆتە شـێوازەکەی‌و تایبەتمەنـدیی شیعری فەقێی لەبواری کێشدا وەرگرتووە، چونکە ئەم دانوستاندنە شیعرییەیان لەسـەر کێشی خۆماڵیە کە ئەویش تایبەتمەندییەکی شـێوازی (فـەقێی تەیرانـە). واتـە (فـەقێ) بە خواستن و لوغزەکانی جزیری کاریگەربووەو جزیریش بەکێشی شـیعری فـەقێ. بـەم جۆرە شێوازەکانیان بەچەشنی تێکهەڵکێش کردووە کـە لێـك هـەڵاواردنیان زۆر ئەسـتەم دەبوو گەر لەدەستنووسەکان لەبەرامبـەر هـەر پارچـەیەکیان نـاوی شـاعیرەکەیان تۆمـار نەکردبوایە.

بابەتی پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی نـاو شـیعری هـەردوو شـاعیر تـەنیا پەیوەسـت نیە بە خواستن و لێکچواندن، بەڵکو ئەم بابەتە لای هەردوو شاعیر فـراوانترەو لـەبواری دیکەشـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. بـۆ نموونــە لای جزیــری بــەهۆی پەیوەنــدیی ســتوونی دەستەواژەیەك خۆی بەجۆرەها شێوە دەنوێنێت وەك لەم نموونەیە دەردەکـەوێ: (جامـا صەدەف، جاما سوڕێ، جاما زوجاج، جاما هلال، جاما زەلال، جاما طەهـور، جامـا مـەیێ، جاما پڕگولاڤ...هتد)، یاخود (فنجانا عەقیق، فنجانـا صـەدەف، فنجانـا ڕەحیـق، فنجانـا سورێ) یاخود (شەهکاسا سورێ، شەهکاسا فوتوح، شەهکاسا فەرفور...هتد).

ئەم دەستەواژانەی سەرەوە، بە فریکوانسێکی زۆر لە دیوانی جزیریدا دەبینرێن. لـە دەسـتەی یەکەمـدا وشـەی (جـام) جـێگیرەو تـەنیا لـە گۆڕانکاریەکـدا کـە لەچوارچـێوەی پەیوەندییەکی ستوونییە دەستەواژەکە دەگۆڕێ بەم شێوەیە:



لەبارەی (فنجان) و (شەهکاس)یش بەهەمان شێوە بەهۆی گۆڕانی بەشی دووەمی دەستەواژەکە، جۆرەها دەستەواژە دروست دەبێت، وێڕای ئەمە خودی (جام و فنجان و شەهکاس)یش لە پەیوەندییەکی ستوونیدان.




هەربەهۆی پەیوەندی ستوونی ناو شیعر، جزیری مامەڵەی لەگەڵ فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی کردووە، هەروەك چۆن بۆ نموونە وشەکانی (سیاه، ڕەش، ئەسوەد)، یان (شەب و شەڤ)، یان (روز و رۆژ)، یان (سپێدە و سەحەر و صوبح) جێ جێ بەکاردێنێت، لە کاتێکدا کە دەیتوانی یەکێکیان بەکاربێنێت، بەتایبەت کە (شەب و شەڤ) و (روز و رۆژ) هاوکێشن، بەڵام دەبینین جزیری (٣٣) جار شەب و (١١) جار شەڤ یاخود (١٤) جار روز و (١١) رۆژ بەکاردێنێ، ئەمەش گەیەنەری ئەوەن کە ئەم وشە هاوتایانە، لەزەینی ئەودا لە پەیوەندییەکی ستوونیدان و هەرکاتێ ویستی یەکێکیان دادەبەزێنێتە ناو شیعرەکەی. جزیری ئەم دیاردەیەی بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراوی تازەش بەکارهێناوە. بۆ نموونە وشەی (سیاه توز) لەناو شیعری فارسیدا زۆر دەبینرێت کە بەواتای ڕەنگی ڕەش و ڕەشپۆش هاتووە[1].

جزیری ئەم وشەی هەڵوەشاندۆتەوەو سەرلەنوێ دایرشتۆتەوە، بەڵام لەجیاتی (سیاه)ی فارسی (ڕەش)ی کوردیی داناوەو وشەی (ڕەشتۆز)ی داهێناوە:

| | |
|---|---|
| سیاه<br>ڕەش | + توز |

---

[1] وەك چۆن لەم شیعرەی (کەلیمی کاشانی) دەردەکەوێ:

**کمان ابروی خوبان سیاه توز چراست**

**اگر نه ماتم ان بوالعجب کمان دارد**

بروانە: فرهنگنامە شعری – دکتر رحیم عفیفی ، جلد دوم (د. ظ)، چاپ اول سروش، ١٣٧٦، تهران، ص ١٥٠٢.

جزیـری شـەش جـار (ڕەشـتوز)ی بـەکارهێناوەو دوو جـاریش ئـاوەژووی کـردووەو (توزرەشی) بەکارهێناوە.

لای (فەقێی تەیران)یش بەهەمان شێوە گرنگیدان بە ئاستی ئاسۆیی تەنیا لـە زۆری (لێکچواندن) ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو دیاردەی دیکەی شێوازی لێکەوتۆتـەوە. هـەر لـەم بوارەدا دیاردەیەکی سـەرنج ڕاکێش دەبینـرێ کـە لـەبواری لێکۆڵینـەوەی شێوازناسیشـدا زۆر گرنگـەو سـەلمێنەری بایەخـدانی (فـەقێ)یـە بـە ئاسـتی ئاسـۆیی نـاو شـیعر ئـەم دیاردەیــەش، دیــاردەی وشــەی هاونشــینە (collocation)[1]. لــەم دیاردەیــەدا وشــەی هاوواتا، یاخود واتا لەیەك نزیك ،لەناو شیعردا لەتـەك یـەك دادەنیشـن. ئـەم دیاردەیـە لای (فـەقێ) بـە فریکوانسـێکی یـەکجار زۆر دەبینـرێ بـەجۆرێك کـە دیتنـەوەی لەهـەر پارچە شیعرێکی ئەم شاعیرەدا ئاسانە هەندێ نموونە ئەمانەن:

(لەب و لیڤ، عەرد و جە، لەعب و لەیزوك، طفل و زارۆك، فەلەك و چـەرخ، مـەوج و پێل، سـەرقوتان و غولـەت، دوسـت و مـەطلوب، ڕەمـز و سـڕ، فـەتل و گـەڕ، دەوران و چەرخ، کوڤان و قەهر، نـالین و ئـەفغان، سـەرخوەش و سـەکران، ئـاگر و پێـت، مـەدح و پەسند، پێت و نار، باوەر و ئیمان، راحەت و ئاسان، بادە و مەی، ڕەقص و سەما، پەند و مثـال، فکـر و خـەیال، ئـێش و ژان و داغ، زینـەت و راز، واحـد و ویـتر و فـەرد، روح و رەوان، دەنـگ و صـەوت، عشـق و ئـەڤین، چـاك و پارسـا، صـەبرو ئـارام و سـکون، داغ و کوڤان، ئێش و عەزاب، شەمس و طاڤ، قەندو نەبات، رۆژ و هـەتاڤ، ئـاگر و نـار، عاقـل و زانا، یولداش و هەڤال، سولگان و خونکار،... هتد).

زیاتر لە (٨٨) جۆر لەو وشە (هاونشـینانە) لـە دیـوانی فەقێـدا دەبینـرێ[2]، تێکـڕای ئەو وشانە یا هاوواتان یان واتایان لەیەك نزیکە بەڵام لەتەك یەکدا هاتوون.

هەروەکو لەو نموونانەی سەرەوەشدا دەبینرێ زۆربەی وشەکان یـەکێکیان کوردییـەو ئەویتریان یان فارسی، یان عەرەبی و یان تورکییـە، بۆیـە دەکـرێ دیـوانی (فـەقێ) وەکـو چەشنە فەرهەنگێکی وشەش سەیربکرێ.

---

[1] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ٢٦٩.

[2] بەپێی : دیوانا فەقێی تەیران، بەرگێ یەکێ – سەعید دێرەشی و پێزانی عالیخـان ، چـاپا یـەکێ ١٩٨٩، بەغداد

## ئاوێتەکردنی هەستەکان (Synaes thesia):

مەبەست لە ئاوێتەکردنی هەستەکان ئەوەیە کە لەکاتی دەربڕیندا، دوو هەست لە هەستەکانی مرۆڤ ئاوێتە بکرێت[1]. بۆ نموونە کە دەوترێت (قسە شیرین) هەردوو هەستی بیستنی دەنگ و چەشتن تێکەڵاوکراون، یاخود کە دەوترێت (ڕوو ترش) ئەوا هەستی دیتنی ڕوومەت و چەشتنی ترشی تێکەڵاوکراون.

ئەم جۆرە دەربڕینە لەقسەی ئاسایی خەڵکیش دەبینرێ، بەڵام ئەوەندەیە زیاتر لە ئەدەبدا پەسندە، چونکە ئەدەب خۆی جۆرە لادانێکە لە نۆرمی (Norm) ئاسایی زمان. لە زمانی ئاساییش دا هەستەکان زیاتر بەجیا دەردەکەون نەك ئاوێتە.

ئەم تایبەتمەندییەی ئەدەب لای جزیری بەچەشنێك ڕەنگی داوەتەوە، کە بووەتە نیشانەیەکی هەرە دیاری شێوازی جزیری. لای جزیری هەستی چەشتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا تێکەڵاو دەبێ ، بەو شێوەیەی کە (چەشتنی شیرینی) لەگەڵ هەموو هەست و بابەتێکدا ئاوێتە دەبێت، هەروەك لەم نمونانەدا بەدیار دەکەوێت:

(شیرین مەش، شیرین ڕەفتار، شیرین قەد، شیرین زەبان، شیرین کەلام، شیرین دەهەن، شیرین سور، شیرین دلبەر، شیرین پوسەر، شیرین فەم، شیرین رەیحان، شیرین شەهلا، شیرین لەعل، شیرین ئەسمەر، شیرین صفات، سور شرین، جان شیرین، رەنگ شیرین، بەژنا شیرین، روح شیرین، عشوە شیرین، لەب لەعلێ شەکەر، حوببا شەکرو نەبات، شەکەر خەند، لەب شەکر، ئەدایا شیرین و ب نەمەك، ئەلماس شەکەربار، زەبان شەکەری، شەکەر خواب، شەکەر وەعد،...هتد).

لەو نمونانەی سەرەوە ئەم جۆرە تێکەڵاویەی هەستەکان دەبینرێ:

١- هەستی چەشتنی شیرینی لەگەڵ هەستی دیتن و دیمەنەکان:

(شیرین قەد، شیرین سور، شیرین پوسەر، شیرین رەیحان، شیرین شەهلا، شیرین لەعل، شیرین ئەسمەر، ڕەنگ شیرین،...هتد).

٢- هەستی چەشتنی شیرینی لەگەڵ هەستی بیستن و دەنگ:

(شیرین زەبان، شیرین کەلام، زەبان شەکری،... هتد).

---

[1] شاعر اینەها (برسی سبك هندی و شعر بیدل) – د. محمد رچا شفیعی کدکنی، اگاه، چاپ سوم، تهران، ١٣٧١، ص ٤٣.

٣- هەستی چەشتنی شیرینی لەگەڵ بابەتی زەینی و خەیاڵی (کە ئەم نموونەیان پێکهاتەی جوانی ئەدەبیی لێکەوتۆتەوە):

(شەکەر خواب، عشوە شیرین، روح شیرین، شەکر وەعد، شیرین صفات، شیرین ڕەفتار،...هتد).

ئەم جۆرە ئاوێتەکردنی هەستی چەشتنی شیرینی بە هەست و بابەتی جیاجیا بەفریکوانسێکی زۆر لە دیوانی جزیریدا دەبینرێن.

بەشێوەیەکی گشتی چەشتنی شیرینی و شەکرو وشەی پەیوەست بەم چەشتنە پڕاوپڕی دیوانی جزیرین، بەڵام ئەم وشانە لای هەردوو شاعیر (فەقێ و خانی) زۆر بەدەگمەن دەبینرێن. جیاوازیەکان بەڕوونی لەم خشتەیەی خوارەوە بەدەردەکەون:

| وشەکان | جزیری | فەقێی تەیران | خانی (تەنیا غەزەل) |
|---|---|---|---|
| شیرین | ٩٠ جار | ٣ جار | ١ جار |
| شەکەر | ٦٨ | ٣ | - |
| قەند | ١٩ | ١ | - |
| نەبات | ١٨ | - | - |
| شەربەت | ١٣ | ١ | ١ |
| شەهد | ٢ | - | - |
| عەسەل هنگڤین | ١ | - | ١(هنگڤین) |
| کۆی گشتی | ٢١٣ | ٨ | ٣ |

هەر لە زەمینەی ئەم باڵکێشانی شیرناییە بەسەر دیوانی جزیریدا، چەندەها دەستەواژەی پەیوەست بە (شەکەر) دەبینرێن، وەك (شەکەرخا، شەکەر ئامێز، شەکەر ریز، شەکەر بیز، شەکەرێ تەنگ، شەکەربار، شەککەرین، شەککەرستان...هتد).

لە غەزەلەکانی (خانی)دا ئەم دەستەواژانە نابینرێن، لای (فەقێی تەیران)یش تەنیا دووجار (شەکەرخا) هاتووە کە یەکێکیان لەهەڤپەیڤینی لەگەڵ جزیریدا هاتووە. جیا

لـه بابـەتی (شـیرنایی)، هەنـدێ دیـاردەی دیکـەی ئاوێتـەکردنی هەسـتەکان لای جزیـری دەبینـرێن وەك لەم دێرەدا بەدەردەکەوێ:

**ظەریـفی نـازکـی شـەنـگی صفەت حووری پەری رەنگی**
**ب <u>رۆژێ را تو هەڤدەنگی</u> دوو ڕەشتوزێن سیەھ یەنگی**[1]

لەنیوە دێری دووەمدا هاتووە (ب رۆژێ را تو هەڤدەنگی) واتە (تۆ لە جوانیا لەگـەڵ رۆژ هـاودەنگی) لـەتێکرای نوسـخەکانی دیـوانی جزیـریش وشـەی (هەڤـدەنگ) هـاتووە، بۆیە لێرەدا هەستی بینینی جوانی ڕۆژ بە دەنگ بەراورد کراوە. هەر کەسێ ئـەم دێـرە بخوێنێتـەوە لەسـەر وشـەی (هەڤـدەنگ) هەڵوەسـتەیەك دەکـات، چـونکە زۆر دیـارو بەرجەستەیە. کە لێرەشدا (فۆرگراوندینگ)ێك دروست بـووەو پەیوەنـدی سـتوونی ڕۆڵ دەبینێـت، چـونکە کـاری (هەڤـدەنگ بـوون) لـەجیاتی (هـەڤرەنگ بـوون) هـاتووە. هەرچەندە ئەم جۆرە دیاردەیە لە ئەدەبـدا گرنگیـەکی زۆری هەیـە، بـەڵام لای جزیـری بەڕێژەیەك نیە کە بە نیشانەیەکی سەرەکیی شێوازی ئەم شاعیرە لەقەڵەم بدرێت.

## مراعات النظیر - Congeries

ئـەم دیاردەیـە لـە ئەدەبـدا بـەو واتایەیـە کـە لـە شـیعرو پەخشـاندا وشـەی وا بگـونجێنرێن، پەیوەنـدیان بـە یەکتریيـەوە هـەبێت وەك وشـەکانی (کـەوان و تـیر). پەیوەندی وشەکان لەو دیاردەیەدا دەکرێ لەڕووی ڕەگەزو پێکهاتە، لێکچوون و هاوڕێیی و هاوبابـەتی بێـت[2]. نموونـەی هاوڕەگـەزی وەك (مـانگ و ڕۆژ و ئەسـتێرە یـان گـوڵ و ڕەیحـان و نەسـرین) نموونـەی لێکچـوون وەك (چـاو و نێرگـز، بـەژن و سـەرو، دەم و خونچە). هەروەها دەکرێ وشەکان بەشێك بن لە شتێکی گشتی و فراوانتر[3] وەك چاو و برۆو دەم کە بەشێکن لە ڕوخسار. لە جۆری هاوڕێیی و هاوبابەتی دەتوانین ئاماژە بەو نموونانـە بکـەین (مـەجنون و لـەیلا، شـیرین و خەسـرەو، ئەسـکەندەر و خضـر). لـە دیـاردەی (مراعـاة الـنظیر)دا هارمونیـەکی واتـایی لـەنێوان وشـەکاندا دروسـت دەکـرێ و

---

[1] دیوانا جزیری – دوسکی، ل ٢٩٤.
[2] فرهنگ اصطلاحات ادبی – سیماداد، انتشارات مروارید، چ ٣، تهران، ١٣٧٨، ص ٢٦٨.
[3] نگاهی تازه به بدیع – د. سیروس شمیسا– چاپ ١١، انتشارات فردوس، تهران،١٣٧٨، ص ٨٧.

واتای هەر یەك لە وشەكان بەهۆی وشەكانی هاوپەیوەندی دیكە بەهێز دەبێت[1]. ئەم دیاردەیە لای جزیری زۆر بەفراوانی دەبینرێ، بەشێوەیەك كە لە دیوانی جزیریدا[2] نزیكەی (٢٠٩٥) دێرە شیعر ئەم دیاردەیەی تێدا هەیە. بۆیە بەو فریكوانسە زۆرە ئەم دیاردەیە، بە دیاردەیەكی هەرە سەرەكیی شێوازی شیعری جزیری دادەنرێت.

لێرەدا هەندێ نموونەی ئەم دیاردەیە لای جزیری دەخەینەڕوو:

**بەند كرم، گەر چ شوبهی فیل بووم**

**سیمبەرێ ساعدو بازو ژ عاج[3]**

- لەم دێرەدا وشەكانی (فیل و عاج) پەیوەندیان هەیە بە شێوەیەك كە (عاج) بەشێكە لە (فیل) وەكو ئەندامێكی ئەم گیانداره، هەروەها (ساعد و بازو) پەیوەندیان هەیە كە هەردووكیان بەشێكن لە دەست.

**مسكێ رەشاندی ئەز دبێم وان نوقطەیان هن بوونە كێم**

**لێ خەططێ رەیحانی ل دێم كاتب ژ نوو ئعراب دا[4]**

- لەم دێرەدا (نوقطە و خەططی رەیحانی و كاتب و ئعراب) پەیوەندیەكی بابەتیان هەیە كە بابەتەكەش نووسینە.

**نەسیمێ سونبول و سێڤان سەحەر دا حەبس و زندانێ**

**ڤەبوو ڤوفلا مە بێ مفتە زرنگینێ ژ ڤوفلێ دا[5]**

- لەم دێرە شیعرەدا هاوەڵێ و هاوڕێیی نێوان وشەكانی (حەبس، زیندان، ڤوفل، مفتە) بەدی دەكرێ هەروەها (سونبول و سێڤ) لە گرووپی ڕووەكەكان هاوەڵییان هەیە.

---

[1] معجم مصطلحات الادب – مجدی وهبە، ص ٨٦.

[2] بە پێی: دیوانا جزیری – دوسكی.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٩٥.

[4] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢٨.

[5] هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

**مننەت ژ طالع هەر ژ بەخت ئاصف ب تەخت و بەخت و رەخت**

**بـەلـقـیـس ئـەوی ئـانـی ب تـەخـت ئیـرۆ سولەیمانی مەلا[1]**

- لـەم دێـرەدا (ئاصـف، تـەخت، بـەلقیس، سـولەیمان) پەیوەنـدی بابـەتییان هەیـە لـە چوارچێوەی چیرۆکی بەلقیس و سولەیماندا.

**لەو د چنگێ مە د خوونی کو د عشقا تە ب ساز**

**مە ب بەژنا تە دخوونن نەی و قانوون و رەباب[2]**

- (چـەنگ و خوونـدن و سـازو نـەیو قـانوون و رەبـاب) بەشـێکن لـە بابـەتی گشـتی مۆسیقا.

**هەر دوو قران کو قبلە بن هەر چ دەما خۆیا بن ئەو**

**وێ سەعەتێ د دینێ عشق لازمە یەك دوو سەجدە فەرض[3]**

- (قبلە، دین و سـجدەو فـەرض) پەیوەنـدی بابـەتییان هەیـە لـە چوارچێوەی ئـەرکی ئایینی دا.

**دل گرت ب داما سونبولان بەرداو دیسا حەبس کر**

**میرە کو هەر ئەو دائمەن گرتن و بەردانە غەرەض[4]**

- (میرو بەردان و حەبس کرن، گرتن و بەردان) لە چوارچێوەی بابـەتی (دەسـەڵات)دا پەیوەندییان هەیە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩.

**گول حەتا سوهرن ب طـیٚ ڤە بێن ئەبەسسوم پێڤە پێڤە**
**بـولـبـولـیٚ سـەرخـوەش دنێڤە نـەغمـەو نال و نەوایە**[1]

- (گول و طـیٚ و بولبول و نەغمـەو نـال و نـەوا) پەیوەندییـەكی بابـەتییان هەیـە لـە چوارچێوەی وێنەی كلاسیكی (گوڵ و بولبول).

هەروەكو باسمان كرد ئەم نموونانە لە دیوانی جزیریدا زۆرن، بەڵام لێرەدا بەسـندە بـەو چـەند نموونـە دەكـەین. ئـەو دیاردەیـەی تـا ئێسـتا بـاس كـرا، (مراعـاة الـنظیر) و هـارمۆونی نـاو یـەك دێـرە شـیعر بـووە، بـەڵام لای جزیـری ئـەم دیاردەیـە لەمـەش فراوانترەو پەیوەندیی نێوان یەكەكان لە دوو دێرەوە تا چەندەها دێرو تەنانەت دەكرێ بووترێ بە پانتایی تـەواوی دیوانەكـەی فـراوان دەبێـت. ئـەو دیاردەیـەش بووەتـە هـۆی ئەوەی كە دیوانی جزیـری پێكهاتەیـەكی كۆنكرێتی تونـدوتۆڵی هـەبێت. لێـرەدا چـەند نموونەیەك لە بارەی (مراعاة النظیر) لە نێوان دوو دێر یا زیاتر دەخەینەڕوو:

- لە نێوان دوو دێردا:

**عەینی كـافورە ب مەشرەب مە ژ حوسـنـا تەیە صاف**
**لـەو ژ عـەشـقـا تە د دل دا مە ڤـەبـوو علمێ عوباب**
**مە ژ سەر چەشمەیێ حەیوان قەدەحەك صافی ڤەخوار**
**نـاگـهـن لـەذذەت وشـەوقـا مـە ب سەد جلدێ كتاب**[2]

لـەم دوو دێـرەدا وشـەكانی (كـافوور، مەشـرەب، صـاف، سەرچـەشمەی حـەیوان، قەدەحەك صافی، ڤەخوار) لە بابەتی خواردنەوەدا پەیوەندیان هەیە ، وشەكانی (علمێ عوباب، سەد جلد كتاب)یش لە بواری زانست و كتێبدا پەیوەندیان هەیە.

---
[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٤.
[2] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٦٣.

- زياتر له دوو دێر:

**گەر دووسەد پەیکان دنیڤا دل ب وان دێ خوەش بووان**

**هەر دەمێ کەوکەب بدینا نەجم و پەروین بێ حجاب**

**زوهـرە و عـقـدا ثـورەیـیـا کەششفی بوون ئەو د شەرق**

**سـأیـەیـا بـەخـتـێ مـە دایـێ مـا ل سـەر پەردەو نقاب**

**واژگـوون دەورێ نـومـا مـن چـەرخ و بأیـێ لـەولەبان**

**کـەوکـەبـان سـەیـرا موخالف گرت و تێکل کر حساب**[1]

**ڤـێـك كـەتـن شەمس و زوحەل ئیرۆ د بورجا عەقرەبێ**

**سـەیـف چـوو دەسـتـێ مەریخێ مولکێ دل لەو کر خراب**

**لـەو تـەنـەززول کـر مـەریخێ نەوبە چوو دورا زوحەل**

**چـوو طـەرەف مـهـرا سپهرێ نـەززلی عەردان عەزاب**

**لـەو ل شـەش بـورجـان عـوطـارد ژ ئـافـتـابێ دوور بوو**

**لێ زوحـەل بـوو مـوشـتـەری ئـاڤێـتـە چەرخێ ئنقلاب**

**شـەووشـی نـەظـمـا نـوجـومان هەیئەتا چەرخێ بورووج**

**لـەو ل وەضـعـەك دەرنـەتێـتـن مـاهـ و زوهرەو ئافتاب**[2]

ئـەم ڕەوتـە تـا چـەندین دێـری تـریش بەردەوامـە، لـەم دێرانـەدا زۆربـەی یەکـەکان پەیوەسـتن بـە بابـەتی (فەلـەکیات)و ئەستێرەناسـی وەك: (کەوکـەب، نـەجم، پـەروین، زوهـرە، عقـدا ثـورەییـا، چـەرخ، شـەمس، زوحـەل، بورجـا عـەقرەب، مـەریخ، سـپهر، عەطارد، ئافتاب، موشتەری، ماه).

لای جزیری هەندێ جار (مراعاة النظیر) و هارمۆونی واتایی لە سەرانسەری پارچـە شیعرێك دەبینرێ، بـۆ نموونـە لـە پارچـە شـیعری بـەناوبانگی (الله سحرگاها ئـەزەل)[3]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

[2] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٦٩– ٧٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

پەیوەنـدی نێـوان واتـاو یەکـەکان لـە سەرانسـەری ئـەم پارچـە شـیعرە لـە چوارچێوەی چـیرۆکی بـوون و سـەرهەڵدانی (عەشـق) لـە ئەزەلـدا و فراوانبـوونی کـەون بەردەوامـە. وشەی وەك (نوور، تەجەللا، ذات، ئسم، عشق، عالەم، وجوود، کاتب، چەرخ، رەمـز، سـڕ، حروف، صورەت،...هتـد) بـە شـێوەیەکی زنجیرەیـی سـەرجەم (١٤٢) دێـرە شـیعرەکەیان پێکەوە بەستووە. بەم هۆیەوە لەم شیعرەو لە زۆر لـە غەزەلـەکانی دیکـەی جزیریـدا تـا ڕادەیەکی زۆر (یەکێتی بابەت) بەدی دەکرێ.

ئــەم تایبەتەمەندییــە کۆنکرێتیــەی دیــوانی جزیــری، پێــوەرێکی باشــە بــۆ جیاکردنەوەی شیعرە رەسـەنەکانی لـەو شـیعرانەی کـە دراونەتـە پـاڵ ئـەم شـاعیرە. بۆ نموونە لە دیوانی جزیریی تویژاندنی (صادق ئامێدی)دا، شیعرێك خراوەتە دیوانەکـە[1] کە توێژەر لە (صبری ئەحمـەدی بـۆتی) وەرگرتـووە، بـەڵام ئـەم شیعرە وەکو جسمێکی نـامۆ خـۆی لـەم دیوانـە پتـەوەدا دەنوێنێـت. ئـەم پارچـە شـیعرە گوایـە لـەبارەی چێشتخانەی میری جزیرەیە، بەڵام نە لەبابـەت و نـە لەروخساردا لـە شـێوازی جزیـری ناچـێت. هـەر ئـەم تایبەتمەندییـەی دیـوانی جزیـری دیسان پێوەرێکـە بـۆ سـەلماندنی ئەوەی کە هەندێ لەو غەزەلانەی کە گومانیان خراوەتەسـەر هـی جزیـرین، بـۆ نموونـە (هـەژار موکریـانی) لـەو دیوانـەی جزیریـدا کـە خـۆی شـەرحی لێکـردووە، (١٠) غـەزەلی جزیریـی جیاکردۆتـەوەو گومـانی خستۆتە سـەریان کـە هـی جزیـری بـن، بـەڵام هـیچ بەڵگەیـەکی وا ناخەتـە بەردەسـت کـە سـەلمێنەری بۆچـوونەکەی بـن[2]. بـەڵام بـەپێی توێژینەوەیەکی شێوازناسی بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئـەم غەزەلانـە گـەر هەنـدێ کـەم و کورِیشیان بەهۆی دەستاو دەست کردنیان لە جیلێك بۆ جیلێکی دیکە تێکەوتبێت، بەڵام تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی شێوازی جزیرییان تیایـدا مـاوە بەتایبـەت لـەبوونی (وشـە کلیلیەکان)ی شـێوازی جزیـری و ڕەچاوکردنی ئاسـتی موزیکـالی و گرنگیـدان بـە ئاسـتی ستوونی ناو شیعرو دواترینیشیان هارموونی و (مراعاة النظیر)ی ناو ئەم غەزەلانەیە.

---

[1] دیوانا مەلایێ جزیری – توێژاندنا: صادق بهاءالـدین ئامێـدی، چـاپا یـەکێ، چـاپخانەی کـۆڕ، بەغداد، ١٩٧٧، ل ٦٠٤.

[2] دیوانی مەلای جزیری – هەژار شەرحی لێ کردووە، انتشارات سروش، چـاپی یەکـەم، تهـران، ١٣٦١، ل ٥٨٥.

## زمانی پیتەکان (ڕێبازی حروفی)

ئەم دیاردەیە تایبەتمەندییەکی گرنگی شیعری (جزیری)یە کە زۆر لەوانەی بە شیعرەکانی کاریگەربوونە، ئاماژەیان بە فراوانیی ئەم دیاردەیە لای شاعیر داوە. لەوانەش (مەسعود حوسێن بۆتانی) کە لە وتارێکدا لەژێر ناوی (زمانێ پیتان ل نك جزیری) بە تێروتەسەلی ئەم دیاردەیەی لای جزیری شرۆڤە کردووە[1]. بە ڕای ئەم نووسەرە دەبێ جزیری لەژێر کاریگەریی قورئانی پیرۆز بەم شێوە فراوانە ئەم دیاردەیەی بەکارهێنابێت، چونکە لە قورئاندا گرنگیەکی زۆر بە پیتەکان دراوە. لە سەرەتای زۆر لە سورەتەکان کۆمەڵە پیتێك بە دوای یەکدا ریزکراون وەك (الم، المر، المص، طسم، کهیعص، حم، عسق)[2].

جزیری لە کۆی (٢٨) پیتی عەرەبی (١٦) پیتی بەکارهێناوە کە بریتین لەمانە: (ئەلیف، بێ، حا، دال، رێ، سین، شین، صاد، عەین، قاف، کاف، لام، میم، نون، واو، هاْ ).

فریکوانسی بەکارهێنانی ئەم پیتانە لای جزیری بەم چەشنەیە:

| پیت | فریکوانس | پیت | فریکوانس |
|---|---|---|---|
| ئەلیف | ٦ | صاد | ٦ |
| بێ | ٤ | عەین | ٢ |
| دال | ١٣ | کاف | ٢ |
| حا | ٣ | لام | ٦ |
| رێ | ٢ | میم | ٣ |
| سین | ٢ | نون | ٢٤ |
| شین | ١ | واو | ١ |
| قاف | ٢ | هاء | ٣ |

[1] (زمانێ پیتان ل نك جزیری) پشکا ئێکی – مەسعود حوسێن بۆتانی، ڤەژین، ژمارە (٥) پاییزی ١٩٩٦، ل ٤٦. پشکا دووێ، ڤەژین، ژمارە (٦و ٧) زڤستان و بهار، ١٩٩٧، ل ٢٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ژمارە (٥) ل ٤٦.

بەم جۆرە (٨١) جار ئەم پیتانە لە دیوانی جزیریدا بەکار هێنراون، جیا لەمەش جزیری ئاماژەی بۆ بابەتی پیتەکان زۆرە، هەروەك لە دیوانەکەیدا (٣١) جار ئاماژەی بە (حەرف و حروف) هەیە. جزیری بە چەندین شێوە مامەڵەی لەگەڵ پیتەکاندا کردووە کە جیاجیا ئاماژەیان پێ دەکەین:

**أ – (حساب الجمل) و ژمارەی ئەبجەدی:**

لە کۆندا باو بووە بۆ دیارکردنی مێژووی زۆر ڕووداو لەوانەش لەدایکبوون و مردنی کەسێك حسابی ئەبجەدییان لە شیعردا بەکارهێناوە، زۆر کەس وای بۆ دەچن کە ئەم دێرە شیعرەی جزیری ژمارەی لەدایك بوونی شاعیر بەخۆوە دەگرێت[1]:

**ژ حەرفان ماه و سالێ ما نەهات دەر شکلێ فالێ ما**
**کـجـا دانـنـد حـال مـا سبکباران ساحلها[2]**

کە نیوە دێری یەکەم بەپێی حسابی ئەبجەدی دەکاتە (٩٧٥)ی کۆچی بەرامبەر (١٥٧٥)ی زایینی.

(هەژار موکریانی) لە شەرحی دیوانی جزیریدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەم دێرە شیعرەدا:

**جوهتێ ئەسەدان پەنجە ل سەر سینە نهاندن**
**کوللاب گهاندن دل و هەستی هەرشاندن[3]**

---

[1] بڕوانە: دیوانا مەلایێ جزیری – تەحسین دۆسکی، ل ١٤،– ڤەژین ژمارە (٥)، ل ٤٨.
[2] دیوانا مەلایێ جزیری – دۆسکی، ل ٢٤.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٤.

(اسد) بە حسابی ئەبجەدی (٦٥)ە، کە جوتێك ئەسەد دەکاتە (١٣٠) بە حسابی ئەبجەدیش (عەین) واتە چاو بە عەرەبی دەکاتە (١٣٠)، واتە دوو شێر دەبن بە چاو[١].

پێچەوانەی ئەم دیاردەیەش لای جزیری بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە لەو پارچە شیعرەی کە باس لە دزینی شیعرەکانی لەلایەن (مەلا داود فێنکی) دەکات ناوی ئەم مەلایە بە ژمارە دەهێنێت و دەڵێت:

**ئەی مەلا نامێ تەیە (خمسه عشر)**
**تو ب شعرا نە تە گوتی خوە دکی فەندو شەکەر[٢]**

لێرەدا ناوی (داود) بە حسابی ئەبجەی ڕێك دەکاتە (١٥).

**ب – ریزکردنی پیتەکان وەکو وشەی هەڵوەشاوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا وەك:**

**ئەلیف و دوو لام و هێ دین مە د ئایەتا جەماڵ**
**ژ جەگەر مەکر تەسەللی و ژ سینە دەست ڤەشاندن[٣]**

- ئەلیف و دوو لام و هێ (ا ل ل ە) الله

**شەربەت لام و بێیان ئەز ب حەیاتێ نادم**
**بادەیا لەعلێ ب ئاڤا ظولوماتێ نادم[٤]**

---

[١] دیوانی مەلای جزیری– هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، سروش، تاران، ١٣٦١، ل (٣٩٧–٣٩٨).
[٢] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٢٢.
[٣] هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٥.
[٤] هەمان سەرچاوە، ل ١٨٣.

- لام و بێ (ل و ب) لب واته لێو

**نـهـیــن دل درەشـیـنــن تـیــرێــن ژ سـیــاه گــووشـان**

**دوو میر ب غەضەب د کشینن ل قەتلا مە بێ هۆشان**

**ژ قــاف و واو سـیـنــن خــەدەنگێن ئەسوەد پووشان**[1]

- (قاف و واو سین) (ق و س) قەوس.

**ج- بەکارهێنانی وێنەی پیتەکان بۆ خەملاندنی وێنەی شیعری**

فریکوانسی ئـەم جـۆرە بەکارهێنانـەی پیتـەکان لای جزیـری لـە دوو جـۆری پێشـتر زیاترە. جزیری هەموو جوانیی روخساری یاری بە وێنەی حەرفەکان دەخاتەڕوو، بـەڵام ئەو حەرفانەی کە بە خەتی خۆش نووسراون وەك خەتی (موسەلسەل، شکەستە، پولـپ و رەیحانی):

**سەر ب یەك ئانی دوو نونان خەططی رەیحانی دوو صاد**

**ها درێ من سەجدە بر لەو غەرقێ خونێ بوو فوئاد**[2]

- هەندێ نموونە:

- ئەلیف و وێنەی بەژنی یار:

**عەرعەرا قامەت ئەلیف نەی شەکرا شوخ و شەپال**

**نــازکــا سـیـم تـەن و خـوسرەوی زەرین کولەهێ**[3]

- دوو بێ بە ئاوەژوویی لەسەر یەك وێنەی لێو:

**لـەبــێ لـەعــلـێــن تـە دبـێ هەر بیەکێ نوقطەیێ عیلمن**

**ب خەطی حەرفێ ئەلف و جەزمە شوبی حەلقەئێ بابە**[4]

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٣٤٤.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٤.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٩.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٠.

- پیتی (صاد) و وێنەی چاوی یار

**گەزمەیێن وان صاد و نونان ئاورێن ئەسوەد عیونان**

**رادکن ئەو قەتل و خونان من دییەو دل شەهدەیە**[1]

- پیتی (لام) لە شێوەی زولفی چەماوەی یار

**جەبهەت و دێمێ ل قودرەت لێ نڤیسی حەرف حەرف**

**کا کولان طا طا ل سەر حەرفان کشاندی لام لام**[2]

- (دال) لە شێوەی پرچ و زولفی شکاوەی یار:

**خەمرێن خەمزەدە نسبەت دالان**

**کو چەڤاندینە ژ رەنگ گوپالان**[3]

- (ئەلیف) بۆ بەختی باش، خۆشبەختی بەهۆی ڕاستیی وێنەکەی.

(دال) بۆ بەختی کەج، بەختی خوار بەهۆی خواری وێنەکەی.

**ئـیـرۆ تـنـێ دەرهـات ئەلیف مەعنا دچوو بەژنا شەریف**

**یـا خـارە لـێ کـەمـخـەو قەدیف فریاد ژ دەستێ فرقەتێ**

**ساعەت ل من تێك سال بوون دائم ل سەردەست فال بوون**

**حـەرفـێـن دهـاتن دال بوون فەریاد ژ دەستێ فورقەتێ**[4]

---

(1) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٠.

(2) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦.

(3) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٨٨.

(4) هەمان سەرچاوە، ل ٣١٩.

## هەندێ تایبەتمەندیی وێنە شیعرییەکانی جزیری

لەڕووی چەندی و چۆنیەوە، وێنەی شیعریی جزیری زۆر فراوانن. جزیری هەموو جۆرەکانی وێنەی شیعری لەبواری هەر پێنج هەستی، (دیتن، بیستن، چەشتن، بۆنکردن، لەمس کردن) بەکارهێناوە.

وێنەی شیعری لەبواری دیتن لای جزیری بەستراوەتەوە بە فریکوانسی زۆری (کار)ی دیتن و باسکردنی جوانی یارو لێکچواندنی بە دیمەنی بینراو، وەکو سورشت و گوڵ و گوڵزار.

لە بواری بیستن، وێنە شیعرییەکان پەیوەستن بە فریکوانسی زۆری (کار)ی بیستن و ئامرازەکانی موزیکالی و خودی موزیکی شیعرەکانی.

لە بواری چەشتن، ئەم وێنە شیعرییانە لە بابەتی چەشتنی (شیرینی) کورت دەبێتەوە، کە ئاماژە بە فریکوانسی زۆری ئەم چەشنە کرا.

لە بواری هەستی بۆنکردن، وێنە شیعرییەکان بە وشەکانی (مسك، موشك و عەنبەر، خوتەن، گولاڤ و گولاب... هتد) و (کار)ی بۆنکردن بەستراوەتەوە.

لەبارەی هەستی دەست لێدان و (لمس) وێنە شیعرییەکان کەمترن، بەڵام جێگەی خۆیان لە دیوانەکەدا کردۆتەوە، بەهۆی وشەی وەك (هەریر، نەرم، لەطیف، نازك، کێمخە، قەدیف... هتد).

دیوانی جزیری لێوالێو پڕی جۆرەها وێنەی شیعری سادەو ئاوێتەو جوڵاو و وەستاو و فۆتۆگرافییە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کەزمانی شیعری جزیری زمانی نواندن و پیشاندانە (Figurative)، واتە بەهۆی نواندن و نمایشت و وێنەکێشان مەبەستەکەی دەگەیەنێت، لەکاتێکدا زمانی شیعری (فەقێی تەیران) بە ڕادەیەکی زۆرو زمانی شیعری (خانی) بە ڕادەیەکی کەمتر ( لە بواری غەزەل)دا زمانێکی سەر ڕاست و ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنایە (direct). ئەمەشیان دیارترین جیاوازی شێوازی ئەم شاعیرانەیە. جزیری و فەقێ لەم بوارەدا دوو جەمسەری تەواو لێك دوورن، چونکە (جزیری) وێنەکێشەو (فەقێ) بێژەرو گێرەوە.

**أ- فرەچەشنی بابەتی وێنە شیعرییەکان لای جزیری:**

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد وێنەی شیعری لای جزیری زۆر فراوانن، بۆیە جزیری هەر بابەتێکی بۆ پێکهێنانی وێنەکانی بەکارهێناوە. واتە بەهۆی وێنە شیعرییەکانیەوە جزیری هەموو بابەت و دیاردەکانی دەوروبەری خۆی گلداوەتە ناو دیوانەکەی، جزیری دیمەنەکان، پیشەکان، زانستەکان و هەر بابەتێکی دیکەی بەردەستی خۆی لە قالبی وێنە شیعرییەکانی گونجاندووە کە لێرەدا ئاماژە بەچەند بابەتێکی لەم چەشنە بە نموونەوە دەکەین:

- درومان (بەرگدووری - خیاطی)

**هەر سەحەر دەستەکێ ژ نوو وەرگێر عەرعەرێ تێك سەراسەر کە**
**قەدو قاما شرین و نازك و تەر لێ سەراسەر بفەصلین و کەرکەر کە**[1]

- دانەوێڵە، نوخود (نۆك) و نیسك (عەدەس)

**من گو ژ مە دل شوبهی نوخود خوەش تە ب کەرکر**
**کەرکر ب دوو لەعلێن خوە شەکەر گو: عەدەسی تو**

(نوخود) وشەیەکی فارسییە بە واتای (نۆك) دێت، نۆك لەت کردنی ئاسانە، بەڵام نیسك بە ئاسانی لەت ناکرێ، هەروەها (نیسك) نیشانەی دوو ڕووییە.

لای (زڤنگی و دۆسکی) لە جیاتی (نوخود) (بخور) بەکار هاتووە. لە فارسیدا ڕێنووسی ئەم دوو وشە لێك نزیکە (نخود، بخور)، بۆیە پێدەچێ لەکاتی خوێندنەوەو نووسینەوەی دەستنووسەکان ئەم هەڵەیە ڕووی دابێت و لەجیاتی نوخود، بخور بەکارهاتبێ، بەڵام لە دیوانەکەی (هارتمان) هەمان نوخود (نخود) بەکارهاتووە[2].

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، لایەڕە ٢٣٧.

[2] دیوانی مەلای جزیری – فۆن مارتین هارتمان، بەرلین ١٩٠٤، ل ١٦٥.

- ئاژەل (وێنەی پێچەوانە، ئاسك و غەزال شێر دەترسێنن)

**ژ نــازك نــێــرگزا نازك د سەهمێ دی مە ئعجازەك**

**و كـم مــن خـشـف غـزلان أهـابـت لـيث غاباتی**[1]

- وێنەی هەندەسی بازنەو خال (دائرة و نوقطه)

**بێ نوقطه نەهن دائره ئحسانكە مەلا**

**دەووارێ چ كـت دائــرەيـا تـەكوينێ**[2]

- وێنەی تایبەتمەندی روخساری نەتەوەكان:

**صەف ب صفه تورك و موغول دوگوش و هندی د كەمین**

**نـە عـەجەب هاتنە جەنگی حەبەش و رۆم و فەرەنگ**[3]

**جـەنـگـی هـنـدی دكـرن فـێـرس و رمــبـازی عـەرەب**

**تـوخ و عـالا د فـەرەنـگـینـە كـەمـانـدارێ حـەبـەش**[4]

- (صرف و نحو)ی عەرەبی لە وێنەی شیعریدا:

**مونصەرف مادبوويين ئەم ب دووسەد جارری مەلێ**

**لێ ب وێ كەسرو ئضافێ ڤ خۆە مەجروور كرین**[5]

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢٦١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٥

[3] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ١٧٦.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

[5] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٨.

له (نحو)ی عەرەبیدا (ئەحمەد) كە ناوی شاعیرە ناوێكی (غیر منصرف)ەو (مجرور) نابێ تەنیا لەكاتی (اضافە) نەبێ وەك (علی احمد كم)، واتە كاتێ ئەحمەد (اضافە)ی یار دەبێ (مجرور) دەبێ[1].

- ئاسنگەری:

**فاعلەك لازمە دا فعل و ئەثەر پەیدابیت**
**گەر تو حداد نەبن كوورەیێ حەداد دێ چ كت[2]**

- ئامرازی دارتاشی:

**ئەڤ ئەررەیا ژەهری ددان من ژێ د دل دا بن سنان**
**مال بەهرێ فەرقێ دوژمنان بێت و برەت منشارێ چەرخ[3]**

- زێڕینگری:

**تا چەندێ ب هەجرا خوە تو من تەجربە ئینی**
**زێرێ ژ خوە خالص مەحەك و گاز چ حاجەت[4]**

**ب- تازەگەری لە وێنەی شیعری جزیریدا:**

ئەگەرچی وێنە شیعرییەكانی جزیری هەمەچەشنن، بەڵام زۆربەیان وێنەی باوی كلاسیكین. كەچی جزیری تەنیا لاسایی كەرەوەی شاعیرانی كلاسیكی دیكە نەبووەو هەوڵی داوە شتی نوێ بخاتە سەر سامانی وێنەی كلاسیك. بۆ نموونە لە شیعری كلاسیكدا (یاقوت) بۆ لێو و (ئەلماس) بۆ ددان بەكارهاتووە ، بەڵام جزیری لە وێنەیەكی لێكدراودا بەم شێوەیە وێنەكەی خستۆتەڕوو:

---

[1] العقد الجوهری – زڤنگی ، الجزء الثاني، ل ٤٦١.
[2] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٨١.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ٧٩.

**یـاقـوت فـرۆشـان دکـەف ئـەلـماس شـکـەستن**
**ئەڤ صەفحەیێ ئەلماسێ کو نەققاشی قەلەم دا**[1]

نـیـوە دێـری یەکـەم وێنـەی دەمێکـە کـە لـە رق و حەسـرەت ددانـەکان لەسـەریەك گوشـراون، واتـە (ئـەلماس شکەسـتن) ددان گوشـینە. واتـای ئـەم دێـرە ئەوەیـە کـە کاتـێ جوانــەکان ئــەم روخســارە ئەڵماســی و ســپییەیان دی لــە تــاو جوانیەکـەیو لـەداخ و حەسرەتان ددانیان لەسەریەك گوشین.

ئەم نموونانە لە دیوانی جزیریدا زۆرن، بەڵام هەندێ وێنـەش هـەن کـە تایبـەت بـە خودی جزیرین واتە لە داهێنانی ئەم شاعیرەن. باشترین نمونەی ئەم داهێنانـە لـەبارەی وشەی (یەنگ)ە. (زڤنگی، هەژار و دۆسکی) لە لێکدانەوەکەیان (یەنگی)یـان بـە جۆرێـك (تیر) لێکداوەتەوە کە هی وڵاتی (یـەنگ)ە، بـەڵام هـەر خۆیـان گومانیـان خستۆتە سـەر ئـەوەی کـە وڵاتێـك بـەو نـاوە هـەبێت[2]. ئـەم وشـەیە تـاکو ئێسـتا تـەنیا لای جزیـری بینـراوەو بەرهەمی شاعیری دیکەی پێش ئەویشـمان لەبـەر دەسـت نیـە کـە بـزانین ئایـا پێش ئەم شاعیرە بەکارهاتووە یان نا، لای فارسـەکانیش نـەبینراوە[*]، بۆیـە تـاکو ئێسـتا ئەم شاعیرە بە خاوەنی ئەم داهێنانە دادەنرێ. ئەم وشەیە بە شێوەی (یەنگ و یـەنگی) (١٥) جار لە دیوانی جزیریدا بەکارهاتووە، ئەم وشەیە لای (فـەقێی تـەیران) یـەك جـار بەکارهاتووە کە پێدەچێ لە جزیریی وەرگرتبێ چونکە فریکوانسی وشەکە لای جزیـری زیاترە.

---

(١) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٦.

(٢) دیوانی جزیری – هەژار موکریانی، ل ١٧٦.

(*) لە فەرهەنگی(دهخدا) دا نییە،هەروەها لـە CD دۆرجیشـدا ، کـە زۆربـەی بەرهـەمی شـیعری کلاسیکی ئێرانی بەخۆوە گرتووە نەبینرا.

**سەرچاوەو واتای یەنگ:**

لە شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا وشەی تورك زۆر بەکارهاتووە. ئەم وشەیە بۆ خەملاندنی وێنەی یاری تووڕەو خوێنڕێژ بەکارهاتووە.

حافزی شیرازی دەڵێ:

**ترك عاشق كش من مست برون رفت امروز**
**تـا دگـر خون كه از ديده روان خواهد بود**[1]

هەروەها جزیری دەڵێ:

**تورکێ خوونریز و خومارێ مە ب یەك غەمزەیەکێ**
**زوهـدێ چـل سـالـە ل من زیرو زەبەر کر ژ ئەساس**[2]

واتـە جزیـریش بـە هـەمان واتـای حـافز بـۆ یـاری جـوان و سـتەمکاری خوێنڕێـژی بەکارهێناوە. هۆی ئەم لێکچواندنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی ئەم دەڤەرەدا لەشکری تورکە مەغۆلەکان وێڕای ئەوەی کە روخسارێکی جوانی لە چەشـنی ئافرەتیـان هـەبووە، بـێ بـەزەیی و خوێنڕێـژ بوونـە. بـەڵام جزیـری لـە داهێنـانێکی جوانـدا دەستبەرداری تورکـە مەغۆلـەکان بـووەو وازی لـە مێـژووی کـۆن هێنـاوەو وێنـەکانی لـە مێـژووی نـوێی ئەوسـای کوردسـتان وەرگرتـووە لـە جیـاتی تورکـە مەغۆلـەکان، تورکـە عوسمانیەکانی خستۆتە ناو وێنەشـیعرییەکانیەوە. بـەم شـێوەیە کـە لـەجیاتی (تـورکی) خوێنڕێژ (یەنگی چەریکی) خوێنڕێژی عوسمانیی بەکارهێناوە.

(یەنگی چەریك) بە واتای (سوپای نوێ) سوپای تورکە عوسمانیەکان بـوو، ئـەم نـاوە بەو شێوەیە دەنووسرێ (یەنگی چەریك) بەڵام بە (یەنی چەری) دەخوێنرێتـەوە، بۆیـە لـەزۆر سەرچـاوە هـەر بـەو شـێوەیە تۆمـارکراوە. یـەنگی بـە واتـای (نـوێ) دێـت. نموونەیـەکی بەرچاوتری ئـەم واژەیـە (یـەنگی دونیـا)یـە کـە مەبەسـت ئەمەریکایـە. (یەنگی چەریك) یان (یەنی چەری) هێزێکی تایبەتی عوسمانی بوون کـە لـە سـاڵی ١٣٣٠

[1] ديوان حافظ – تصحيح بهاءالدين خرمشاهي، نيلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٧، ص٢٠٦.
[2] ديوانا جزيرى – دۆسكى، ل ١٣٧.

مەسیحی (٧٣٠ك) دامەزرا، ئەم سوپایە لە سەرەتادا تەنیا لەو کوڕە گەنج و لاوە مەسیحیانە پێك دەهات کە بە دیاری بۆ سوڵتانەکان دەهێنران یاخود هەڵدەبژێردران، جلوبەرگی یەك ڕەنگیان لەبەردەکردو تەنیا بۆ شەڕو کوشتار پەروەردە دەکران و سوێندیان دەخوارد کە هەرگیز ژن نەهێنن، ئەم کوڕە لاوانە زیاتر کوڕە گەنجی روخسار جوان و ناسك بوون کە باس و خواسی ئەوەش لەسەریان هەبوو کە سوڵتانەکان پەیوەندی جنسیشیان لەگەڵیاندا هەبووە[1]. کەواتە (یەنگی)یەکانیش لە شێوەی (تورك) لە ئەدەبی کلاسیك هەم روخساری جوانیان هەبووە هەم خوێنڕێژیش بوونە، کوردیش لە هەموو کەسێ زیاتر شایەدی خوێنڕێژی لەشکری عوسمانیەکان بووە. بەم شێوەیە جزیری وشەی (یەنگی)ی بۆ برژانگ و چاوی تیرهاوێژی یارو وشەی (یەنگ)یشی بۆ وڵاتی عوسمانیەکان بەکارهێناوە.

[1] فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین (لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورك)- نووسینی نۆبل باربەر، وەرگێڕانی: ڕێبوار کەریم وەلی، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣١ - ٣٢.

**- چەند بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوە:**

١- هیچ وڵاتێك بەناوی (یەنگ) نەبووە، تەنیا ئەمەریکا نەبێت، واتە (یەنگی دونیا) کە زۆر ئەستەمە جزیری مەبەستی ئەمریکا بێت. بۆیە دەبێ مەبەست هەمان ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بوو بێت وەك لەم دێرەدا دەردەکەوێ:

**تەنها نە کوردستان ددن شیرازو یەنگ و وان ددن**

**هەر یەك لەسەر چەهڤان ددن ژ ئەسپەهان تێتن خەراج**[1]

کە شیراز وڵاتی (فارسی) یەنگ وڵاتی (عوسمانی) وان وڵاتی (کوردە).

٢- (یەنگی چەریك) یان (یەنی چەری)، زۆر لەپێش جزیری، واتە هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لە ساڵی ١٣٣٠ی مەسیحی بەرامبەر (٧٣٠ك)ی دامەزراوە، ئەم سوپایە نوێیە چەندەها جار لە ناوچەکانی کوردستان و سنورەکانی ئێران تەراتێنی کردووەو خوێنرێژییان لە مێشکی خەڵکی کوردستان چەسپاوەو ناویان ناوێکی غەریب نەبووە. بۆیە بۆ جزیری ناوهێنانی یار بە (یەنگی) خوێنڕێژ باشتر مەبەستی گەیاندووە تاکو تورك یان مەغۆلی خوێنڕێژ.

٣- لە ساڵی (١٥١٤م - ٩٢٠ك) واتە نیو سەدەیەك پێش لەدایکبوونی جزیری لە شەڕی (چاڵدێران)دا (١٢ هەزار) یەنی چەری بەشداریان کردووەو بۆ یەکەم جار تۆپ و تفەنگیان بەکارهێناوەو شکستی گەورەیان بە سوپای ئێران گەیاندووە[2]. هاتنی تۆپ و تفەنگ وەکو چەکی نوێ لەتەك شمشێر، تیروکەوان و خەنجەر، کاریگەریی لە وێنە شیعریەکانیش کرد، پێدەچێ جزیری یەکەم شاعیری کورد بێت کە ئەم چەکە نوێیانەی خستبێتە ناو شیعری کوردی. وەك لەم دێرە شیعرانەدا بەدەردەکەوێ:

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٩٧.

[2] ایران عصر صفوی – راجر سیوری– ترجمە: کامبیز عزیزی ، نشر مرکز، چاپ هشتم، تهران، ١٣٧٩، ص ٣٩ – ٤٠.

**قەیصەرێ رۆمێ ل سەرحەددێ فەرەنگ**
**تۆپ و زنجیر ڤەبەستن چەپ و ڕاست[١]**
**جەگەرێ کون دکن و تێ دبەیین مثلی تڤەنگ**
**مثلی وێ کافر و ظالم قەدیین کەس د فەڕەنگ[٢]**
**چ خەبەر دم ژ دلێ تەی وەکی سەنگ**
**دکوژی عاشقێ مسکین ب تڤەنگ[٣]**

چەند دێرە شیعرێك نموونە بۆ یەنگ:

**هەر دوو قەوسێن تە ژ قودرەت نە ژ یەنگ**
**ژێ ب میزان بڕەشینن مە خەدەنگ[٤]**
**بورهێن ژ دەستێ قودرەت نشانەکر نشانێ**
**لامع ژ بەر دبارن چ یەنگی یەك وە پەروەش[٥]**
**ددەستدا یەنگی یەك نووبار من دی ئەو کەمان ئەبرو**
**ل بالا جەدوەلەك جەبباری تێدا هەمقران ئەبرو[٦]**

---

[١] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٧٤.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٤
[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٠.
[٤] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٩.
[٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.
[٦] هەمان سەرچاوە، ل ٢٥١.

**تەنز لای جزیری:**

زۆر دێرە شیعر لای جزیری هەن، کە ئەگەرچی بۆ مەبەستی پێکەنین دانەنرابن، بەڵام لەکاتی خوێندنەوەیان زەردەخەنەیەك دەکەوێتە سەر لێوی خوێنەر وەك ئەم دێرە:

**مـن گـو مـەهـێ نـۆ، چـاشتی ئەبرۆیێ یاری**

**گومن چ حەدە، شبهەتێ نەعلێ فەرەسم ئەز**[1]

جزیری بە مانگی نوێ دەڵێ کە تۆ لە شێوەی بڕۆی یاری، واتا هیلالی مانگ بە کەوانی برۆی یار دەچێ، بەڵام مانگ وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: من حەددم چیە بە برۆی یارت بچم، من لە بەرامبەر ئەو لە ناڵی ئەسپ دەچم!! ئەم لێکچواندنەی هیلالی مانگ بە ناڵی ئەسپ و دابەزاندنی مانگ لەو بەرزاییە بۆ ژێر سمی ئەسپ تەنزێکی بەهێزە.

بەکارهێنانی تەنز تایبەتمەندییەکی شێوازیی جزیرییە، لای شاعیرانی فارسیش (حافز) بەم تایبەتمەندییە بەناوبانگە[2]. هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لەوانەیە مەبەستی خودی جزیری پێکەنیناویکردنی وێنەکان نەبێت. ئامانجی سەرەکی جزیری پێشکەشکردنی تەنز نیە، کەواتە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە مەبەست لە ئاوێتەکردنی تەنز لەگەڵ بابەتی (جددی) و فەلسەفیی لە بارەی نهێنی (بوون) و (عەشقی ئەزەلی) چیە؟ (د. عبدالحسین زرین کوب) ئەم دیاردەیە بە بابەتی هەمەڕەنگی و (تنوع) لە شیعردا دەبەستێتەوەو ڕای وایە کە شاعیران مەبەستیان ئەوە بووە کە شیعرەکانیان (مەلەل) و خاوی لای خوێنەر دروست نەکات. هەر بۆیە دەڵێ: "بۆ دوورکەوتنەوە لە (مەلەل) و خاوی دەبێ ئاخاوتن (تنوع)ی تێ بکەویت. ئاخاوتن گەر یەکدەست و یەکڕەنگ بوو هێز و کاریگەریی خۆی نابێت...، حافزو سەعدی پێدەچێت هەستیان بەم نهێنیە گرنگە کردبێت بۆیە بەردەوام لە نێوان (جد) و (هزل)دا تەراتێنیان کردووە، هەروەها لەنێوان سادەیی و بەرزی پەیڤەکانیان

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٢٣.

[2] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ل ١٧٣.

سەرکەوتن و داکەوتنیان هەبووە. هەروەکو ئەوەی ویستبێتیان خوێنەر لە نێوان ئەم گۆڕانکاریانەدا دەرفەتی پشوودانی هەبێت..."[1]. هەر ئەم نووسەرە ئاماژە بەوە دەکات کە (تنوع) و گۆڕان، پێویستییەکی شێوازی کاریگەرەو ئاماژە بەو بۆچوونەی (لونگینوس) دەکات کە تەنانەت هەڵەی زمانەوانی و بەکارهێنانی وشەی نامۆش، گەر ببێتە هۆی (تنوع) بەجێیە[2].

جزیریش بەهەمان چەشن ئەم لایەنەی بەکارهێنانی تەنزی لەبەرچاو بووە، هەر بۆیە جێجێ لە دیوانەکەیدا وێستگەی پشوودانی دامەزراندووەو دێرە شیعری وای گونجاندووە کە خوێنەر لەسەریان دەوەستێ و بە زەردەخەنەیەك لە قوڵایی بابەتە (جددی)یەکانی سۆفیگەریو فەلسەفەی بوون دێتە دەرەوەو پشوویەك دەدات.

**هەندێ نموونەی تەنزی لای جزیری ئەمانەن:**

**هەر شەبەم نعرەزنان تا بە سحر**
**بە سگ کوی ترا همنفسین[3]**
**مـن دڤـێ سەر ل ئاستانێ هەر وەکی تولان نەهەم**
**بەلکە جارەك کەیل بپرست ئەڤ چ مەحروم تولەیە[4]**
**گەر بناڤێ تولەیان جارەك ڤەخوونت بەندەیی**
**ب مەلێ خوەشتر ژ مال و گەوهەر و گەنجینەیە[5]**
**دا زیارەت کەم نیشانێ بەر زوحەل بێتن قرانێ**
**تولەیەم سەر ل ئاستانێ چەهڤەنێرێ موچەیە[6]**
**وەك تولە ل پەی موچە ل دورێ چەرخیم ئەز**
**چخ کرمە حەبیبێ کو تو ناری بقەشی[7]**
**د ریا یارێ ل رێزا صانم**

---

(1) شعر بی دروغ شیعر بی نقاب – زرین کوب، چاپ هفتم، علمی، تهران،١٣٧٢، ص ١٨١.
(2) هەمان سەرچاوەو لاپەرە.
(3) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٠٢.
(4) هەمان سەرچاوە، ل ٢١٦.
(5) هەمان سەرچاوەو لاپەرە.
(6) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.
(7) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٩.

لـــەو د ئـقـلـيـمـێ سـوخـــەن خـاقـــانـــم[١]
تــە تــنـــێ ذەوق و صـــەفـا كر ب سەيێن دلبەرێ را
سەرنخون گەه شبی نوون گەه وەكو دالی شەب و روز[٢]
مـــن گــو ب تـيـغــان ڤـــەدی نــاكـــن ژ دەرێ تـــە
گــو ئـــەم ژ نــەبــاتـيـــن و ل طەبعێ مەگەسی تو[٣]
مـــن گــو ژ مـــە دل شـوبهێ نوخود خوەش تە بكەركر
كەركر ب دوو لەعلێن خوە شەكەر گو: عەدەسی تو[٤]
جـامـد چ كـن ب حــوسـنـێ كو وان نەظەر ل خوارە
خـــەر طــەبـعەتێن د ئەبلەه چ نێرگزو چ كەربەش[٥]

بـێــزی دكـــەت ژ قــەنجـان ژ رەمزو نازو غەنجان
قەدرێ گولان چ زانت كەربەش دڤێ كەرێ رەش[٦]
غـالـبــا ئـەهـلــێ زەمـانــی مـا (مـەلا) ئادەميين
ڤە نومايين ژ كەرێ مەی رەش و گايێ تەيێ بەش[٧]
خـــەبـائـث طـەبـعـە ژ ئـەهـلـێ سـەگ سرشتە
يـەقـيـن ئــەو كـــەر ژ جـانــان لـــەو دكـت بيز[٨]
گـــەر وە تـــە دڤـێـتــن بـبـڕی سـەر بكـە فەرمان
دا ڤــێ سـەعـەتـێ سەر ببرم خوەش مەقەسم ئەز[٩]
مـە بـيــن ئـەڤ گـەر ب ســورەت ئــادەمـيـنــە
حــەمــی دارن ژ ئـێـگـر ڕا كــــــری ريـــــــز[١٠]

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٦.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.
[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٦.
[٤] هەمان سەرچاوە ولاپەرە.
[٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠.
[٦] ديوانا جزيری – دۆسكی، ل ١٤١.
[٧] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.
[٨] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٩.
[٩] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣.
[١٠] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٩.

هەروەکو لەم دێرە شیعرانەی سەرەوە بەدەر دەکەوێ، بابەتی (تولەو سەگ) و (مەگەس) بە فریکوانسی زیاتر رۆڵیان لە دروستکردنی ئەم جۆرە تەنزانە بینیوە.

## کاریگەری شێوازەکانی شیعری فارسی لەسەر شێوازی جزیری

هیچ شاعیرێك شێوازی (١٠٠٪) سەربەخۆی نییە، بەڵکو بەجۆرێ لەژێر کاریگەریی شاعیرانی دیکەیە[١]. لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، هەر جیلێك لەسەر شانی جیلی پێشووی خۆیەتی و مرۆڤایەتی بەم چەشنە بەرزبۆتەوە، لە ئەدەبیشدا بەهەمان شێوە شاعیران کەلکیان لە ئەزموونی شیعری پێش خۆیان وەرگرتووە.

لە بارەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەتوانین بڵێین رەگی لە ئەدەبی کلاسیکی فارسی داکوتاوە. ئەمەشیان لاساییەکی ڕووت نیە لە شیعری فارسی بەڵکو ئەدەبی کوردی کەسایەتی سەربەخۆی وەرگرتووە، بەڵام بەزۆر تایبەتێتیی شیعری فارسیش کاریگەر بووە. بابەتی وەرگرتنی ئەم تایبەتێتییانە لە ئەدەبی فارسی دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری.

کاریگەریی جزیری بە ئەدەبی فارسی زۆر ئاشکرایە. جزیری لەژێر کاریگەری (شێوازی خوراسانی و عەراقی)ی ئەدەبی فارسیدایە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە (شێوازی هندی)یەوە نیە. لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان ئەم چەند بەڵگەیە دەخەینەڕوو:

١- جزیری لە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمی کۆچی واتە دوای (٩٥٠ ك=١٥٤٣م) ژیاوەو لە نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەیەم واتە دەوروبەری (١٠٥٠ ك=١٦٤٠م) کۆچی دوایی کردووە. کەچی شێوازی هندی (سبك هندی) لەو کاتە سەری هەڵداوە کە جزیری لە لوتکەی شاعیریی خۆی بووە، چونکە شێوازی هندی لە سەرەتای سەدەی یازدەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی دوازدەیەم واتە نزیکەی (١٥٠) ساڵ بەردەوام بووە[٢]. کەواتە جزیری دەرفەتی ئەوەی نەبووە زۆر ئاوێتەی ئەم شێوازە ببێت ، لەگەڵ ئەوەش کە

---

[١] دربارة ادبيات و نقد ادبي – د. فرشيدورد، جلد ٢، ص ٦٨٤.

[٢] سبك شناسی شعر – شميسا، ل ٢٨٤.

لە سەردەمی جزیری بەهۆی حوکمی سەفەویەکانی شیعە و بارگرژی ئێران و عوسمانی، پەیوەندی بە ئێرانەوە کەم بووە.

٢- لە سەردەمی جزیریو تا ئەم دواییەش هەروەکو لە بەشی سێیەمدا ئاماژەمان پێکرد لە حوجرەی مزگەوتەکان و قوتابخانە ئایینیەکانی کوردستاندا، بەرهەمی شاعیرانی شێوازی عەراقی وەك (حافز ، سەعدی ، مەولەوی ، جامی وعطار) خوێندراوەو لەهیچ سەرچاوەیەك باسی ئەوە نەکراوە کە بەرهەمی شاعیرانی (شێوازی هندی) خوێندرابێت.

٣- جزیری ناوی شاعیرانی شێوازی هندیی نەهێناوە ، بەڵکو ناوی شاعیرانی شێوازی عەراقی وەك (حافز، سەعدی، جامی)و شاعیرانی شێوازی خوراسانی وەك (فەروخی) هێناوە، کە ئەمەش نیشانەی کاریگەریی زۆری جزیرییە بە شێوازی عەراقی و تا ڕادەیەکیش بە شێوازی خوراسانی. شاعیر بەم چەشنە ئاماژەی بەو شاعیرانەی سەرەوە داوە:

مەڕا ژ ئەووەل چ بر خامی کشاند ئاخر بە بەد نامی
ژ رەنگێ سەعدی و جامی ژ شوهرەت پێ حەسین عامی[(١)]
ژ حافـف قوطبێ شیرازی مەلا فەهم ئەر بکی رازی
ب ئاوازێ نەی و سازی ببی بەر چەرخێ پەروازی[(٢)]
گەر لوئلوئی مەنثور ژ نەظمێ تو دخوازی
وەر شعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت[(٣)]
پیرێ شەعـارە د شعرێ و مەلێ شال فروش
تو نشان من مەدە فەرخی کو ل نك من بوویە فەرخ[(٤)]

---

(١) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٤.

(٢) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.

٤- بابەت و ناوەرۆکی شیعری جزیری کە ،(پەسندانی عەشق و سۆفیگەریی و غەمی دووری و قەزاوقەدەرو زانیاری ئایینی ئیسلام و ڕەنگدانەوەی زانستەکان)ە لە تایبەتێتییەکانی شێوازی عەراقین[1]. بۆیە ئەمەش بەڵگەی کاریگەریی شاعیرن بەم شێوازە.

٥- زۆر لە یەکەکانی سەبکی خوراسانی و عەراقی لە شیعری جزیریدا دەبینرێ، بۆ نموونە (عەرعەر) وشەیەکی خوراسانیە کە لە عەراقیدا فریکوانسی کەم دەبێت[2]. بەڵام جزیری (١٧) جار بەکاری هێناوە. هەروا زۆر وشەی وەك (موغبەچە، حوسن، چەشمەی حەیوان، ئابێ حەیات، سەرو روان) لە سەبکی عەراقیدا زۆرن کە لای جزیریش بە فریکوانسی بەرچاو بەکارهاتوون.

٦- ڕێژەی وشەی عەرەبی لای جزیری تەنیا لەگەڵ شێوازی عەراقیدا دەگونجێت، چونکە ڕێژەی وشەی عەرەبیی لە شێوازی خوراسانیدا کەمە[3] و لە عەراقیدا زۆر دەبێت[4] و دیسان لە هندیدا کەم دەبێتەوە[5].

٧- گرنگترین بەڵگەی کاریگەرنەبوونی جزیری بە (سبك هندی) بابەتی (اسلوب معادلە)یە کە لە شێوازی هندیدا زۆرەو یەکەم تایبەتێتییە کە لە پێناسەی شێوازی هندیدا ئاماژەی پێ دەکرێ. یەکەی سەبکی هندی تاکە دێرە شیعرە، نەك تەواوی غەزەل هەر بۆیە شێوازی هندی بە (مینیاتوری ئەدەبی) ناوبردراوە[6]. لەم جۆرە تایبەتێتییەدا لەنیوەدێرێك بابەتێکی زەینی و عەقلی باس دەکرێ و لە نیوەدێری دووەمیشدا ئەم بابەتە، بە بابەتێکی هەست پێکراو دەخرێتە ڕوو وەك لەم نموونەی شیعری (صائب تەبریزی) دەردەکەوێ:

---

[1] سبك شناسی شعر – شمیسا، ص ٢٦٠.
[2] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ٦٥.
[3] هەمان سەرچاوە، ص ٢١١.
[4] سبك شناسی شعر – شمیسا، ص ٢٥٨.
[5] هەمان سەرچاوە، ص ٢٩٦.
[6] سبك شناسی شعر – شمیسا، ص ٢٩٧.

**بـا كـمـال احـتـيـاج از خلق استغنا خوش است (بابەتی عەقلی)**
**با دهان تشنه مردن بر لب دریا خوش است (بابەتی هەستی)**[1]

ئـەم تایبەتێتییـە لای حـافزو سـەعدیش لـە شـێوازی عەراقیـدا دەبینـرێ بـەڵام بەرێژەی زۆر کەم. کەچی لە شێوازی هندیدا بە لێشاو دێت[2]. لای جزیریش لە شـێوەی (حافزو سەعدی) ئەم دیاردەیە بە فریکوانسی کەم هاتووە، بۆیە دەکرێ بوترێ شـێوازی جزیـری تـەنیا لـەژێر کاریگـەریی هـەردوو شـێوازی خوراسـانی و عـەراقی بـووەو لـەم نێوەندەشدا زیاتر بە (سەبکی عەراقی) کاریگەربووە.

چەند نمونەیەك لە (اسلوب معادلە) لای جزیری:

**دلـێ یـارێ مــە نــەبـوو نــەرم ب ســەد ئــابـێ گری**
**ئەثەرێ دێ چ بکەت ئاب ب سەد قەطرە ل سەنگ**[3]
**فـاعـلــەك لازمــە دا فـعـل و ئــەثــەر پــەیدابیت**
**گــەر تـو حــەداد نـەبن کورەیێ حەداد دێ چ کت**[4]
**مـومـكـنـەك دێ هـەبـتـن داکو طەلەب حاصل بیت**
**صـەیدو نێچیر کو نەبت توولەیێ صەییاد دێ چ کت**[5]

---

[1] سبك شناسی شعر – شیسا، ص ٢٨٩.
[2] شاعر اینەها – شفیعی کدکنی، ص ٦٤.
[3] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٧٥.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ٨١.
[5] هەمان سەرچاوەو لاپەرە.

**بۆچوونی جزیری لەمەڕ شیعرەکانی خۆی**

جزیـریش هـەروەکو شـاعیرانی تـری کلاسـیك نـاوە نـاوە، لـە دێڕێکـدا پەسـنی شیعرەکانی خۆی داوە. لە دیوانی جزیریدا (١٤) دێـرە شـیعری لـەم جـۆرە دەبینـرێ کـە ئەمانەن:

**١-  ئەحسەن ژ ڤێ نەظـمـێ مەلا ئەشکال و ئەوصافێن جەلا**
**لەو دل ب وان بوو موبتەلا جەزبە و جەلالە د سینەدا[1]**

**٢- پور لەعل و دور تە ژ کلکێ عشق ئانینە نەظما سلکێ عشق**
**دەر بەررو بەحر و مولکێ عشق مەعلومە خـاقـانـی مــەلا[2]**

**٣- ژ عنایەت نەظەرێ خاصصە کو هەر مصرەع و بەیتەك**
**قــەدەحــێــن ئــابــێ حــەیــاتێنە د شعرا مە لەبالەب[3]**

**٤- شــعــرا تــە مەلا سحرێ شەکەر ریزە ب موعجیز**
**زانم ژ لەبێ لەعلێ تە ئەڤ لەفظ و ئەدا گرت[4]**

**٥- گــەر لوئـلوئـێ مەنثور ژ نـەظـمـێ تو دخوازی**
**وەر شعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت[5]**

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٦٠.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ٤١.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.
[5] هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.

٦- ئابێ رەوان من دییە شعرا مەلا
(یـنـكـر لـلـمـاء لسؤ المزاج)[1]

٧- سككەیێ شعرا مە ب ناڤێ تە هات
لەو ب عەیارێ د جەهان دا رەواج[2]

٨- حوسنێ ئەدایا تە مەلا هەرگێ دی
(صح لـه انـك عـیـن الـفـصاح)[3]

٩- پـیـرێ شـەعـعـارە د شـعـرێ و مـەلـێ شال فروش
تو نشان من مەدە فەرخی كو ل نك من بوویە فەرخ[4]

١٠- د ئـعـجـازا بـەیـانـێ دا سوخەن گەر بێتە ئنصافێ
د زانت موختەصەر هەر كەس مەلێ سحرێ عبارەت كر[5]

١١- شعـرێ مـەلـێ كـو وەك رەوان دایە د جان مە دل رەڤان
پوڕ مە ل بەرگێ ئەرغەوان دێنە غەزەل ل نك شەطە ط[6]

١٢- دوڕی نـاسـوفـتـە درێـژم ژ لـەبـێ لەعل مەلێ
گەر رەوانبەخش نەبت نەظمێ كەڕو لال چ حەظ [7]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٩٥.
[2] هەمان سەرچاوەولاپەرە.
[3] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٩٩.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.
[5] هەمان سەرچاوە، ل ١١٩.
[6] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٤.
[7] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٨.

١٣- چ فەصاحەت ب مەلاحەت وە ددێری تو مەلا
ئەڤ ئەدایاتە د شعرێ وەشرینە و ب نەمەك[١]

١٤- نــەی شــەكــەرو دێــم دورێ دامــە ب دەستی سوڕێ
جام و قەدەح شوبهی ئاڤ لەو مە ڕەوان تێن غەزەل[٢]

لە لێکدانەوەی ئەم دێرە شیعرانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- (عەشـق) هـەوێنی شـیعرەکانی مەلایـەو بـە وتـەی خـۆی هـەر ئـەم عەشـقەیە کـە شیعرەکانی گەیاندۆتە پلەیـەکی بـەرز. قەڵـەمی مـەلا (کلکـی عەشـقە) و لـە (سـلکی عەشق) شیعری هێناوەتە کایەوە (دێری ژمارە ٢و ٧).

٢- جزیری خۆی بە پلەیەکی بەرزتر لە (فەرروخی سیستانی) دادەنێت کە ئەم شـاعیرە لـە ئـەدەبی فارسـیدا بـە شـێوازی (سـهل و ممتنـع) ناوبـانگی دەرکـردووە، واتـە لـە پلەیەکی بەرزتردان. (فەرروخی) ناوی (ابوالحسن علی بن جولوغ) بووە، جولـوغ بـە واتای (جەوال) دێت. بنەماڵەی ئەم شاعیرە (جەوال فـرۆش) بوونـە[٣]. جزیـری لـەم ڕووەوە خۆی بە پلەیەکی بەرزتر دادەنێت و خۆی بـە (شـال فـرۆش) دادەنێـت واتـە شیعری ئەو بە (جەوال) و شیعری جزیریش بە (شال) چوێندراوە (دێری ژمارە ٩).

٣- جزیری خۆی لەگەڵ شاعیرانی ناوەنـدی شـیراز (سـەعدی و حـافز) بـەراورد دەکـات، (سەعدی شیرازی)ش وەك فەرروخی بە شێوازی (سهل و ممتنع) ناسراوە[٤]. (حافزی شــیرازی)ش بــە ڕێبــازی وێنــەیی (Figurative) ناســراوە[٥]. کەواتــە جزیــری بەهـەردوو شـێواز کاریگـەرەو لـە کاتێکـدا کـە شـێوازێکی ڕوونـی هەیـە، لەهـەمان کاتیشـدا لـە خوڵقانــدنی وێنــەی شـیعریدا وەسـتایەکی شـارەزایە. بــەڵام بــە ڕەچاوکردنی بابەتی (ئاستی ستوونی) لای جزیـری بۆمـان دەردەکـەوێ کـە شـێوازی ئەم شاعیرە زیاتر بۆ لای شێوازی (حافز)دا دەشکێتەوە.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٠.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.
[٣] گنج سخن – د. ذبیح الله صفا، چاپ دهم، ققنوس، تهران، ١٣٧٤، ص ١٥٣.
[٤] سبك شناسی شعر – شمیسا، ص ٢١٦.
[٥] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ١٧٤.

# بەشی چوارەم

## ئاستی هزری لە شێوازی جزیریدا
**(Philosophical Level)**

# ئاستی هزری لە شێوازی جزیریدا
## (Philosophical Level)

ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی جزیری هەن زیاتر پەیوەندییان بەم ئاستەی شێوازی جزیری هەیە. زۆر کەس لەبارەی بیرو هزری جزیرییان نووسیوە، بابەتی زۆربەی ئەم نووسینانەش عەشق و سۆفیگەری لای جزیرییە.

خوێندنەوەی هزری کەسێك تەنیا لەڕێگەی شیعرەکانیەوە زۆر ئەستەمەو زۆرجار لەم بوارەدا لێکۆڵەرەوە دەکەوێتە لاڕێیەوە، ئەویش بەهۆی زەمینەی هزریی خۆی. (داریۆش ئاشوری) لەبارەی لێکۆڵینەوە لە هزری (حافزی شیرازی) دەڵێ: "بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، زۆر لەو بۆچوونانەی لەبارەی حافزو هەوێنی هزریی شاراوەی ناو دیوانەکەی هەیە، زیاتر لەوەی دەربڕی هزری حافز بێت، دەربڕی هزری ئێمەیەو زیاتر لەوەی کە حافز بناسێنێت ئێمە دەناسێنێت"[1]. لەبارەی جزیریش، بەهەمان شێوە هەر کەسەو لە ڕوانگەی هزری خۆیەوە، باسی جزیریی کردووە، بۆیە بۆچوونەکان لەمەڕ جزیری لەنێوان سۆفیەکی (مولتەزیم) و عاشقێکی دڵسوتاو لە بۆتەی عەشقێکی مەجازیدا لێك جیاوازن.

ئەوانەی پاشخانێکی هزریی ئایینی و سۆفیگەرانەیان هەیە ،لە دیوانی جزیریدا بەدوای ئاسەوارەکانی سۆفیگەری گەڕاون، هەوادارانی سۆزی عەشقی مەجازیش بەدوای ئاسەوارەکانی ئەم بوارەدا گەڕاون. زمانی ڕەمزیی شیعریش بە چەشنێکە، کە هەر لایەکیان ئەوەی دەیانەوێ بەدەستی دێنن.

لە بارەی شێوازی تاکەکەسیەوە (Individual style)، لێکۆڵینەوە لە هەردوو ئاستی زمان و ئەدەب ئاسانترە لە لێکۆڵینەوە لە ئاستی هزر، چونکە لە هەردوو ئاستی زمان و ئەدەبدا مامەڵە لەگەڵ خودی تێکست دەکرێت، بەڵام لە ئاستی هزردا مەبەست ئەودیوی تێکست و ناخی خودی شاعیرە، یاخود (شێوازی ناوەوە)یە. شێوازی ناوەوە، بنیاتی شێوازی ئەدەبییە، واتە پرۆسەی هەڵچوونی دەروونی لە ئەدەبدا ڕەنگ

[1] هستی شناسی حافظ– داریوش ئاشوری، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران، ١٣٣٧، ص ٥.

دەداتەوەو شێوازی ئەدەبی دەخوڵقێت. خوێنەر بە پێچەوانەی ئەم ڕەوتەوە هەنگاو دەنێت، واتە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تێکستەوە بەرەو ناخی شاعیر هەنگاو بنێت[١].

ئێمەش لەبارەی جزیرییەوە ناچارین هەمان ڕێگە ببڕین، لە شیعرەکانی جزیرییەوە بەرەو ناخ و هزرو بۆچوونی جزیری هەنگاو بنێین. لەم بوارەشدا هەوڵ دەدەین فاکتەری (فریکوانس) ڕەچاو بکەین تاکو بۆچوونەکانمان لەبارەی هزری جزیرییەوە لە ڕاستیەوە نزیك بێت و نەکەوێتە ئەو قاوغەی بۆچوونی هزری خۆمان سێبەر بخاتە سەر هزری ڕاستەقینەی جزیری. سەرباری ئەمەش دیسان ناشێ بڵێین دەتوانین بە تەواوەتی ئامانجەکەمان بپێکین، چونکە هەروەکو زۆر لە شێوازناسان ئاماژەی پێدەکەن، دیارکردنی شێواز لەسەر بنەمای تایبەتێتییە کەسێتی و دەروونی و گیانییەکان هێشتا بەرگێکی زانستی بەخۆوە نەگرتووە[٢].

لەم بەشەدا بە کورتی و پوختی چەند تەوەرەیەکی دیارو بەرچاو لە جیهانی فراوانی هزری جزیری دەخەینەڕوو، کە بە ڕای ئێمە تەوەرە سەرەکیەکانی هزری جزیرین و ئەم تایبەتێتییە هزریانەش هەر لە خودی شیعرەکانی جزیری هەڵێنجراون.

## شیعری جزیری دەربڕی سروشتی گشتی مرۆڤایەتییە (general nature)

هەر بابەتێکی زانستی، مێژوویی یا فەلسەفی، بە تێپەڕبوونی کات و دەربازبوونی قۆناغی مێژوویی خۆی، گرنگی و بایەخی لەدەست دەدا، بەڵام لایەنی (ئەدەب)ی ئەم جۆرە بابەتانە هەروا جێگەی بایەخ دەمێنێتەوە[٣]. سەبارەت بە جزیری، جیا لە نرخ و پایە هونەرییەکەی شیعرەکانی، خودی بابەتی شیعرەکانیشی هەروا نوێ و تازەیەو بۆ هەرکات و ساتێ دەست دەدات. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە جزیری بیرو ئایدیایەکی شەخسی و تاکگەرایانەی نەوروژاندووە، بەڵکو بابەتەکانی گشتی و کەونین (cosmically). ئەلیوت لەم بوارەدا ئاماژە بە نەمریی بەرهەمی (دانتی و شکسپیر)

---

[١] الافكار و الاسلوب – أ. ف. چيچرين – ترجمە: د. حياة شرارة، بغداد، ١٩٧٨، ص ٢١.

[٢] دربارەی ادبيات و نقد ادبی – فرشيدورد، جلد ٢، ص ٦٦١.

[٣] برگزيدەی اثار در قلمرۆ نقد ادبی– تی. اس. اليوت– ترجمە:د.سيدمحمددامادی،انتشارات علمی،چ ا، تهران١٣٧٥، ص ١١٧.

دەكات، كە هەردووكیان هەڵگری بیرو ئایدیایەكی شەخسی و بەرتەسك نەبوونە، بەڵكو بابەتی گشتی مرۆڤایەتیان خستۆتەڕوو، ئەو بابەتانەی كە هەمیشە بۆ مرۆڤایەتی جێگەی سەرنج و بایەخن[1].

شیعرەكانی جزیریش دوای چەند سەدەیەك هێشتا خوێنەری هەیەو هێشتا چێژ لە شیعرەكانی وەردەگیرێ. هەروەكو ئاماژەشمان پێكرد ئەمەش تەنیا لەبەر لایەنی موزیكال و ئەدەبیی شیعرەكانی نیە، بەڵكو بابەتی شیعرەكانیشی بۆ ئەم سەردەمە دەست دەدات.

د. ساموئیل جانسۆن دەڵێ: "هیچ شتێ ناتوانێ بۆ ماوەیەكی زۆر مایەی خۆشی لێ وەرگرتن و بایەخی خەڵك بێت مەگەر ئەوەی دەربڕێكی ڕاستەقینەی سروشتی گشتی (general nature) مرۆڤایەتی بێت..."[2].

هەروەها (درایدن) لە ئاماژە بەو بوارە، ئەدەبی نەمر بە وێنەی ڕاستەقینەی سروشتی مرۆڤایەتی دەزانێت[3]. كەلەپوری گەورەی سۆفیگەری لە بواری ئەدەبدا، دەربڕی ئەم بابەتە گشتی و كەونی یانەیە. لە سۆفیگەری دا دوور لە دەمارگیری، بابەتی مرۆڤدۆستی و ئازادی و ڕزگاری و بەختەوەریی مرۆڤایەتی دەخرێتەڕوو[4].

جزیریش كە بەرهەمەكەی دەچێتە خانەی ئەم كەلەپورە، بابەتەكانی گشتین. جزیری لە ڕوانگەی یەكێتی بوون و یەكێتی ئایینەوە ڕوانینێكی گشتیی بۆ مرۆڤایەتی و جیهان هەیە. جزیری كە خۆی بە دوای ڕاستی و نهێنیی بووندا دەگەڕێت، خۆی دەكاتە پێوەرێكی گشتی و وا پیشان دەدات كە تێكڕای مرۆڤایەتی بەدوای ڕاستی دا دەگەڕێ، هەر بۆیە لە دێرە شیعرێكدا ڕوو لەسەرچاوەی ڕاستی دەكات و دەڵێ، تەنیا هەر مەلا بۆ گرتنی ڕاستی داوی نەناوەتەوە، بەڵكو هەموو گێتی بووەتە تۆڕو داو و شەبەك:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص ١٣٩ - ١٤٣.

[2] شیوەهای نقد ادبی - دیوید دیچز - ترجمە: د. غلام حسین یوسفی و محمد تقی صدقیانی، علمی، تهران،١٣٦٦، ص ١٤٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ص ١٤٥.

[4] دربارە ادبیات و نقد ادبی - د. خسرو فرشیدورد، جلد ١، ص٣٣٠ - ٣٣١.

**ب ئـومـێـدا تـه هـۆمـأيـێ نـه مـهلێ تور ڤهدا**
**وەر تەماشایێ، جەهان بوویه هەمی تور و شەبەك[١].**

له هەمان کاتیش دا (مەلا) بەو کەسانە پەست و دلگران دەبیت، کە بـەرەوتی ژیـانی ئاساییان ڕازین و ژیـانێکی لـه چەشـنی ئـاژەڵان بەسـەر دەبـەن. مـەلا چـاوی لـه تێکـڕای مرۆڤایەتیـه کـه وەکـو مرۆڤێکـی ڕاسـتەقینە هەڵسـوکەوت بکـەن و مەرجـەکانی مرۆڤایەتی، لەوانەش گەڕان بەدوای ڕاستی و ڕازو ڕەمزی بوون، جێبەجێ بکەن. بـەلای (مەلا)وە گەر مرۆڤ بەو شێوەیە نەبێت جیاوازیی لەگەڵ ئاژەڵدا نیە.

**غـالـبـا ئـەهـلـێ زەمـانـی مـا مـەلا ئادەمیین**
**ڤەنومایین ژ کەرێ مەی رەش و گایێ تەیێ بەش[٢]**

جزیـری سێ بابـەتی وروژانـدووە کـه تـا مرۆڤایـەتی مـاوە سـەرقاڵیان دەبێـت، واتـه بابەتی گشتیی مرۆڤایـەتین. ئـەم سێ بابەتـەش بـریتین لـه: (نهێنـی بـوونی مـرۆڤ لـه سەرەتاوە - عەشق - نەمری و گەیشتن بە سەرچاوەی بوون).

لـه سـەراپای دیوانەکـەی جزیـری دا نـاوە نـاوە ئامـاژە بـه نهێنـی ئافرانـدنی مـرۆڤ دەکرێت، کـه گوایـه (سـڕڕێك) لـه نـاخی مرۆڤـدا هەیـە، بۆیـه پەسـنی مـرۆڤ دەدات کـه سەدەفێکەو گەوهەرێکی له ناخی دا هەیە:

**ئنسان ب من ناسووتە گەوهەر دنێڤ صەدەفێ**
**عـالـەمـا جـەبـەرووتـە شەمسە هاتی شەرەفێ**
**تـەنەزول ژ لاهووتە مەحبووبە جام دکەفێ[٣]**

---

[١] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٧٤.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.
[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٧.

جزیری كە ئەم پلەو پایە بەرزە بۆ مرۆڤ دادەنێ، لە كەرستەو پێداویستیەكانی ژیانێكی ئاسایی بریقەدار بێزارەو سوپاسی خوا دەكات كە وەكو مرۆڤێكی ئاسایی دابڕاو لە مرۆڤایەتی نیە:

**مننەت ژ خودایێ كو ب عەبدێ خوە مەلایی**
**ئكسیرێ غەمێ عشق نە دینارو درەم دا**[1]

مرۆڤایەتی لەوەتەی هەیە بەدوای نەمریدا دەگەڕێت. جزیریش بە فریكوانسێكی زۆر لەم بابەتە دواوە، بۆیە وشەو دەستەواژەی وەكو (ئاڤا حەیاتێ، ئابێ حەیوان، خضر... هتد) بە فراوانی لە دیوانەكەی دا بەرچاو دەكەون. جزیری ئەم بابەتەش هەر بە عەشق دەبەستێتەوەو دەڵێ:

**شەربەتا وێ جام و كاسێ یار كو تێ بێت ئنعكاسێ**
**بێت مەژێ فەیضە ك ژ كاسێ ئابێ حەیوان ئەو ب خوەیە**[2]

كاتێ شاعیر بەدوای ئەم بابەتە گشتی و كەونی یانە بێت، بەرهەمەكانی بۆ تێكڕای مرۆڤایەتیەو هەموو سات و كاتێ بەنەمری دەمێنێتەوە. كاتێ (ناپلیۆن) (گوتە)ی لە نزیكەوە بینی، لەبارەیەوە وتی (ئەمەیە مرۆڤ)، هەروا (شیللەر) لەبارەی (گوتە)وە وتوویەتی كە كاتێ ئێمە بۆ دروست كردنی شیعرێك زۆرمان لە خۆمان دەكرد، (گوتە) تەنیا خۆی داتەكاندو بەرهەمی شیرینی پێ گەیشتووی هەڵدەوەراند[3]. لە بارەی جزیریش دەكرێ بوترێ بەهەمان شێوە وەكو مرۆڤێك ڕاستگۆیانە بەدوای ڕاستەقینەی كەونی و گشتیی مرۆڤایەتیدا گەڕاوە، بۆیە شیعرەكانی جێگەی چێژی تێكڕای (سروشتی مرۆڤایەتیە).

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢٦.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.
[3] یادداشتها واندیشەها – د. عبدالحسین زرین كوب، سخن، چاپ ٥، تهران ،١٣٧٩، ص ٢٨٩– ٢٩٠.

**جزیری و عەشقی (حەقیقی)**

زۆر مشتومڕ لەسەر ئەو بابەتە هەبووە کە عەشقی جزیری عەشقێکی خاکی و مەجازی بووە یان عەشقێکی حەقیقی و خوایی. زۆر گێڕانەوە هەیە کە جزیری عاشقی کچێك لە بنەماڵەی میرەکانی ئامێدی بووە[1] گوایە ناوی ئەم کچە (سەلما) بووە. بەڵگەشیان ئەم ناوهێنانی (سلمی)یە لەچەند شوێنێك لە دیوانی جزیریدا، وەك ئەم دێرە:

**ما ب لەعلێن جان فەزا نافێ مە بینت جارەکێ**

**بالدعا بلغ تحیاتی لسلمی یا برید**[2]

بۆچوونی ئەم عەشقە مەجازیە لە دەڤەرەکەدا زۆر بەهێز بووە، بۆیە زۆر گێڕانەوەی ئەفسانەیی بۆ ئەم عەشقەی جزیری هەیە[3].

بێگومان ئەم گێڕانەوانە دەچێتە خانەی ئەفسانەو زێدەڕۆیی پێوە دیارە، هۆی دروست بوونی ئەو ئەفسانانەش ئەوە بووە کە زۆرینەی خەڵك لە مەبەستی شیعرەکانی جزیری تێنەگەیشتوون، تێنەگەیشتن لە هەر بوارێکیشدا هۆی دروست بوونی ئەفسانەیە لەو بوارەدا. دوو هۆی بەهێز هەن کە بۆچوونی عەشقی (مەلا) بۆ کچە میرێك بەناوی (سلمی) بێ هێز دەکەن کە ئەمانەن:

---

[1] هۆزانڤانێت کورد – صادق بهاء الدین، ل ١١١ – ١١٥.

[2] دیوانا مەلایێ جزیری – دۆسکی، ل ١١٣.

[3] هۆزانڤانێت کورد – صادق بهاء الدین، ل ١٣٠. یەکێ لە گێڕانەوەکان بەو شێوەیە کە، مەلا هەموو کاتێ دەچووە رۆخ رووباری جزیرەو لەسەر بەردێکی لوس دادەنیشت و شیعرەکانی دەنووسیەوەو لەتاو عەشقی کچی میر بەردەکەی ژێری هێندە گەرم دەبوو وەکو تەنووری لێ دەهات و هەرکە شوێنەکەی بەجێ دەهێشت ئافرەتەکانی ئەم ناوە هەویرەکەیان بەهۆی ئەم بەردەوە دەکردە نان، واتە لەجیاتی تەنوور سوودیان لەو بەردە وەردەگرت.

لەکاتی ئێستاو لە سەردەمی جزیریش بە تایبەت، باری کۆمەڵگای کوردی بەو چەشنە نەبووە کە کەسێك زاتی ئەوە بکات بە ڕاشکاوی ناوی خۆشەویستەکەی بخاتە ناو شیعرەکانی چ جای ئەو خۆشەویستە لە بنەماڵەیەکی بەهێزی وەك میرەکانی بۆتان بێت.

لە ئەدەبیاتی ئەم دەڤەرەدا کۆمەڵە ناوێکی ئافرەتان هەیە کە وەکو رەمز بۆ خۆشەویستی بەکارهاتوون و بە (بووکی شیعر) ناوەزەد دەکرێن وەك (می، میة، هند، لیلی، عزة، اسماء، سلیمی، سلمی، دعد، لبنی، عفرأ، اروی، ریا، فاطمة)[1]. چیرۆکی (سلمی و می) کە چیرۆکی ئەفسانەیی دوو عاشقە، لە دێر زەمانەوە لەناو عەرەب دا بلاوەبووەو هاوتەریب لەگەڵ چیرۆکی تری وەك (لیلی و مجنون) لەسەر زاران بووە و لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە[2]، لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بەرچاو دەکەوێ بە تایبەتی نزیکەی (٧) جار لای (حافزی شیرازی) بەکارهاتووە[3].

لای کوردیش هەر لەلای جزیری بەکارنەهاتووە بەڵکو کەسانی تریش بەکاریان هێناوە (نەوزاد مەلا خەلیل مشەختی) لە وتارێکدا، جیا لە نمونە هێنانی بەکارهێنانی (سەلما) لای حافزی شیرازی ئاماژەی بەو دێرە شیعرەی (شێخ نورەدین بریفکانی) کردووە کە ناوی (سلمی) دێنێت:

د ناسین ئەم تە سەلمایێ، جهانگیرێ مە یەکتایێ
ژ دنیایێ ژ عەقبایێ عەیان و هەم نیهان[4]

---

[1] صور خیال در شعر فارسی – د. شفیعی کدکنی – انتشارات اگاه، چاپ هفتم، تهران، ١٣٧٨، ص ٢٤٨.

[2] تازیانەهای سلوك – د. محمد رضا شفیعی کدکنی، انتشارات ێگە، چ ٢، تهران ١٣٧٦، ص ٢٧٥.

[3] حافظ نامە – بهاء الدین خرمشاهی، بخش دوم، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ اول ،تهران، ١٣٦٦، ص ٨٨٣.

[4] سەلما یا جزیری گەلەك ئەڤینداریێت دی ژی هەبوون – نەوزاد مەلا خەلیل مشەختی ،مەتین، ژمارە١٠٧،کانونا ئێکێ ٢٠٠٠، ل ٦٠ – ٦٦.

جزیریش که شارەزایی له ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی هەبووه ناوی (سەلما)ی وەك ڕەمزێك بۆ دڵدارو خۆشەویستەکەی بەکار هێناوه.هەروەك چۆن ناتواندرێ بسەلمێندرێ که جزیری عاشقی کچه میرێك بووه، بەهەمان شێوەش ناتوانین بەتەواوەتی هەبوونی عەشقێکی مەجازی له ژیانی ئەم شاعیره ڕەت بکەینەوه. هەروەك (نیکلسۆن) ئاماژەی پێ دەکات گەر بەڵگەیەکی لاوەکی نەبێت که بەشێوەیەك مەبەستی شاعیر بسەلمێنێت ئەوا زۆر ئەستەمه له شیعری کلاسیکدا جیاوازی خۆشەویستیی ئینسانی و خۆشەویستیی خوایی‌مان بۆ لێك جیابکرێتەوه[1]، چونکه ڕەمزەکان یەکسانن و هەمان دەستەواژه بەکاردێنن، بەلاّم جزیری ئەم بابەتەی بە داخراوی نەهێشتۆتەوه، بەڵکو جیاوازیی نێوان هەردوو جۆری خۆشەویستی دەخاته ڕوو و دەڵێ:

**موحبەتا صوری دوو قسمه قوفل و مفتاحێ طلسمه**

**هن ژ روحن هن ژ جسمه نارو نووره هن هەوایه**

**حوببێ جسمانی دوو رۆژن گەر چ دل پر پێ دسۆژن**

**خەف جەگەر پەیکان دنوژن مثلی نەقشێ بێ بەقایه[2]**

لەم دوو دێره شیعرەی جزیریدا بەدەردەکەوێ که شاعیر بەهاو نرخێك بۆ خۆشەویستیی مەجازی و جسمی دانانێت و بە (نەقشی بێ بەقا)ی دادەنێت، له بەرامبەریشدا عەشقی گیانی و روحی به (نارو نوور)و (مفتاحی طلسم) دادەنێت.

بەلاّم شاعیر بە تەواوەتی عەشقی مەجازی رەت ناکاتەوه و بە سەرەتای ڕێگەی عەشقی حەقیقی دادەنێت، هەر وەك لەم دێرەدا بەدەردەکەوەت:

**لامعا حوسن وجەمالێ دێ ژ علمێ بێته عەین**

**عشق دا ژێ هلبتن کێ دی حەقیقەت بێ مەجاز[3]**

---

[1] الشعر الصوفي حتى افول مدرسه بغداد و ظهور الغزالي – عدنان حسين العوادي– دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٩،ص ٢٦٠.

[2] ديوانا جزيری – دۆسکی، ل ٢٢٣.

[3] ديوانا جزيری – دۆسکی،ل ١٢٦

له دێره شیعرێکی تردا دەڵێت:

**هەر کەسێ موحبەت ژ روحه موبتەلای نورا سوبوحه**

**وی د دلدا سەد جروحه جەذبەو لەرزین و تایه[1]**

لەم دێره شیعرەشدا باسی چۆنیەتی ئەو جۆره موحبەته دەکات کە موحبەتێکی روحییەو پەیوەندی به (نوری سوبوح) هەیه. حالەتەکانی (جەذبەو لەرزین و تا)ش کە جزیری جێ جێ له دیوانەکەیدا ئاماژەیان پێ دەکات تەنیا ئەنجامی ئەم (موحبەته روحی)یەن.

## جزیری و ڕوانین بەرەو سەرچاوەی جوانی

روخسارو دیمەنی جوان، بۆنی خۆش و دەنگ و ئاوازی ناسك وخۆش و هەر شتێکی تری لەم بابەته، جێگەی سەرنجی زۆر لە سۆفیەکان بووەو ئەوانی بەرەو سەرچاوەی جوانی و خۆشی پەلکێش کردووەو ئەم دیارده ڕواڵەتیانەشیان وەکو ڕەمزێك بۆ ئەو جوانیه بێ سنوورەی خولقێنەری جوانی بەکارهێناوه[2]. جزیریش هەر لەو سۆفیانەی له چەشنی (احمد غزالی و فخرالدین عراقی و واحدالدین کرمانی) بووه، کە بە بڕوای ئەوان خۆشویستنی رۆخسارو دیمەنی جوان هەنگاوێکە بەرەو خۆشەویستیی جوانی (مطلق)[3]. ئەم هەڵوێستەی ئەو گروپە سۆفیانه سەرچاوەی له (قورئان و حەدیس) وەرگرتووه، بە پشت بەستن بە ئایەتی (ولقد خلقنا الانسان في احسن تقويم) و ئەو حەدیسه کە (ان الله قد خلق الانسان على صورته)[4]، کەواتە خوا مرۆڤی بەباشترین شێوه دروست کردووەو ئەم ئافراندنەشی لەسەر وێنەی خۆی بووه.

---

(1) هەمان سەرچاوه، ل ٢٢٤.

(2) الشعر الصوفي – عدنان حسين العوادي، ص ١٨٣.

(3) سماع در تصوف – د. اسماعیل حاکمی، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ ٥، تهران ١٣٧٣، ص ٧١.

(4) الجزيري نظرته الى الاديان – تێلی ئەمین، مەتین ژماره (١٠٧)، کانونا ئێکێ ٢٠٠٠، ل ١٣٤.

**ب حوسنا احسن التقويم و ظاهر صورەتێ ذاتي**
**نەظەر دی علم الاسماء و باطن عەینێ مرئاتی[1]**

خواش جوانە و سەرچاوەی هەموو جوانیەکانەو جوانیی خۆش دەوێت (الله جمیل و یحب الجمال). خوا جوانیەکەی کاتێ بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت کە ڕەنگدانەوەی لەم جیهانە هەبێت، جوانی خواش لەم جیهانەدا بە زۆر شێوە ڕەنگی داوەتەوە، لەوانەش لە روخساری جوان، بۆیە هەر خۆشویستنێکی جوانی، خۆشویستنی خوایە[2].

جزیریی شاعیری جوانی پەرستیش، مەبەستی عەشقی جوانیی (مطلق) و سەرچاوەی هەموو جوانیەکانە، بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ مەبەستم لە ڕوانینی بەژن و باڵاو ڕوخساری جوان (حوسن و سوڕ)ی ڕاستەقینەیە:

**حوسن و سوڕ ذات نەبت جەذبە ل دل دت مەحبوب**
**مە ژ زولف و خەط و خال و قەدی مەییال چ حەظ[3]**

هەروا دەڵێ:

**نە جەمالا تە تەجەللا بکرت**
**مە ژ خوبان ب جەماڵێ چ غەرەض[4]**

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی،ل ٢٦٠
[2] الصوفیه و سوریالیه – ادونیس، دار الساقی، الطبعة الثانیة، بیروت ١٩٩٥، ص ٩٨.
[3] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٥٨.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

هەروا جزیری بە ئاشكرا ئامـاژە بـەوە دەكات كە (ئەلیف و دوو لام و هێ) واتە (الله)ی لە ئایەتی جەمال دا بینیوە، واتە لە جوانی مەجازیدا، جوانی خوای بینیوە:

**ئەلیف و دوو لام و هێ دین مە د ئایەتا جەمالێ**

**ژ جەگەر مەكر تەسەللی و ژ سینە دەست فشاندن[1]**

**وەللا ژ هەردوو عالەمان من حوسنێ جانانە غەرەض**

**لەومن ژ حوسنا دلبەران هەر صونعێ رەحمانە غەرەض[2]**

لای جزیری نەك هەر ڕوخساری جوان ئاوێنەی جوانیی خوایییە، بەڵكو هەموو جیهان شوێنی ڕەنگدانەوەی ئەم جوانییە بێ سنوورەیە:

**تەنها نە ل من لامیعێ حوسناتە شەفەقدا**

**عالەم بخوە وێ حوسن و جەمالێ د خوەدا گرت[3]**

جزیری لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گیرۆدەی ڕوخسار نەبووەو هەموو سەرنجی بەرەو قوڵایی ئەم جوانییە ڕواڵەتیانە بووە، بۆیە بەلای ئەوەوە، تەنیا ئارایشتی ڕواڵەتی (جەلبی قلوبان) ناكەت:

**زێڕو زیوەر دكرن جەلبێ قولووبان حاشا**

**حوسن و سوڕ ذات نەبت، قامەتێ مەییاد دێ چ كت[4]**

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

ئـەم ڕوانینـەی جزیـری بـۆ جـوانی، زۆر لـەو ڕوانینـەی (سـەعدیی شـیرازی) دەچـێ، کاتێ مەبەستی خۆی لە نۆرینی جوانی بەم شێوەیە دەردەبڕێ، کە نـۆرینی ئـەو لەگـەڵ خەڵکی ئاسایی جیایـە، چـونکە خـەڵك تـەنیا ڕواڵـەت دەبیـنن بـەڵام ئـەو تاسـان و سـەر سوڕمانی لە گەورەیی و جوانی خوای بۆ دەمێنێتەوە:

**هـر گـلـی نـو کـه در جهـان ایـد ما بعشقش هزار دستانیم**

**تنگ چشمان نظر به میوه کنند مـا تـمـاشـا کـنـان بـستانیم**

**تـو بـه سیـمـای شـخـص مینگری ما در اثار صنع حیرانیم**[1]

لـەم ڕووەوە شـێوازی جزیـری زیـاتر لـە شـێوازی (سـەعدی) دەچـێت، تـاکو شـێوازی (حافز)، چونکە (جزیری و سەعدی) بەم ڕاشکاویە، مەبەستی خۆیان لە دیتنـی جـوانی دەردەبڕن، بەڵام حافز کە تایبەتێتییەکی شێوازەکەی (ئیهام)ە[2]، هەوڵ نـادەت تارمـایی لەسەر مەبەستەکەی لابدات.

جزیــری زۆر ڕاشــکاوانە جــوانی بــەژن و بــاڵا، بەدەرکــەوتنی جــوانی جەبــەروتی دەبەستێتەوە واتە ڕاستەوخۆ جوانی مەجازی بە جوانی حەقیقی دەلکێنێت.

کاتێ دەڵێ:

**دەسـتـێ قـودرەت کـو هلاڤێت ژ بـەژنـاتـە نـقـاب**

**ب جەمالا جەبەرووتی مە نەمان پەردەو حجاب**[3]

لای جزیــری لــە ئەزەلــدا (جــوانی و خۆشەویســتی)، یــەك سەرچــاوەیان هــەبووەو بەردەوام لەتەك یەکدابوونە سەرچاوەی هەردووکیشیان هەر خوایە:

**حوسن و جەمالێ خوەست ئەڤین ڤێکرا د یەك ذاتی جەڤین**

**نــوورا قـەدیـم بـوو عـەشـق و ڤـین وان پێکڤە نازو عشوەدا**

**عشق و موحەببەت هەر هەبوو حەق عاشقێ ذاتێ خوە بوو**

**مـوحـتـاجێ حوسنەك دی نەبوو نەقل و روایەت ژێ وە دا**[4]

---

[1] دیوان غزلیات سعدی شیرازی – د. خلیل خطیب رهـبر – جلـد٢ – مهتـاب، چـاپ هشـتم، تهران ١٣٧٤، ص ٦٤٧.

[2] سبك شناسی شعر – شمیسا، ص ٢٤٣.

[3] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٦٣.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

لەم جیهانەشدا بەهەمان شێوەی ئەزەلی، خـوا جـوانی و خۆشویـستنی لەتـەك یەكدا داناوە واتە سوننەتی ئیلاهی هەروایەو (حوسن و حوب یەك چەشنەیە):

**روهنـی یـا چـەهڤـێن مـەلایـی خـالـقی حوسنا تە دایی**

**حوب تنێ دامن گەدایی حوسن و حوب یەك چەشنەیە**[1]

## پلەی عەشقی جزیری

عەشق لای سۆفیەكان پلەی جۆراوجـۆری هەیـەو لـە پلـەی نـزم دەسـت پێدەكـات تـا دەگاتە لوتكەی (عەشق). (ابوالحسـن دیلمـی) پلـەكانی عەشـق بـەو شـێوە دەسـت نیشـان دەكات كە سەرەتای خۆشەویستی (الفت)ە، دواتر پلەكانی (انس، ود، مودە، محبت) دێـن، گەر (محبت) پەرەی سەند ئەوا دەگاتە (محبت حقیقـی) لـە بەرامبـەر (محبـت مجـازی)، لـەم حالەتـە واتـە لـە (محبـت حقیقـی)، (محبـت) بەسـەر عـەقل دا زاڵ دەبـێ و دڵ لـە ختۆكەو بیری ناپەسند بەتاڵ دەكات. دوای ئەم پلەیە پلەی (خلت) دێت كە لەم حاڵەتە یادی خۆشەویست، ئاوێتەی گۆشت و خوێن و هەموو جەسـتەی (عاشـق) دەبێـت، دواتـر قۆناغـەكانی (شـعف، شـغف، اسـتهتار، ولـە و هیمـان) و لـە كۆتـاییش دا (عەشـق) دێـن. (عەشق) ئەو پلەیەیە كە تەنیا دیتنی خۆشەویست و پچڕان لەهەموو شتێكی ترە، ئـیتر كە لەم قۆناغە تێپەڕ بكات قۆناغی (سكر) و سەرخۆشی دێتە پێش[2]. جزیری خۆی لە پلەی كۆتایی واتە قۆناغی (عەشق)دا دەبینێت و خۆی بە (موفتی عشق) ناودەبات:

**عاشقێ مەسئەلە خواهی وەرە ئەم موفتی یێ عشقین**

**دەسـتـەكـێ سـونـنـەتـە تـێـدا دیـەكـێ نـەصصێ كتابە**[3]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

[2] دیدار با سیمرغ – د. تقی پور نامداریان، نشر پژو هشگاە علوم انسانی و مطالعات فرهنگـی، چاپ اول، ١٣٧ تهران، ص ٢٢.

[3] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢١٩.

جزیری خۆیشی ئاماژە بە جۆرەکانی عەشق دەکات و ڕای وایـە کـە خـوان و سـفرەی خۆشەویستی ڕەنگاوڕەنگەو هەر کەسەو جۆرە خواردنێـك بۆخـۆی هەڵدەبـژێرێت بۆیـە تام و چێژی خۆشەویستی لای هەرکەسەو بە چەشنێکە:

**ب شـاهـی ب هـەڤـرا هـەمـنـەشـیـن رەنـگ و رویێ هەڤ مەنەدین**

**هەر یەك طـەعامەك بوو ئەڤین لەورا کو پور خوانە غەرەض[1]**

بە هەمان شێوە بابەتەکە بەوە دەشوبهێنێ کە عاشـقان بـۆ نـاو چـەمەن و گوڵـستان دەچن بەڵام هەریەکەیان شتێ هەڵدەبژێێ:

**هەر کەس سەحەرێ طالبێ تشتەك ب چەمەن هات**

**هـن سـوسـن و هـن سـونبول و هن زولفێ دوتا گرت[2]**

لای سۆفیەکان ئەم دابەش بوونەی پلەکانی عەشقیش بەپێی ویستی خوایە:

"**ذلك فضل الله یؤتیـه مـن یشـاء**"[3] واتـە ئـەم پلانـە لـە عەشـقدا بـەپێی بەخشـینی خوایە، ئەم پلەیە  بە داواکاری نایێتە دەست، چونکە بەخشـندە پێویسـتی بـە داواکـاری نیەو خۆی دەداتە ئەو کەسەی شیاویەتی:

**گۆ: سوختە مورادا خوە ژ من طـەلبەکە ئیرو**

**من گو: ژ کەریم طـەلبەو داخواز چ حاجەت[3]**

هەروا ئەم پلەیە بە هێزو دەست و بازووش نایێتە دەست:

**ب شـریـنـێ نەگـەهت دەست ئەگەر رۆستەم بت**

**دێ ب بازوو ملان شوبهەتی فەرهاد دێ چ کت[4]**

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

[3] (المائدە) ئایەتی ٥٤_(الحدید) ٢١_الجمعە ٤.

[3] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٧٩.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

قۆناغی کۆتایی عەشق لای جزیری (عاشقی مەست)ە، واتە خۆی لە دوایین پلەی ئەم بوارە دەبینێت:

**عاشقێ مەست ب عشقێ، نیە حاجەت ب مەیێ**

**واردێ واردو و ئەحوال ب ئەوراد دێ چ کەت**[1]

لەو قۆناغەدا، جزیری هەموو کەون و گێتی لەگەل خۆیدا بە هاودەنگ و هاودەرد دەبینێت:

**نەھ چەرخێ سپهرێ ژ هەوایا تەو مهرێ**

**سەرگەشتەنە ئەو تێك ڤ مەرا شوبهی حەبابێ**[2]

جزیری کە ناوی پلەکانی تری عەشقیش دەهێنێت، مەبەستی هەمان پلەی کۆتایی عەشقە، بۆ نمونە کاتێ ناوی (ئولف) کە یەکەم پلەی عەشقە دێنێت، مەبەستی هەمان عەشقە کە دەردێکی بێ دەوایە:

**هەر دلێ سوهتی ب ئولفێ یار نە دەرمان کت ب زولفێ**

**تا ئەبەد ئەو بەندێ قولفێ عشق دەردەك بێ دەوایە**[3]

(عەشق) ئەو پلەیەیە کە توندی و زێدە ڕۆیی تێدایە (شدة و افراط)[4]. گەرم و گوڕی خۆشەویستی لەم پلەیەدا هێندە زۆرە کە عاشق وەکو نەخۆشەك دێتە بەرچاو، بۆیە جزیری داوا دەکات کە گەر دوژمن و نەیارەکت هەبێت و دەخوازی تووشی بەڵاو نەخۆشی بێت دوعای بۆ بکە کە عاشق ببێت:

**عشقێ ژ خودێ دا تو بخوازی ژێرا**

**گەر دێ ل نەیارەك خوە بکی نفرینێ**[5]

---

[1] هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٢١.

[4] دیدار با سیمرغ – د. تقی پور نامداریان، ص ٢٣.

[5] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٣٢٤.

**عەشق لە سەرووی عەقلە**

جزيـری وەکـو زۆر لـە سـۆفيەکان لـەو بڕوايەدايـە کـە گـەر لـە شـوێنێك عەشـق بالآدەست بێت، ئەوا عەقل مەيدان چۆل دەكات:

**ذەررەيەك عشق گها كێ و ژ عەقلێ خوە نەبر**

**كـل مــن صــادفـه داهـيــه الـعـشـق هـلـك[1]**

لە ديوانی جزيريدا فريكوانسی عەشق و عەقل جياوازيەكی زۆريان هەيە، هـەروەك لەم خشتەی خوارەوەشدا بەدەر دەكەوێ (عەشق و موحبەت) بە فريكوانسێكی نـزيكـەی (٢٠) بەرامبەری (عەقل) لە ديوانی حزيری دا هاتووە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەشق | ١٢٦ جار | موحبەت | ٢١ جار |
| عاشق | ٥٠ جار | حەبيب | ٢٦ جار |
| مەعشوق | ٤ جار | مەحبوب | ٣٠ جار |
| عوششاق | ٤ جار | ئەحباب | ١ جار |
| عاشقی | ١ جار | حوب | ٢٦ جار |
| عەشقبازی | ١ جار | موحێب | ١ جار |
| كۆی گشتی ٢٩١ جار | | | |

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣.

| | |
|---|---|
| عەقل | ١٣ جار |
| عاقل | ٤ جار |
| کۆی گشتی | ١٧ جار |

سۆفیەکان بۆچوونێکی تایبەتیان دەربارەی عەقل هەیە. ئەوان دژی عەقل نین، بەڵام دژی قورخ کردنی مەعریفەی مرۆڤایەتین بۆ ئەم عەقلە غەریزییە. ئەوان تەنیا لەچوار چێوەی (عالم الشهادە)دا بڕوایان بە عەقل هەیە، بەڵام لەبواری (معرفە باللە) واتە ناسینی خوا بڕوایان بە عەقل نیە[1]. واتە لە بواری دۆزینەوەی نیشانە لە جیهانی هەست پێکراودا سوود لە عەقل وەردەگرن، بەڵام قوڵبوونەوەو گەیشتن بە ڕاستی بەهۆی دڵەوە دەبێت، جزیریش زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە لە توانای عەقلدا نیە پێ بنێتە بواری ناسینی خوا:

**چ حەددێ عەقلە قیاسێ تەکرت**
**ئەڤە بورهان کو تو بێ بورهانی[2]**

عەشق بەلای جزیرییەوە هەوێنی بوونی مرۆڤە، بۆیە کاتێ باسی عەشقی خۆی دەکات، ئەم عەشقە بە بابەتێکی گشتی لێك دەداتەوە، کە بەتێکڕای مرۆڤایەتیی دەبەستێتەوەو لەو جۆرە عەشقانە بە دوری دەخاتەوە، کە عەشقی وەرزی و کاتین و هەر زوو بەسەردەچن، بەڵکو عەشقی خۆی بە بابەتێکی (کلی)و گشتی وەسف دەکات و بە (دەردی کول) ناوی دەبات:

**بولبول و پەروانە ئەو فەصل و دەمن**
**جنسێ عشقا من تنێ دەردێ کولە[3]**

---

[1] الصوفية والعقل (دراسة تحليلية مقارنة للغزالي و ابن رشد و ابن عربي) – د. محمد عبدالله الشرقاوي – دار الجيل – بيروت– الطبعة الاولى ١٩٩٥، ص ١٦٥.
[2] ديوانا جزيري – دۆسكي، ل ٢٦٤.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٩.

جزیری ئەم عەشقە بە تەقدیرو چارەنووسی خۆی دەبەستێتەوە کە لە ئەزەلدا بۆی دیاریکراوە:

**کو نەصیب دا ژ ئەزەل حەق ژ مەرا عشق نوشت**

**فەیدە ناکن ل مە ئسم و نە طلسم و نە نڤشت**[1]

جیا لەمەش بەلای جزیرییەوە عەشق یەکێ لەو پێکهاتانەیە کە ئەم گێتی و جیهانەی پێ بنیات نراوە، بۆیە لەتەك چوار پێکهاتەی سەرەکیی (ئاگر، با، خاك و ئاو) بە (عونصری خامس) ناوی دەبات:

**مە جەوهەر عونصرەك خامس نوما ئیرو د طالع دا**

**دڤێ تەقویمێ ئنسانی ل طالع بوونە فال ئەبروو**[2]

## جزیری و ئیشراق و حکمەتی چەشتن

بابەتێکی دیکە کە لە دوای بابەتی (عەشق و عەقل) دێتە کایەوە، بابەتی (ئیشراق) و (حیکمەتی زەوقی)یە. لە سۆفیگەریی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی گشتی دوو قوتابخانە هەن کە بە قوتابخانەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ناسراون. قوتابخانەی ڕۆژهەڵات بە قوتابخانەی (خوراسان)یش دەناسرێت، دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆژئاوا (محی الدین عەرەبی)یە، کە لەژێر کاریگەری حیکمەتی (ئەفلاتوون)ی دایەو بەرەو فەلسەفەدا دەشکێتەوە، بەڵام قوتابخانەی ڕۆژهەڵات، ڕەگ و ڕیشەی لەناو شیعری سۆفیگەریی فارسیەو ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای سۆزو چەشتن دامەزراوەو دژی فەلسەفەیەو (عەقل) وەکو ئامرازێك بۆ ناسینی خوا ڕەت دەکاتەوەو جەخت لەسەر ئەزموونی دڵ و دەروون دەکات بۆ گەیشتن بە ڕاستی. بۆیە ئەم قوتابخانەیە بە (حیکمەتی زەوقی) یاخود (حیکمەتی چەشتن) ناسراوە[3]. ئەم (حیکمەتە زەوقی)یە بەهۆی هێرشی مەغۆل و ڕاکردنی سۆفی و شاعیران، گەیشتە (ئاسیای بچووك) بەم چەشنە بۆچوونی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٠١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦.

[3] هستی شناسی حافظ – داریوش اشوری، ص ١٤٤ – ١٤٦.

عەشقگەرایانەی کەسانێکی وەك (عطار و احمد غزالی) گەیشتە ئەم دەقەرانە[1]. دەبێ دەقەری جزیرەش بەم شێوەیە کەوتبێتە بەر شەپۆلی ئەم (حیکمەتە). کاریگەری مەلای جزیریش بە (سەعدی و حافز) کە نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیەن بەلگەی ئەم بۆچوونانەن. هەموو بۆچوونەکانی حافزو سەعدی و شاعیرانی سەر بە (حیکمەتی چەشتن) لەچوارچێوەی (myth) یاخود ئەفسانە دان. مەبەست لە (myth) لێرەدا ئەو وشەیەی یۆنانییە کە لە وشەی (muthos)ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە واتای وتەو پەیڤ هاتووە، ئەو وشەیە لە بەرامبەر وشەی (logos)ی یۆنانییە کە ئەویش هەمان واتای هەیە، بەلام (myth) ئەو وتەو ئاخاوتنەیە کە باسکردنی شتێکی براوەیەو دان پیانانی پێویستی بە بەلگەو سەلماندن نیە، بەلام (logos) پێویستیی بە بەلگەهێنان و سەلماندن هەیە، وشەی (logic)یش هەر لەم وشەیە سەرچاوەی گرتووە[2]. ئێستا هەرچەند وشەی (myth) لەبەرامبەر خورافەدا جێگیربووە، بەلام مەبەست لێرەدا پەسندکردنی باوەڕێکە بەبێ هەوڵی بەلگەهێنان و سەلماندن. لای جزیریش (ئەفسانەی ئافراندنی مرۆڤ) لەو جۆرە باوەڕانەیە. جزیری بەشێوەیەکی براوەو بێ دوودلّی بڕوای خۆی لەبارەی چۆنیەتی (بوون)، لەپێش هەبوونی مرۆڤ و گێتی و دوای خولقانی ئەم کەونەش لە هۆنراوەی (الله سەحەرگاها ئەزەل)و جێ جێی دیوانەکەیدا دەخاتەڕوو و لە تێکڕای دیوانەکەشیدا بوونی مرۆڤ بە (عەشق) دەبەستێتەوە. کەواتە جزیریش پەیڕەوی قوتابخانەی (حکمەتی چەشتن)ەو لەژێر گاریگەریی شیعری سۆفیگەریانەی فارسی دایە.

بەلام جزیری بە تەواوەتی لاساییکەری ئەم ڕەوتە نەبووەو جیاوازیی لەگەلّ کەسانی تری سەربەم ڕەوتە هەیە. (محمەدامین دۆسکی)، جزیری بە خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەت دەزانێ، چونکە ئاوێتەیەکی لە هزرو بیری چەندین مەزهەبی جیای سۆفیگەری هەیە[3]. یەکێ لەو بۆچوونانەی ئاوێتەی هزری جزیری بووە بابەتی (ئیشراق)ە. (سەهرەوەردی)ی شێخی ئیشراق (٥٤٥ - ٥٨٧ك) زۆربەی تەمەنی لە ئاسیای

---

[1] بوی جان – نصرالله پور جوادی، مرکز نشر دانشگاهی، چاپ ١، تهران ١٣٧٢، ص ٢٦٩.
[2] هستی شناسی حافظ – داریوش اشوری، ص٤٦ – ٤٧.
[3] فلسفة عشق الالهي في شعر الجزيري – محمد امين دوسكي – مطبعة هاوار، چاپ ١ دهۆك ٢٠٠٠، ص٢٠٠.

بچووك و شام بەسەر بردووە[1]، واتە ناوەندی بڵاوبوونەوەی هـزرو بـیری سـەهرەوەردی لـە جزیـرە نیـزك بـووە، بۆیـە ئاسـاییە شـوێنەواری (ئیشـراق) لـە بـیری سـۆفیگەریی دەڤەرەکەدا بەدی بکرێت. دیاردەیەکی زۆر سـەرنج ڕاکێش لـە دیـوانی جزیریـدا بـەدی دەکرێت، کە ئەویش فریکوانسی بەرزی (نور)ە. هەر دیاردەیەك لەچوارچێوەی شێوازی شاعیراندا دەرەنجامی ئـەزموون و ڕامـانی خـودی شـاعیرەو ئـەو دیاردانـە لـە بۆشـاییەوە نەهاتوون[2]. کەواتە ئـەم دیـاردەی شـێوازی جزیـریش دەبـێ پێشـینەیەکی ئـەزموونیی هـەبێ. (نـور) لـە فەلسـەفەی سـەهرەوەردیش دا شـوێنەکی تایبـەتی هەیـەو تەنانـەت بنەمای ئەم فەلسەفەیە لەسەر چەمکی (نـوور) دامـەزراوە[3]. هـەر بۆیـە سـێ نامیلکـەی گرنگی سەهرەوەردی لە بارەی (نوور)ە کە ئەمانەن (حکمـة الاشـراق، پرتونامـە، هیاکـل النور)[4].

هەروا سەهرەوەردی بابەتی (قدم و حدوث)ی گێتی و کات و پەیوەندیی ئەمانە بە خواوەو جوڵەی هەسارەکان و ڕۆڵی نوور لەم نێوەندەدا دەخاتەڕوو[5]. کە گـەر بـە وردی سـەیری دیـوانی جزیـری بکرێـت بەشـی زۆری دیـوانی جزیـریش خسـتنەڕووی ئـەم بابەتانەیە.

لەم بوارەدا جزیری جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ شاعیرانی تـری فـارس هەیـە. (ئـەمین شێخ عەلائەددین نەقشەبەندی) بەجۆرێ باسی جزیری دەکات کە گوایە جزیری وێـڕای ئـەوەی کـە سـۆفیەکی پایەبـەرزە، بـەڵام تـەواو لاسـایی کـەری ئـەدەبیاتی سـۆفیانەی فارسییە[6].

---

(1) سهروردی و مکتب اشراق – مهدی امین رجوی – ترجمه د. مجدالدین کیوانی، نشر مرکـز، چ اول، ١٣٧٧ تهران، ص ٢١٨.

(2) فی الاسلوب الادبی – علی بو ملحم، ص ٢٥.

(3) سهروردی و مکتب اشراق – مهدی امین رجوی، ص ٣٧.

(4) هەمان سەرچاوە، ص ٣٠.

(5) هەمان سەرچاوە، ص ٤٠.

(6) تەصەووف چی یە؟ – ئەمین عەلائەددین نەقەشەبەندی، چاپی یەکەم، دار الحریة للطباعة، بغداد ١٩٨٥، ل ٤٦٤– ٤٨٨.

بـەڵام لـە بابـەتێکی لـەم چەشـنەو بەدەرخسـتنی فریکوانسـی بابـەتی (ئیشـراق) و (نـوور) بۆمـان دەردەکـەوێ کـە جیاوازیـەکی زۆر لـە نێـوان جزیـری و شـاعیرانی فـارس هەیـە، فریکوانسـی (نـور)و وشـەکانی پەیوەسـت بـە نـورەوە لـە دیـوانی جزیـری دا بـەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| نوور | ١١٦ جار |
| نوورین | ١٧ جار |
| پەرتەو | ١١ جار |
| ئشراق | ٢ جار |

جزیری بە ڕاشکاوی ناوی (حافزو سەعدی و جـامی)ی هێنـاوە کـە سـەرباری ئـەوەی ژمارەی غەزەلەکانی هەر کام لەم شاعیرانە چەندین بەرامبەری غەزەلـەکانی جزیرییـە، فریکوانسی بابەتی نوور و ئیشراق لای ئەوان بەم شێوەیەیە:

- غەزەلەکانی (حافز):

| | |
|---|---|
| نور | ١١ جار |
| نورانی | ٢ جار |
| پرتو | ١٣ جار |
| ئشراق | نیە |

- غەزەلەکانی (سەعدی):

| | |
|---|---|
| نور | ١١ جار |
| نورانی | ٢ جار |
| پرتو | ١٠ جار |
| ئشراق | نیە |

- غەزەلەکانی (جامی)[*]:

| | |
|---|---|
| نور | ٥٩ جار |
| نورانی | ١ جار |
| پرتو | ٨ جار |
| ئشراق | نیه |

بەم جۆرە بۆمان بەدەردەکەوێ کە ئاسەواری بیری ئیشراق لە دیوانی جزیریدا هەیەو ئەمەشیان وانەبێ کە جزیری تەواو سەر بەو ڕێبازە بێت بەڵکو دەکرێ تەنیا کاریگەریەکی ڕێژەیی بێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە تاکە شاعیری فارسیی نزیك لە دەڤەری شام و ئاسیای بچووك (جەلال الدین رومی)یە کە بەهەمان شێوەی جزیری غەزەلەکانی پڕاوپڕە لە بابەتی (نوور)، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دیوانە گەورەکەی بەناوی (شەمس) دیسان فریکوانسەکە ڕێژەکەی هێندەی جزیری نیە، بۆ نمونە تەنیا (٦٦٠) جار (نوور) لە دیوانی غەزەلەکانیدا هاتووە کە لە بەرامبەر دەیان هەزار دێرە شیعری ناو دیوانەکەی ڕێژەیەکی کەمە. بەڵام سەرباری ئەمەش (٨) جار وشەی (اشراق) بەکارهاتووە[1]، لە کاتێکدا کە لای (حافز و سەعدی و جامی) ئەم وشەیە بەکارنەهاتووە.

جزیری لە خستنەڕووی بابەتی (نوور) لە دیوانەکەیدا، بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبات کە (نوور) لە چەشنی (سەهرەوەردی) بنەمای بیرکردنی ئەوە، بۆیە لای سەیرە کە زۆر لە کەسانی سۆفی و ئەهلی دل گومانیان لەوە هەیە کە (وحدة مطلق) هەمان نوورە:

**وەحدەتێ موطلەق مەلا نوورە د قەلبان جەلا**
**زور دڤێ مەسئەلێ ئەهلێ دلان شوبهەما[2]**

---

(*) ئەم ئامارە بەپێی (سی دی / CD) (دۆرج ٢)ی ئەدەبیاتی ئێرانە.

(1) بەپێی دیوانی شەمس لە (CD)، دورج ٢.

(2) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٣٠.

هەروەها لای وایە بنەمای بوون (نورە)و جیهان لە شەوقی ئەم نوورە خۆیا بوو و هاتە کایەوە، سەرچاوەی ئەم نوورەش هەمان خوای گەورەیە، کە بەپێی قورئانی پیرۆزیش هاتووە (الله نور السماوات و الارض)[1].

جزیریش بەم شێوەیە بابەتەکە دەخاتەڕوو:

**بورهانێ عەقل دوور کر قیاس ئسمێ کەمالاتێ دخاص**

**ئەووەل ئلاهی پێ بناسن فێ نوورێ ئەو پەرتەو ڤەدا**

**ئەو نوورە دابوو شەوق و تاڤ عالەم خویا بوو هەم دناڤ**

**بەرقێن خوە ئاڤێتن بەلاڤ ڕەنگە ئەو نوور بەرقەدا[2]**

هەروەك لەم دوو دێرە شیعرەی سەرەوەشدا دەردەکەوێت جزیری بەپێی حیکمەتە چەشتنەکەی دیسان لەبواری خستنەڕووی باوەڕەکانی دەرفەت بە گومانی عەقل و قیاس نادات.

زۆر دێرە شیعری تریش لای جزیری هەن کە بۆچوونی کاریگەریی حیکمەتی (ئیشراق) لەسەر جزیری بەهێز دەکەن، کە لێرەدا هەندێ نمونە دەخەینەڕوو:

**بەرقێ سوببوحی کو ئشراق ل سەد جانان ددت**

**ئەو کو کەشفا دل دکت ڕەمزەك ژ ئەسرارێ تەبی[3]**

**مە ب ئشراقێ سوئالەك ژ لەبێ غونچە گوشا کر**

**گو ب ئیلهامێ دزانی د سوئالا مە جەوابە[4]**

**ذەررەیەك بووم د هەوایا تە د وێرانەیەکێ**

**مثلێ رۆژێ ب شوعاعا خوە تە مەشهور کرین[5]**

---

[1] (النور) – ئایەتی ٣٥.

[2] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٤٤.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٥.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

[5] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٨.

## (سرِ و حروف) لاى جزيرى

(رولان بـارت) دەڵـێ: "شـيعر شـت شـى ناكاتـەوە، بـەڵكو دايدەپۆشـێت "[1]. شـاعيران لەوانەيە زۆر نهێنى بزانن بەڵام لـە بۆتـەى شـيعردا نايخەنـەڕوو، چـونكە خـودى شـيعر بەو ڕازو نهێنيە سەربەمۆرەوە بەستراوەتەوە. ئەو شيعرەى هەموو ناوەرۆكى بە ئاسانى بخاتـە ڕوو و شـى بكاتـەوە، دەچـێتە خانـەى شـيعرى فێركـردن. ئەمـەيان لـەڕووى شيعرەوەيە، بەڵام لە بوارى ئەدەبى سۆفيگەريشدا سۆفيەكان بـۆ ئـەوەى تووشـى گرفـت نەبن لە دەربڕينى بيرو بۆچوونەكانياندا زمـانى (ڕەمـز)ى يـان بـەكارهێناوە[2]. كەواتـە تايبەتمەنـديى سـەربەمۆربوونى شـيعرو سروشـتى زمـانى سـۆفيگەرى، دوو هۆكـارن كـە شيعرى سۆفيگەرى دەخەنە قالبێكەوە كە سەراپاى ڕەمزو ڕاز بێت.

جزيريى شاعيرو سۆفى سەربارى بەكارهێنانى ئەم زمانە پڕ ڕەمـزو ڕازەى، خـۆى وا پيشان دەدات كە بەدواى ئاشكراكرنى سرِ و نهێنى (بوونى مـرۆڤ)ە، بـەڵام بەچەشـنێك بابەتەكە دەخاتەڕوو كە خۆى نهێنيەكە دەزانێت و دەخوازێت ئەم نهێنىيە بۆ ئێمـەش بخاتەڕو، بەڵام لە ڕاستيدا بـۆ ئێمـەش خـودى (نهێنيەكـە) ناخاتـەڕوو، چـونكە جزيـرى ئەمە بە ئەركى خۆى نازانێت و ئەمـە شـتێك نيـە مرۆڤێـك بتوانێـت بـۆ مرۆڤێكـى تـر ڕوونى بكاتەوە. بۆيە تەنيا دەتوانێت ئەم بابەتە بوروژێنێت كە بوونى مرۆڤ نهێنيـەكى تێدايە كە گەر (عەزازيل/ شەيتان) ئـەم نهێنيـەى بديتايـە ئـەوا لـە سـەرەتادا ملكەچـى ئەمرى خوا دەبوو و سەجدەى بۆ (ئادەم) دەبرد:

**صەنەما سوڕ ژ صەمەد شەوقێ ژ حەق دايە وجودێ**
**گـەر عـەزازيـلى بـديـتا نـەدبـر غـەيـرێ سجوودێ[3]**

---

[1] دربارهٔ نقد ادبی – د. عبدالحسین فرزاد، نشر قطره، چ ۲، تهران، ۱۳۷۸، ص ۱۹۱.
[2] دربارهٔ ادبیات و نقد ادبی – د. خسرو فرشید ورد – جلد ۱، ص۳۲۹.
[3] ديوانا جزيرى – دۆسكى، ل ۲۹۷.

بەڕای جزیری مرۆڤ كاتێ هەست بەو (نهێنیە) دەكات كە (حجاب و پەردە) لەسەر دڵی لابدات، چونكە نووری هیدایەتی خوا بۆ هەموو كەسێ یەكسانە، تەنیا ئەركی ئێمە لادانی پەردەو حیجابە:

**لامعا وێ حوسن و نورێ گەر چ تێ دل شوبهێ طورێ**
**باطنا نایێ ظهورێ لێ حجاب و پەردەیە**[1]

(ڤۆلتێر)ی شاعیری ناوداری فەرەنسی، ئاماژە بەوەدەكات كە، جیا لەوەی كە شاعیر دەبێ بزانێت دەبێ چی بڵێت، هەروەها دەبێ بشزانێت كە چ شتێكیش باس نەكات و بۆ خوێنەری بەجێ بێڵێت[2].

جزیریش وەنەبێ هەموو شتێكی بە شاراوەیی هێشتبێتەوە، بەڵكو هەندێ سەرەداوی بەدەستەوە داون، بەڵام بەدواداچوونی بابەتەكەی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە، بۆ نمونە ئاماژە بەوە دەكات كە (عەشق) نهێنی بوونە:

**رەمزەیا عەشقێ ژ بالا هاتە خوار**
**قودسیان ئاڤێتە چەرخێ غولغولە**[3]

بەپێی ئەم دێرە شیعرە (عەشق) داینەمۆی جولەی چەرخی گەردوونە، بەڵام عەشقێك كە دەبێ ڕاستەقینە بێت، كە ئەمەش تەنیا بە ئەزموون هەستی پێ دەكرێ نەك بە شرۆڤەكردن:

**عاشق كو ب دل فاتحەیا عەشقی خواند**
**ئایات یەكایەك دكرن ئامینێ**[4]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٢.
[2] شعر بی دروغ – زرين كوب، ص ١٨٠.
[3] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢٣٨.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٤.

سۆفیەکان ناچارن بۆ بابەتێکی فراوان و گرنگی وەك (نهێنی بوون) زمانی ئاسایی بەکاربێنن، هەروەك (النفری) دەڵێ: "چەندی دیدو بۆچوونی مرۆڤ فراوان ببێت هێندە مەودای زمان و ئاخاوتن بەرتەسك دەبێت "[1]. بۆیەشە لەو بەرتەسکییەی زمان، سۆفیەکان بەهەمان وشەی تایبەت بە عەشقی مەجازی باسی عەشقی حەقیقی دەکەن و دەیان وشەی وەك (زولف و خال و چاو، ئەبرو و بەژن و بالا... هتد) وەکو ڕەمز بۆ دەربڕینی مەبەستیان بەکاردێنن[2]. جزیریش هەر بەم شێوەیە ئەم زمانەی بەکارهێناوە بۆیە زۆر کەس عەشقی جزیرییان تەنیا لە قاوغی عەشقێکی ڕووتی مەجازی لێك داوەتەوە.

جزیری بە فریکوانسێکی زۆر وشەکانی (سرڕ و ڕازو خەف و ڕەمزی) بەکارهێناوە بەم شێوەی خوارەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەمز | ٦٠ جار | سرڕ | ٣٣ جار |
| خەف | ٤٣ جار | نهێنی | ٩ جار |
| ڕاز | ٦ جار | | |
| کۆی گشتی ١٥١ | | | |

بابەتێکی تری پەیوەست بە بابەتی (سڕ) لای جزیری، بابەتی (حروف)ە، دەتوانین بڵێین بابەتی (حروف) لە هزری جزیری دا، تەوەرەیەکی سەرەکیی بیرو بۆچوونەکانیەتی. بەڕای جزیری هەموو گێتی و مرۆڤیش بە (حروف) نەخشێنراون و کاتبێك ئەم نووسینانەی تۆمارکردووە. ئەرکی مرۆڤیش ئەوەیە کە ئەم نووسینانە بخوێنێتەوەو لە ڕەمزو ڕازی ئەم ئافراندنە تێبگات:

**مسکێ ڕەشاندی ئەز دبێم وان نوقطەیان هن بوونە کێم**

**لێ خەططێ ڕەیحانی ل دێم کاتب ژ نوو ئعراب دا[3]**

[1] الشعر الصوفي – عدنان حسين العوادي، ص ٣١.

[2] دربارەادبيات و نقد ادبی – د. فرشيد ورد، ص ٣٣٠.

[3] ديوانا جزيری – دۆسکی، ل ٢٨.

هەروا زۆر بە ڕاشكاوی پێناسەی (عالەم) دەكات و گشتی بە حەرف و كەلیمات دادەنێ و ڕەمزو نهێنی بوونی خۆیشی بە (مەعنای) ئەم حەرفانە دادەنێت:

**عالەم چیە؟ ئعراب و حروف و كەلیماتن**

**ئەو نوقطە د نەفسا خوەو مەعنایم ئەز[1]**

جزیری لەو بڕوایەدایە كە سڕو نهێنی بوون لە پشتی (حروف)ە. ئەمەش سەرچاوەی لە سەرەتای خولقانی مرۆڤە، (ابن عطاء) دەڵێ، خوا (حروف)ی خولقاندن و نهێنی لە پشت ئەم حروفانە داناو كاتێ ئادەمی خەلق كرد ئەم نهێنییەی خستە دەرونیەوەو پێشتر ئەم سڕو ڕازەی بۆ هیچ فریشتەیەك دانەنابوو[2]. جزیری بۆیە بە ڕاشكاوی (خەط و خالی) یار بەو حروفانە دەچوێنێت كە خۆیان (موعەمما)ن بۆ ناوی خوا:

**گەر نەب ئسمێ تەموعەمما بن حروف**

**مە ب شكلێ خەط و خالێ چ غەرەض[3]**

هەروەها دەڵێ:

**مەعنەیا عشقێ دزانی ئایەتا حوسنێ بخوون**

**دا تو حەرفێن موحبەتێ یەك یەك ژ هەڤ كی ئیمتیاز[4]**

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٤

[2] فلسفة العشق الالهي في شعر الجزيری – محمد امين دوسكی، ص ١٠١.

[3] ديوانا جزيری – دۆسكی، ل ١٤٨.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٦.

ئـەم دیاردەیـەی (حـروف) لای جزیـری پێدەچـێ لـەژێر کاریگـەریی قورئـانی پیرۆزبێت، کە تیایدا لە چەندین ئایەت، حروف وەکو (موعەمما) بەکارهاتوون، لای جزیریش هەمان دیاردە دووبارە دەبێتەوە:

**نەقشێ مەجاز طلسمـە مەظهـەر ژ رەنگ مرئاتێ**
**صورەت ل بال مـە ئـسمـە مـەعنـا ب تەجەللایێ**
**حـەرفـێـن د نـوورین جسمە کاف هایە د ئایاتێ**
**جـەمـالا نـورین صـافـە دوەجـهـێ تەجەللایێ**
**ب حەرفێن خوە کەششافە ضـەمیر ددن مەعنایێ**
**(حـامـیـم عـەین سین قافە) د رەمزا موعەممایێ[1]**

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بلێین بەڕای جزیری، هەموو کەون و گێتی لە شێوەی قورئانە کە پڕی ئایەتەو گەرەکە مرۆڤ بە وردی بیانخوێنێتەوە، تاکو لە (واتا)و (نهێنی بوون) تێبگات، بەتایبەتی جزیری روخساری جوان بە ئایەت و وشەو حروفی ئەم قورئانە گەورەیە دەزانێت، بۆیە لە خوێندنەوەی خەط و خالی ئەم روخسارە جوانە کە بە خۆشنووسی و جۆرەها خەط وەك (رەیحانی و ثولث و مسلسل و شکستەو...هتد) نووسراوە، بە نهێنی خولقانی ئەم دیمەنە سەرنجراکێشە دەگات و وامان پیشان دەدات کە خۆی بەم نهێنیە گەیشتووە و ئەودیوی (مەجاز) دەبینێت. لە دیوانی جزیریدا بە دەیان دێرە شیعر هەن کە بەلگەی ئەم بۆچوونەن، بەلام لێرەدا بەسندە بەو چەند نمونەیە دەکەین:

**جەبهەت و دێمێ ژ قودرەت لێ نفیسی حەرف حەرف**
**کا کـولان تـاتـا ل سـەر حـەرفـان کشاندی لام لام[2]**
**ئـسـم ئـەعـظـەم تـە دڤـێ چـل ئـسمـی**
**ژ دوو حـەرفـان ب مـوعـەمـمـا زانـی[3]**
**کـو کـێـشـا کاتبێ غەیبێ خەطـەك زیبا ژ کافورێ**
**چ ئـایـەت بو ژ (لاریب)ێ رەشاندی عارضان نورێ[4]**

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٢.
[2] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٨٦.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٣.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٣.

جزیری دووجار جوانی روخسار به (ئایەتی کوبرا) ناودەبات:

**حوسنـا تـه نـزانـم ب چ تـەشـبـیـه بکم؟**

**(فی احسن تقویم) لەو هاتیە تەفسیرێ**

**سرِرا ته ل دێم (ئایەتێ کوبرا)یه نەشێم**

**لـێ نــەقـل و روایــەت دکرم تەغسیرێ**[1]

**مه ژ (ئایەتێ کوبرا) ب طوغرا وەکشاندی**

**ئـعـراب ب زێرابێ کەشاندی و رەشاندی**[2]

هەروا به (ایه الله شریف) ناوی دەبات:

**نـاز پــەروەردەو شـــەهــزادە دڤـــێــن**

**سـایـه پـەروەردە مـه بـێ پـەردە دڤێن**

**سەروێ قەد دێم گول و لەب غونچه دڤێن**

**(ئـایــه الله شــریـف) نـوسـخـه دڤـێـن**

**لـێ ب اعـراب و خـەط و جـەزمه دڤێن**

**دلـرو بـایـان نـه تـنـێ غـەمـزه دڤێن**[3]

بـەم جۆره هـەوێنی ئـەم قورئانـه گـەورەو فراوانـەی لای جزیـری هـەمان جـوانیی روخساری مرۆڤه، بەپێی هەمان ئایەتی خولقاندنی مرۆڤ به جوانترین شێوه (فی احسن تقویم).

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٨.

[3] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٨٥.

بۆیــە دەکــرێ بــوترێ بنــەمای بــیری جزیــری بــۆ (جــوانی و حــروف) لــە چــیرۆکی خولقاندنی مرۆڤ بۆ ئەم دوو ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوە:

- "وعلم ادم الاسماء كلها ثم عرضهم على الملئكة فقال انبئوني باسماء هؤلاء ان كنتم صدقين"[1]

- "لقد خلقنا الانسان في احسن تقويم"[2]

کە بەم پێیە دەتوانین بڵێین بۆچوونی جزیری لەم دێرە شیعرەی دا چڕدەبێتەوە کە هەردوو ئایەتەکە بەخۆوە دەگرێت:

**ب حـوسـنـا (احسن تقویم) و ظاهر صورەتێ ذاتێ**
**نەظەر دی (علم الاسماء) و باطن عەینێ مرئاتی**[3]

## یەکێتی بوون لە هزری جزیری و یەکێتی ناوەوەی ناو دیوانی جزیری

یەکێتی بوون لەناخی جزیریدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، هەر بۆیە ئەم هزرە باڵی بەسەر دیوانەکەیدا کێشاوە. (فلوبر) دەڵێ: "نووسەر دەبێ لە بەرهەمەکەیدا وەکو خوا لە جیهاندا بێت، لەهەموو شوێنەك ئامادەبێت و بە چاویش نەبینرێ، لەبەر ئەوەی هونەر بە سروشتی دووەم دادەنرێ، خولقێنەری ئەم سروشتەش دەبێ لە چەشنی خولقێنەری ڕاستین بێت..."[4].

جزیریش بە شێوەیەکی یەکدەست لە تێکڕای دیوانەکەیدا بوونی خۆی بە چەسپاندنی هزری خۆی دەسەلمێنێت و ئەم یەکدەستیەو یەکێتیەی ناو دیوانەکەشی ڕەنگدانەوەی هزری جزیرییە لە بارەی (یەکێتی بوون).

---

[1] (البقرة) ئایەتی ٣١.
[2] (التین) ئایەتی ٤.
[3] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٦٠.
[4] کلیات سبك شناسی – شمیسا، ص ٥٢.

لەوانەیە کرۆکی هزری جزیری ئەم دێرە شیعرە بێت کە تیایدا (کەثرەتی) ناو و ژمارە ڕەت دەکات و تەنیا دان بە (یەك) دادەنێو داوادەکات واز لە بیری دووانەیی بهێنرێت و تەنانەت ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە (یەك و یەك) دەکاتە (دوو):

**ژ موسەممایێ عەدەد کەثرەتێ ئەسما تو مەبین**

**زەیدو عەمرێن مە حەتا چەند، (دوو) نینە (یەك و یەك)[1]**

هەروەها بۆ زیاتر پێداگرتن لەم باوەڕەی، هەردوو ناوی خوا (اول و اخر) دەکاتە بەڵگە:

**هەر یەکەو دێ یەك بمینت اول و ئاخر یەکە**

**لا جەرەم نابی دوو بی ئێ دێ بمینت هەر هەبوو[2]**

بوونی ئێمەش پەیوەستە بە چاوگ و سەرچاوەی بوون کە هەمان خوایە:

**ئەم تێك هەوییاتین یەڤین ئسمین ژ مەصدەر موشتەڤین**

**موهوم و لا شێ موطلەڤین عەکسین د نێڤ ئایینەدا[3]**

مەبەست و ئامانجی سەرەکی لە عەشقی خواییش هەمان وەحدەتە:

**ڤەستێ وەحدەت دکرت روح ب روح**

**وەرنە عاشق ژ وصالێ چ غەرەض[4]**

بەڵام وەنەبێ لە عەشقدا دوولایەنی جیا هەبن کە تازە نیازی یەکبوونیان هەبێت بەڵکو لە بنەڕەتدا دووانەیی لە ئارادانی یەو (من) و (تۆ) واتای نیە:

**گوتە مە دووردانەیێ ئەم ژ تەو تو ژ مەی**

**لەو ب حەڤیقەت یەکین مەسئەلە بێ شوبهەما[5]**

---

(1) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٧٠.

(2) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٤.

(3) هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

(4) هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

(5) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

کاتێ بەم شێوەیە بڕوانینە (بوون و گێتی) ئەوا دەبێ هەمان بۆچوونمان بۆ ئاستی نزمتریش هەبێت. بۆیە لای جزیریش (یەکێتی بوون) یەکێتی ئایینیشی لێ کەوتۆتەوە، کە لێرەدا بۆ بەلگەی بڕوای جزیری بە (یەکێتی ئایین) ئەم چەند دێرەی خوارەوە دێنینەوە:

**سەجدە بن بەرتە ڕەوایە د هەمی مەذهەب و دینان**
**کی دبت موشرك و کافر ژ وێ شیرین فەمێ**[1]
**دل گەشتەمە ژ دێرێ ناچم کەنیشتەیێ فەط**
**محرابێ وێ ب منرا، وەر دا بچینە لالەش**[2]
**هن ژ نك دێرێڤەتێن، فەستا کەنیشتێ هن دکن**
**نەی ژڤانم نەی ژوانم، من دەرێ خەمار بەس**[3]
**خوندێ لاتێ ئازەری تو بێ چ شیرین دلبەری تو**
**هەر جهێ لێ ب ئێوری تو، بێ خلاف ئەو کەعبەیە**[4]
**ب زونارا د دێرێدا ل هنداڤا چەلیپایێ**
**ب محرابێ مەبر سجدە بەلێ ئەمما خیال ئەبرو**[5]
**واحد ذاتەکێ فەردە تەجەللا دان صفاتان**
**ل عەینێ دل نەظەر دە ل جوملەیێ تەعییناتان**
**تەوەهوم بوویە پەردە ب ئسمێ بوت و لاتان**[6]

---

(1) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٧٤.
(2) هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠.
(3) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٨.
(4) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤.
(5) هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦.
(6) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٧.

ئـەم یەکێتیـە لـە هـزری جزیریـدا، کاریگـەریی لەسـەر پێکهاتـەو سروشـتی دیـوانی جزیری هەبووەو چەندین دیاردەی لێ کەوتۆتەوە لەوانەش ئەم دیاردانەی خوارەوە:

١- وێـڕای کاریگـەریی جزیـری بـە ئـەدەبیاتی فارسـی و بەتایبـەت سـەبکی عـەراقی و لەوانیش حافزی شیرازی کە بابـەتی (تضـاد)و دژیـەکی تایبەتێتییـەکی ئـەم شـێوازە بووە، لەلای جزیری (تضاد) ڕەنگدانەوەیەکی وای نەبووە کـە ببێتـە تایبەتێتییـەکی شێوازی، بەڵکو ئەم دیاردەیە زۆر کەمە.

٢- لەبەرامبەر نەبوونی (تضاد) و لە ئەنجامی یەکێتی کۆنکرێتیی نـاو دیـوانی جزیـری، لە ڕوخساردا دیاردەی (مراعاة النظیر)ی لێ کەوتۆتەوە. بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین لە نزیکەی (٩٠٪)ی دیوانەکەیدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت.

٣- لە ئەدەبیاتی کلاسیك و بەتایبەت لە غەزەلدا کەمتر یەکێتی بابـەت دەبینـرێ، بـەڵام لای جزیری ئەم دیاردەیە بە فراوانی دەبینرێ، کە دەکرێ بـوترێ ئـەم دیاردەیـەش هەمان دەرکەوتەی (یەکێتی) لە بیری جزیریدایە.

## جزیری سۆفیەکی (اویسی) بووە

زۆربـەی بۆچـوونەکان لەسـەر ئەوەیـە کـە جزیـری سـۆفیەکی سـەر بـە تەریقـەتی نەقشـەبەندی بـووە[1]. هـۆی ئـەم بۆچوونەشـیان بـۆ چـەند نیشـانەیەك دەگەڕێننـەوە لەوانەش:

١- جزیری ناوی (جامی)ی هێناوە کە هەمان شاعیرو سۆفی شێخ (عبـدالرحمن جـامی) (١٤١٤ – ١٤٩٢ز) یە کە یەکێ لە ڕێبەرانی تەریقەتی نەقشەبەندی بووە[2].

٢- جزیری باس لە (نهایات و بدایات) دەکات:

کو نووری عشق لامع دت ل طوری قەلبێ جامع دت
د سـەیـرا بـەرزخ الاسـمـاء نـهـایـات و بـدایـات[3]

---

[1] شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی – ئەمین عەلی موتابچی، ل ٢٠.
[2] گنج سخن – د. ذبیح الله صفا – چاپ دهم – ققنوس – تهران ١٣٧٤، ص ٥٩١.
[3] العقد الجوهري – الجزء الثاني، ص ٧٠٠.

٣- باس لەوە دەکات کە بورهانی بوونی خوا، هەمان بێ بورهان بونیەتی:

**چ حەددێ عەقلە قیاسێ تەکرت**

**ئەڤە بورهان کو تو بێ بورهانی[١]**

ئەم نیشانانە دەکرێ، هێمای ئەوەبن کە جزیری سەر بە تەریقـەتی نەقشـەبەندییە، بەڵام زۆر هۆکاریش هەن کە ئەم بۆچوونە لاواز دەکەن، لەوانەش:

١- جزیری تەنیا یەك جار ناوی (جامی)ی هێناوە، ئەویش لەتەك ناوی (سەعدی)دا:

**مـەرا ژ ئـەووەل چ بـر خـامی کـشانـد ئاخر ب بەدنامی**

**ژ رەنگێ سەعدی و جامی ژ شوهرەت پێ حەسێن عامی[٢]**

بۆیە پێدەچێ تەنیا وەکو شاعیرێکی سۆفی بەرێزەوە ناوی هێنابێت.

٢- جزیـری زۆر باسـی (رەقـص و سـەما) بـە فریکوانسـی زۆرەوە دەکـات، کـە ئەمـەیان لەگەڵ بنەمای نەقشەبەندی ناگونجێت.

٣- یـەکێتی ئـایین لەگـەڵ بۆچـوونی نەقشـەبەندییەکان ناگونجـێ لەکاتێکـدا جزیـری چەندین جار ئەم بابەتەی خستۆتەڕوو.

٤- شیعرەکانی جزیری بە چەشنێکە، کـە جزیـری وەکـو سـۆفیەکی (کامیـل) دەنوێنێـت، ئەم جۆرە سۆفیانە زۆربەیان ڕێبەرایەتی گروپێك لـە سـۆفیەکانیان لەدەسـت بـووە، بـەڵام هـەروەکو (ئـەمین عەلائـەددین نەقشـەبەندی) دەڵێـت: هـیچ بەڵگەیـەك بەدەسـتەوە نییـە کـە ئـەم سۆفیە خانـەقاو تەکیـەو خەلیفـەی بووبێـت و ئیرشـادی کردبێت[٣]. بۆیە ناکرێ سەر بە هیچ خانەقاو تەکیەکی دابنێین.

٥- سۆفیی شاعیری لەم چەشنە گـەر موریـدو تـابعی رابـەرێك بوایـە، لـەناو ئـەم هـەموو غەزەلە دەبوایە ئاماژەیەك بە ناوی ئەم (مورشید)ە بکات، بەڵام شتی وا نابینرێ.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ص ٧٤٢.

[٢] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٤.

[٣] تەصەوف چی یە؟ ئەمین عەلائەددین نەقشەبەندی، ل ٤٦٤.

٦- تـەنیا بـەهاتنی نـاوی (بـدایات و نهایـات) یـاخود، (بورهـانی بـێ بورهـانی) نـاتوانین حوکمی نەقشەبەندی بوون بەسەر ئەم شاعیرە بدەین، چونکە دەکرێ تەنیا بـەهۆی خوێندنەوەو ئاگاداربوون ئەم دەستەواژانەی دووبارە کردبێتەوە.

(فەرهاد شاکەلی) لەو بڕوایەیە، کە جزیـری خـۆی خـاوەنی تیۆریـەکی تایبـەت نیـە، بـەڵام زۆر شـارەزای بـیری بیریـارانی ئیسلامەو بەتایبـەتیش (وحـدە الوجـود). کـە لـەم ڕووەوە زۆر لە (مەولانا شێخ عبدالرحمن جامی) دەچێت[1]. گـەر جزیـری لـەو ئاسـتەی شـارەزایی بێـت، لـەبارەی بـیری بیریـارانی ئیسـلام، ئـەوە مـەرج نیـە تـەنیا بـە (جـامی) کاریگەر بووبێت، بەڵکو لەوانەیە بەدەیان بیریار کاریگەر بووە. بۆیـە لەوانەیـە جۆرێـك لە بیری مونتاژکراوی سۆفیانە لای جزیـری دروسـت ببێـت، کـە تایبـەتن بـە جزیـری و دەکـرێ بـوترێ (بیرێکـی جزیریانـە) دروسـت بـووەو بـە پێچـەوانەی (شـاکەلی) جزیـری گەیشتبێتە بیرێکی تایبەت بە خۆی، بەڵام لە هەمان چوارچێوە گشتیەکەی سۆفیگەریی ئیسلامی. لـە قەسـیدەی (الله سـەحەرگاە ئـەزەل)دا جزیـری زۆر ڕاشـکاوانە هـەوڵی داوە بیرو تیۆریی خۆی بخاتە ڕوو، ئەگـەر چـی لەوانەیـە بـە شـێوەیەکی گشـتی بۆچـوونێکی نوێ و داهێنراوی تیا بەدی نەکرێت.

لە بەشی (ژیان و سەردەمی جزیری) ئاماژەمان بەوەکرد کـە تەکیـەی نەقشـەبەندی و زۆر لە تەریقەتەکانی تر لە دەڤەری جزیری هەبووە (تەنانـەت پـێش هـاتنی مـەولانا خالیـدی نەقشـەبەندی). بۆیـە دەکـرێ بـەم تەریقەتـە کاریگـەر بووبێـت بـەڵام نـاکرێ بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم بابەتە بدەین.

لێرەدا بابـەتێك دێتـە کایـەوە ئـەویش ئەوەیـە کـە لەوانەیـە جزیـریش لـە چەشـنی (شێخ فریدالدین عطار)ی شاعیر، هیچ پیرو ڕابـەرێکی نـەبێت و خـۆی بـەهۆی ڕاکشـانی گیانی و خۆشویستنی ئەولیا و مەشایەخ بەرەو سۆفیگەری ڕۆیشتبێت. زۆر کەسـی تـری وەك (نظامی گەنجـەوی)و تەنانـەت (حـافزی شـیرازی)ش بـەم چەشـنە بوونـە.هـەروەك

[1] تەصەوف وەك سەرچاوەیەكی فەرهەنگی كوردی – شاكەلی – سـەنتەری برایـەتی ژمـارە ١٧، ل ٢٥١.

باویشه بەو جۆره سۆفیانەی خۆپێگەیاندووی بەهۆی فەزل و تەوفیقی خواییوه سۆفیی (اویسی) دەڵێن[1].

دوور نیـه جزیـریش بـەهۆی خوێنـدن و شـارەزایی زۆری لـه سـۆفیگەری و ئـەدەبی سۆفیگەری بەرەو ئەم ڕەوتە هەنگاوی نابێت. تەنانەت مەرج نیـه گـەر نـاوی مورشـیدو پـیر لـه شـیعرەکانی دا هاتبێـت نیشـانەی بـوونی ڕابـەرێك بـۆ ئـەم شـاعیره بووبێـت. هەروەکو دیاریشه شـاعیرێکی وەك (عـەطـار) مەسـنەویی (شـێخی سـەنعان)ی هەیـه کـه باسی ڕۆڵی پیر له تەریقەتدا دەکات، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نیه کـه خـۆی لـەژێر دەسـتی پیرێك پێگەیشتبێت.

جزیـریش زۆر ڕاشـکاوانه ئامـاژه بـەوه دەکـات کـه (هیدایـەتی ئـەزەلی) بـۆ مـرۆڤ پێویستەو بەبێ ئەمەش (ارشاد) هیچ سوودێکی نیه. جزیـری وامـان بـۆ دەردەخـات کـه هەر له ئەزەلەوه بەو شێوەیه چارەنووسی دیاریکراوه:

دێ ژ حـەق جـاذبـەیـەك دل بـگـرت وەرنـه (مەلا)
ژ ئەزەل گەر تو هیدایەت نەبت ئرشاد دێ چ کت؟[2]
ژ ئـەزەل عـاقـبـەتـێ کـارێ کـو مـەعـلـوم نەبت
جـامـێ مەینوش و ژ تەقدیرێ مقدر مەکه بەحث[3]

---

[1] در سر منزل عنقا – د. سید عبدالحمید حیرت سجادی، نشر شکوفەهای دانش ،چاپ اول، ١٣٧٦ تهران، ص ٩٢.
[2] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٨٢.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

## ئاسەواری چەند ئەفسانەیەك لە بیری جزیریدا

هەڵکەوتەی جوگرافیی دەڤەری جزیرە بە چەشنێکە کە بۆتە پردێك لەنێوان شارستانیەتی (فەرەنگ و فارس و عەرەب و تورك)، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەریی جۆرەها بیرو ئەندێشەی لەسەر بیت. بۆیەشە دەبینین ئەم بیرو هزرە هەمە چەشنانە لە شیعری کەسێکی وەك جزیریدا ڕەنگ دەدەنەوە. نمونەیەك لەم کاریگەریە بوونی ئاسەواری چەند ئەفسانەیەکە، کە لە شارستانیەتەکانی دەوروبەرەوە خزاونەتە ناو بیری کورد بە گشتی و شاعیرێکی وەك جزیریش بەتایبەتی، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

**أ- بیری چوار (عونصر)ی پێکهێنەری گەردوون**

بەپێی ئەو ئەفسانەیە گەردوون لە چوار (عونصر) یاخود ڕەگەزی سەرەکی پێك دێت. بنەمای ئەم ئەفسانەیە بۆ بیروبۆچوونی فەیلەسوفی یۆنانی (ئەمپیدو کلوس) (٤٩٢ – ٤٣٢ پ.ز) دەگەڕێتەوە[١].

بەپێی بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە، چوار (عونصر)ی سەرەکی (ئاگرو ئاو، با و خاك) دەرەنجامی (عەشق)ن[٢]. واتە (عەشق) هۆکاری خولقاندنی ئەم چوار توخمە سەرەکیەیە و عەشق لەسەرووی ئەم توخمانەیە. پێدەچێ جزیریش ئاگاداری ئەم فەلسەفەیە بوبێت، بۆیە دەڵێ جەوهەری دەروونی من بەرزترە لە (ئەستوقوس) و توخمە ماددیەکان:

**جەوهەرێ عالیە عونصر مە مەلا**

**(بالحقیقە) نە ژ خوار ئەستوقوسین[٣]**

---

[١] تاریخ فلسفەی یۆنان –٧– امپید کلس،دبلیو. کی. سی. گاتری،ترجمە مهدی قوام صفوی،انتشارات فکر روز ،چ١،تهران ١٣٧٦، ص ٤٥.

[٢] تاریخ فلسفەی یۆنان –٧– امپید کلس، گاتری، قوام صفوی، ص ١٢٢.

[٣] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٠٣.

هەروەها وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا، جزیری (عەشقی) بە توخمێکی پێویستی (بوون) داناوەو بە (عنصر خامس) ناوی بردووە:

**مە جەوهەر عونصرەك خامس نوما ئیرو د طالع دا**

**دڤـێ تەقویمێ ئنسانی ل طالع بوونە فال ئەبروو[1]**

ئەم چوار توخمە بە (امهات سفلی) و (چوار دایك) ناوبردراون[2] لە بەرامبەر (٧) هەسارە کە بە (حەوت باوك) ناوزەد دەکرێن[3].

ب – ئەستێرە ناسی و (طالع) و چارەنووس

بە باسی (چوار دایك)، باسی (حەوت باوك)یش دێتە کایەوە. (ابای سبعە) یاخود (حەوت باوك)، ئاماژەیە بۆ بیروباوەڕێکی کۆن، (٧) هەسارەکە کە بریتین لە تیر (عطارد)، ناهید (زهرە)، خورشید (شمس)، برجیس (مشتری)، بەهرام (مەریخ)، کەیوان (زحل)، مانگ (قمر)[*]، کاریگەریان لەسەر چارەنووسی مرۆڤ هەیە. ئەم (٧) باوکە لەگەڵ (٤) دایك پەیوەندی دەکەن و لە ئەنجام دا (موالید ثلاث) واتە (حیوان، نبات، جماد)ی لێ دەکەوێتەوە، لەم ڕووەوە (مرۆڤ) لە دایك بووی ئەم دایك و باوکەیە[4]. بەم جۆرە ئەم هەسارانە کە باوکی مرۆڤن ڕۆڵیان لە دیارکردنی چارەنووسی مرۆڤ هەیە. سەرچاوەی ئەم باوەرەش ئەفسانەکانی یۆنانی کۆنە، (بەطلمیوس)ی ئەستێرەناس کە لە سەدەی دووەمی زایینی ژیاوە، گۆڕانی لەم بیرو بۆچوونە خست و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦.

[2] فرهنگ انتشارات ادبیات فارسی، جلد اول د. سرویس شمیسا، چاپ اول فردوس ،١٣٧٧ تهران، ص ٣٦١.

[3] هەمان سەرچاوە، ص ٢٧.

[*] ئەمەیان بە پێی باوەری کۆنە کە زەوییان بە چەقی گەردوون دانابوو و مانگ نزیکترین هەسارە بووە لە زەوی، بەڵام لە پۆلێن کردنی نوێدا مانگ هەسارەی سەرەکیی کۆمەڵەی خۆر نییە.

[4] فرهنگ انتشارات ادبیات فارسی، جلد اول د. سرویس شمیسا، ص٢٧.

بۆ دیارکردنی چارەنووسی مرۆڤ (طالع نوما)یەکی دانا، کە بەپێی رۆژی لەدایك بوونی مرۆڤ چارەنووسی پێشبینی دەکرا[1].

زۆربەی ئەم ناوانەی لەم (تەنجیمە)دا هاتووە لای جزیری بەکارهاتوون و ئاماژە بە شوێنیان و پلەیان کراوە. بۆ نمونە:

**ب دەربێ کەوکەبا صوبحێ ل مەشرق زوهرە طالع بت**

**زوحەل دوربت ب شەش بورجان و ندابت د غەربێدا[2]**

جزیری ناوی هەموو ئاستەکانی ناو (تەنجیمی بەطلمیوس)ی هێناوە، بۆ نمونە (فەلەکا ئەطلەس) دوایین ئاستە لە تەنجیمەکەدا:

**فەلەکا ئەطلەس سەرگەشتە د جاما مە حەبابە**

**مەوج ددت قولزومێ عشقێ مە ل سەردەست غورابە[3]**

جزیری ناوی هەموو هەسارەکانی هێناوە بەو فریکوانسەی خوارەوە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خورشید و شەمس وئافتاب | ٣٧ جار | مەریخ | ٤ جار |
| زوهرە | ٢٤ جار | عوطارد | ١ جار |
| قەمەر و ماه | ٤٥ جار | زوحەل | ٥ جار |
| موشتەری | ١١ جار | | |

جزیری ئاماژەی بە زۆر لە بورجەکانیش داوە، کە ئەمەشیان پەیوەندیی بە بڕوابوون بە کاریگەریی ئەستێرەکان لە چارەنووسی مرۆڤ هەیە، هەروەك چۆن ئاماژە بە (بورجی حەمەل، عەقرەب، سونبول، جەوزا و میزان) دەدات، جیا لەمەش لە دیوانی جزیریدا بە تێکڕایی وشەی (بورج) هەر بۆ ئەم مەبەستە (٢٢) جار دووبارە بۆتەوە.

---

(١) علم، شبه علم و علم دروغین – هانری – ژری ارس – ترجمه د.عباس باقری، نشرنی ،چ١، تهران ١٣٧٩،ص ١١٢ – ١١٣.

(٢) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٣٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

هەروەك ئاماژەمان پێكرد جزیری بەخت و چارەنووسی بەم دیاردە فەلەكیانە دەبەستێتەوە، یاخود گەر بڕواشی بەو پەیوەندیەش نەبێت ئەوا لە قالبی (تمثیل) و چواندندا ئەم دیاردانەی بەكارهێناوە. بۆ نمونە هەر بورجێك (شەرەفی) هەیەو (زوعفی) هەیە كە بەرزبوونی بەختی لەشەرەف و سەعددایەو نزم بوونی بەختیش لە (زوعف) دایە. جزیری بەم شێوەیە ئەم دیاردەیەی وەكو دوعایەك بۆ میری بۆتان بەكارهێناوە:

**دائما مەنزلگەها سورا تەبت بورجا شەرەف**

**طالعێ فەرخوندەو بەختێ سەعید یارێ تەبی[1]**

بەشێوەیەكی گشتی لە دیوانی جزیریدا (٣٨٨) ئاماژە بە بواری فەلەكیات بەكارهاتووە كە نیشانەی بایەخی ئەم لایەنەیە لە شێوازی جزیریدا.

**ج- ئەفسانەی گا و ماسی**

بیرێكی ئەفسانەیی هەیە كە زەوی لەسەر شاخی گایەو گا لەسەر پشتی ماسی یە، و ماسی لە بەحردایە. ئەم ئەفسانەیە لای كورد ڕەنگێكی فۆلكلۆری بەخۆوە گرتووەو تەنانەت ئاوێتەی باوەرە ئاینیەكان بووە، بۆیە لە زۆر مەولودنامەشدا جێگیربووە[2].

لە ئەدەبیاتی فارسیشدا ئەم ئەفسانەیە ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لای (حافزو سەعدی و جامی) نابینرێت، كەچی لای (جەلال الدین رۆمی) دەبینرێت. بۆ نمونە لەم دێرە شیعرەدا بەم شێوەیە ئەفسانەكە دەخاتەڕوو كە گا و ماسی لە پلەكانی خوار زەوین و (بورجەكانی گا و ماسی)ش لە پلەكانی سەروون، واتە گا و ماسیەكەی ئەفسانەیی كە لە ژێرەوەن، لەبەرامبەر بورجەكانی گا و ماسی لە ئاسمان داناوە:

**تا گاو و ماهی زیر این هفتم زمین خرم شده**

**هر برج تا گاوو سمك اندر علا پاكوفته[3]**

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسكی، ل ٢٦٥.

[2] مەولودنامەی پێغەمبەر– بەغدا، ١٩٨٤، ل٣٧ (ئەم مەولودنامەیە هی شیخ حسێنی قازییە بەڵام ناوی لە سەر كتێبەكە نییە).

[3] دیوان شمس ٠ غزل ٦٦٠ – (CD)، دۆرج ٢.

جزیریش هەر بەم شێوەیە بابەتەکە دەخاتەڕوو کە بەهۆی (ئـەڤین) تێکـڕای گێتـی دێتــە ســەماو بــە خۆشەویسـتی پلـەکانی خـوارووی فەلـەك لـە (سـەمەك) تـا پلـەکانی سەرووی فەلەك واتە (سەما)و ئاسمان ڕووناك دەبێتەوە:

**ب ئەڤینێ مەلەك و چەرخ و فەلەك تێنە سەما**

**رەوشەنن تێك ب مهرێ ژ سەما تا ب سەمەك[1]**

**د – ئەفسانەی کۆنی (قاف تا قاف)**

بەپێی باوەڕێکی کۆن، کۆتایی زەوی لە هەموو لایەکەوە چیای قـاف بـووەو لـە پشت ئەم چیایە ئیتر تاریکی بووە. جزیریش لە غەزەلەکانیـدا (١٠) جـار نـاوی چـیای (قـاف) دێنێت. بۆ نمونە لەم دێـرە شـیعرەدا بـۆ دیـارکردنی تـەواوی گێتـی بۆچـوونی (قـاف تـا قاف) بەکاردێنێت:

**بنێ نوونێن ل سەر صادان کو کاتب گوشە لێ بادان**

**ســەراســەر قـاف تا قافە روموزا (حکمە العین)ێ[2]**

لەم دێرە شیعرەشدا بەهەمان شێوە بابەتەکە دەخاتەڕوو:

**ژ رەنگ ئایینە یا جامێ مە باطن رەوشەن و صافە**

**د رەمزا کوفرو ئسلامێ یەقین فەهمێ تە کەششافە**

**ژ بــەرقـا نــوورێ ئـلهامـێ دورەفشان قاف تا قافە[3]**

---

[1] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ١٧٠.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٢.

## جزیری و هەستی نەتەوەیی

هەستی نەتەوەیی، فاکتەرێکی سەرەکیی فۆرم گرتنی شێوازی جزیرییە. سەرەتای شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەری یان نەتەوەیی، لە ئەدەبی کوردیدا دەبێ بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرەتای دەست پێکردنی دانانی شیعر بە کوردی و وازهێنان لە زمانی بێگانە [1].

شیعری جزیری لەوانەیە نەچێتە خانەی شیعری سیاسی، کە گەنگاشەی حوکم و دەسەلات دەکات، بەلام دەچێتە خانەی شیعرێك کە سەرەتای چرۆی بیری نەتەوایەتیە. لەو ساتەی کە ئەدەبی فارسی و عەرەبی لە لوتکەی خۆی بووەو شیعر دانان بەو زمانانە جێگە شانازی بووەو تەنانەت زمانی رەسمی ناو کۆشك و تەلاری عوسمانیەکان فارسی بووە[2]. جزیری لە (نۆرم)ی باوی سەردەم لای داوەو شیعری بە کوردی داڕشتووە.

شاعیری ڕاستگۆ ناتوانێت لە کێشەو بابەتی گەل و کۆمەڵگاکەی دابڕێت و چاوپۆشی لە مێژوو و ناسنامەی خۆی بکات[3]. بۆیە جزیریش وێڕای ئەوەی زمانێکی کەونیی هەیە، بەلام لە نەتەوەکەی خۆیشی دانەبڕاوە، چونکە هەوڵی داوە شانازی و سەربڵندی بۆ گەلەکەی پەیدابکات و هاوسەنگی یەك دروست بکات، کە گەلەکەی تەنیا لە بواری ئەدەبیشدا بێت، چاویان لە بێگانە نەبێت، بۆیە دەڵێ:

**گەر لوئلوئێ مەنثور ژ نەظمێ تو دخوازی**
**وەر شعرێ مەلێ بین، تە ب شیراز چ حاجەت[4]**

---

[1] مەلا ئەحمەدی جزیری سەر ئامەدی شیعری سیاسی کوردی، بەکر شاکر کاروانی، مەتین ژمارە ١٠٢، ئیلون ٢٠٠٠، ل ٥١.
[2] مختصری در تاریخ تحول نظم و نثر پارسی – د. ذبیح الله صفا، ص ٧٦.
[3] الاسلوب و الاسلوبیه – د. عدنان علی رضا نحوی، ص ١٩١.
[4] دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٨٠.

سەردەمی جزیری، سەردەمی بەهێزی میرەکانی بۆتان بووەو دەسەڵاتی کوردی بەهێز بووە، بۆیە ئەو غەم و خەفەتەی کە بە شیعرەکانی (خانی)یەوە دیارەو لە ئەنجامی سەرکوت کردندا دروست دەبێت، بە شیعرەکانی جزیرییەوە نابینرێت، بەڵکو جۆرێك لە شادی و شانازی بە وڵات و دەسەڵات بە شیعرەکانیەوە دیارە:

**گولا باغێ ئیرەمێ بوهتانم**
**شب چراغێ شەبێ کوردستانم**[1]

جزیری بەم شێوەیە شکۆی میری بۆتان دەخاتە ڕوو کە (شای کوردستان)ە:

**ب سوڕ و هەیبەت و سەهمێ خوە پەری**
**ب تە شێتن ل بوتان سولطانی**
**ب طەبلخانەیێ شاهی وەرە تەخت**
**کو تو ئیرو شەهێ کوردستانی**[2]

جزیری تەنیا بەسندە بە بۆتان ناکات و لەسەرمەستیی بەهێزبوونەوە داوای ئەوە دەکات سنوری دەسەڵاتی میرانی کورد زیاتر بێت:

نەی تنێ تەبریزو کوردستان ل بەر حوکمێ تەبن
**سەد وەکی شاهێ خوراسان د فەروارێ تە بی**[3]

جزیری تەنیا (٤) جار ناوی کوردستانی لە دیوانەکەی دا هێناوە ئەگەرچی ئەمەیان فریکوانسێکی کەمە، بەڵام بۆ سەردەمی جزیری کە هێشتا هەستی نەتەوەیی کوردو هوشیاریی سیاسی کۆمەڵگای کوردی پەرەی نەسەندبوو، ئاستێکی بەرزی هەستی نەتەوەیی دەگەیەنێت. واتە ئەم ڕێژەیە بۆ ئەم سەردەمە بە کەمی دەنوێنرێت، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی هەڵوێستێکی بەهێزی نەتەوەیی بووە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٦.
(٢) دیوانا جزیری – دۆسکی، ل ٢٦٣.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٥.

# ئەنجام

## پوختەی پێناسەی شێوازی شیعری جزیری

### أ- لە ئاستی زماندا (literally level):

لە ئاستی زماندا، تایبەتێتییەکانی شێوازی شیعری جزیری زیاتر لە هەردوو تەوەرەی دەنگ (musical) و وشە (lexical)دا بەرجەستە دەبێت.

لەئاستی دەنگ یاخود موزیکال (stylistics of sound) مۆسیقا هەوێنی شیعری جزیرییە، ئاستی بەرزی موسیقی شیعری جزیری یەکێ لەو تایبەتێتییە شێوازیانەیە کە خوێنەری شیعری جزیری هەرزوو هەستی پێدەکات. کێشی (رەمەل) یەکێ لەو کێشانەیە کە لەڕووی موزیکەوە سەرنج ڕاکێشە, گروپی کێشی رەمەل لای جزیری بە پلەی یەکەم دێت لە کاتێکدا کە لە ئەدەبی کوردی بەگشتی (هەزەج) بە پلەی یەکەم دێت. فریکوانسی بەرزی ئەم دیاردانەی خوارەوە لایەنی موزیکی شیعری جزیرییان بەهێزکردووە:

(بەکارهێنانی ڕەدیف, قافیەی ناوەوە, رد الصدر الى العجز Epanastrophe, دووبارە کردنەوەی وشە repetition, هاونەبزوێنی Alliteration, هاوبزوێنی assonance, جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی, وشەی هاوسەروا).

لەبارەی ئاستی وشە یاخود لێکسیکال (stylistics of the word) دیاردەی زۆر بەرچاو لە شیعری جزیریدا دەبینرێ. ڕێژەی وشەی کوردی (٥٨,١١٪) و ڕێژەی وشەی عەرەبی (٢٦,٣١٪) و ڕێژەی وشەی فارسی (١٥,٢٣٪) و ڕێژەی وشەی تورکی (٠,٣٣٪)یە. دیوانی جزیری وەکو فەرهەنگێکی وشەی رەسەنی کوردییە، وشە کلیلیەکان لای جزیری هەمەڕەنگن، بەلاَم زیاتر سەر بەچەند گروپە وشەن کە بریتین لە چەند بابەتێك وەك:(گروپی گولّ و گیا، ئەستێرەناسی و فەلەکیات، ئامرازی مۆسیقی، خۆشنووسی، زێڕو زیو و کەرەستەی ڕازاندنەوە، قوماش، ڕوخسارو بەژن و بالاَی ئافرەت، بالّندەکان).

لە بارەی ڕاناوەکانەوە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش هەیە کە ڕاناوی کەسی دووەمی تاك زیاتر لە کەسی یەکەمی تاك بەکارهاتووە. لە بارەی (کار)یشەوە دیاردەی هەرە بەرچاو، بابەتی کورداندنی کاری عەرەبی و فارسییە. هەر لە بواری (کار)دا چەند دیاردەیەکی ناواز هەیە وەك: مانەوەی پیتی (ر) لە ڕەگی هەندێ کاری کاتی داهاتوودا, کە بەپێی ڕێزمانی کوردی ئەم پیتە نامێنێت، وەك (مـن کـر) بۆ کاتی ڕابـردوو کـە لەکاتی داهاتوودا دەبێتە (دێ کەم) بەڵام لای جزیری هەندێ جار بەم شێوەیە هاتووە (دێ کرم، دکری، بکری، بکرین...هتد).

دیاردەیەکی دیکە لە بارەی چاوگی (هەبوون)ە, کە لای جزیری بەم شێوەیە هاتووە: (ددیـرن، دیـرن), هـەروەها چـاوگی (دان) بـەم شـێوەیە (ددیـرت) واتـە دەدات، یـاخود (نادرت، واتە نادەت)، دیسان چاوگی (چوون) کە بـەم شـێوەیە بووەتـە (درەتـن، بـرەتن، برەت) واتە بچیت، یان دەچێت. ئـەم دیاردانـە تـەنیا لای جزیـری بینـراون و پێدەچـێ تایبەتێتییەکی ئەوسای زمانی کوردی بێت کە هێدی هێدی لەناوچووە.

دیاردەیەکی دیکەی ئاستی وشە لای جزیری لەبەکارهێنانی هاوکێشەی (بوزیمان)دا بەدەردەکەوێ, واتە ڕێژەی (کار) بەرامبەر (ئاوڵناو) و دەرخستنی ڕێـژەی (VAR) کـە ئەم ڕێژەیە لای ئەو زۆر بەرزە, دەگاتە (٣,٣٤) . بەپێی ئەم هاوکێشەیەش ئـەم ڕێژەیـە چەند بەرزبێت ئاستی شیعرییەتی بەرهەمەکە بەرزترە.

## ب - شێوازی شیعری جزیری لەئاستی ئەدەبدا (literary level):

گرنگترین نیشانەی شێوازی جزیری لـەم بوارەدا گرنگیـدانی جزیرییـە بـە ئاسـتی ستوونیی زمان لـە شـیعردا (paradigmatic axis)، هـەر بۆیـەش جزیـری (اسـتعارە - metaphor)ی زۆر بـەکارهێناوە، چـونکە (اسـتعارە) پەیوەنـدیی بـە ئاسـتی سـتوونیی زمان هەیەو (تشبیە) پەیوەندیی بە ئاستی ئاسۆیی زمـان، لـە ئەدەبیاتیشـدا، (اسـتعارە) پلەیەکی بەرزتری لە (تشبیە) هەیە.

- تێکـەڵاوکردنی هەسـتەکان (synaes thesia)، تایبەتێتییـەکی دیکـەی شـێوازی جزیرییە، لەم بوارەدا جزیری هـەموو شـتێك و هـەموو هەسـتێك ئاوێتـەی هەسـتی چەشـتنی (شـیرین) دەکـات، فریکوانسـی ئـەم دیاردەیـە لای جزیـری جێگـەی هەڵوەستەیە.

- (مراعـاة الـنظير – congeries)، تایبەتێتییـەکی دیکـەی دیـوانی جزیرییـە، ئـەم دیارەیـە سـەراپای دیـوانی جزیریـی گرتۆتـەوە، بۆیـە دیـوانی جزیـری پێکهاتەیـەکی کۆنکرێتی هەیە.
- (ڕێبازی حروفی)، پیتـەکان لای جزیـری زۆر جێگـەی بایـەخن، جزیـری پیتـەکان بـە بنەمای کەون و گێتی دەزانێ و بۆیە ئاشکرا کردنی نهێنی بوون، لـە ئاشـکرا کردنـی نهێنیـی ئـەم پیتانـەدا دەزانێـت. لـەم بـوارەدا کاریگـەریی قورئـانی پـیرۆز بەسـەر جزیرییەوە دیارە، جزیری پیتەکانی بۆ بواری ژمارەی ئەبجەدیش بەکارهێناوە.

لەبارەی وێنەی شیعرییەوەش جزیری شێوازی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، وێنـەکان لای جزیـری فـراوانن و هـەموو بابـەتێك دەبێتـە بابـەتی وێنـەی شـیعری جزیـری وەك (بەرگـدروو، کشـتوکاڵ، ئـاژەڵ، ڕوخسـاری نەتـەوەکان، ئاسـنگەری، دارتاشـی، زێڕینگـری، خۆشنووسی،... هتد). هەر بۆیە زمانی شیعری جزیری زمانی نواندنە (figurative). بەرچاوترین نموونەی تازەگەری لە وێنەی شیعریشدا لای جزیری (یەنگ)ە، کە تایبـەت بە جزیرییە. جزیری (یەنگ)ی لەبەرامبەر (تورك) لە ئـەدەبیاتی فارسـی دانـاوە. هـەر لە بواری وێنەوە، دیاردەیەکی دیکە لای جزیری (وێنـەی تـەنز ئـامێزە) کـە جێگـەیـەکی تایبەتی هەیەو فاکتەرێکە بۆ (تنوع) لە شیعردا.

جزیری لە بواری شیعردا، لەژێر کاریگەریی شـیعری فارسـیدایە، بـەڵام تـەنیا لـەژێر کاریگـەریی هـەردوو سـەبکی (عـەراقی و خوراسـانی). جزیـری بـە پلـەی یەکـەم لـەژێر کاریگەریی (سەبکی عەراقی)یەو لە پلەی دووەم لەژێر کاریگـەریی (سـەبکی خوراسـانی) و ناوی (حافزو سەعدی و جامی) کە سەر بە (سەبکی عەراقی) و (فەرخی) کە سەر بـە (سـەبکی خوراسـانی)یـە هێنـاوە. بـەم هۆیـە، شـێوازی جزیـری هـەم بـە شـێوازی (سـهل ممتنع)ی سەعدیو فەرخی کاریگەرە هەم بـە شـێوازی پـڕ لـە نوانـدن (figurative)و ڕەمزو ڕازی حافز.

ج - ئاستی هزری (philosophical level)؛

شیعری جزیری دەربڕی سروشتی گشتی (general nature) مرۆڤایەتییە، بۆیە بەرهەمی شیعری هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوەو بۆ هەموو سەردەمێك دەشێ. جزیری شاعیرێکی کەونییە (cosmically)و بەدوای نهێنیی بوونی مرۆڤ و گێتیدا دەگەڕێت، ئەم بابەتەش هەتا هەتایە جێگەی سەرنجی مرۆڤایەتییە.

عەشق لە هزری جزیریدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، عەشقی جزیری عەشقێکی حەقیقییە، کە (عونصری خامس)ەو هەوێن و بنەمای بوونە، کەواتە عەشقی جزیری عەشقێکی (حەقیقی)یە نەك (مەجازیی ڕووت)، لەم ڕووەوە جزیری لەسەر باوەڕی کەسانێکی وەك (احمد غزالی و عین القضاة الهمدانی)یە. عەشق لای جزیری لەسەرووی عەقلە، ئەمەش تایبەتێتییەکی هەموو ئەو سۆفیانەیە کە سەر بە (قوتابخانەی ڕۆژهەلاتی) سۆفیگەریی ئیسلامین، چونکە باوەڕی ئەوان لەسەر حیکمەتی زەوقی یاخود حیکمەتی چەشتنە، کە ڕۆڵی عەقل بۆ ناسینی خوا، ڕەت دەکەنەوە.

ئەم شاعیرە بە حیکمەتی ئیشراقی سەهرەوەردیش کاریگەرە، هەربۆیە نوور جێگەو پێگەیەکی تایبەتی لای جزیری هەیە.

دوو ئاماژەی قورئانی (احسن تقویم) و (علم الاسماء) بنەمای بیری جزیرین، (احسن تقویم) هۆکاری گرنگی جزیرییە بە جوانی و (علم الاسماء)یش هۆکاری بایەخی جزیرییە بە ناو و پیتەکان (ئیسم و حروف)، فریکوانسی (ئیسم و حروف)یش گەواهی ئەم ڕاستیەن.

- یەکێتی بوون، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری جزیری هەیە، ئەم چەندەش لەسەراپای دیوانەکەی دیارە، ئەم دیاردەیە کاریگەریی لەسەر روخسارو ناوەرۆکی دیوانی جزیری هەبووە، بۆیە لە روخساردا بابەتێکی وەك (مراعاة النظیر) و لە ناوەرۆکیشدا بابەتێکی وەك (یەکێتی بابەتی) لێکەوتۆتەوە.
- بەپێی شیعرەکانی جزیری، ئەم شاعیرە سۆفیە، گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزی سۆفیگەری، بەلام هیچ بەلگەیەك بە دەستەوە نیە کە ئەم سۆفیە خاوەن تەکیەو خانەقا بێت و ڕابەری تەریقەتی گرتبێتە دەست، بۆیە دەشێ ئەم بیرۆکەیە بێتە ئاراوە کە جزیری لە چەشنی کەسێکی وەك (عطار نیشاپوری) سۆفیەکی (اویسی) بێت، واتە خۆی خۆی پێگەیاندووەو تەنیا (تۆفیقی) خوایی پاڵنەری بووە.

- جزیری له ڕێگەی شیعرەکانی (جامی) که ڕابەرێکی تەریقـەتی نەقشـەبەندی بـووە و بەرێگەی خوێندنەوە، بەم تەریقەتـە کاریگـەر بـووە، بـەلاّم مـەرج نیـە کـە سـەربەو تەریقەتــە بووبێــت. هەرچــەندە بــەپێی وتــەی (ئــەولیا چــەلەبی) لەســەردەمی جزیریش له کوردستان تەکیەی نەقشەبەندی هەبووە.
- بیروبۆچوونی ئەفسانەیی ئاسەواری لەسەر هزری جزیری بەجێهێشتووە, هەندێ لـەو خەرافانــە هــی نەتــەوەکانی دیکــەی ناوچــەکەن، ئەمــەش نیشــانەی شــارەزایی ئــەم شاعیرە بـووە لـە هـزری گـەلانی دوور و نزیـك. یـەکێ لـە بـاوەڕە بەرچاوەکانی لای جزیــری, بــاوەری (طــالع)و بەختــە و پەیوەندییانــە بــە ئەستێرەناســییە. هــەموو نیشـانەکانی نـاو دیـوانی جزیـری گـەواهی ئـەوەن کـە جزیـری لـەژێر کاریگـەریی تەنجیمی (بطلمیوس)ی یۆنانی بووە.

به لەبەرچاوگرتنی باری ئەوسای ناوچەکە، جزیری هەستێکی بالاّی نەتەوەپەرستی هـەبووە. بـە کـوردی نووسـینی شـیعریش لـە کاتێکـدا کـە ئـەدەبیاتی فارسـی تەنانـەت کۆشکی سوڵتانە تورکەکانی عوسمانیشی داگیرکردبوو، سەلمێنەری ئەوەن کە جزیـرە بـە (ئەنقەست) و بە پاڵنەری هەستی نەتەوەیی شیعری بە کوردی دانـاوەو بۆیـە داواش لـە کوردەکان دەکات کـە تـەنیا چاویان لـە دەوروبـەری خۆیـان نـەبێت و خۆشـیان خـاوەنی سامانی کەلتوری و سیاسی خۆیان بن، تەنانەت لە بواری شیعریشدا با تەنیا چاویان لـە (شیراز) نەبێت بەڵکو با ئەدەبیاتی خۆیـان هـەبێت. پەسـن و پیاهـەلگوتنی جزیـری بـە دەسەلاّتداری کوردیش نیشانەی عەشقی جزیرییە بۆ سەربەخۆیی سیاسی کورد.

# سەرچاوەكان

## - پەرتوكە كوردييەكان:


١. تەصەووف چی یە؟ ئـەمین مـەلا عەلائـەددین نەقشـەبەندی - چـاپ ١, دار الحريـة للطباعة, بغداد - ١٩٨٥.

٢. دیوانا کرمانجی - عبدالرقیب یوسف، مطبعة الآداب, چ١, نجف, ١٩٧١.

٣. دیوانـا فـەقی تـەیران - سـەعید دێرەشـی و پێزانـی ئالیخـان, پرتایـەکێ, چـاپ ١, الحوادث, بەغداد ١٩٨٩.

٤. دەقەکانی ئەدەبی کوردی - عەلائەددین سوجادی, کۆڕی زانیـاری, چاپ ١, بەغـداد ١٩٧٨.

٥. ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا - خورشید ڕەشید ئەحمەد, بەغداد ١٩٨٩.

٦. ژ هەڵبەستێن ئەحمەدێ خانی - ئیسماعیل بادی, چاپ ١, دهۆك ١٩٩٦.

٧. سەروا - د. عەزیز گەردی, چاپ ١, ئاراس, هەولێر ١٩٩٩.

٨. شیعری کوردی ژیـان و بەرهـەمی شـاعیران - د. عیـزەددین مسـتەفا ڕەسـوڵ, بەشـی یەکەم, الحوادث, بەغداد ١٩٨٠.

٩. شێخی سەنعان ـ فەقێی تەیران, ڕۆدینکۆ, مۆسکۆ, ١٩٦٥.

١٠. فـەرمانڕەوایی قۆچـی زێـڕین (لـە سـوڵتان سـلێمانی قانوونیـیەوە تـا ئـەتاتورك) - نووسینی نۆبل باربەر - وەرگێڕان. ڕێبـوار کـەریم وەلی, دەزگـای موکریـانی, چـاپ ١, هەولێر ٢٠٠١.

١١. کوردسـتان و کێشـەی سـنووری عوسمـانی, فارسـی - نـەجاتی عـەولا, موکریـانی, هەولێر ٢٠٠١.

١٢. كوردو كوردستان - واسیلی نیكیتین - وەرگێڕ. خالیدی حیسامی (هێدی)، هەولێر ١٩٩٨.
١٣. كورد لە مێژووی دراوسێكاندا - سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێر: سەعید ناكام،چاپخانەی كۆڕی زانیاری، بەغدا ١٩٧٩.
١٤. مێژووی كورد لە سەدەی ١٦هەمدا - د. شەمسی محەمەد ئەسكەندەر، وەرگێڕ. شوكر مستەفا، هەولێر ١٩٩٨..
١٥. مێژووی ئەدەبی كوردی - د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەكەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١
١٦. مێژووی ئەدەبی كوردی - عەلائەددین سوجادی ،چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢.
١٧. مەم و زین - ڤەژاندن پەرویز جیهانی - انتشارات سەلاحەددین ئەیوبی، چاپ ١، ورمێ ١٣٦٧.
١٨. مەلا مەحمودی بایەزیدی، یەكەمین چیرۆكنووس و پەخشاننووسی كورد – د. فەرهاد پیربال، ئارس، چاپ ١، هەولێر، ٢٠٠٠.
١٩. مەلای جزیری شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی - د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، هەولێر ١٩٩٠.
٢٠. مەولودنامەی پێغەمبەر ـ بەغدا،١٩٨٤، **(ئەم مەولودنامەیە هی شیخ حسێنی قازییە بەڵام ناوی لە سەر كتێبەكە نییە).**
٢١. هۆزانڤانێت كورد – صادق بەهائەددین، كۆڕی زانیاری، چاپ ١، بەغداد ١٩٨٠.

## - پەرتوكە فارسی یەكان:

١. از زبانشناسی به ادبیات - كوروش صفوی، دوجلدی، حوزه هنری، چاپ ١، تهران ١٣٨٠.
٢. ایران عصر صفوی - راجر سیوری، كامبیز عزیزی، نشر مركز، چاپ ٨، تهران ١٣٧٩.
٣. اشنایی با عروض و قافیه - د.سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چاپ ١٢، تهران١٣٧٥.

٤. اشعار گزیده فرخی سیستانی - بهمن حمیدی, انتشارات هیرمند, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۳.

٥. برگزیده اثار در قلمرو نقد ادبی - تی.اس. الیوت, د. سید محمد دامادی, انتشارات علمی, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۵.

٦. با کاروان حله — مجموعه نقد ادبی, د. عبدالحسین زرین کوب, انتشارات علمی, چاپ۲, تهران ۱۳۷۹.

۷. بوی جان - نصرالله پور جوادی, مرکز نشر دانشگاهی, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۲.

۸. تکنیك نوشتن در روانکاوی - د. شاهرخ علیمرادیان, انتشارات اورنج, چاپ ۲, تهران ۱۳۷۹.

۹. تاریخ فلسفه یونان - ۷, امپدکلس, دبلیو. کی. سی. گاتری, ترجمه مهدی قوام صفوی, انتشارات فکر روز, چاپ ۱, تهران ۱۳۷٦.

۱۰. تازیانه‌های سلوك - د. محمد رچا شفیعی کدکنی، انتشارات ئاگاه, چ ۲, تهران ۱۳۷٦.

۱۱. تاریخ ادبیات ایران - یان ریپکاو ایرژی بچکا - ترجمه کیخسرو کشاورزی, انتشارات گوتنبرگ و جاویدان خرد, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۰.

۱۲. تاریخ تصوف در کردستان - محمد رئوف توکلی, چاپ ۱, انتشارات توکلی, تهران ۱۳۷۸.

۱۳. جامعه شناسی هنر - د. امیر حسین اریانپور, نشر گسترده, چاپ ٤, تهران ۱۳۸۰. ۱۳۷۱.

۱٤. جامعه شناسی ذوق ادبی - لوین. ل. شوکینگ, د. فریدون بدره‌ای, نشرتوس ,چاپ ۱, تهران ۱۳۷۳.

۱٥. جاده ابریشم - ایرین فرانك ودیود براونستون, محمد ثلاثی, سروش, چاپ ۱, تهران ۱۳۷٦.

۱٦. حافظ نامه - بهاء الدین خرمشاهی, دوجلدی, انتشارات علمی فرهنگی, چاپ ۱, تهران ۱۳٦٦.

۱۷. دیوان بابا طاهر عریان - تصحیح : وحید دستگردی,انتشارات امیر کبیر,چاپ۲,تهران,۱۳۳۳.

۱۸. دیوان غزلیات سعدی شیرازی, د. خلیل خطیب رهبر, دوجلدی, مهتاب, چاپ ۸, تهران ۱۳۷٤.

۱۹. دیوان حافظ - تصحیح بهاءالدین خرمشاهی, نیلوفر, چاپ ۲, تهران ۱۳۷۵.

۲۰. درباره نقد ادبی - د. عبدالحسین فرزاد، نشر قطره, چاپ ۲, تهران, ۱۳۷۸.

۲۱. درباره ادبیات و نقد ادبی - د. خسرو فرشید ورد, دوجلدی, امیر کبیر, چاپ ۳, تهران ۱۳۷۸.

۲۲. دیدار باسیمرغ - د. تقی پور نامداریان, نشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی, چاپ ۱, تهران ۱۳۷٤.

۲۳. در سر منزل عنقا - د. سید عبدالحمید حیرت سجادی, نشر شکوفه‌های دانش, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۹.

۲٤. ریطوریقا، فن خطابة - ارسطو, ترجمه د. پرخیده ملکی ,اقبال, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۱.

۲۵. سهروردی و مکتب اشراق - مهدی امین رضوی - ترجمه د. مجدالدین کیوانی - نشر مرکز, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۷.

۲٦. ساختار و تأویل متن - بابك احمدی, نشر مرکز, چاپ ٤, تهران ۱۳۷۸.

۲۷. سماع در تصوف - د. اسماعیل حاکمی, انتشارات دانشگاه تهران, چاپ ۵, تهران ۱۳۷۳.

۲۸. سیر غزل در شعر فارسی، د. سیروس شمیسا, انتشارات فردوس, چاپ۵, تهران ۱۳۷٦.

۲۹. سبك شناسی شعر, سیروس شمیسا, انتشارات فردوس, چاپ٤, تهران ۱۳۷۸.

۳۰. شاعر اینه‌ها (بررسی سبك هندی و شعر بیدل) - د. محمد رچا شفیعی کدکنی, انتشارات اگه, چاپ ٤, تهران ۱۳۷٦.

۳۱.شعر بی دروغ، شعر بی نقاب - د. عبدالحسین زرین کوب, انتشارات علمی, چاپ ۷, تهران ۱۳۷۲.

۳۲. شیوه‌ها نقد ادبی - دیڤید دیچز - د. غلامحسین یوسفی و محمد تقی صدقیانی, علمی, چاپ ۱, تهران ۱۳٦٦.

۳٤. شرفنامه - امیر شرفخان بدلیسی, محمد عباسی, نشر حدیث, چاپ ۳, تهران ۱۳۷۳.

۳۵. صور خیال در شعر فارسی - د. شفیعی کدکنی, انتشارات اگاه, چاپ ۷, تهران ۱۳۷۸.

۳٦. علم، شبه علم و علم دروغین - هانری و ژری ارس, ترجمه د. عباس باقری, نشر نی, چاپ ۱, تهران ۱۳۷۹.
۳۷. فرهنگ اصطلاحات ادبی - سیماداد، انتشارات مروارید, چاپ ۳, تهران, ۱۳۷۸.
۳۸. فرهنگ ناب حافظ - محمود نامنی و عطاءالله پرویزوش, انتشاراتهای (ایدون و ناژین), چاپ ۱, تهران ۱۳۷۸.
۳۹. فرهنگ اسلام در اوروپا - د. زیگرید هونکه, ترجمه مرتضی رهبانی, نشر فرهنگ اسلامی, چاپ ۵, تهران ۱۳۷٦.
٤۰. فرهنگ اشارات ادبیات فارسی, دوجلدی, د. سرویس شمیسا, چاپ ۱, فردوسی, تهران ۱۳۷۷.
٤۱. فرهنگنامه  شعری - د. رحیم عفیفی, سه جلدی, چاپ ۱, سروش, تهران ۱۳۷٦.
٤۲. کرد در دائره المعارف اسلام - اسماعیل فتاح قاضی, انتشارات صلاح الدین ئـهیوبی, چاپ ۱, تهران ۱۳٦۷.
٤۳. کلیات سبك شناسی - د. سرویس شمیسا, فردوس, چاپ ٤, تهران ۱۳۷۵.
٤٤. گنج سخن - د. ذبیح الله صفا, چاپ ۱۰, ققنوس, تهران ۱۳۷٤.
٤۵. مختصری در تاریخ نظم و نثر پارسی — د.ذبیح الله صفا,چ ۱۵,نشر ققنوس,تهران ۱۳۷۹.
٤٦. موسیقی شعر - د. محمد رضا شفیعی کدکنی, انتشارات اگاه, چاپ ٦, تهران ۱۳۷٤.
٤۷. مقدمات زبانشناسی - د. مهری باقری, نشر قطرة, چاپ ۲, تهران ۱۳۷۷.
٤۸. نقد ادبی - د. سرویس شمیسا, فردوس, چاپ ا, تهران ۱۳۷۸.
٤۹. نقد ادبی - د. عبدالحسین زرین کوب, دوجلدی, امیر کبیر, چاپ ٤, تهران ۱۳٦۹.
۵۰. نگاهی تازه به بدیع - د. سرویس شمیسا, چاپ ۱۱, فردوس, تهران ۱۳۷۸.
۵۱. هستی شناسی حافظ - داریوش اشوری, نشر مرکز, چاپ ۲, تهران ۱۳۷۳.
۵۲. یادداشتها و اندیشهها - د. عبدالحسین زرین کوب ,انتشارات سخن,چاپ ۵, تهران ۱۳۷۹.

- **سەرچاوە عەرەبیەکان:**


١. الاسلوب و الاسلوبية - گراهام هاف, ترجمة كاظم سعدالدين, دار افاق العربية, بغداد ١٩٨٥.

٢. الاسلوبية والاسلوب - د. عبدالسلام المسدي, الدار العربية للكتاب, الطبعة الثالثة.

٣. الاسلوب و الاسلوبية - د. عدنان علي رضا نحوي, دار النحوي, الطبعة الاولى, رياض ١٩٩٩.

٤. الاسلوب (دراسة لغوية احصائية) - د. سعد مصلوح, دار الفكر العربي, الطبعة الثانية,قاهرة ١٩٨٤.

٥. الاسلوب والاسلوبية - بيرجيرو, ترجمة د. منذر عياش, مركز القومي, بيروت.

٦. الاسلوبية بين التراث و المعاصرة - د. محمد كاظم البكاء, دار الحرية, بغداد ١٩٨٨.

٧. الافكار و الاسلوب - أ. ف. ضيضرين, ترجمة د. حيات شراره, بغداد ١٩٧٨.

٨. امارة بوتان في عهد الامير بدرخان - صلاح هروري, موكرياني, الطبعة الاولى, هەولێر ٢٠٠٠.

٩. البلاغة والاسلوبية - د. محمد عبدالمطلب, الهيئة المصرية العامة للكتاب, قاهرة ١٩٨٤.

١٠. تاريخ الفارقي - احمد بن يوسف بن علي بن الازرق الفارقي, د. بدوي عبداللطيف عوض, قاهرة ١٩٥٩.

١١. الديوان الشرقي للمؤلف الغربي - جيتية, ترجمة د. عبدالرحمن بدوي, مؤسسة العربية للدراسات و النشر, الطبعة الثانية, بيروت ١٩٨٠.

١٢. الدولة الدوستكية - الجزء الثاني, عبدالرقيب يوسف, الطبعة الثانية, ئاراس, هەولێر ٢٠٠١.

١٣. الشعر الصوفي حتى افول مدرسة بغداد و ظهور الغزالي - عدنان حسين العوادي, دار الرشيد للنشر, بغداد ١٩٧٩.

١٤. شذرات الذهب في اخبار من الذهب - ابي الفلاح عبدالرحمن بن العماد الحنبلي, مجلد الثاني, بيروت.

١٥. الصوفية و السريالية - ادونيس, دار الساقي, الطبعة الثانية, بيروت ١٩٩٥.

١٦. الصوفية و العقل (دراسة تحليلية مقارنة الغزالي و ابن رشد و ابن عربي) د. محمد عبدالله الشرقاوي, دار الجيل, الطبعة الاولى, بيروت ١٩٩٥.
١٧. علم الاسلوب (مبادئه و اجرءاته) - د. صلاح فضل, دار الافاق الجديدة, الطبعة الاولى, بيروت ١٩٨٥.
١٨. عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان - بدرالدين محمود العيني, تحقيق د. محمد محمدامين, ١٩٨٨.
١٩. في الاسلوب الادبي - علي بوملحم, المكتبة العصرية, بيروت ١٩٦٨.
٢٠. فقى تيران (حياته، شعره، قيمته الفنية) حيدر عمر - لبنان ١٩٩٣.
٢١. فلسفة عشق الالهي في شعر الجزيري - محمدامين دوسكي, مطبعة هاوار, الطبعة الاولى, دهوك ٢٠٠٠.
٢٢. كردستان في القرن الثامن الهجري - د. زرار صديق توفيق, موكريانى, الطبعة الاولى, هەولێر ٢٠٠١.
٢٣. معجم مصطلحات الادب - مجدي وهبه, مكتبة لبنان, بيروت ١٩٧٣.
٢٤. النجوم الزاهرة - جمال الدين ابن المحاسن يوسف بن تعزي بردي الاتابكي, جزء ٤, دار الكتب المصرية - قاهرة ١٩٣٣.
٢٥. يتمية الدهرة في محاسن اهل العصر - ابي منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل الثعالبي النيسابوري, بتحقيق محمد محى الدين عبدالمجيد, الجزء الثالث, دار الفكر, الطبعة الثانية, بيروت ١٩٧٣.

## - وتاری ناو رۆژنامەو گۆڤارەکان

### أ- وتارە کوردی یەکان:


١. باژێرێ جزیرێ د نڤیسینێن گەرۆکێن ئەوروپی دا (١٦٤٤ - ١٩٠٩) - سەلاح هروری، گۆڤاری مەتین، ژمارە ٩١، تەباخ ١٩٩٩.

٢. پارچە کرنا کوردستانێ ژ شەرێ چالدیران تا پەیمانا زەهاب - سەلاح هروری، ٢-٢ ڤەژین ژمارە ٤٩.

٣. تەسەوف وەك سەرچاوەیەکی فەرهەنگی کورد - فەرهاد شاکەلی، سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٧، پاییزی ٢٠٠٠.

٤. تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی - د. محەمەد محەمەد نوری عارف، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە ١٨، ١٩٧٤.

٥. حافز لە شیعری کوردیدا - د. ئەمین عەلی موتابچی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، دەستەی کورد، بەرگی ٢٠، ١٩٨٩.

٦. زمانێ پیتان ل نك جزیری - پشکا ئێکێ، مەسعود حسێن بۆتانی، ڤەژین، ژمارە ٥، ئائیز ١٩٩٦.

٧. زمانێ پیتان ل نك جزیری - پشکا دوویێ ،مەسعود حسێن بۆتانی، ڤەژین، ژمارە ٦و ٧، زڤستان و بهار ١٩٩٧.

٨. شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی - د. ئەمین عەلی موتابچی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە ١٦، ١٩٧٣.

٩. سەلمایا جزیری گەلەك ئەڤینداریت دی ژی هەبوون - نەوزاد خەلیل مشەختی، مەتین، ژمارە ١٠٧، کانوونا ئێکێ ٢٠٠٠.

١٠. مەلایێ جزیری و هۆزان دز - د. بەدرخان سندی، کاروان ژمارە ٣٣، سالی سێیەم، حوزەیرانی ١٩٨٥.

١١. مەلا ئەحمەدی جزیری سەر ئامەدی شیعری سیاسی کوردی — بەکر شاکر کاروانی، مەتین، ژمارە ١٠٤، ئیلون ٢٠٠٠.

ب- وتاره عەرەبی یەكان:

١. بين گوته و الجزيری - عبدالرحمن مزوری, گۆڤاری كاروان, ژماره ١٨.

٢. الجزيري و نظرته الى الاديان - تێلی ئەمین, مەتین ژماره ١٠٧, كانونا ئێكێ ٢٠٠٠.

٣. المدرسة الحمراء في جزيرة بوتان - تحسين ابراهيم دوسكی, مەتین ژماره ٨٥, شوبات ١٩٩٩.

- نامەكانی زانكۆ:

١. جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجريين - سلام حسن طه, نامەی ماجستێر, زانكۆی سەلاحەددین ١٩٨٩.

٢. الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر - (من القرن الخامس الى القرن السابع الهجري) ئاكۆ بورهان محەمەد, نامەی ماجستێر, زانكۆی سەلاحەددین ٢٠٠٠.

٣. شێواز له شیعری كلاسیكی كوردی دا - نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەم, (ناوچەی سلێمانی), حەمە نوری عومەر كاكی, نامەی ماجستێر, زانكۆی سەلاحەددین ١٩٨٩.

٤. كاریگەری سەعدی له شیعرەكانی مەلای جزیری دا - سالار عەزیز مەحمود, نامەی ماجستێر, زانكۆی سەلاحەددین ١٩٩٩.

- ئەو دیوانانەی جزیری کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودی لێ وەرگیراوە:


١. دیوانا مەلایێ جزیری - بەرهەڤکرن و ڤەوژارتنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، پێداچوون و لێ زڤرینا : ئیسماعیل تەها شاهین، چاپخانا هاوار، دهۆك ٢٠٠٠.

٢. دیوانا مەلایێ جزیری - تویژاندنا سادق بەهائەددین ئامێدی، چاپا یەکێ، چاپخانا کوڕی زانیاری - بەغداد ١٩٧٧.

٣. دیوانی عارفی ڕەبانی شێخ ئەحمەد جزیری، مەشهور بە مەلای جزیری - هەژار شەرحی لێ کردووە، چاپی یەکەم، انتشارات سروش، تهران ١٣٦١.

٤. دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری - چاپخانەی هەولێر، چاپی یەکەمین، گیوی موکریانی، هەولێر ١٩٦٤.

٥. دیوانا جزیری - محەمەد شەفیق الاوراسی الحسینی، اوقاف الاسلامیە مطبعة سی، ١٣٣٨ – ١٣٤٠.

٦. دیوانی جزیری - فۆن مارتن هارتمەن:

- DER Kurdische des malai gizri

(Schech Ahmed)– Marin Hartman– Berlin– S. Calvary & co– 1904.

٧. دیوانی جزیری - دەستنووسی (عبدالرحیم بن عبدالرحمن الوسطاني)، ١٣٤٩ کۆچی - (وێنەی لای مامۆستا تەحسین دۆسکی).

٨. دیوانی جزیری - دەستنووسی (محمد طیار ابن اسماعیل پاشا)، ١٢٣١ کۆچی، (وێنەی لای مامۆستا تەحسین دۆسکی).

٩. دیوانی جزیری - دەستنووسی (طه اسماعیل کوڤلی) ١٣٦٩ کۆچی، وێنەی لای (مامۆستا تەحسین دۆسکی).

١٠. العقد الجوهري في شرح دیوان الشیخ جزیري - تألیف احمد بن الملا محمد الزڤنگی، (٢جلد) الطبعة الثانیة، مطبعة الصباح، ١٩٨٧.


- سایتەکانی ئەنتەرنێت:


- سایتی نەفەل (www. Nefel. com) وێنەکانی جزیری.

**- (سی دی) یەکان:**

- C D، دۆرج ٢

(Dorj 2 – Electronic library of Persian poetry – 2001 – Mehrargham Rayaneh co. ltd. Tehran Iran www. Mehrargham. Com).

# ملخص البحث


هذه الرسالة ( الأسلوب الشعري عند الجزيرى ) دراسة أسلوبيه تهدف إلى تحليل و تشخيص السمات الأسلوبية التي تتميز بها قصائد الشاعر الكردي الملا الجزيرى و التي تميزه عن غيره من الشعراء الكرد الذين عاصروه و الذين جاءوا بعده .

لابد من الاشاره أولا إلى إن الدراسات الأدبية الكردية تفتقر إلى دراسات معمقة و بحوث أصيلة في مجال الدراسات الأسلوبية التي تتخذ اللسانيات منطلقا لإجراء الدراسات الأدبية، و من هنا تكمن أهمية هذه الرسالة في أنها محاولة جادة على طريق تطبيق الاتجاه الأسلوبي في الدراسات الأدبية الكردية و الشعر منها بصورة خاصة, و تكتسب الرسالة قيمة إضافية كون الملا الجزيرى احدا الرواد الأوائل الذين ارسوا اللبنات الأساسية الأولى للشعر الكلاسيكي الكردي .

إن هذه الدراسة التي تقوم على المنهج الوصفي تدخل في إطارها العام ضمن ( الأسلوبية الفردية ) التي تعتبر من أصعب و أدق ميادين الأسلوبية، و المباحث التي تدرس تأثير الأدب الفارسي في اشعار الملا الجزيرى تدخل في مجال ( الأدب المقارن ). كما تم أجراء موازنة بين خصائص اشعار الجزيرى مع خصائص اشعار كل من الشاعرين فقي طيران و احمد الخاني، و ذلك دعماً للآراء الأسلوبية و النقدية ألوارده عن الجزيرى و أسلوبه المتميز .

تبدأ الرسالة بمدخل يسلط الضوء على بعض مناحي الأسلوبية كالتعريف بأنواعها و كيفية أجراء التطبيقات الأسلوبية على الدراسات الأدبية تمهيداً للدخول في موضوع البحث و مدى الاستفادة من الجوانب المختلفة للأسلوبية في دراسة اشعار الملا الجز يرى .

**الفصل الأول :-**

يدرس حياة الشاعر و عصره من النواحي الثقافية و الاجتماعية و السياسية و الاقتصادية و الجغرافية .و هي بمجملها تشكل خليفة ضرورية لإنجاح الدراسات الأسلوبية, لأننا نستطيع من خلالها تحديد الكثير من العوامل التي تلعب دورها في تشكيل الأسلوب الشعري لدى الشاعر. فعلى سبيل المثال لا الحصر تعود مظاهر الفرح و الفخر و الاعتزاز بالشرف لدى الجزيرى إلى سيادة السلطة الكردية السياسية القوية في منطقة بوهتان(جزيرة ابن عمر) آنذاك . و من أحد الأسباب التي دفعت بالشاعر إن يكتب باللغة الكردية هو إحساسه بالواجب القومي في ان يعمل على رفع الأدب الكردي إلى مصاف آداب الشعوب المجاورة و في مقدمتها الشعر الفارسي .

**الفصل الثاني :-**

يتناول دراسة اشعار الجزيرى من الناحية اللغوية حيث يؤكد على إبراز أهم خصائص أسلوب الجزيرى في مجالي ( الصوت ) و ( المفردات ) . ففي مجال الصوت تزخر قصائد الجزيرى بموسيقية عالية من الأداء الصوتي الفعال و تتركز الخصائص الصوتيه لديه في مجالات متنوعة و عديدة أهمها : الوزن، كثرة الرديف، التكرير، الجناس، الجناس الاستهلالي، القافية الداخلية ...

إما في مجال المفردات اللغوية تتمتع قصائد الشاعر بخصوصيات واسعة و متنوعة . فبالرغم من ان نسبة المفردات العربية و الفارسية عالية في أشعاره ولكن المفردات الكردية تظل هي السائدة و تشكل حصة الأسد من مجموع مفرداته .

و يدرس هذا الفصل، بالإضافة إلى المجالين السابقين، مجالاً آخر كثيراً ما يتم التأكيد عليه في الدراسات الأسلوبية إلا و هو تحديد المفردات الأساسية التي تعتبر مفتاحاً كل التشكيلات الأسلوبية .كما يدرس الفصل مدى إمكانية تطبيق نظرية بوزيمان الخاصة باستخراج نسبة الأوصاف إلى الأفعال لتحديد مدى شاعرية الشاعر و قد تمت الموازنة بين الشعراء الكرد الثلاثة الجز يرى و فقي طيران و احمد الخاني في هذا المجال حيث ظهر بأن قصائد الجزيرى أكثر شاعرية من قصائد الشاعرين الآخرين .

**الفصل الثالث :-**

يتناول الأسلوب الشعري عند الجزيرى في مجال الأدب حيث يركز الشاعر على الاستعمال العمودي للغة و من هنا ترد الاستعارة بنسبة عالية في قصائده . و من الخصائص الأسلوبية الأخرى للشاعر في هذا المجال : مزج الحواس و مراعاة النظير و إتباع حركة الحروفية و التجديد في إبداع الصورة الشعرية و الفكاهة . كما و يعالج هذا الفصل أيضا تأثير الأساليب الشعرية الفارسية المختلفة على إشعار الجزيرى، حيث كان الشاعر تحت تأثير الأسلوب العراقي و الأسلوب الخراساني دون الأسلوب الهندي. كما و تم في هذا الفصل أيضا تحليل الأبيات الشعرية التي يتحدث الشاعر من خلالها عن نفسه أو يبدى فيها آراءه حول قصائده.

**الفصل الرابع : -**

و الأخير يحاول دراسة المستوى الفكري لأسلوب الجزيرى من خلال تناول الجوانب الخاصة ب(الطبيعة العامة) أو (الكونية) التي تعكس هيام الشاعر و عشقه للجمال محاولاً الوصول إلى المصدر الأعلى الذي ينبثق عنه الجمال المطلق. حيث إن عشق الشاعر عشق حقيقي يتخذ العشق المجازى وسيلة لتحقيق ما يصبو إليه. و تسيطر فكرة الايمان بوحدة الوجود على أفكار الشاعر و ينعكس ذلك بصورة واضحة في أشعاره حيث تتصف بالوحدة العضوية المتينة و يتخذ ديوانه بمجمله وحدة تتجسد في وحدة الأفكار التي يطرحها الشاعر. و يتضح من خلال الديوان بان الشاعر صوفي و لكن لا نملك أدلة دامغة تثبت انتماءه إلى الطريقة النقشبندية أو اية طريقة تصوفية أخرى و عليه يبرز هنا الاتجاه السائد بان الجزيرى صوفي أويسي، اى انه عصامي وصل إلى ما وصل إليه عن طريق الجد و المثابرة و التأمل الذاتي.

و مما يجدر الاشارة أليه هنا إن الشعور القومي يطغى على أفكار الشاعر و يظهر ذلك في كثير من أبيات شعره كما و إن قرض الشعر باللغة الكردية و بحد ذاته دليل على هذا الشعور.

و أخيرا تنتهي الرسالة بأهم الاستنتاجات التي توصل إليها البحث و تتذيل بقائمة المراجع و المصادر آلتي اعتمدها الباحث في كتابة رسالته .

educated mystic (Uwaisi), and might have no guide to lead him.

Jeziri was one of the early Kurdish poets who had nationalist ideas. This type of feeling is too attractive in his poetry. Just writing in Kurdish is enough evidence of his nationalist attitude at the time when most of Kurdish authors used to write in other languages as Arabic and Persian.

At the end the most important conclusions drawn from the study have been summarized. It is followed by the list of Bibliography.

vocabulary in the first place.

In this chapter, stylistic (key words have been pointed out in his poetry and his (VAR) value is compared with that of both Khani and Faqe Tairan.

***Chapter three*** is about the poet's style on the level of literature. The markers in this respect are:

The importance he attaches to paradigmatic using of language, this is why he uses (Metaphor) widely, then synaes thesia, congeries, Huroufiyyat, and innovation in images…

In this chapter, the influence of Persian poetic styles has also been studied which reveals that the poet was mostly under the influence of (Iraqi) and (Khurasani) styles.

At the end, certain lines have been analyzed where the poet speaks either of himself or of his poems.

***Chapter four*** focuses on ideological level of the poet which mostly deals with the idea of (general nature) or (cosmically) ideas. Jeziri adores beauty and find it as the only means by which he may be able to reach to ultimate source of beauty. Jeziri follows Ahmad Ghazali in this respect. To Jeziri love is the source of beauty and the love he believes in is a real one (Unity of being) prevails completely on his ideas and attitudes; this reflects the unity of the topic in his Diwan. Jeziri was no doubt a mystic, but there's no evidence that he was a subject of Naqshbandi or any other sects. Hence it can be said that Jezire was a self-

list of Bibliography.

***Introduction*** sheds light on some necessary aspects of stylistics such as: its types and its application for literary studies.

***Chapter one*** deals with the poet's life and age concerning cultural, social, political, economic and geographical fields. This is very important for conducting a stylistic study successfully because it enables us to find out many of the factors that help to form the poet's style, e.g. the feeling of happiness, pride and honor that can be noticed in Jeziri's poetry was, no doubt, due to prevailing of a strong Kurdish sovereignty in Bahdinan region at the time. Jeziri wrote in Kurdish so that he may develop Kurdish literature so that it may catch up that of the neighboring peoples in the region such as Persian literature.

***Chapter two*** studies Jeziri's style on the linguistic level. The most outstanding markers of Jeziri's style on both "sound" and "vocabulary" levels have been sorted out and analyzed.

On the "sound" level, the musical performance is very intensive. The most important and attracting features appear in meter, rhyme, post rhyme, repetition, pun, alliteration, assonance, internal rhyme…

While on the "vocabulary" level Jeziri's characteristics distribute on wide varieties. Although he used a large number of Arabic and Persian vocabulary, he used Kurdish

# ABSTRACT

This thesis which is prepared under the title "Jeziri's Poetic style" is a stylistic study aiming at pointing out stylistic markers and features that distinguish Jeziri from other Kurdish poets.

Kurdish has witnessed only a few attempts of literary studies at stylistic level, hence the importance of this study of ours lies in the fact that it is one of attempts to adopt stylistic analysis in the study of the works of a Kurdish poet. This study derives also its importance from the fact that Jeziri is one of the Kurdish poets who took part in laying the foundation of Kurdish classical poetry.

In this study, the descriptive approach has been followed and the thesis limits itself to "individual stylistics" which is the most complicated and the most difficult type of stylistics. The study also tries to show the influence of Persian literature on Jeziri and this may be classified under "comparative literature". There is also a comparison between Jeziri on one hand and Khani and Faqe Tairan on the other hand to reinforce the ideas and arguments arrived at.

The study consists of an introduction and four chapters followed by some conclusion drawn from the study and a

بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانە ڕەزامەندی سایتی نەفەل وەرگیراوە

Birca-belek li cizire



**© Arif Zêrevan, 1998**

**Foto: Arif Zêrevan**
**Bêyî destûra Arif Zêrevanî divêt ti kes vî resmî li ti deveran bi kar neînit.**

**ئاسەواری بورجی بەلەك لە جزیرە**

**Gora Melayê Cizîrî**



**Ev gora nixamtî ya Melayê Cizîrî ye. Kêlên li milê rastê yên familyeya Xan-Şerefî ne.**

**© Arif Zêrevan, 1998**

**Foto: Arif Zêrevan**
**Bêyî destûra Arif Zêrevanî divêt ti kes vî resmî li ti deveran bi kar neînit**

**گلكۆی مەلای جزیری**



**Xan-Şerefî, Melayê Cizîrî yek ji familyeya xwe hesibandiye û wesiyet kiriye ko Melayê Cizîrî di goristana wan de veşêrin.**

**© Arif Zêrevan, 1998**
**Foto: Arif Zêrevan**
**Bêyî destûra Arif Zêrevanî divêt ti kes vî resmî li ti deveran bi kar neînit.**

**گۆڕی خان شەرەف لە تەنیشت گۆڕی جزیری,**
**کە وەسیەتی کردبوو مەلای جزیری لە**
**گۆڕستانی بنەماڵەکەیاندا بنێژرێت.**

**Medreseya sor û gora Melayê Cizîrî**



**Ev milek yê Medreseya Sor e. Di deriyê kiçik re mirov diçit jêrê û Melayê Cizîrî ziyaret dikit.**

**© Arif Zêrevan, 1998**
**Foto: Arif Zêrevan**
**Bêyî destûra Arif Zêrevanî divêt ti kes vî resmî li ti deveran bi kar neînit.**

**مەدرەسەی سوور, شوێنی خوێندنی مەلا, کە دواتر لایەکی قوتابخانەکە بوو بە گڵکۆی خۆی و چەند میرێکی بۆتان.**